# خاڵ

گۆڤارێکی هزریی ڕۆشنبیرییە
دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٢١) شوباتی
٢٠١٩

ئەم ژمارەیە بە سپۆنسەری سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی چاپکراوە

**خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر**
**تۆفیق کەریم**
٠٧٥١١٤١٢٥٤٣ - ٠٧٧٠٠٦٣٧٦٦٤
tofeqkarem@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نووسین**
**عادل سدیق**

**بەڕێوەبەری هونەریی**
**ڕەوشت محەمەد**

**ڕاوێژکاری یاسایی**
**بەکر حەمەسدیق**

**ڕاوێژکاران**

**پ. د. موحسین عەبدولحەمید**
**پ.ی. د. عوسمان عەلی**
**پ.ی. د. عوسمان هەڵەبجەیی**
**پ.ی. د. ئیسماعیل بەرزنجی**
**پ.ی. سەلام ناوخۆش**
**م.ی ئیدریس سیوەیلی**

**سایتی گۆڤاری خاڵ:** www.xalkurd.com

**تیراژ:** ١٥٠٠
**نرخ:** ١٥٠٠ دینار

# لەم ژمارەیەدا

## تەوەری ژمارە: زمانی کوردی لە بەردەم ئاستانەی سەردەمی نوێدا


ڕوحدانی زمانی ملیۆنان کورد چاڵ و چەپەر ................................ د.هێمن عومەر خۆشناو ٥

با چی دی زمانەکەمان نەشێویَ! ............................................ مستەفای سەیدمینە ١٣

زمانی دایک و دەردەگومانی زمانی ئینگلیزی ................................ د. حەمەنووری عومەر کاکی ٢

دیمانە لە گەڵ نووسەر فەهمی کاکەیی ........................................ ئا: حەیدەر عەبدوڵڵا ٢٩

ڕێنووس و ئەلفوبێی کوردی لە باشوور ........................................ ڕێبوار حەمەتۆفیق ٣٦

زمانی کوردی لە ئاستانەی سەدەی بیستویەکەمدا ............................. د. هۆگر شێخ مەحموود ٤٤

زمانی ستاندەری کوردی و بێتاوانیی پسپۆڕانی زمان ......................... سەنگەر زراری ٥١

کۆماری کوردستان، ئاخێزگەی زمان و فەرهەنگی نەتەوەیی ...............شەریف فەلاح ـ سنە ٥٧

دەمەتەقێی گرووپی گوڵنار لەگەڵ دکتۆرە کوردستان موکریانی........... ئا: گرووپی گوڵنار ٦٠

کولتووری میوانداری لە پەیوەندی هزر و زمانی پەندەکانی پێشیناندا ڕەنجە عەبدوڵڵا ٧٠

گرفتی «جووت یێ» لە زمانی کوردیدا ............................................ چۆلی فایەق ٧٩

زمان، وەرگێڕان، داڕشتن ............................................................ مەسعود بابایی ٨٦

پەروەردە و پێگەیاندن ............................................................... د. محەمەدی مەحویی ٩٢

ڕوانینێکی تر بۆ پەیوهندی نێوان شێوە و مانا لە زماندا ..................... د.ئیسماعیل بەرزنجی ٩٦

زمان لە فەرهەنگ و هزری ئیسلامیدا ............................................ د.سەباح بەرزنجی ٩٩

کاریگەرییەکانی زمانی عەرەبی لەسەر زمانی کوردی .......................... د. حەسەن خالید موستەفا ١٠٥

زمانی کوردی لە ئاستانەی خوێندنگە ئاینییەکانی کوردستاندا ....... د.ئاراس محەمەد صاڵح ١١٣

مەولانا خالیدی کوردیی لە دوو دەستنووسی عەرەبیدا .......................... یاسین تەها ١٢٢

ئەنجامی خوێندنەوەی نوێگەری بۆ قورئانی پیرۆز .............................. نازم عەبدوڵڵا ١٣١

چەمکە سیاسییەکان لە سەردەمی گۆڕانکاریدا ....................... د دانا عەلی بەرزنجی ١٤١

دواخاڵ (زمانی کوردیی و دوژمنەکانی) د....................... سەمەد ئەحمەد ١٥١




# تەوەری داهاتوو

## فرەئایینی و کەلتووریی لە کوردستان

گۆڤاری خاڵ بابەتی (فرەئایینی و کەلتووریی لە کوردستان) دەکاتە ناونیشانی تەوەری ژمارەی داهاتووی گۆڤارەکە، لەو چوارچێوەیەشدا دەخوازێت لێکۆڵینەوە لەم بوارانەدا بکرێت:

1- پێکەوەژیانی شوێنکەوتووانی ئایین و ئاینزا جیاوازەکان و پێکهاتە کەلتوورییەکان لە کوردستاندا چۆن بووە؟
2- دۆخی ئاینداریی و پەرستگا و ڕەمزە ئاینییەکانی تر لە سایەی ئایینی زۆرینەی کورددا کە ئیسلام بووە، چۆن بووە؟
3- گرنگترین ئەو ئایین و ئاینزایانەی کە لە کوردستاندا ڕۆڵ و پێگەیان هەبووە کامانەن؟
4- جیاوازی ئایینزا و بیروبۆچوون لەناو شوێنکەوتووانی یەك ئاییندا چۆن ڕەنگیداوەتەوە لەنێو ژیانی کۆمەڵگەی کوردیدا؟
5- ئایا ئەو فرەئایینی و کەلتوورییەی کە لە کوردستاندا هەبووە کاریگەری لەسەر ئاشتی کۆمەلایەتی هەبووە؟
6- ئایا فرەئایینی و ئاینزایی لە کوردستاندا کاریگەری لەسەر دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و کەلتووری کوردی هەبووە؟
7- تا چەند پێکهاتە ئایینی و کەلتوورییەکان ڕۆڵیان بینیوە لە شۆڕشەکانی کورددا؟
8- تا چەند ئایینی ئیسلام ڕۆڵی هەبووە لە شۆڕشەکانی کورد و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو زوڵم و ستەمەی داگیرکەران، کە لە مێژوودا بەناوی جۆراوجۆرەوە لە کوردیان کردووە؟

- داواکارین لە نوسەران و توێژەرانی بەڕێز، لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر ئەو تەوەر و بوارانەی کە لە سەوەرە ئاماژەیان پێدراوە تا بەرواری (2019/3/10) بنێرن بۆ گۆڤارەکەمان.



# تەوەری ژمارە

# زمانی کوردی

## لە بەردەم ئاستانەی نوێدا

ئێمە ئەگەر لەسەر هیچ یەک دەنگ نەبین، ڕەنگە سەبارەت بەو پاشاگەردانییەی ئەمڕۆ زمانی کوردی پێیدا تێپەڕدەبێت گۆدەنگ بین، کە نەدەبوو لەژێر سایەی حکومڕانییەکی خۆماڵیی و ئەو هەموو پسپۆڕە بەتوانایانەی زمان و ناوەندە ئەکادیمییەکاندا، دۆخی زمان بەوشێوە شێواوەی ئێستابایە.

ئەمڕۆ کورد نەخاوەنی زمانێکی ستاندارده نە ڕێنووسێکی یەکگرتووی هەیە، نە ناوەندێکی زانستی باڵاش هەیە هەمووان لەسەری ڕێکەون بۆ یەکخستنی بیرورا جیاوازەکان لەسەریان. بەپێچەوانەوە دروستبوونی دوو ئەلف و بێ هێندەی تر کوردانی لە یەکتر دوورخستووەتەوە، هەڕەشەی گۆڕینی بنزمانەکان بۆ زمانی سەربەخۆ، هەڕەشەیەکی جددیی و ڕاستەقینەیە.

گۆڤاری خاڵ تەوەری ئەم ژمارەی بۆ قسەکردن لەسەر ئەو بابەتە تەرخانکردووە، بە سوپاسەوە کۆمەڵێک خەڵکی پسپۆڕ و شارەزای بوارەکە، هەریەکەیان لە گۆشەنیگایەکەوە تێڕوانینی خۆیان لەو بوارانەدا کە ئاماژەیان پێداوە خستووەتە ڕوو.

بەهیوایین جێگەی بایەخپێدانی خەمخۆران و پسپۆڕانی زمانی کوردی بێت، هەروەک ئەم بابەتە دووربخرێتەوە لە ململانێی سیاسیی و پاوانخوازی حکومڕانی، چونکە مەترسی لەسەر زمان مەترسی ڕاستەقینەیە لەسەر خودی نەتەوە.

# ڕوحدانی زمانی ملیۆنان کورد

## چاڵ و چەپەڕ[1]





**د.هێمن عومەر خۆشناو**

لەدایکبووی ١٩٨٣، دکتۆرا لە ئەدەبی کوردی
چەند کتێبێکی لە بواری زمان و ئەدەبی کوردیدا
چاپکردووە. خاوەنی چەند لێکۆڵینەوە و وتارێکی بڵاوکراوەیە.

کورد وەک نەتەوە و ئەو هەڵکەوتە جوگرافیایەی کە هەیەتی، بەدرێژایی مێژوو ئەوەی ناسنامەکەی پاراستووە بریتی بووە لە زمان، بە هەموو شێوەزار و شێوە ئاخاوتنەکانییەوە. لە ئەنجامی تێکەڵبوونی نەتەوەکان و بەناویەکداچوونی زمان و کولتوورە جیاوازەکان و هەژموونی نەتەوە و زمانێک بەسەر نەتەوە و زمانی دیکەوە گۆڕان دروستبووە، بەتایبەتیش لەم چەند سەد ساڵەی ڕابردوودا بە هێواشی مەترسییەکان بۆ سەر زمانی کورد زیاتربوون، تا زمانی نووسینیش لەنێو میللەتانی دەوروبەر پەرەی پێنەدرا، مەترسییەکانی سەر زمانی کورد زیاتر نەبوون. بۆیە ئەو کاتانەی کورد بە زمانەکانی دیکەوە خەریک دەبوو، چەندە خزمەتی زمانی دیکەی کردووە ئەوەندە زمانی خۆی لەو کاروانەدا لە کورتی داوە، ئەگەرچی لە سەرەتادا کاریگەرییەکە بە ڕوونی نەدەبینرا، بەڵام دوای دەیان ساڵ و بگرە سەدان ساڵیش ماکی لە کورتیدان و لاوازبوونەکە بەدەرکەوتن.

کورد هەتا سەد و پەنجا ساڵیش لەمەوبەر لەبەر باری جوگرافیاکەیی و تێکەڵنەبوونی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر و سرووشتی ژیان و سەختی گوزەرانەکەی، زمانی زارەکییەکەی زۆر باش پاراستبوو، بەڵام نەیتوانیبوو بەرەوپێشی ببات، چونکە ئەو بەرەوپێشبردنە لەلایەک پەیوەندی بە هەبوونی دەسەڵات و دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەیە و، لەلاکەی تریش بە زمانی نووسینەوە پەیوەستە. کوردیش لە دوای ڕووخانی میرنشینەکانەوە دەسەڵاتی لەدەستدا و لاوازی حاڵەتی نووسینەکەش هەر لە سەرەتاوە بارەکەی کەوتبوو و ئیتر ئەگەر لەکاتی هەبوونی دەسەڵاتدا باری نووسین بەرزنەبێتەوە، لە بێ دەستەڵاتیان هەر چش.

### ١-زمان شەرمگەی نەتەوە

زمان ئەگەر بۆ هەموو نەتەوەیەک ناسنامە بێت، ئەوا بۆ نەتەوەی کورد شەرمگە (عەورەت) بووە، ئەگەرچی کورد بەپێچەوانەوە بە شەرمی زانیوە ئەم شەرمگەیە بپارێزێت و زۆر بە ئاسانی دەستبەرداری بووە، بە تایبەتی لە ئاستی نووسیندا کورد لە چاو میللەتانی دەوروبەریدا زۆر بە درەنگەوە هەستی بە پێویستی ئەم شەرمگەیە کردووە، ئەمەش پەیوەندی بە زۆر دەردەوە هەیە، یەکێک لەو دەردانەش ڕەنگە تائێستاش بنبڕ نەبووبێت، باری دەروونییە، ئەم بارە دەروونییە بە زۆر هۆکارەوە تووشی تاکی کورد و جڤاکەکەی بووە و لە زۆر باریشدا هەست نەکردن بە پەتا و دەردەکەش، دەردەکەی زۆر تێژتر کردووە و گەیشتۆتە ڕادەی ئەوەی لەناو سێ زمانی باڵادەستی دەوروبەردا کورد شەرمی بە شەرمگەی خۆی بووە و لە بەرامبەردا زۆر بە شانازییەوە شەرمگەی نەتەوەی دیکەی دەکاربردووە.

بە درێژایی چوارسەد ساڵی ڕابردوو (پێشتریش نادیار)، جاروبار کەسانێک دەبینین جیاواز لەو شەپۆڵەی تاک و جڤاکی کوردی بیریان کردۆتەوە و بەوهۆیەوە کەوتونەتە بەر توانج و پلاری دەوروبەر، لەکاتێکدایە کە ئەو کەسانە بە هەموویان لە پەنجەی دوو دەست تێناپەڕن و بەشی هەرە زۆریشیان چینە ڕەش و ڕووتەکەی کۆمەڵگەن و لای چینی دیکەش ئەم پەتا و دەردە نە بای دێت و نە باران. دەکرێت گرنگترین ئەو دیاردانە لەم چەند نمونەیە چڕبکەینەوە:

-خانای قوبادی (١٧٠٤-١٧٨٨ز) لەناو ئەو هەموو ئەهلی عیلمەی کە بە زمانی فارسی گۆشکراون و لە فارسی بترازێ هیچ زمانی دیکەیان لا شیرین نییە، کەچی خانا زاتی ئەوە دەکات بڵێ کوردی لە فارسی شیرینترە، بەڵام فارسیش شیرینە. ئەم هەست کردن بە ونبوونی شەرمگەی

کورد لای خانا وا دەکات کە تەفسیرێک بە کوردی بنووسێت و بەوهۆیەوە شاربەدەر بکرێت و لە زێدی خۆی جێگەی نەبێتەوە(٢).

-ئەم زاتنەکردنە و نقومبوونە لەنێو بارێکی دەروونی ئاڵۆز لای تاکی کورد، وایکردووە کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت خەڵکانێک (بە تایبەتی لەوانەی ئەهلی شەریعەتن) پێیانوابێت زمانی کوردی بۆ بواری زانستی بەکارنایەت و ئەو قاڵبە پتەوەی نییە کە زانست لە خۆیدا هەڵبگرێت، بۆیە بە نافەسیحی دەزانن و بە شەرمەوە گوتویانە:

**نەزمم کرد لە قەولی سەحیح**
**بە لەفزی کوردی و نافەسیح**
**بــۆ مــونصیفان لا للشحیح**
**بــۆ ئیتتیفاقی عــامــەتێ (٣)**

-ئەهلی عیلم و نووسین پێیان ئاسایی بووە زمانە زارەکییەکە هەرخۆی بپارێزێت، بەڵام کە هاتوونەتە سەر زمانی نووسین ئەو بارە دەروونییە بەسەریاندا زاڵبووە و هەستیان بە نەبوونی شەرمگەی خۆیان نەکردووە و ئەوەشی هاتووە داستانێکی سەرزاری خستۆتە قاڵبی نووسین چاوەڕێی ئەوە بووە هێرشی بکرێتە سەر و لێی قبوڵ نەکرێت، بۆیە ئەحمەدی خانی (١٦٥١-١٧٠٧ ز) لەوە ترساوە و لە مەم و زینەکەیدا وتویەتی:

**من هێڤی هەیە ژ ئەهلی حالان**
**تــەقبیح نەکــن ئەڤان طفالان**
**ئەڤ میوە ئەگەر نــە ئابدارە**
**کورمانجییە ئەڤ قەدەر ل کارە(٤)**

-مەلا خدری نالی (١٨٠٠-١٨٧٧ز) لەگەڵ ئەوەی سایەی دەوڵەت و دەسەڵاتێکی خۆماڵیش دەبینێت، بەڵام بە تاقی تەنێ دەیەوێت ئەو گۆمە بشڵەقێنێت و بۆ جاری یەکەم هەم زاتی ئەوە بکات خۆی دەربببڕێت و هەمیش بە شێوەیەکی زانستانە بەرەڤانی لە خۆی بکات، کاتێک دەڵێت:

**کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆکوردیە خۆ کردییە**
**هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تاڵیبی مەعنا دەکا(٥)**

ئەم بارودۆخە چەند ساڵێکیش بۆ دوای ڕووخانی میرنشینە کوردییەکان درێژەی دەبێت، لەکاتێکدا لەبەر ناهۆشیاری تاک و ئەو ژینگە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەی ئەوسا، دەسەڵاتدارانی کورد نەیانتوانی ببنە سایە و سێبەر بۆ ئەو شەرمگەیەی نەتەوە تا ئەوەی ئەو سایەیەش چوو، کە تەنیا سایەی خاک بوو نەک زمان. واتە ئەگەر پاڵپشتێکیش نەبووبن بۆ زمان، دژایەتیان نەکردووە و لە ناهۆشیارییان زمانی گەلانی دەوروبەر باڵای کردووە و زمانی کوردیش لە هەوڵی تاکەکەس بترازێت، ئەگەرنا لە شوێنی خۆیدا چەقبەستوو بووە.

### ٢-زمانی کوردی دوای قۆناغی میرنشینان

دوای نەمانی میرنشینەکان، کورد وەک نەتەوە سایەیەکی خراپی خۆماڵی خۆشی نامێنێت، ئەنجا مەترسییەکان بۆ سەر ئەم شەرمگەیەی کورد لەلایەن تاک و تەرای ڕۆشنبیرانی کورد دەخرێنەڕوو و لەنێو ئەو بارە کۆمەڵایەتیی و سیاسییە پڕ نەزانی و نەخوێندەوارییەی کورددا ماکی بێ شەرمگەیی و بێ زمانی کورد زەقتر دەبنەوە، لە بەرامبەریشدا لەگەڵ باڵادەستی زمانی نەتەوەکانی دەوروبەر و پێشکەوتنیان، ئیتر هێدی هێدی هەست بەبێ خزمەتی زمانی کوردی دەکرێت و دەنگی زمانەکە و نوێنەرایەتی ئەدەبیاتەکەی لە چاوی زمانەکانی ترەوە لە گیانەڵا و حەولەحەولی ڕوحدانە. بۆیە کەسێکی وەک حاجی قادری کۆیی (١٨١٥-١٨٩٧ز) لەنێو ئەو گێژاوە چینایەتی و دواکەوتوویەی ناو جڤاکی کوردەواری کۆیە و دەوروبەریدا کە دەچێتە ئەستەنبوڵ ئیدی ماهییەت و پیرۆزی ئەو شەرمگەیەی زمانی لا گرنگتر دەبێت و لە چوارچێوەی پاراستنی زمانی زارەکی نەتەوەکەی، کە بە درێژایی مێژوو، کورد زمانی خۆی پاراستووە، ڕووبەڕووی لە گۆڕنانی زمانی کوردی دەبێتەوە بە دەستی ئاخێوەرەکەی.

حاجی قادر لە ئەستەنبوڵ هەست بە مەترسی

هەژمووونی زمانی تر دەکات و لەنێو هەزاران کوردی ئەوێدا چەند دیاردەیەک هەستپێدەکات کە پێشتر بە چاوی سەر نەیدیبوون:

-بێ خەمیی کورد لە هەمبەر زمانەکەی.

-بە چاوی سووک تەماشاکردنی زمانەکەیی و بە پیرۆز زانینی زمانی بێگانە.

-فەرامۆشکردنی زمان بە پاساوی ئایینی.

-نەزانینی زمانی دایک و خۆ بە کورد حسێب نەکردن.

حاجی ئەمانە دەبینێت و ئاوێتەی نێو شیعرەکانی دەکات، ئەو کاتەی بە پاساوی ئایینی کەسێک پێیوایە کاک ئەحمەدی شێخ مادام بۆ خودا دەنووسێت، چ پێویست دەکا بە کوردی بنووسێت:

**واقیعەن خزمەتی لە بۆ خوایە**
**چ دەبوو گەر بە کوردی نەبووایە**

حاجی کە گوێی لێ دەبێت ئاوا بەرسڤی دەداتەوە:

**هەر کە وای گوت وەها موکەددەر بووم**
**وام دەزانی کەوا لە دین دەرچووم**
**گوتم ئێستاش لەسەر کەری ماوی**
**چا بوو مستم نەدا لە نێو چاوی(٦)**

هەروەها بە دەیان و سەدان کەسی کورد دەبینێت دایک و باوکیان کورد بوونە و بنەماڵەی دیار و ناسراوی کورد بوونە، کەچی منداڵەکانیان کوردی نازانن، ئەمە کاری زۆر تێدەکات و زۆر بە توندییەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە:

ئەگەر کوردەک قسەی بابی نەزانی
موحەققەق دایکی حیزە بابی زانی(٧)

حاجی لێرەدا تێدەگات کە نووسین بە کوردی، لانی کەم کەمێک دەبێتە چەپەر لە بەردەمی ئەو مردنی زمانەی، کە ئەوسا سەدان و ئێستا تووشی ملیۆنان کورد بووە، بۆیە داخ بۆ ئەوە دەخوات کە شوێنەوارەکانی کورد لە بواری نووسین نەمان و لای تاک و جڤاکی کورددا گرنگییان پێ نەدرا و لە ناهۆشیاریی کۆمەڵگەوە زمانیش زەبرێکی گەورەی پێکەوت.

### ٣-سەرکوتکردنی زمان

سەرکوتکردن لەلایەن دەسەڵاتی ئەو کاتەی عوسمانییەکان کە خۆیان لە بێدەسەڵاتیدابوون و بزاڤە نەتەوایەتییەکانیش هەنگاویان بۆ خزمەتی زمان و نەتەوەکانی خۆیان دەنا، نەوە تازەکەی نێو عوسمانییەکان ترسیان لە زمانی کوردی نیشت وەک زمانێکی نزیک و هاوسنوور لەگەڵ جڤاکی تورکیدا. بۆیە ئەگەر لە دەرفەتێکدا پەنجەرەیەکی بچووک بە ڕووی زمانی کوردی کرابێتەوە، لە چەندین لاوە دەرگایان بەسەردا داخستوون. ڕۆژنامەی کوردستان لە ساڵی ١٨٩٨ دا، کە لە ناوەوەی تورکیای ئێستا ڕێگەی چاپکردنی لێدەگرن، ناچار دەبێت لە میسر چاپ بێت، عوسمانییەکان بەوەشەوە ناوەستن و بە فەرمانێکی دەوڵەتی هاتنی ئەو ڕۆژنامەیە بۆ ناو خاکی مەمالیکی عوسمانی قەدەغە دەکەن(٨).

دوای ڕۆژنامەی کوردستانیش، لەکاتی هەبوونی هەر دەرفەتێکدا ڕۆشنبیرانی کورد خەمیان لە زمان و نووسراوی کوردی خواردووە، کەچی لە ماوەی دە ساڵدا زیاتر لە پێنج ڕۆژنامە بەناوی جیا جیا دەرچوونە و لەکاتی داخرانی ڕۆژنامەیەکدا، هەوڵدراوە جێگرەوەی بۆ بدۆزنەوە. ڕۆژنامەی (سەربەستی) کە بەڕێوەبەر و زۆربەی نووسەرەکانی کوردبوون و بە زمانی تورکی لە ئەستەنبوڵ چاپ و بڵاودەبوویەوە، لە ژمارە(٤٨٠)ی ٢٩ی نیسانی ساڵی ١٩١٩دا، لە لاپەڕەی یەکەمیدا دوو هەواڵی سەبارەت بە قەدەغەکردنی چاپەمەنی کوردی بڵاوکردۆتەوە:»دوێنێ بەرهەمێکی ئەدەبیی عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی چاپەمەنییەوە ڕەتکراوەتەوە و ئیدارەی ڕۆژنامەی سەربەستی نارەزایی دەربڕیوە و چاوەڕوانی ئیجرائاتی بەڕێوەبەرایەتییەکەیە«.(٩) تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەوەی خودی ڕۆژنامەی سەربەستی

ویستویەتی شیعرێکی کوردی بڵاوبکاتەوە، لە هەمان ژمارەدا وەک هەواڵ ئەوەیان بڵاوکردۆتەوە کە شیعرەکە لە چاپخانە سانسۆر کراوە و نەیانهێشتووە چاپ بێت، لە هەواڵەکەدا هاتووە کە «بۆچی ڕۆژنامە بە فەرەنسی و فارسی دەردەچێت، بەڵام ناهێڵن شیعرێک بە کوردی چاپ ببێت!» (١٠).

ئەم ترسە هەر بەردەوام بوو، بۆ دوای ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی خورتتر بووەوە، چونکە مانەوەی بەهای نەتەوە و هەستی نەتەوایەتی پەیوەستە بە مانەوەی زمان و بەرەوپێشبردنی. بۆیە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا وێرای قەدەغەکردنی زمانی کوردیش، دەرکەوتنی چزوورەی پاراستنی هەر هەوڵێک بۆ زمانی نووسین لە دەرەوەی تورکیاش، حکومەتی ئەوسای ناچارکردووە کە ڕێ و شوێنی توند بۆ قەدەغەکردنی بگرێتەبەر، تەنانەت ئەگەر لە دەرەوەی سنووری تورکیاش بێت دەبێت ئاگاداری ئەوە بن ئەو ڕۆژنامە و نووسراوە ئەدەبییانە قەدەغەبکرێن. بۆ وێنە:

-لە ١٩٤٩/٩/٢٢ دا لە بەڵگەنامەیەکی حکومەتی ئەوسای تورکیا هاتووە کە لە بەغداد لەلایەن ئیبراهیم ئەحمەدەوە گۆڤاری «گەلاوێژ» و «یادگاری لاوان» چاپ دەبن، هاتنیان بۆ وڵات بە بڕیاری حکومەت قەدەغەکراوە(١١).

-لە بەڵگەنامەیەکی دیکە کە مێژووی ١٩٥١/٤/١١ی لەسەرە، باس لەوە دەکات لە عێراقدا کتێبێک بە ناوی (المرشد) دەرچووە و باسی زمانی کوردی تێدایە، هاتنی ئەم کتێبە بۆ تورکیا قەدەغەیە(١٢).

-هەر لە ساڵی ١٩٥١دا بڕیار لەسەر قەدەغەکردنی چاپی مەولوودنامەیەکی کوردی دەدرێت(١٣). هەروەها بۆ چەندین کتێبی دیکەی کوردی بڕیاری لەم شێوەیە دراون و لە ئەرشیڤی سەردەمی کۆمار پارێزراون.

**٤-بانگی ڕۆشنبیران و خەمی زمان**

ڕۆشنبیران و نووسەران زۆر زوو دەرکیان بەو مەترسییانە کردووە و وەک درێژەپێدەری بیری حاجی قادری کۆیی هەمیشە هەوڵیانداوە مژاری زمان بکەنە بابەتی سەرەکی ئەو گرفتانەی کە لەناو کۆمەڵگەدا هەن، بۆیە ئەو سەردەمەی عوسمانییەکان، نووسەرانی کورد کە بە هەر جۆرێک لە جۆرەکان ڕێگەیەکیان بۆ چاپکردنی ڕۆژنامە یان گۆڤارێک دەدۆزیەوە، هەوڵی ئەوەیان دەدا دەرفەتەکە بقۆزنەوە و لە نووسینەکانیاندا باسی گرنگی زمان بکەن و لەو نێوەندەشدا هانی زانا و شارەزایانی کورد بدەن کە بە کوردی بنووسن بۆئەوەی هیچ نەبێت ببنە چەپەر لە بەردەم ڕووخان و مردنی ئەو زمانەی، کە ئەوسا دەیانزانی ڕۆژێک دێت، نەک بە تاک و دەیان، بەڵکو بە ملیۆنان کەس لە ماوەیەکی دیاریکراودا لە زمانی خۆیان دادەبڕێن.

بۆ وێنە لە گۆڤاری «ڕۆژی کورد»ی ئەستەنبوڵ دا، خەلیل خەیالی مۆتکی (١٨٦٥-١٩٤٦) بانگی کوردان دەکات، کە ئیدی بەسە و با لەنێو هەموو میللەتانی مسوڵماندا، کوردیش ببێتە خاوەنی زمانی خۆی و بە زمانی خۆی بنووسێت و بخوێنێتەوە: ئیرۆ سێ سەد ملیۆن مسولمان هەیە حەمی ب زمانێ خۆ دخوینن و دنویسن، ژ بۆ پێشچوون ژ لازمە ئەوی ئیجرا دکن، ئەم ژی لازمە تەبای وان بن، ئیرۆ پێڤە ب زمانێ خۆ بخوینن و بنووسن. چەند فەقێی کوردان غیرەتا کوردانی د واندا پەیدا بوو و ڕابوون جڤاتا هێڤی چێکرن، پاشی ڕۆژنامەیا ڕۆژی کورد دەرخستن، ژ دل و جان دخەبتن، لازمە کو ئەم ژی ئاری وان بکن، ئەڤ ئاری کرن لەمە فەرزە، واجبە، بێ ئاری کرن د دنیایێ دا تشتەک نابی»(١٤).

خەلیل موتکی دەزانێت کە بە تەنیا بە چەند دەستەبژێرێکی ڕۆشنبیران ئەم کارە تاسەر بەڕێوە ناڕوات، بەڵکو دەبێ هۆشیارییەکی وا لەنێو کوردان

بڵاوببێتەوە، هەموو چین و توێژێک پشتیوانی ئەو پڕۆژە گەورەیە بکەن و هەست بە گرنگییەکەی بکەن و قوربانی بۆ بدەن، ئەو قوربانییەش چ بە قەڵەم، یا زانست، یان بە سەروەت و سامان، هەمووشی بۆ ئەوە بێت کورد ئەمرۆ چییان پێویستە ئەویان بۆ بکرێت: «ئەڤ ئاری کرن ژی قسم قسمە، هنەک ب قەلەما خۆ، هنەک بە عیلما خۆ، هنەک ب مالێ خۆ، تەمام وی ئاری کرنێ ژ بۆ پێشچوونا کوردانە، ژ بۆ مرۆڤ بوونا وانە. کورد ئیرۆ موحتاجی چنە ئەم ئەوان بێژن»(١٥).

ناوبراو زۆر جەخت لەسەر نووسین دەکاتەوە، چونکە تا ئەوکاتیش مەترسییەکە لەسەر زمانی ئاخاوتن نەبووە، بەڵکو کە تەماشاکراوە نووسینی کوردی بە نەبوو حسێبە و نوسینی نەتەوەکانی دیکەش هەر باڵا دەکات، هەستیان بە داهاتووی خراپی نەتەوەکەیان کردووە، بۆیە ناوبراو بە ناونیشانی (زمان و نەزانییا کوردان)، زۆر بە ڕاشکاوانە دەیەوێ مەتەڵی نەنووسین بە کوردی لەلایەن زانایانی کوردەوە هەڵێنێ و دەنووسێت(١٦): «ئەوەندەی تەماشا دەکەم، بە هیچ شێوەیەک باوەڕ ناکەم کە مەلای ئێمە، خوێندەواری ئێمە، بۆچی قسەی خۆیان بە کوردی دەکەن، لە مەدرەسەکاندا دەرس بە کوردی دەخوێنن و بە کوردی مانای لێ دەدەنەوە، بەڵام کاتێک پێویست دەبێت بنووسن، کاغەزی خۆیان بە عەرەبی، یا فارسی، یا تورکی دەنووسن و بە کوردی نانووسن، لەنێو موتڵەقدا حیکمەت هەیە و لەنێو ئەو بە کوردی نەنووسینەشدا نهێنییەک هەیە ئێمە پێی نازانین، ئەگەر کەسێک بۆ خێری دایک و باوکی خۆی ئەو حیکمەت و نهێنییەمان پێ بڵێت، ئەوا ئێمە مننەتێکی گەورەمان پێیەتی و زۆر خۆشە ئەو مننەتە لەسەر سەری خۆمان دادەنێین تا لەو مەرەق و تەماشایەش ڕزگاربین.

هەر شتێک لەبارەی ئەو بابەتە بڵێین و هەر هۆکارێک نیشان بدەین، ئەوا شتێکی پووچ و بێ کەڵکە و سوودی نابێت، هەروەک چۆن ئێستا لە دونیایێ دا حەفتا میللەت هەیە و ئێمە کەسیان ناناسین، هەموویان بە زمانی خۆیان دەخوێنن و کتێبیان دەنووسن و لە مەکتەب و مەدەرەسەکانیاندا منداڵەکانیان بە زمانی خۆیان دەخوێنن و کەسیشیان نەیانگوتووە خوێندن بە زمانی خۆمان زەحمەتە(١٧).

### ٥-زمان و سەردەمی جیهانگیری

لەم سەردەمی جیهانگیرییەدا، کە هۆکارەکانی خزمەتکردنی زمان زۆر زۆرن، بەڵام ڕەوشێکی دەروونی وا بەسەر نەتەوەی کورددا هاتووە، زۆر خراپتر لەو سەردەمەی کە ڕۆشنبیران داوای هۆشیاربوونەوەی خەڵکیان دەکرد لە هەمبەری زمانەکەیان، ئەمڕۆ ئەو بارە دەروونییە تاکی کوردی والێکردووە وەک زۆربەی شتەکانی دیکەش، لە هەمبەر زمانی نەتەوەکانی دیکە خۆی زۆر پێ کەم بێت و بە ماندووبوون و قوربانیدانی زۆرەوە، هەوڵی فێربوونی زمانی بیانی بدات، کەچی زۆر بە کەمی تەماشای زمانی خۆی دەکات و بگرە زۆر جاریش بە شەرمێکی زۆرەوە بە زمانی خۆی قسان دەکات، ئەمەش بە تێپەڕبوونی کات کاریگەریی لەسەر خێزان و منداڵیش دادەنێت و هێواش هێواش ڕێژەی مردن و ڕوحدانی زمانی کوردی بەرزتر دەبێتەوە.

ئەمڕۆ لە شارێکی وەک ئەستەنبوڵ زیاتر لە پێنج ملیۆن کورد هەیە، لەم پێنج ملیۆنە چەند سەد هەزارێکی دەتوانێت بە کوردی قسە بکات و کەمۆکەیەکیش ئەگەر بتوانێت بە کوردی بخوێنێتەوە، چەند ملیۆن کوردێکیش لە ئەنادۆڵ هەن و زیاتر لە سەد ساڵە کەوتونەتە ئەوێ، وێڕای شارە گەورەکانی تری تورکنشین کە بۆ ناچاریی کارکردن کوردی لێنە، بەڵام تاک و تەرا دەتوانن بە کوردی بئاخڤن. تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەوەی لەناو ناوەندی شاری دیاربەکر مەترسی ئەوە هەیە

# زمان ئەگەر بۆ هەموو نەتەوەیەك ناسنامە بێت، ئەوا بۆ نەتەوەی کورد شەرمگە (عەورەت) بووە

بۆ چەند ساڵی دیکە زمانی کوردی نەمێنێت، وەک زمانی کوردی کوردانی میسر و قاهیرە و بەغدا، چونکە وەک مۆدێلێک بەشی هەرە زۆری منداڵەکان زمانی زگماکی خۆیان نازانن و بنەماڵەکان لە ماڵەوە بە پاساوی جۆراوجۆر و گوایە بۆئەوەی منداڵەکانیان لە قوتابخانە زیرەکتر بن، بە تورکی لەگەڵیان دەدوێن.

وڵاتانی ڕۆژئاوا کە چەند ملیۆن کوردی هەموو پارچەکانی لێ نیشتەجێن، ئەمیش ڕۆڵی لە مراندن و ڕوحدانی زمانی کوردی هەبووە و بەشی هەرە زۆری کوردەکان خەمساردانە مامەڵە لەگەڵ زمانی خۆیان دەکەن، بەتایبەتی زۆر بە ئاسایی دەبینن کە منداڵەکانیان زمانی دایکیان نازانن و بگرە زۆر جار بە شانازییشەوە باسی دەکەن.

بەگوێرەی چەند ئامارێک، چەند ملیۆن کوردێک لە ڕۆژئاوا هەن، تەنیا ئەڵمانیا زیاتر لە ملیۆنێک کوردی لێیە، کەچی ڕێژەیەکی زۆر کەمی، کوردی دەزانێت و ئەو نەوەیەی لەوێ لەدایکبووە بەشی هەرە زۆری نە کوردی تێدەگات و نە قسەشی پێدەکات، تەنانەت هیچ بەرنامەیەک بۆ ئەم بابەتە نییە و مشوورخۆرێکیش نییە خەمی داهاتووی ئەم زمانە بخوات.

پرۆفیسۆر عەبدوڵڵا قران لە بانگەوازێکدا بانگی کوردانی ئەڵمانیا دەکات، بەگوێرەی زانیارییەکانی، نزیک ملیۆنێک کوردی کرمانج لە ئەڵمانیا هەن کەچی هیچ ڕێکخراوێک و سازییەکی کوردان خولێکی فێربوونی زمان، گەڕانێکی مەیدانی سەبارەت بەم بابەتە نەکردووە، لەکاتێکدا لە وڵاتانی ئەوروپا هیچ قەدەغەیەک لەسەر زمان نییە و کورد دەتوانن بە زمانی خۆیان بخوێنن و داوا بکەن مامۆستایان بۆ دابین بکرێت(١٨). بەڵام ئەم خەمساردیی و بێ خەمییە لە ئاست زمان نیشانەی پرسیار دەخاتە سەر مەسەلەی ئینتیما و هۆشی میللەتبوون لەلای کورد و بەدرێژایی چەندین دەیە و بگرە سەدان ساڵ لەگەڵ کەسایەتی کورد هاوتا بووە.

**٦-چەپەر و چارەسەر**

بەداخەوە لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە تائێستاشی لەگەڵدا بێت، ئەوەی بۆتە چەپەر لە بەردەم مردنی زمان، تەنیا بانگی ڕۆشنبیران بووە و ئەمەش ڕووبەرێکی کەمی بڕ کردووە و تەنیا بیرهێنانەوە بووە و نەبۆتە پرۆژەیەکی نیشتمانی گەورە، بۆیە ئەگەرچی دروستنەبوونی زمانی ستاندارد لە نێوان هەموو شێوەزارەکانی کورد ئاستەنگێکی گەورەیە، بەڵام چەپەری گەورە و چارەسەری خێرا بۆئەوەی ئەو ڕووحدان و مردنەی زمان بەردەوام نەبێت، بریتین لە:

ـ لەو شوێن و وڵاتانەی زمانی پەروەردە بە زمانی زگماک نییە، هەموو هەوڵ و توانایەک بخرێتە گەڕ پەروەردە بە زمانی دایک بێت (نەک خوێندنی باڵا)، لە ئەزموونی کورداندا دەرکەوتووە نەبوونی زمان لە قۆناغی پەروەردەدا، چاڵێکی گەورەیە بۆئەوەی زمانی تێدا بنێژرێت.

ـخۆبەکەم نەزانین لە ئاست زمانە باڵادەستەکانی

جیهان و زاڵنەکردنی زمانێکی بێگانە لەسەر زمانی کوردی.

-هەوڵدان بۆ بە زانستیکردنی زمانی کوردیی و خستنە ناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت، چونکە زمان تا زانستی پێ نەنووسرێتەوە لەسەر پێی خۆی ناوەستێت، هەردوو زمانی تورکی و فارسی لە ئاستە بەرزەکانی زانستدا کراونەتە زمانی زانست.

-لەو هەرێم و وڵاتانەی زمانی کوردی مەترسی مردنی لەسەرە و زمانی هەزاران و ملیۆنان کوردی تێدا مردووە، جەخت لەسەر نووسین بە کوردی بکرێتەوە، ئەگەر خوێنەریشی کەم بێت، یان نووسینەکە لاواز بێت، چونکە بۆ بەرەنگاریی مردنەکە و پاراستنی، زۆری بەرهەمی کوردی کەم تا زۆر جێگەی خۆی دەگرێت.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان**

(١)چاڵ و چەپەر واتە چاڵ و ئاستەنگییەکانی بەردەم زمانەکە و چەپەر و پەرژینی پاراستنی.

(٢)مێژووی ئەدەبی کوردی، د.مارف خەزنەدار، ب٢، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٢، ل٣٧.

(٣)دەقنامە، محەمەد عەلی قەرەداغی، ب١، بڵاوکراوەی ئاراس، ٢٠٠٨، ل٩٣.

(٤) فيض القدير المتين شرح كتاب مم و زين، ملا موسى الجلالي البايزيدي، ج١، نشريات اخوان، اسطنبول ، ٢٠١٨، ل٢٣٦.

(٥)دیوانی نالی، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتح عەبدولکەریم، چ٢، سنه ١٣٨٣، ل٣٧٥.

(٦)دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، انتشارات کردستان، سنندج، ١٣٩٠، ل٢٣٦.

(٧)سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٣.

(٨)بڕوانە: DH.MKT. 2473-00105.001 هەروەها بڕوانە: 030.01685.001 (05).MTZ..İ.

(٩)سربستی، ژ ٤٨٠، ٢٩/نیسان/١٩١٩، ل١.

(١٠)هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

(١١)بڕوانە بەڵگەنامەکانی جمهورییەت

.Dosya Ek : 52-129 30-18-1-2 / KARARLAR DAİRE BAŞKANLIĞI

(١٢)بڕوانە:2-1-18-30 / 8 – 29 - 125 ،KARARLAR DAİRE BAŞKANLIĞI.

(١٣)بڕوانە: -70-126 16 2-1-18-30 / KARARLAR DAİRE BAŞKANLIĞI.

(١٤)زیمان، م.خ، گۆڤاری ڕۆژی کورد، ژمارە ٣، غرە رجب ١٣٣١، ل٢١.

(١٥)سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

(١٦)ئەم دەقە لە بنچینەدا کورمانجییە و بە پێویستمان زانی بیکەینە شێوەئاخاوتنی سۆرانی.

(١٧)زمان و نەزانییا کوردان، م.خ، ڕۆژی کورد، ژمارە ٢، رجب ١٣٣١، ل٢٩.

(١٨) بڕوانە ماڵپەڕی ڕووداوی کورمانجی لە

http://www.rudaw.net/kurmanci/opinion/30072018 .30/7/2018

# با چی دی زمانەکەمان نەشێوێ!





**مستەفای سەید مینە**

لەدایکبووی ١٩٦٣، سەنگەسەر، ماستەر لە ئەدەبی کوردیی، خاوەنی کتێبێکی چاپکراو و ژمارەیەک کتێبی وەرگێڕدراوە.

هەڵبەت زمان بڕبڕەی پشتی نەتەوە و دیارترین ناسنامەیەتی لەنێو میللەتانی دیکەدا... زمان شادەماری هاوسۆزیی و هەستی یەکبوونی نێو ئەندامانی میللەتە، بەتایبەتی بۆ میللەتێکی بێ کیان و لەتلەتکراوی وەک کورد، کە شوورەی سەختی پاراستن و دوورخستنەوەیەتی لە توانەوە و لەنێوچوون و، بە درێژایی مێژووە پڕ لە تاڵی و سوێرییەکەی، کە تراژیدینامەیەکی تەواوە، زمانی کوردی مەحکەم و قایم، لەجیاتی ئاڵا شەکاوەتەوە و، بوون و ڕەسەنایەتی گەلی کوردی بۆ هەموو لایەک سەلماندووە و، هەموو هەوڵێکی ناحەزانی نەتەوەکەمانی لەمەڕ تواندنەوە و حاشالێکردنی، کردۆتە بڵقی سەر ئاو.

لەو سۆنگەیەوە، لەسەر هەموومانە هەوڵی شێلگیرانە بۆ پاراستن و پتەوکردنی بدەین و، لەو بوارەدا چی لەدەستمان بێ، دریغیی نەکەین و، ئەو ئەرکە نەتەوایەتی و مێژووییە هەرچی چاکتر و دڵسۆزانە تر ڕاپەڕێنین، چونکە زمانەکەمان هێمای یەکبوونی کورد و کوردستانی نیشتمانیەتی و، لەو بوارەدا هاوسۆزییەکی بەهێز لەنێو کورداندا بەدی دێنێ، کە تا ڕاددەیەکی زۆر باری نالەباری تێهەڵدێنێتەوە.

دیارە ئەو کارە لە سەردەمی ئێستاماندا لە هەموو کاتێکی دیکە پێویستترە، چونکە چەندەها وشە و دەربڕینی زمانەکەمان بەهۆی خەڵکی ناشیی و زمان نەزانەوە، گەلێک شێواون و بێ سەرەوبەرەییەکی زۆریان پێوە دیارە و، کار وا بڕوات زمانەکە تەواو دەشێوێنن و لە پەلوپۆی دەخەن، چونکە بە چەندان وشەی ناقۆڵا و ناحەز و نالەبار و تەعبیری نا کوردانە ئاخنراوە، کە لەگەڵ ئاخاوتنی ڕەسەن و هەستی زگماک و کوردانە و سەلیقەی خەڵک نایەنەوە.

گرنگترینی ئەو هەڵە و هەڵەنگوتنانەی ئەوڕۆ لە نووسینی کوردیدا بەرچاو دەکەون، دەکرێ بەم جۆرە ڕیز بکەین:

**١. لە بواری بەکارهێنانی وشەدا:**

لەمێژە ڕەوتێک لەنێو نووسینی کوردییدا هەیە، کە بەنیازە زمانی کوردیی لە هەرچی وشەی بێگانەیە بژار بکا. دیارە ئەو کارە بە نیازی چاکی خزمەتکردنی زمانی شیرینی کوردیی دەکرێ، بەڵام وەک گوتراوە (کلمة حق یراد بها باطل) (قسەیەکی حەقە و ناحەقی لێ دەکەوێتەوە)و، زیان لە زمانی کوردیی دەدا، چونکە لە سەرێکەوە ئەو کارە پێچەوانەی ئاڕاستەی پەرەستاندن و گەشەکردنی زمانە و، ئەو وشە بێگانانەی هاتوونەتە نێو زمانی کوردییەوە وا تواونەتەوە، وەکو وشەی کوردییان لێهاتووە و، هەموو کورد تێیاندەگات و، لەلایەکی دیکەشەوە، هەر زمانێک کارلێککردنی لەگەڵ زمانانی دیکەدا نەهێڵرێ، وشک هەڵدێ و بەرەو کزیی و لاوازیی دەچێ...... تەماشاکە زمانێکی وەکو ئینگلیزیی، چەندان وشەی وەک ((cotton)) و (Algebra)ی لەزمانی عەرەبی وەرگرتووە بۆ نموونە، کە یەکەم لە (قطن) و دووەمیش لە (الجبر) وەرگیراوە.

زمانی بەرز و پاراوی فارسیی پڕە لە وشەی بێگانە، بەتایبەتی عەرەبیی، بەڵام زمانێکی سەربەخۆیە و خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، ئەو وشانەش کە وەریگرتوون، لەگەڵ فۆنەتیک و تایبەتمەندیی خۆیدا گونجاندوونی، هەندێکیشیان تەنها ڕوخسارەکانیانی وەرگرتووە و مەعنا و نێوەڕۆکی نوێی داونێ، بۆ نموونە: وشەی «جامعە»ی زمانی عەرەبیی وەرگرتووە کە بە مەعنای «زانکۆ» دێ، بەڵام مەعنایەکی تازەی پێ بەخشیوە کە «کۆمەڵ» ە، هەروەها وشەی «اشغال»ی عەرەبیی، کە چاوگێکە لەسەر کێشی «افعال» و «سەرقاڵکردن» دەگەیەنێ، وەرگرتووە و بۆ داگیرکردن «استعمار»ی بەکاردێنێ.

هەڵبەت کوردییش زمانێکی پتەو و ڕەسەنە و، ئەگەر لێیگەڕێن هەنگاوی سروشتیی گەشەکردن و پەرەستاندنی زمان هەڵدێنێ، ئەویش وەک

فارسی وشەی عەرەبی وەرگرتووە و مەعنای تازەی داوەتێ، وەکو: «قەول» کە چاوگێکی زمانی عەرەبییە و «قسە و گوتن» دەگەیەنێ، بەڵام لە کوردییدا مەعنای «بەڵێن و پەیمان» دەدا.......

دیارە ئەو وشانە بە هەموو پێودانگێک بە کوردیی حیسابن و بەکارهێنانیان لە زمانەکەماندا «وەکو گەزۆ و مازوو حەڵاڵە«و بە هیچ جۆرێک نابێ سڵیان لێ بکەین. جا ئەگەر بێتو وشە بێگانەکانی نێو زمانی کوردیی پۆلێن بکەین، دەتوانین بەسەر ئەم بەشانەی خوارەوەدا دابەشیان بکەین:

١- ئەوانەی – وەکو گوتمان- لەمێژە هاتوونەتە نێو زمانەکەمان و تەواو تێیدا تواونەتەوە و هەموو کورد تێیاندەگا، دیارە ئەوانە بە کوردیی لەقەڵەم دەدرێن، وەکو وشەکانی: شیعر، عەرەفە، سەعات، قیامەت، بەحر......هتد.

ئەو جۆرە وشانە بەکارهێنانیان شتێکی زۆر رەوا و ئاساییە و، پێویست ناکا وشەی داتاشراویان لەجێ دانێین، بۆ نموونە: شتێکی بەجێ نییە «هەڵبەست و هۆنراوە«لە جێی «شیعر» و «کاتژمێر» لە شوێنی «سەعات» بەکار بێنین، چونکە «هەڵبەست و هۆنراوە«لە زمانی کوردییدا بە مەعنای «بوختان و شتی هەڵبەستراو» دێ و، ئێستاش لە لادێدا دەربارەی بوختان و قسەی هەڵبەستراو دەڵێن: هەمووی هەڵبەست و درۆیە، واتا: بوختانە..... «هەستیار» یش- نەک هەر شاعیر- هەموو کەسێک دەگرێتەوە، چونکە هەموو کەس، کەم تا زۆر، هەستی هەر هەیە و لە بەرانبەر دیاردە و شتاندا «هەستیار» ە......

هەرچی وشەی «سەعات» یشە، با لە بنچینەشدا عەرەبی بێ، گۆڕانی بەسەردا هاتووە و لە «ساعە«وە کراوەتە «سەعات» و، کاتژمێر ئەگەر بۆ جیهازی «سەعات»یش ڕاست بێ، ناکرێ بۆ ماوەی شەست دەقیقە بەکاربێ و، بۆ نموونە بڵێین: کاتژمێر دوو......چونکە کاتژمێر وەکو «گەرمی پێو» ..........هتد ناوی بکەر «اسم فاعل» ە و، سەعاتێک کە «٦٠» دەققەیە، بۆخۆی کاتە نەک «کاتژمێر». بێ گومان بۆ هەر یەکێک لەو وشانە ئەگەر وشەیەکی کوردیی ڕەسەنمان هەبێ، شتێکی زۆر بەجێیە بەکاری بێنین، بەڵام نەچین وشەی داتاشراوی ناشیانەیان لەجێ دانێین و، وەک ئێستا بیکەینە پاشاگەردانیی و هەرچی پێوانە «قیاس» و ڕێ و شوێنی زمانی کوردییە بیشێوێنین و «دۆ و دۆشاو تێکەڵ کەین»!

٢- ئەو وشانەی مەعنای نوێیان وەرگرتوە، واتە: بە ڕوخسار بێگانە و بە نێوەرک کوردیین، وەک: قەول، قەتڵ، مسکێن، حورمەت، عاسێ، عەجایب، مەعتەل، تەعلیق...... وەک پێشتر باسمان کرد، ئەوە نیشانەی زیندوویی و سەربەخۆیی زمانەکەمانە و، لە زمانی فارسییدا شتی وا یەکجار زۆرە، لەبەرئەوە دەبێ ئێمەش ئەو وشانە بە موڵکی حەڵاڵی خۆمان بزانین و، بێ پەروا بەکاریان بێنین، نەخاسمە کە وشەی جێگری ئەوانمان وەدەست نەکەوتن. ڕەنگە هەندێک کەس وای بە بیردا بێ بۆ نموونە«قەتڵ» عەرەبییەکی ڕووتە و بە ڕوخسار و نێوەرۆکەوە هاتۆتە نێو زمانەکەمان، بەڵام وانییە، چونکە «قەتڵ» لە عەرەبییدا «کوشتن» دەگەیەنێ بەشێوەیەکی ڕەها، بەڵام «قەتڵ» لە کوردییدا تەنها بۆ کوشتنی بە ناهەق بەکاردێ...

"حورمەت»یش لە عەرەبییدا «قەدەغە و حەرامبوون» دەگەیەنێ، بەڵام لە کوردییدا «ڕێزگرتن»، «مسکین» بە عەرەبیی «هەژاری نەدار» ە، بەڵام بە کوردیی «بێ زیان و بێوەی»، «عاسێ» کە بە عەرەبیی «عاصی»ە و هاوواتای «یاخیی»ی کوردییە، لە کوردییدا مەعنای «سەخت» دەگەیەنێ. لە کوردییدا وشەیەکی دیکەشمان هەیە کە هەر هاومەعنای «یاخیی»یە و لە عەرەبی وەرگیراوە- هەڵبەت هەر ڕوخسارەکەی- و نێوەرۆک و مەعنای تازەی وەرگرتووە کە «ئەشقیا» یە، کە کۆی «شەقی» و لە عەرەبییدا دژی «سعید» ە و «بەدبەخت» دەگەیەنێ، بەڵام

ئەوەتا کوردییەکەی، نەک هەر واتای گۆڕاوە، لە ڕوخساریشدا کۆیەکەی وەرگرتووە نەک تاک....... هەڵبەت وشەی «عەجایب»یش هەروایە و، بەشێوەی کۆ وەرگیراوە، بەڵام لە کوردییدا هەر مەعنای تاکی هەیە......»مەعتەل»یش کە لە «معطل «وەرگیراوە، لە عەرەبییدا «پەککەوتوو و لەکارخراو» دەگەیەنێ، بەڵام کوردییەکەی «ڕاگرتن و دواخستن»ە، وەک دەڵێن: «چی دی مەعتەلم مەکە«، «تەعلیق»یش عەرەبییە و لە چاوگی کرداری «علق»ی عەرەبی وەرگیراوە و، «علق» بە عەرەبیی واتا : لێی دوا و سەرنجی لەسەر دەربڕی، بەم جۆرە مانای چاوگە عەرەبییەکە دەبێتە «لێدوان و سەرنج لەسەر دەربڕین»، بەڵام بە کوردیی مەعنای «پللار و توانج و تەشەر»ی هەیە.

جێی خۆیەتی لێرەدا بڵێین کە بەهۆی ڕیشە عەرەبییەکەیی و بێ ئاگایی لە مەعناکەی لە زمانی عەرەبییدا، گەلێک جار لە کوردییدا بە هەڵە بەکاردەهێنرێ و، هەندێک پێیانوایە لە عەرەبیشدا وشەکە هەر «توانج و تەشەر»ە، بۆیە وەک چۆن لەبن هەندێک وێنەی کاریکاتێریی بە عەرەبی دەنوسرێ: «بدون تعليق»، بە کوردیش بە هەڵە وەریدەگێڕن و دەیکەنە «بێ توانج»! بێ گومان لەجیاتی ئەوە دەبێ بنووسن» بێ لێدوان»، «بێ سەرنج دەربڕین» «بێ لەسەر ڕۆیشتن»......بەڵام دیارە ئەو نووسەرانە ئاگایان لەو جۆرە وشانە نییە کە کورد تەنها ڕوخسارەکانیانی وەرگرتوون و مەعنای سەربەخۆی پێ بەخشیون.

٣- ئەو هەموو وشە زۆرەی ئێستا لە نووسینی کوردییدا بەکاردێن – بەتایبەتی لە شیعر و ئەدەبدا- هەڵبەت ئەو وشانە – چ عەرەبی بن، چ ڕۆژئاوایی – بەکارهێنانیان هیچ پاساوێکی نییە، چونکە لەنێو زمانەکەماندا هیچ ڕەگ و ڕیشەیەکیان نییە و، کورد لە قسەکردندا بەکاریان ناهێنێ و، تەنها مایەی شێواندنی زمانی کوردیین و هیچی دی، دیارە ئەو وشانە زۆرن، بەڵام بۆ نموونە ئەوانە دەژمێرین: حوزن، یەئس، عومق، فەععال، فوقدان، موڕاوەحە، موناوەبە، سەرە....... لە عەرەبییدا و، دیفاکتۆ، دۆکیۆمێنت، پڕۆسێس، پڕانسیپ، دیسپلین، میکانیزم، مۆدێرن «مۆدرێن»!، فۆکەس «فۆکس»!......لە زمانە ڕۆژئاواییەکاندا..... لە زمانی خۆماندا لەجیاتی زۆربەی ئەو وشانە، وشەی کوردیی خۆماڵیمان هەیە، بۆ نموونە بۆ عەرەبیەکان بە ڕیز ئەم وشە کوردییانەمان هەن: خەم «خەفەت، مەراق»، نائومێدیی، قوڵایی، چالاک «هەڵسووڕاو»، ونکردن»نەبوون»، هەڵبەزدابەز، نۆرەکردن، نۆرە«ڕیز»...لە شوێنی وشە ڕۆژئاواییەکانیش، ئەگەر وشەی کوردیی بۆ هەمووانیش نەبێ، ئەوا بۆ زۆربەیان هەیە، بۆ ئەوانەی کە نیشن، دەکرێ بە بەکارهێنانی پێوانەی ڕاست و دروستی خۆماڵیی و ڕەچاوکردنی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردیی، وشەی کوردییان بۆ دابتاشرێ. جا ئەگەر بەکارهێنانی ئەوانە- هەرچۆنێک بێ ڕێی تێبچێ، ئەوا بەکارهێنانی ئەوانەی وشەی خۆماڵییان لە بەرانبەردا هەن، شتێکی گونجاو نییە، بۆ نموونە: بۆ »دۆکیۆمێنت»، «بەڵگەنامە«مان هەیە کە جێگیر بووە و، بۆ «مۆدێرن»، «تازە«و «نوێ» و بۆ «پڕۆسیس» «کردەوە«مان هەیە....... هەڵبەت هەندێک وشەی فارسیش هەن، کە وەک ئەو وشە عەرەبی و ڕۆژئاواییانە، خۆیان بەسەر نووسینی کوردییدا سەپاندووە و، وشەی کوردیی ڕەسەنیشمان هەن لەجیاتی ئەوان بەکاریان بێنین، بۆ نموونە: «وەلی» کە لە کوردییدا «بەڵام»ە و»ئەفسووس» کە بە کوردیی دەبێتە «حەیفێ»، «بەداخەوە«،»داخەکەم»، «مەخابن»...... هەڵبەت ئەو جۆرە وشانە تەنها لە نووسیندا بەکاردەهێنرێن و هێشتا نەیانتوانیوە خۆیان بخزێننە نێو ئاخاوتنی خەڵک و لە قسەکردندا هەر وشە کوردییەکان بەکاردێن.

٤- ئەو وشانەی لە کوردییدا وشەی ڕەسەنیان

له بەرانبەردا هەن، بەڵام له گوندە دوور و لاچەپەکاندا نەبێ، تەواو فەرامۆش کراون و وشە بێگانەکان ئەوانیان داپۆشیون و بەسەریاندا زاڵبوون، لەو وشانە دەتوانین ناوی «قۆری» و «خەیار» و «خەس» و «شەتتولعەرەب» و «مەتبەق-مەتبەخ» بێنین، کە لە شارەکاندا کوردییەکانیان هەر لەبیرکراون و هەر ئەوانە بەکاردێن، هەرچەندە هەموویانمان یەک بە یەک بەکوردیی هەن و بە ڕیز ئەمانەن: «چادان-قۆری»، «هاروێ، ئاروێ، ئاروو-خەیار:،کاهوو-خەس»، «یەکاوی عارەبان-شەتتولعەرەب»، «ناندێن-مەتبەخ» و «بێگار و شێوان و خەوتنان» و «لێگێڕانەوە، بانگهێشتن»یش هەر لەنێو ئەو پەڵە وشەدان و وشەکانی «سوخرە» و «مغرب» و «عیشا» و «دەعوەت»ی عەرەبی خەریکە هەست و خوستیان لێ ببڕێ. دیارە هەندێک وشەی فارسیش ئەو کارەیان بەسەر هەندێک وشەی زمانەکەمان هێناوە، وەکو: «رو در بایسی» کە «لە ڕووداماان»ی هەر لەبیر بردۆتەوە.

٥- وشەی داتاشراو: بێگومان وشەی داتاشراو، ئەگەر بەشێوەیەکی لەبار و بەڕێو جێ دروست بکرێ و لە داتاشینیدا پێوانە و خەسڵەتی زمانەکەمان ڕەچاو بکرێ، کارێکی زۆر پێویستە و زمان دەوڵەمەند دەکا، بەڵام ئەگەر هەرکەس لەبەر خۆیەوە ملی لەبەر ئەو کارە بنێ و، گوێ بە هیچ پێودانگێکی ڕەسەنایەتی زمانی کوردیی نەدرێ، دەبێتە پاشاگەردانی و تەنها شێواندنی زمانی لێ دەکەوێتەوە.......

جا ئێستا با «مستێک لە خەروار»ی ئەو وشە داتاشراوە ناقۆڵایانە بدەین و یەک بە یەک لێکیان بدەینەوە:

-پێنووس، لەجیاتی وشەی»قەڵەم» بەکاردێ، بەڵام «پێنووس» مەعناکەی لە قەڵەم فرەوانترە، چونکە هەر شتێکی پێی بنووسرێ، وەکو تەباشیر، ماجیک، فڵچەی خۆشنووسی دەگرێتەوە و، لە جوغزی مەعنای قەڵەم هەتڵە دەبێ. سەرەڕای ئەوە لە کوردییدا «خامە«مان هەیە کە هەر «قەڵەم» دەگرێتەوە.

«پەڕاو» و «پەڕتووک» لەخۆڕا بۆ «کتێب» و «دەفتەر» بەکاردێن، کە هیچ پەیوەندییان بە کتێب و دەفتەرەوە نییە و، «کتێب» و «دەفتەر»ەکە بەکاربێ، چاکترە کە لە کوردییدا تواونەتەوە و هەموو کوردێک لێیان تێدەگا.

-زۆر وشە بەشێوەی هەڵە بەکاردێن، وەکو: «ماندوونەناس»، «سەبارەت»، «مەلەوانگە»، ...... هتد، بۆ نموونە: «ماندوونەناس» کە بە مەعنای پشووودرێژ و خۆڕاگر» بەکاردێ، دارشتنەکەی هەڵەیە، چونکە بەکارهێنانی بەم شێوەیە شتێکی خەیاڵییە و ئەو مەعنایە نابەخشێ و ئەوکەسە دەگرێتەوە کە بابای ماندوو نەناسێ، نەک ماندووەتی، کە لە دنیادا کەس نییە خەڵکی ماندوو نەناسێ، لەبەرئەوە دەبێ» ماندوویی نەناس»بێت.

«سەبارەت»یش بە مەعنای «لەبارەی»و «دەربارەی» بەکاردێت، کە هەڵەیە چونکە سەبارەت مەعنای «بە سەبەبی- بەهۆی- لەبەر» دەگەیەنێ و «سەب»ی پێشەوەی هەربەشێکی وشەی «سەبەب»ە، کە پێیەوە ماوە و لە فۆلکلۆری کوردییشدا هەر بە مەعنای «لەبەر» بەکارهاتووە نەک «دەربارەی»:

**سەبارەت بەتۆ لەم شارە وێڵم**
**چۆن دڵم دێنێ تۆ بەجێبێڵم؟!**

هەرچی وشەی «مەلەوانگە» شە کە بۆ «مسبح»ی عەرەبیی بەکاردێ، هەڵەبوون و ناتەواوییەکەی زەق و ئاشکرایە، چونکە «گە» پاشگری شوێنە و وشەکە دەبێتە شوێنی «مەلەوانان» نەک «شوێنی مەلە». هەڵبەت بەهۆی پاشگرەوە دروستبکرێ وشەیەکی ناقۆڵا و نالەبار دەردەچێ و، دەکرێ بە پێوانەکردنی وشەی وەکو «جێوار- جێ هەوار»، «جێ شتڵ»، «جێ گەنم»،

# زمان شادەماری هاوسۆزیی و هەستی یەکبوونی نێو ئەندامانی میللەتە، بەتایبەتی بۆ میللەتێکی بێ کیان و لەتلەتکراوی وەك کورد.

«جێ خێوەت».....هتد بکرێتە «جێ مەلە» کە ڕێک مەعنا ڕاستەکە دەبەخشێ.

- بەکارهێنانی ڕاناوی لکاوی «ی» بۆ کەسی سێیەمی تاک: دیارە ئەو ڕاناوە ئەگەر بە کرداری تێنەپەڕەوە بلکێت، بۆ کەسی دووەمی تاکە، وەکو: تۆ چووبوویەوە بۆ بازاڕ، تۆ هاتبوویەوە ئێرە، بەڵام بە هەڵە بەم شێوەیە لەژێر کاریگەریی چەند لەهجەیەکی ناوچەییدا بەکار دێ: کە چووم بەفرەکە توابوویەوە.... کە دەبێ بگوترێ «توابۆوە- توابووەوە».

- تێکدان و شێواندنی چەندان وشە و بەکارهێنانیان بە هەڵە وەکو: کوتاندن، داکوتین، لێپێچینەوە، دابڕاندن، ژەهردارکردن، بەستایەوە، نیوەناچڵ، بەخێرهێنان کردن، خۆدەربازبوون، دڵخوازراو، خەڵک خۆشەویست، بناغە داڕێژەر، هەوێ.......بە کاریگەریی لەهجەی ناوچەیی، کە ڕاستەکانیان بە ڕیز بەم جۆرەن: کوتان، داکوتان، لێپێچانەوە، دابڕین، ژەهراوی کردن (ئەگەر بۆ مرۆڤ بوو «دەرمانداوکردن»)، بەستییەوە، نیوەچڵ، بەخێرهاتن کردن- بەخێرهێنان، خۆدەربازکردن، دڵخواز، لەبەردڵان- خۆشەویستی خەڵک، بناغەداڕێژ، هەویە- ناسنامە...... دیارە هەڵە و ناتەواویی ئەو وشانە ڕوون و دیارە، بۆیە لێکدانەوەیان بۆ خوێنەری لێزان و بە سەلیقە بەجێدێڵین.....

- هاتنی چەندان تەعبیر و وشەی هەڵە لە سۆنگەی وەرگێڕانی حەرفی یان هەڵەوە بۆ نێو زمانی کوردیی، بۆ نموونە:»سەرسامم دەکات» کە لە وەرگێڕانی هەڵەی «یعجبنی»ی عەرەبیی- کە هیچ پەیوەندییەکی بە سەیر و سەرسامییەوە نییە- هاتووە و، مەعنای «بەدڵمە»ی کوردیی دەگەیەنێ..... هەندێکیشیان لە عەرەبیی و زمانی دیکەوە وەرنەگیراون، تەنها نەشارەزایی و نەبوونی سەلیقەی زمانەوانیی دروستی کردوون، وەکو»پشکێنەر» لەجیاتی «پشکنەر»، «سەرپەرشتیار» لەجیاتی «سەرپەرشت» بۆ نموونە.

چەندان تەعبیری دیکەش – کە لە کوردییدا هەر نین- بە وەرگێڕانی حەرفیی لە عەرەبیی و فارسییەوە پەیدابوون، بۆ نموونە: خوێندنەوەم بۆ مێژوو.... کە تەرجەمەی هەڵەی «قراوتی للتأريخ»ە و، کورد شتی وا ناڵێ، چونکە ئەمە ئەوەدەگەیەنێ کە من بۆ مێژوو شت دەخوێنمەوە، نەک مێژوو دەخوێنمەوە و کورد دەڵێ «خوێندنەوەی مێژوو لەلایەن منەوە- مێژوو خوێندنەوەم»......هتد.

هەر لەهەمان سۆنگەوە تەعبیری هەڵەی وەکو: «پیرێ و لە سلێمانی باران باری» کە هەڵەیەکی زەقە، پەیدابووە، چونکە هیچ کوردێک لە ئاخاوتندا بە «و» ئاوەڵکرداری کات و شوێن پێکەوە نابەستێ و ئەو ڕستە ئەوەدەگەیەنێ کە هەم پیرێ

باران باری، هەم لە سلێمانی باران باری و، مەرج نییە باران بارینی سلێمانی پێرێ بووبێ.

بە لابردنی واوەکە ڕستەکە ڕاست دەبێتەوە: پێرێ لە سلێمانی باران باری....، بە هەمان شێوە ئەم ڕستانەی خوارێش واوەکەیان زیادە و هەڵەن و بە لابردنی «و»ەکە ڕاست دەبنەوە:

***بەم جۆرە و بە یارمەتی هاوکارانم، تەواومان کرد.**

*** پار و لە زانکۆی سلێمانی ئاهەنگمان گێڕا.....هتد**

چونکە ئەو شتانەی کە بە «و» پێکەوە گرێ دەدرێن، دەبێ هاوچەشن بن، نابێ ئاوەڵکرداری کات و شوێن، یان چۆنیەتی و کات و شوێن پێکەوە ببەسترێن، بەڵام دەکرێ بڵێین: ئەمڕۆ و دوێنێ و پێرێ، لێرە و لەوێ و لەولاتر، بە ئازایی و بە زانایی و بە وردیی....هتد

– نەوت بەرانبەر بە خۆراک، کە تەرجەمەی حەرفیی «النفط مقابل الغذاء «ە و، کورد لە بارێکی وادا دەڵێ: «نەوت بە خۆراک»، وەکو چۆن ئەو لادێییانەی ترێ و مێوژ و شتی وا دەفرۆشن، هاواردەکەن: ترێ بە گەنم، مێوژ بە ئارد....نەک: ترێ بەرانبەر بە گەنم و مێوژ بەرانبەر بە ئارد!

«هەستا بە»ش تەعبیرێکی دیکەی نا کوردییە کە وەرگێڕانی حەرفیی «قام ب» ی عەرەبییە، «قام بکتابە رسالە«کە بە کوردیی کردوویانە بە «هەستا بە نووسینی نامەیەک» دەبوو بیکەنە «نامەیەکی نووسی...» هەڵبەت ئەگەر کردارەکە بشکرێتە ڕانەبردوو، تەعبیرەکە هەر عەرەبییە، نەک کوردیی، کورد» هەڵدەستێ بە....»ش هەر بەکار ناهێنێ.

.دیارە ئەو تەعبیرە ناکوردییانە وەنەبێ هەر لە عەرەبییەوە وەربگیرێن، جاری وا هەیە لە زمانانی دیکەی وەکو فارسیش وەردەگیرێن، بۆ نموونە(لە پێوەندیی لەگەڵ ...) کە دەقاودەق لە (در رابطە با...)ی فارسیی وەرگیراوە و بە هەڵە لە جیاتی (لەمەڕ،دەربارەی،لە بارەی )بەکاردەهێنرێ و، کوردیی نیە و کورد بە کاری ناهێنێ.

–(بابت هەیە!..)کە وەرگێڕانی حەڕفیی (پدرت هست)ی فارسییە و، کورد لە جیاتی ئەوە دەڵێ (بابت لێرەیە؟) یان (بابت لە وێیە؟)

–(تا چەند ساتێکی دیکە میوانەکان دەگەنە جێ) کە تەرجەمەی ناشیيانەی ( تا لحظاتی دیگرمهمان ها می رسند)ە و، فرێ بە کوردییەوە نییە و، کورد لە جێی وادا دەڵێ: (چەند ساتێکی دیکە یا دوای چەند ساتێکی دیکە میوانەکان دەگەنە جێ).

هەر ئە و وەرگرتنە کوێرانەیە لە زمانانی دیکەوە و، ڕەچاو نەکردنی خەسڵەت و ڕەسەنایەتیی زمانی کوردییشە، وای کردووە چەندان ناوی تایبەتی (اسم علم)بە هەڵە بێنە نێو زمانەکەمان، ئەمەش بەهۆی وەرگرتنی نادروست لەلایەن نووسەرانەوە، بۆنموونە: (ئەراگون)، (پاپلۆ نێرۆدا)، (ڕۆژێ گارۆدی)، (چارلی چاپلین)... لەبەرئەوەی لە عەرەبیدا پیتەکانی (گ، پ، ژ، چ،...) نین، ئەو وشانە بەشێوەی (بابلو نیرودا)، (روجیە جارودی)، (غارودی)،(شارلی شاپلن) ....دەنووسرێن. بەزۆری نووسەرانی کوردیش، بێ گوێ دانە ئەوەی لە زمانی کوردییدا ئەو پیتانە هەن و، کوردیی لەو بوارەدا لە عەرەبیی جیایە، کتومت ئەو وشانە بۆ نێو نووسینەکانیان ڕادەگوێزن، ئەوەتا (چارلی چاپلین) بەشێوەی (شارلی شاپلن) بەسەر زاری گەورە و بچووکی کوردانەوەیە و، نووسینی کوردیی پڕە لە ناوی ناقۆڵای لە بابەتی (ڕیتشارد)، کە عەرەب لەبەر نەبوونی ئەو پیتانە-کە لەگەڵ نەبوون هیچ ناکرێ بە ناچاری وای کردووە و، ئێمە کە هەمانن، دەبێ ناوەکان دەقاودەق وەکو خۆیان وەرگرین و بنووسین و، چاولێکەریی و لاسایی،(ڕیچارد) مان پێ نەکاتە (ڕیتشارد)! هەر ئەو سەلیقە کزییەی زمان وایکردووە مەعنای هەندێک وشە بە هەڵە لێکبدرێتەوە و تێکبدرێ، بۆ نموونە: وشەی (ڕەنجبەر) کراوە بە (ڕەنجدەر)، گوایە (ڕەنجبەر) بابای چەوسێنەر دەگرێتەوە، نەک

زەحمەتکیش، کە ڕەنجی خەڵک دەبا، بەڵام وانییە، چونکە (ڕەنجبەر) واتە ڕەنجکێش و زەحمەتکێش و، کابرای چەوسێنەر (بەری ڕەنج)ەکە دەبا، نەک (ڕەنج)ەکە و، لە کوردییدا چەندان وشەی دیکە لە بابەتی (رەنجبەر)هەیە، وەکو (بارەبەر)...

هەروا وشەی (شین) و(شینایی) ئەوەندەی پێوەندیی بە ڕووەکەوە هەبێ، کراوەتە (سەوز) (سەوزایی)، بە بیانووی ئەوەی ڕووەک سەوزە نەک شین. دیارە ئەو کارە تێکدانی وشە و شێواندنی ڕەسەنایەتیی زمان و مل پێوەنانە بەپێچەوانەی تەوژمی پەرەستاندن و گەشەکردنەکەی و، ئەگەر وابێ، دەبێ زمان بەتەواوی هەڵپەردێوین و زمانێکی ساختە دروست بکەین، ئەوەتا (مەحوی) دەڵێ:

**بەهارێکی کە داخۆ بێ، نەیێ، هەی بێن و شینێ کەین**
**فەلەک هەر شینە، سەحرا شینە، لێوی جۆ شینە!**

هەر بە کاریگەریی زمانی عەرەبیی و ڕەچاونەکردنی تایبەتمەندیی زمانی کوردیی، بێ ئەوەی پێویست بێ، (ی) یەک دەخرێتە سەر زۆر وشەی کوردیی: مرۆڤی کوردیی، سوپای عێراقی، خدر مەنگوڕی، سلێمان ئاکۆیی، کە ڕاستەکەیان، مرۆڤی کورد، سوپای عێراق، خدر مەنگوڕ، سلێمان ئاکۆیە و، کورد ئاوا بە کاریان دێنێ. هەر لەو سۆنگەیەوە ڕەوتێکی دیکە لەنێو نووسینی کوردیدا سەریهەڵداوە کە دەیەوەێ پێش بە ڕەوتی گەشەکردن و پەرەستاندنی زمان بگرێ و سەربەخۆیی زمانی کوردیی پێپەست بکا و، هەر ناوێکی لە زمانی بێگانەوە هاتبێتە نێو کوردیی و، لە چوارچێوەی دەنگسازیی زمانەکەماندا توابێتەوە، تێکی بدا و بیباتەوە سەر بناوانی خۆی، بۆ نموونە: شەهاب، فلیم، حەدیس....کە چەندەها ساڵە لەنێو کوردیدا تواونەتەوە، دەیانکەنە، شیهاب، فیلم، حدیث، کە لە هیچ زەمانێکدا شتی وا سەیر نەکراوە، ئەوەتا عەرەب هەر ناوێکی زمانێکی دیکە بەکاربێنێ، بەپێی خەسڵەتی دەنگسازیی زمانەکەی خۆی دەیگۆڕێ (حاجی ئۆمەران) دەکاتە(حاج عمران) و (قەڵادزە) دەکاتە (قلعدزە) و (پێنجوین) دەکاتە(بنجوین)..هتد و، فارس هەرچەندە پیتی (پ) و(گ) و(ڤ) و(ص) و (چ)یشی هەیە، بەڵام لە گوتندا دەریان نابرێ و، (پریا) و (طاهر) و(ظهور) و(صابون) و(مریچ)، بۆ نموونە، دەکا بە (سورەییا) و(تاهییر) و(زوهوور) و (سابوون) و (مەریز) و، کتومت وەریان ناگرێ......

کەلێنێکی دیاری دیکە، کە خەریکە دەکرێتە نووسینی کوردییەوە، بە هەڵە ڕەفتارکردنە لەگەڵ پاشگردا، کە تێکچوونی مەعنا و شێوانی زمانی لێ دەکەوێتەوە، هەندێک جار کە بەکارهێنانی پاشگر پێویستە، گوێی نادرێتێ و لادەبرێ، بۆ نموونە: منداڵەکە گەیشتە پەنا بەردەکە و بەسەری ڕۆیشت، لە ڕستەکەدا تێدەگەین منداڵەکە بەسەر بەردەکەدا ڕۆیشتووە، بەڵام لابردنی پاشگری (دا)مەعنای تێکداوە، چونکە (بە سەری ڕۆیشت) تەنها ئەم دوو مەعنایەی هەیە:١.بە هۆی سەریەوە ڕۆیشت، وەکۆ چۆن دەڵێن: بە پێ ڕۆیشت، واتە: بەهۆی پێیەوە ڕۆیشت. ٢. ئامۆژگاریی کرد و لەکاری خراپ پێشی پێ گرت.

هەروەها هەندێک جار دەنووسن، بۆ نموونە: (لێرە ڕۆیشت) مەبەستیشیان ئەوەیە کە (لێرەوە ڕۆیشت)، کە دیارە، ڕستەکەی سەرەوە ئەو مەعنایە ناگەیەنێ و، مەبەستی ئەوەیە کە لێرە نەما. لەم دووحاڵەتەدا کە باسمان کرد، دەبوو پاشگر هەبێ، بەڵام بە هەڵە لابراوە و لابردنەکەش مەعنای تێکداوە. هەندێک جاریش بەپێچەوانەوە، نابێ پاشگر هەبێ، کەچی دەینووسن و مەعنای دەشێوێن، وەکو: (لەم مەسەلەیەدا تێگەیشتم) کە مەبەستی ئەوەیە بڵێ (لەم مەسەلەیە تێگەیشتم)، بەڵام پاشگری (دا) مەعناکەی تێکداوە و، وایلێکردوە ئەو مەبەستە نەگەیەنێ و مەعناکەی ببێتە (لەم مەسەلەیەدا لە شتێک حاڵی بووم).

جا هەندێک وشە هەیە لە کوردییدا، کە نە

پێشگریان بۆ زیاد دەکرێ نە پاشگر و، بە تەنیا بەکاردەهێنرێن، وەکو: ئەورۆ، دوێنێ، پێرێ، پار، پێرار، کەچی دێن بە هەڵە دەڵێن: لە ئەورۆدا، لە دوێنێدا.....کە کورد شتی وا ناڵێ.... هێندێک جاریش وشەی (ڕۆژ) دەخەنە سەر سێ وشەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و وشەی (ساڵ)یش دەخەنە سەر دوو وشەکەی دوایی: ڕۆژی ئەورۆ، ڕۆژی دوێنێ، ڕۆژی پێرێ، ساڵی پار، ساڵی پێرار، کە پێموایە ئەم هەڵەیەش هەر چاولێکەریی زمانی عەرەبییە، بەڵام لە کوردییدا ئەگەر وا بنووسرێن، مەعنای پێداگرتن و جەختکردن (تاکید) دەگەیەنن، بۆ نموونە: ڕۆژی دوێنێ، مەعنای: دوێنێ هەموو دوێنێ دەگەیەنێ و لەگەڵ (دوێنێ)ی ڕووت جیایە و،(ساڵی پار)یش، مەعنای: بەدرێژایی ساڵی پار دەگرێتەوە، نەک (پار) بەتەنێ...بۆیە دەبێ ئەو دوو مەعنایە لێک جیابکرێنەوە و تێکەڵ نەکرێن...چۆنکە عەرەب بە دوێنێ دەڵێ (یوم امس) و بە پاریش (العام الماضی)، ئەوە بەگوێرەی پیوانە و خەسڵەتی تایبەتیی زمانی عەرەبیی وا دەڵێ و، ئێمە لە کوردییدا لە بەرانبەر ئەوانە وشەی (دوێنێ) و(پار)مان هەیە و، نابێ تووشی هەڵە بین، هەڵبەت بۆ (پێرێ)ش هەر وا، ئی ئێمە یەک وشەیە و، لە عەرەبییدا دووە و (اول امس)ە، تەنانەت لە زمانی ئینگلیزییدا سێ وشەشە (The day before yesterday) کە ئەگەر وەکو وشە عەرەبیەکان، تەرجەمەی حەرفیی بکەین، دەبێتە (ڕۆژەکەی پێش دوێنێ) و، وەکو مەتەڵی لێدێ و، دوای بیر کردنەوە و بەراورد نەبێ، بابای کورد مەعنای (پێرێ)ی لێ هەڵناکرێنێ...

دیارە ئەم نوسیینە کەمێکە لە زۆر و، پوختەیەکە لەمەڕ ئەو هەڵە و کەم و کورتییانەی وەکو بژار کەوتوونەتە نێو بێستانی گەشی زمانی کوردیی. دەنا ئەو بابەتە هەویرێکی ئاوکێشە و، هەوڵی شێلگیرانەی هەموو لایەکی دەوێ. جا هیوادارم لەمبارەوە هەست بە بەرپرسیاریی نەتەوایەتی بکەین و ئەوەندەی بۆمان دەکرێ زمانەکەمان لە هەڵە و پەڵە بژار کەین و ڕێ لە تێکدان و شێواندنی بگرین.

# زمانی دایك و
## دەردەگومانی زمانی ئینگلیزی





د. حەمەنووری عومەر کاکی
مامۆستا لە بەشی کوردی
کۆلێجی زمان/ زانکۆی سلێمانی.

## پێشەکی

ئەم لێکۆلینەوەیە لە دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتووە و باس لە دوو بابەتی زمانەوانی گرنگ دەکات، یەکەمیان زمانی دایکە، کە مەبەست لە زمانی دایک زمانی کوردییە، وەک ڕەگەزێکی سەرەکی نەتەوایەتی کورد، دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست وەک زمانی ستانداری کوردی، کە نزیکەی ٢٠٠ ساڵیکە، وەک بنەمایەک کار لە سەر ئەو دیالێکتە، یان شێوەزارە ناوچەییە کراوە بە ئامانجی پێکهێنانی زمانێکی باڵا و ستاندارد، جگە لەو وشەیە لە زمانی کوردیدا، پێشتر چەند زاراوەیەکی جیاجیای بۆ بەکارهاتووە وەک : زمانی نووسین، زمانی ئەدەبی یەکگرتوو، زمانی فەرمی... هتد.

تەوەری دووەم بابەتی بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی دەگرێتەوە لەبەشی باشوری کوردستان و بە تایبەت لە سلێمانی، لەو بابەتەدا هەوڵدراوە گرنگی زمانی دایک بەگشتی و زمانی کوردی بەتایبەتی لەپرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا بخرێتە ڕوو، لەگەڵا بەراوردکردنی بە زمانێکی بیگانە، یان زمانی دووەم، وەک زمانی ئینگلیزی، کەماوەیەکە بە شێوەیەکی بەربڵاو و نازانستیانە وەک دەردو پەتایەکی سامناک، هەموو قۆناغەکانی پەروەردەو فێکردنی گرتووەتەوە.

بۆ ئەم لێکۆلینەوەیە پشت بە زانیاریی و داتای باوەڕپێکراوی زانستی بەستراوە و نموونەی ئەژمارکراو و هەندێک زانیاری لە چەند زمانێکی جیهانی وەرگیراوە، لە لیستی سەرچاوەکاندا دەبینرێن، بەهیوای ئەوەی ئەو زانیارییە ناڕاست و هەڵانەی، کە دەڵێن زمانی کوردی توانای فێرکردن و گەیاندنی بابەتی زانستی و ئەکادیمی نییە و هەروەها ئەو بیرۆکە نادروست و دەردەگومانەش بڕەوێنێتەوە، کە دەڵێن زمانی بیگانە وەک عەرەبی و ئینگلیزی و... هتد باشتر و لەبارترە، بۆ پەروەردە و فێربوونی زانستەکان بەتایبەتی زانستە تیۆری بەرجەستەیی (علوم نظرية البحتة) و تەکنۆلۆجیا نوێکان.

## زمانی کوردی لەناو خێزانە زمانەکاندا:

زمانی کوردی لە بنەچەدا سەر بە خێزانە زمانی هیندۆئەورووپاییەکانە، ناوی ئەم خێزانە زمانە لە سەرەتاوە بەسەر ئەوروپا و دواتریش بەشێک لە خوارووی ئاسیادا بڵاوبووەتەوە. زۆربەی زۆری زانایانی زمان، (ئەوانەی بکۆڵی ئەم بابەتە بوون) ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، (لەڕووی مێژووییەوە کۆنترین زمانێک، کە (٣٠٠٠) سێ هەزار ساڵ پێش لەدایکبوونی عیسا لە ژیانی ڕۆژانەدا وتووێژی پێکرابێت، زمانی سانسکریتییە (Sanskrit)، ئەم زمانە لە نێوان هەزارەی یەکەم و دووەمی پێش زایندا بۆ چەند زمانێکی جیا جیا پەرت بووە)، سنوری جوگرافیای ئەم خێزانە زمانە، نێوان ئەم ناوچانە دەگرێتەوە: لە ڕۆژهەڵاتەوە گردۆلکە و چیاکانی هیندستان – تاکو ئەوپەڕی ڕۆژئاوای دورگەکانی بەریتانیا – لە ڕۆژئاوا. هەر لە لاپەڕە٢٩٨ی ئەو سەرچاوە جیهانییە باوەڕپێکراوەدا و لە خشتەیەکی درەختیی هێڵکاریدا شوێنی زمانی کوردی بەم شێوەیە دیاری کراوە:

زمانی هیندۆ ئەوروپایی بەپێی شوێنی جوگرافیای زمانی نەتەوەکان پۆل پۆل کراوە بە چوار پۆل و گرووپە زمانەوە، کە لەنێو پۆلی دووەمدا، کە بە زمانە ئێرانییەکان ناسراون، زمانی کوردی دێت، ئەم ناوە، واتە زمانە ئێرانییەکان، پێشتر بە هیندۆئێرانی ناویان هاتووە. بەم شێوەیەی خوارەوە: هیندۆئێرانییەکان دوو گرووپی سەرەکین:

١–تاجیکییەکان، پشتۆییەکان (پختۆییەکان)

٢–ئۆسیتی، فارسی، کوردی، بلوجی.

بەم شێوەیە بنەچە و شوێنی زمانی کوردی لەنێو خێزانە زمانی هیندۆئەورووپاییەکاندا دیاریکراوە، سەرچاوەی ئەم زانیارییانە ئینسکلۆپیدیای کامبرجی بەریتانییە، کە بە سەرەکیترین کانگای زانیاری زانستی زمان دادەنرێت لە جیهاندا.

**زمانی دایک:**

لەمێژە زاراوەی زمانی دایک لەنێو توێژینەوە زانستییەکانی نەتەوە پێشکەوتووەکاندا، لە زانستی زماندا بەکارهاتووە، ئەم زاراوەیە لەنێو کورداندا زاراوەیەکی نوێیە و ماوەیەکی زۆر نییە لەلای لێکۆڵەران و پسپۆڕانی زانستی زمانی کوردییەوە بەکاردەهێنرێت. بەپێی ئەو بابەتە زانستییانەی لە سەرەوە ڕوونکرانەوە، شوێنی زمانی کوردی لەنێو خێزانە زمانی هیندۆئەوروپاییەکاندا دیاریکراوە، بەو زمانەی لە ڕووبەرێکی فراواندا لە سنووری خوارووی دەوڵەتی تورکیا و ڕۆژئاوای ئێران و سەرووی ئێراق و ڕۆژهەڵات و سەروی سوریادا، کە کوردی تێدا دەژی لە نێوان ٤٠ تا ٥٠ ملیۆن کەسی کورد ئەم زمانە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بۆ لێکتێگەیشتن و لە هەندێ بەشیشدا وەک زمانی فەرمی (ستاندارد) بەکاردەهێنن، ئەگەرچی هەموو تایبەتمەندییەکانی زمانی ستانداردیشی تێدا نییە، زمانی کوردی لە چوار دیالێکتی سەرەکی و هەریەکەیان لە چەندین شێوە دیالێکتی بچووک پێکهاتووە(یەکێک لە پرنسیپە بنجییەکانی زانستی زمانی نوێباو ئەوەیە، کە زمانی ئاخاوتن بەر لە زمانی نووسین هاتووەتەکایەوە، قسەکەرانی زمانێک، کە زمانەکە زمانی دایکیانە (زمانی شیرییانە) و زاڵن بەسەر خوێندنەوە و نووسینیدا تاڕادەیەک خاوەنی زانیاریین لەبارەی زمانەکەیانەوە و دەتوانن دەریبخەن، ئەگەر پرۆسێسی گۆڕینی «ئیشارەیەکی دەنگیی «بۆ «ئیشارەیەکی دەنگی»ی تر ڕاست و دروست بەجێهێنرابێت، یان نا). لە ئێستادا ئەو ڕاستییە دەرکەوتووە، کە زمان و ئەرکی زمان تەنیا ئەوە نییە هویەک بێت بۆ هەواڵ گەیاندن و دەربڕین و ئاڵوگۆڕی زانیاری. (بەم شێوەیە هەر لە کۆنەوە کۆمەڵی مرۆیی بەردەوام هەوڵیداوە پەروەردەی نەوەکانی، چ لەناو خێزاندا چ لە ناو کۆمەڵ و چ لەناو پۆلی خوێندندا بە زمانی ڕەسەنی کۆمەڵەکەی خۆی بکات. ئەم هەوڵەش لە تێگەیشتنی ئەو ڕاستییەوە هاتووە، کە پەروەردەکردن بە زمانی ڕەسەنی خۆی، وێڕای ئەوەی ساناکردن و خێراکردنی پەروەردە کردنەکەیە، لە هەمان کاتدا پارێزگاری لەو کۆزانیارییە نۆرمییە ڕەسەنەی کۆمەڵەکەی خۆی دەکات) لێرەوە گرنگی زمانی دایک دەردەکەوێت، کە ئەندامانی نەتەوەیەک بە زمانی ڕەسەنی نەتەوەکەیان قسە دەکەن، ئەوانەی هەر لە سەرەتای زمان پژانی مناڵییەوە بە زمانی دایکیان قسەدەکەن و توانا و سەلیقەیەکی زمانیان هەیە، لە دایک و باب و خێزان و دەوروبەرەوە وەریدەگرن و بە زمانی دایک ناوی براوە، تائێستا هەموو توێژینەوە و لێکۆڵنەوە زانستییەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە ئاخێوەر بە زمانی ڕەسەنی دایکی باشتر تێدەگات و دەتوانێت پرۆسەی فێربوون و بەرهەمهێنانی زمان لە پێوەندییەکانیدا بەکاربهێنێت.

**زمانی ستاندارد:**

زمانی ستاندارد، لە زانستی زماندا و لای پسپۆڕانی زمان چەند ناوێکی دیکەی هەیە، وەک زمانی باڵا، زمانی فەرمی و کارگێڕی، زمانی ئەدەبی یەکگرتوو، زمانی خوێندن، زمانی نەتەوایەتی هەمووشیان یەک واتا و مەبەستیان هەیە.

بەکورتی زمانی ستاندارد ئەو زمانەیە، کە لە سەر بنەمای یەکێک لە دیالێکتەکانی زمانێک، یان شێوە دیالێکتێک پێکدێت و دەبێت بە زمانێکی گشتی سەرانسەری بۆ نەتەوەیەک، لە بوارەکانی خوێندن و دامودەزگا شارستانی و فەرمییەکان و لە میدیای گشتیی و ڕاگەیاندنەکاندا بەکاردەهێنرێت. زمانی ستاندارد دەبێت خاوەنی چەند تایبەتییەک بێت و لە ئاستە جیاجیاکانی زماندا کاری بۆکرابێت و لەلای زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی وڵات پەسەند و باوەڕپێکراو بێت، دەبێت بە یاسا و بڕیاری دەسەڵات و حکومەت بچەسپێت و کاری پێبکرێت. ئەگەر لە ڕووی مێژووییەوە بڕوانینە ئەو زمانانەی خاوەن زمانی ستانداردن، چەند هۆکار و فاکتەرێکی

# نابێت فرەزمانی، ببێتە هۆکارێك بۆ لاوازی زمانی نەتەوەیی، یان لەناوبردنی، وەك ئێستا لە کوردستاندا دەگوزەرێت

گشتی هەبووە، کە بووە بەهۆی دروستبوونی زمانە ستانداردەکەیان، لەو هۆکارانە دیارترینیان:

**هۆکاری ئاینی:** بەهۆی بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕ و فەلسەفە و دەستووری ئاینێکەوە، کە بە دیالێکتی زمانێک، یان شێوەزارێکی ناوچەیی لە زمانی نەتەوەیەک، ئەو شێوە زمانەی ئاینەکەی پێ نووسراوە و بڵاوبوەتەوە، بووە بە زمانی ستانداردی هەموو نەتەوەکە، وەک ڕۆڵی ئاینی ئیسلام لە زمانی ستانداردی(فصحی)ی عەرەبیدا. هەروەها زمانی ستانداردی ئەڵمانی، کە زمانی باڵا (Hochsprache) پێدەوترێت، لە ئەنجامی وەرگێڕانی کتێبی (مزگێنی) بۆ شێوە زاری (زاکسن)، کە شێوەزارێکی زمانی ئەڵمانیا بوو لە ناوچەیەکی بچووکی سەر بە هانۆڤەر لە ساڵی ١٥٤٥ دا، دواتر ئەو شێوە زارە لۆکاڵییە بوو بە زمانی باڵای هەموو ئەڵمانی.

**ئابوری و بازرگانی:** هۆکارێکی دیکەی دروستبوونی زمانی ستاندارد، فاکتەری ئابووری و بازرگانی شێوەزار و دیالێکتی شار و ناوچەیەک، کە جموجوڵ و چالاکی ئابووریی و بازرگانی بە چڕیی و زیاد لە شێوە زارەکانی دیکە پێ بکرێت.

شیعرو ئەدەب: وادەبێت زمانی نووسینێکی ئەدەبی، یان زمانی شیعریی شاعیرێک، یان کۆمەڵە شاعیرێک، کە بەشێوەی دیالێکتێک، یان شێوەزاری ناوچەیەک، لە سەردەمێکی دیاریکراودا بزوتنەوەیەکی ئەدەبیی و ڕۆشنبیری پێکبهێنن، لەگەڵ فراوانکردن و دەوڵەمەندکردنی ئەو شێوەزارەدا لە ڕێگای بەکارهێنان و هاوردەکردنی وشە و زاراوەی دیالێکت و شێوەزارەکانی دیکەی زمانە نەتەوایەتییەکەوە، وەک لە سەردەمی حوکمرانی بابانەکاندا، نالی و سالم و کوردی بە شێوەزارێکی نوێ شیعری کلاسیکی کوردییان نووسی، دواتر بە زمانی ئەدەبی یەکگرتوو ناسراوە، ئەبێت ئەو ڕاستییە فەرامۆش نەکرێت، کە ئەو شێوەزارە وەک کەرەستەیەکی خاو پێویستە کاری لەسەر بکرێت و بە فەرمی بناسێنرێت، واتا لەلایەن دەزگایەکی باڵای ئەکادیمییەوە پسپۆڕانی تایبەتمەند لەو بوارەدا کاری لەسەر بکەن.

لە ئێستادا بەو واتا و چەمکە تێروتەسەلەی زمانی ستاندارد، زمانی کوردی ستانداردی نییە! بەڵام دەکرێت ئەو زمانە شیعرییەی نالی کە ڕابەریی بزوتنەوەی شیعری کلاسیکی کوردی پێکردووە، لە سلێمانی و دەوروبەری بە بنەمای زمانی ستاندارد دابنرێت و لەلایەن دەزگا و مەڵبەندێکی ئەکادیمییەوە کاری لەسەر بکرێت بۆئەوەی ببێت بە زمانی ستاندارد، ئەگەر ناکۆکی ناوخۆ و ململانێی ناوچەگەریی بوار بدات. دەبێت ئەوەش لەبیر نەکرێت، کە بەکارهێنانی سیستمێکی دوو زمانی ستاندار، بەتایبەتی لە بواری خوێندن و فێرکردندا، دژی بنەما و پرنسیپە زانستییەکانی زمانی ستانداردە و لەگەڵ یەکێتی زمانی نەتەوایەتیدا ناگونجێت، چونکە مەترسی لێکترازان و دورکەوتنەوەی دیالێکتەکانی لێدەکەوێتەوە و دواتر دەبێت بە دوو زمان و دوو نەتەوەی جیاواز. لەڕووی فەرمیی و دەستووریشەوە، ئەگەر دوو

زمانی ستاندارد لە ناوەوەی وڵاتدا بەکاربهێنرێن، بۆ دەرەوەی وڵات دەبێتە کێشە، چونکە بۆ وڵاتانی جیهان دەبێتە گرفت و کێشە لەبەرئەوەی ناکرێت دوو دیالێت وەربگێڕدرێت و گەلێک کێشە و ئاریشەی دیکەی لێدەکەوێتەوە.

**دەردەگومان و ئەفسانەی زمانی ئینگلیزی لە بەشی باشووری کوردستان:**

لە سەرەتای سالانی ٢٠٠٣ بەدواوە لە بەشی باشووری کوردستان بەگشتی و لە پارێزگای سلێمانی بەتایبەتی دیاردەی بەکارهێنان و گرنگیدان بە زمانە ئەوروپاییەکان، بەتایبەتی لە هەموویان زیاتر بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی لە قوتابخانە و خوێندنگە فەرمیی و ئەهلییەکاندا دەستیپێکردووە، ئەم دیاردەیەش پاشماوەی بیر و کاریگەریی زمانی دەسەڵاتی بێگانە و بندەستی داگیرکەران بووە، جگە لە کۆمەڵێ: هۆکار و فاکتەری سیاسی و کۆمەڵایەتی، وەک لاوازی باری دەروونی و خۆبەکەم زانین و بێ ئاگایی لە زانستی زمان و گرفتەکانی بەکارهێنانی زمانی دووەم، لەم ڕوانگەیەوە وا لە نەتەوە ژێردەستە خاوەن زمانە ڕەسەنەکان گەیەنراوە، کە زمانەکەیان زمانی ناوخێزانی خۆیان و ناو ماڵە و لەو توانا و ئاستە زمانییەدا نییە، کە لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا بەکاربهێنرێت.

بۆ ڕەواندنەوەی ئەو دەردەگومانە کوشندەیە و دەرخستنی ڕووی ڕاستی زانستی زمان لەم توێژینەوەیەدا، بە چەند خاڵێک و بەکورتی کۆمەڵێک زانیاری گشتی، بەپێی داتا و ئامار و ئەژمارەیی، لەگەڵ لێدواندا لەسەر زانیارییەکان دەخرێنە بەرچاوی خوێنەران:

١. بارودۆخێکی خراپ تێگەیشتنی باو لە باشووری کوردستاندا هەیە و وادەزانرێت زمانی ئینگلیزی، وەک زمانی دووەم فاکتەرێکی سەرەکی و کاریگەر و گرنگە بۆ فێربوون و وەرگرتنی زانست، ناوی کەرەستە و بابەتە زانستیی و تەکنەلۆجییەکان چەمک و واتایان تەنیا بە زمانی ئینگلیزی دیار و ڕوون دەبێتەوە. ئەم بیرو بۆچوونانە جگە لە دەردەگومان و (وهم) زیاتر شتێکی دیکە نییە! توێژینەوەیەکی زانستی نییە ئەوەی سەلماندبێت، کە:

أ- زمانی دایک توانای گەیاندن و فێربوونی زانستەکانی نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، گەلێک توێژینەوەی زانستی هەیە کە دەیسەلمێنن زمانی دایک باشترە لە زمانی بێگانە، بۆ ئەو پرۆسەیە.

ب – ئەگەر واگومان ببرێت زمانێکی دیاریکراو (ئینگلیزی بەنموونە) باشترین زمان بێت بۆ وەرگرتن و فێربوونی زانست....، ئەوا چین و ژاپۆن و ڕوسیا.... لەمڕۆدا پێچەوانەی ئەو ڕاستییەیان سەلماندووە.

پ – بەتایبەت لە زانستی پزیشکیدا، و کارکردن لەو بوارەدا، جگە لە زمانی دایک، هەر زمانێکی بێگانە نەک زیان بەخشە، بەڵکو مەترسیدارە (وەرگێڕان، بەنموونە).

٢. ئەنجامە نەگەتیڤەکانی ئەو بیرۆکە و هەوڵە نا سەرکەوتووانە، لەسەر زمانی دایک، دەبنە هۆی دواخستنی زمان و زمانی زانست و لاوازی کەسێتی کورد لە بەکارهێنانی زمانەکەیدا، چونکە کەسێتی تاک لە قسەکردن و دەربڕینی بیر و هێزو توانای دواندن (بێژەریی)دا بە زمانی دایک دروست دەبێت و هەرگیز بە زمانی دووەم دروست نابێت. هەمیشە مرۆ بیرکردنەوەی بە زمانی دایکی دەبێت، لە کاری مێدیایی و کۆڕ و کۆبونەوەدا هێز و سیحری زمانپاراویی وتاربێژ، گرنگی Platform، Tribune دەردەکەوێت (نموونەی کەسایەتی و وناودارەکانی جیهان هەموو دیپلۆماتێک)، چونکە ئەوە تەنیا زمانی دایکە کەسێتی و شکۆمەندیی تاک دروستدەکات.

٣- فێربوون و بەکارهێنانی زمانی بێگانە، چەمک و واتای بە نەتەوە بوون نابەخشێت! بۆ نموونە ئینگلیزەکان دەڵێن: هەموو ئینگلیزیی زانێک ئینگلیز نییە! (دەکرێت بەریتانییبێت، بەڵام نابێت بە

ئینگلیز)، بەواتایەکی دیکە ناکرێت مرۆ لەڕووی نەژاد و ڕەگەزەوە سەر بە نەتەوەیەک بێت و زمانەکەی سەر بە زمانی نەتەوەیەکی دیکە بێت.

٤-لەلایەکی دیکەوە، ئەو بیرۆکەیەی لە فرەزمانیدایە Multi Language بە هەڵە لێکدانەوەی بۆ کراوە، لەڕاستیدا ئەمرۆ لە جیهاندا فرەزمانی وەک پێویستییەک وایە و نکۆڵی لە پێویستی زمانی ئینگلیزی ناکرێت، هەرچەندە زمانی زیاتر بزانیت، ئەوەندە کەس و کەسایەتی دیکەیت، بەڵام نابێت فرەزمانی، ببێتە هۆکارێک بۆ لاوازی زمانی نەتەوەیی، یان لەناوبردنی، وەک ئێستا لە کوردستاندا دەگوزەرێت، بەڵکو دەبێت لەپێناوی پێشکەوتنیدا بێت، دەبێت لە تەک زمانی دایکدا دوو، یان زیاتر لە زمانێکی بێگانە بخوێنرێت، وەک لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا هەیە.

٥- خاڵێکی گرنگ و کاریگەر لەسەر کەسێتی تاکی کورد، لە بەکارهێنانی زمانی دووەمدا، وەلانانی زمانی دایکە، چونکە زمانی بێگانە کەسێتی و شکۆی تاک دەمرێنێت، بەتایبەت لای منداڵان هەستێکی وای لا دروست دەکات، کە ئەو بەبێ زمانی دووەم کەسێکی تەواو نییە! یان کەسایەتی کامڵ و تەواو نییە.

٦- جیهانگیری، Global یان بە جیهانی بوون، زانیارییەکی باو و هەڵە لەناودا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە دەڵێن زمانی ئینگلیزی سەرانسەری جیهانی داگیرکردووە و ژمارەی قسەپێکەرانی لە جیهاندا زۆرە. لەڕاستیدا هیچ سەرژمێرییەک لەلایەن دەزگایەکی زانستییەوە نییە ئەوەی سەلماندبێت، کە ژمارەی (ئینگلیز زمان) زۆرینەبن. پێچەوانەکەی و بەرامبەر بەوە (چینی، ژاپۆنی، ڕووسی، ئیسپانی، هیندی....هتد)، بە ژمارە ئەگەر لەو زیاتر نەبن کەمتر نین، بەڵام دەکرێت بگوترێت بۆ ئاسانی لەیەکگەیشتن لە دونیای دەرەوەدا زمانێکی ئاسانە و بە سانایی دەکرێت لێکتێگەیشتن و کاری ڕۆژانەی پێ ئەنجام بدرێت، بەتایبەتی لە گەشتوگوزار و پێوەندییە خێرا و کاتییەکاندا کاری پێرایی دەکرێت. لەم ڕووەوە لێرەدا کۆمەڵێک زانیاری ئاماری بە داتای بەڵگەدارەوە دەخرێتەبەر دیدی خوێنەران.

### زمانی فەڕەنسی و هەندێک زانیاری:

١-لە فەڕەنسا، دامودەزگایەکی فەرمیی و دەسەڵاتدار هەیە، کە بەشێوەیەکی ئەکادیمیی و زانستی کار لەسەر زمانی فەڕەنسی دەکات، بەناوی(سکرتارییەتی دەوڵەت بۆ زمان و کلتووری فەڕەنسی)، ئەم دەزگایە لە ئاستی وەزارەتدایە، هەر گۆڕانکارییەک و گەشە و کۆڵینەوەیەک، لەهەر ئاستێکی زمانی فەڕەنسیدا بکرێت، تەنیا ئەم دەزگا ئەکادیمییە لێی بەرپرسیارە و ڕوونکردنەوەی پێویستی لەسەر بڵاودەکاتەوە.

٢ لە فەڕەنسا ڕێکخراوێک هەیە بەناوی (International Organisation La Francophonies) ڕێکخراوی نێونەتەوەیی فەرەنکۆفۆنی)، ٥٧ دەوڵەت تێدا بەشدارن و ٢٢ دەوڵەت تێدا چاودێرن.

٣-لە نزیکەی(١٠) وڵاتدا زمانی فەڕەنسی بەکاردەهێنرێت: بەلجیکا(بەڵگن)، لۆکسمبۆرگ، سویسرا، کەنەدا، مالی، سەنگاپورا، جەزائیر، سینیگال، و سێ دوورگەی فەڕەنسی.

٤-زیاتر لە ٢٧٠ ملیون کەس قسەی پێدەکەن.

٥- کاریگەرییەکی زۆری لەسەر زمانەکانی جیهان هەیە، بەتایبەت لە هونەر و ئەدەبدا، گەلێک وشە و زارەوەی فەڕەنسی هەن، نەک لەم سەردەمەدا، بەڵکو لە کۆنەوە تێکەڵاوی زمانەکانی دیکە بوون، بەتایبەتی لەناو زمانە ڕۆژهەڵاتییەکاندا دەبینرێن وەک شەمەندوفێر.

### زمانی ئیسپانی و هەندێک زانیاری:

- زمانی ئیسپانی زیاتر لە ٢٠ وڵات قسەی پێدکرێت. وەک ئیسپانیا، مەکسیک، ئەرجەنتین، فەنزەوێلا، کوبا و هەندێ لە وڵاتانی ئەمەریکای باشوور.
- زیاتر لە ٤٧٠ ملیۆن کەس وەک زمانی دایک

و ١٠٠ ملیۆن کەس وەک زمانی دووەم قسەی پێدەکەن.

• لەم سەردەمەدا زمانی فەرمی وڵاتێکە، کە بە وڵاتی وەرزش لە جیهاندا ناسراوە، بەتایبەتی لای گەنجان، ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیاران، بەتایبەتی بۆ بینینی یارییەکان ڕوو لەو وڵاتە دەکەن، بەهۆی ئەم فاکتەرەوە، لە زۆر وڵاتدا زمانی ئیسپانی وەک زمانی دووەم دەخوێنرێت و کۆرسی فێربوونی بۆ دەکرێتەوە.

• کاریگەری داناوە لەسەر زۆر زمانی جیهان، لە بواری جیاجیادا وشە و زاراوە و ناوی شت و کەلوپەلی یاریی و وەرزش و....هتد.

**زمانی ئەڵمانی و هەندێک زانیاری:**

• زمانی ئەڵمانی خاوەنی دامودەزگایەکی فەرمیی و دەسەڵاتدارە، بەناوی دودن (Duden)، کە لە ساڵی ١٨٨٠ وە دانراوە و حکومەتی ئەڵمانیای فیدراڵ لەڕووی دارایی و فەرمییەوە بەڕێوەی دەبات.

• زمانی ئەڵمانی لە ٩ وڵاتدا بەکاردەهێنرێت، زیاتر لە ٩٥ ملیۆن کەس، وەک زمانی دایک و نزیکەی ١٠٠ ملیۆن کەس وەک زمانی دووەم قسەی پێدەکەن.

• لە ١٦ هەرێمی فیدراڵیدا وەک زمانی ستاندارد بەکاردێت و گەلێک دیالێکت و شێوەزاری ناوچەیی هەیە.

• کاریگەرییەکی دیاری هەیە لەسەر زمانەکانی دەوروبەریی و زۆر وشە و زاراوەی زانستە تەکنۆلۆجیەکان لە زمانی ئەڵمانییەوە چونەتە ناو گەلێک لە زمانەکانی جیهانەوە.

میتۆدی فێرکردنی زمانی بێگانە:

ڕێباز و میتۆدی فێرکردنی زمانی بێگانە لە کوردستاندا، بەشێوەیەکی زانستی ئەوتۆ نییە، کە تاکی کورد بەباشی و بێ گرفت فێری زمانەکە ببێ و دەرهاویشتەی لاوەکی لێ نەکەوێتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە لە وانە زمانییەکان وخولەکانی فێرکردنی زماندا،ئەم تێبینی وخاڵە نەگەتیفانە بەدیدەکرێن.

أ- ئامانج لە فێرکردنی زمان، لەلایەن دامودەزگا زانستییەکانەوە، بەتەنیا بەمەبەستی فێرکاریی و پەروەردەیی نییە، بەڵکو زۆربەی زۆریان بە ئەجێندایەکی تایبەت کار لە پشتەوەی پرۆسەکە دەکەن وەک مەبەستی: سیاسی، زانستی، ئابووری، گشتی....

ب - ڕۆڵی مامۆستا: لە خوێندنگە، یان کۆرسی زمان، جگە لە کارامەیی ئەزموون، پێویستە مامۆستای فێرکار زمانی سەر بەو زمانە بێت، کە وەک وانەی فێرکاری پێشکەشی دەکات.

پ - دامودەزگایەکی فەرمیی و زانستی تۆکمە یان پرۆگرامێکی فێرکاری پرۆفیشناڵ لە خوێندنگەکانی پێش زانکۆدا نییە، تاوەکو خوێنکارێکی قسەکەر بە زمانی دایک و زمانی دیکەی دووەم بنێرێتە ناو زانکۆکان.

**سەرچاوە و کانگای زانیارییەکان**

-The Cambridge Encyclopedia of LanguageDavid Crystal..
-WWW.Duden.de.
-Indogermanisch und andere sprach familien.
-Ursprachen Von sprachfamilie.
-The spanish Language Situation in the world., don Q.
-List of English word of spanish origin.- wikipe.
-Chinese Language , the free encyclopedia.
David Crystal: Die Cambridge EnzyklopadieStefan Rohrich,Ariane Bockler und Manfred Jansen. Campus Verlag
- د.محەمەد مەحوی: زمان و زانستی زمان، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠١.
- د.کاروان عومەر قادر، کەسێتی قسەکەری ڕەسەن لە نێوان ئەفسانە و زانستدا.



## فەهمی کاکەیی:

# زمانێکی کوردیی ستاندارد بۆ هەموو کوردستان وەك خەونێکی وەنەوشەیی وایە!

زمانی کوردی بەپێی پێشکەوتنی زەمەن بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە، ساڵانی هەشتا و حەفتاکان ئەم زمانە باشتر بەرەو پێش دەچوو، ئەمە بۆچوونی هێندێك لە زمانزانانی کوردە، بەڵام بۆچوونێکی دیکە دەڵێ: زمان و ڕێنووسی کوردی ئێستا لەوپەڕی گەشەکردندایە و مەترسی لەسەر نەماوە. بۆئەوەی لە وردەکاری ئەم باسە تێ بگەین بەباشمان زانی ئەم دیمانەیە لە گەڵ بەڕێز مامۆستا فەهمی ساز بکەین.

ئامادەکردنی: حەیدەر عەبدوڵڵا

**+ زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە هەرە دێرینەکانی دنیا، بەڵام وەک ئاشکرایە تاکو ئێستا لەسەر پێی خۆی نەوەستاوە، بە دەربڕینێکی دیکە نەیتوانیوە بگاتە ڕیزی زمانە زیندووەکانی جیهان، بۆ؟**

نازانم مەبەست لە زمانە زیندووەکانی جیهان چییە، جارێ بەر لە هەموو شتێک هەر زمانێک قسەی پێ بکرێت زمانێکی زیندووە و ئەمڕۆکە نزیکەی شەش هەزار زمان هەیە لە جیهاندا کە قسەیان پێ دەکرێت، لەمانە نزیکەی نیوەیان هەڕەشە فەوتانیان لەسەرە و ڕەنگە تا چل ساڵێکی دیکە لەناو بچن، بەڵام زمانی کوردی یەکێک نییە لەو زمانانەی هەڕەشەی لەناوچوونیان لەسەر بێت. بەخۆشحاڵییەوە دەڵێم زمانی کوردی لە ڕیزی سەد زمانی گەورەی دونیایە، ئەگەر کورد تەنێ سی ملیۆن بێت ئەوە زمانی کوردی دەکەوێتە نێوان ژمارە چل و چلوپێنجەوە لە زنجیرەی سەد زمانی گەورەی جیهان. زمانی کوردی نە ئێستا و نە لە داهاتوویەکی دووردا هیچ مەترسییەکی فەوتانی لەسەر نییە. بەڵام ئەگەر مەبەست لە پرسیارەکە ئەوە بێت کە بۆچی زمانی کوردی نەگەیشتووەتە ڕیزی زمانە جیهانییەکان، ئەمە لەبەرئەوەیە کە هەلومەرجی بەجیهانیبوونی تێدا نییە. بۆئەوەی زمانێک ببێتە زمانێکی جیهانی، پێویستە: ڕۆڵێکی کاریگەری هەبێت لە سیاسەتی نیودەوڵەتیدا، بەربڵاوییەکی جیهانیی هەبێت، لە نێوان گەلاندا بەکاربهێنرێت و قسەکەری زۆر بێت. بۆیە دەکرێت بگوترێت لەو چوار مەرجانەی باسمان کردن زمانی کوردی تەنێ لە یەکێکیان بەهرەدارە، ئەویش زۆری قسەکەرانی. لەم ڕووانگەیەوە دەکرێت بگوترێت زمانی کوردی زمانێکی گەورە و زیندووە، بەڵام جیهانی نییە.

**+ هێندێ لە نووسەر و زمانزانان پێیانوایە زمانی کوردی ئێستا لەوپەڕی لاوازیدایە، بەبۆچوونی تۆ هۆکار چییە؟ چارەسەر چییە؟**

من وای بۆ دەچم کە ئێمە لێرەدا باسی ڕەوشی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا دەکەین، بۆیە هەوڵ دەدەم لەو چوارچێوەیەدا بۆچوونی خۆم بێژم. دیارە ئەو نووسەر و زمانزانە هێژایانە بەڵگەی خۆیان هەیە. من پێموایە ئەمڕۆکە زمانی کوردی پاشاگەردانی و بێسەروبەرییەکی گەورە بە خۆیەوە دەبینێت، لەلایەکەوە خەمساردییەکی زۆر هەیە سەبارەت بە زمانی کوردی هەم لەلایەن دەسەڵات و دامودەزگا پەیوەندارەکانەوە، هەمیش لەلایەن تاکی کوردەوە. ئەمڕۆ لە سایەی ئەو ئازادییەوە کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە ئەوەی بایەخی پێ نەدرێت زمانی کوردییە. کاتی خۆی کە زمانی کوردی ڕەقیبی بەسەرەوە هەبوو، دامودەزگا زەمانەوانییەکان، نووسەران، مامۆستایان، خوێنەران و خەڵکی دیکەش گرنگییەکی زۆریان بە زمان دەدا، هەنگین خەڵک پێیانوا بوو لەدەستدانی زمانی کوردی دەبێتە هۆی لەدەستدانی ناسنامەی کوردی، کە ئەم بۆچوونە تا بڵێیت ڕاستە، کەچی ئەمڕۆکە کەس گرنگی بەو مەسەلەیە نادات، هەم دەسەڵات و هەم دامودەزگا پەیوەندارەکان ئەو دروشمەی کە دەڵێت: زمانی من ناسنامەی منە، بەرز نانرخێنن. چونکە کوردستان ئەمڕۆکە ئازادە و ڕەنگە پێیانوابێت ئیدی تاکی کورد ناسنامەی خۆی لەدەست نادات، ئەم لێکدانەوەیە تا بڵێیت هەڵەیە. پاراستنی زمانی کوردی هێندەی کاتی خۆی گرنگ بوو، هێندەی کاتی خۆی مەترسیی لەسەر بوو، ئەمڕۆ دە هێندەی ئەو سەردەمە گرنگە و مەترسیشی لەسەرە. ئێمە ئەگەر بمانەوێت دەوڵەتێک دابمەزرێنین دەبێت هەر لە ئێستاوە خۆمان حازری بکەین. یەکێک لەو ئامادەکارییانە گرنگیدانە بە زمان، کە چەند لایەنێک دەگرێتەوە

ڕەنگە لە پرسیارەکانی تردا جێگەیان ببێتەوە.

ڕەنگە هۆیەکی دیکەی ئەو لاوازییە، زۆریی و بۆری بێت لە بواری چاپەمەنی و ڕاگەیاندندا، بە بینراو و بیستراوە و ئەلکترۆنییەوە. ئەمڕۆکە هەرکەسە بیەوێت دەتوانێت بۆ خۆی سایتێک بکاتەوە، ڕۆژنامە یان گۆڤارێک دەربێنێت، چوار کەس بەیەکەوە کۆدەبنەوە و ڕادیۆیەک دادەمەزرێنن، هەر حیزب و ڕێکخراو و لایەنێک هەڵدەستێت و کەناڵێکی تەلەفیزیۆنی بۆ خۆی دەکاتەوە، ئەمەیە کە پێی دەڵێن: زۆریی و بۆری. لەم حاڵەتەدا کێ دەتوانێت ئەو هەموو سەدان ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و دەیان ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنە بخاتە ژێر چاودێریی زمانەوانییەوە؟ تا ئێوارە پێیان بڵێ: کاکە گیان دوو دانە واو لە سەرەتای وشەدا نایەت، کەس گوێت لێ ناکرێت و ڕەنگە بڵێن: ئێمە تا ئێستا وامان کردووە، بووە و ڕۆیشتووە، پێیان دەڵێیت: ئاخر پیتی بزوێن لە سەرەتای وشەدا بێ هەمزەی سەر کورسی نایەت، کەچی ئەو تەقەی سەری دێت و نازانێت ئەلفبێی کوردی چەند بزوێنی تێدایە، ڕەنگە هەر نەشزانێت ئەم ئەلفبێیەی ئێمە بریتییە لە چەند پیت. ئەمە بەڕاستی کارەساتە. من پێموایە هەبوونی ناوەندێکی زمانەوانی کە چاودێریی ڕەوشی زمانی کوردی بکات، خاوەن دەسەڵات و کاریگەر بێت، بەمەبەستی هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەم ڕەوشە، گەلێک گرنگە.

ڕەنگە کەسێک بڵێت: ئەی ئەوە نییە ساڵانە کۆنفرانسی زمان دەگیرێت؟ هەنگین دەبێت منیش بپرسم: ئەدی لۆ حاڵی زمانی کوردی هێندە شرە؟ کێن ئەوانەی کۆنفرانس دەگرن؟ بانگ دەکرێن بۆ کۆنفرانس؟ چ پێشنیاز و بڕیارگەلێک دەدەن؟ کوانێ بەدوواداچوونیان؟ کوا بەرهەمی کۆنفرانسەکانیان؟

ئەمڕۆکە هەموو شتێک لە کوردستان بە سیاسەت کراوە، هەربۆیەش هەموو شتێک بەسیاسەت چووە، یەکێک لەوانەش زمان و کۆنفرانسەکانی زمانە. تۆ دەبینیت، ئەوانەی بانگ دەکرێنە ئەو کۆنفرانسانە لەسەر ئەساسێکی سیاسی بانگ دەکرێن، ئەوانەی بانگیش ناکرێن هەر لەسەر ئەساسێکی سیاسی بانگ ناکرێن. بۆیە جیاکردنەوەی زمان لە سیاسەتەوە، جیا کردنەوەی ڕاگەیاندن لە سیاسەتەوە، جیاکردنەوەی قوتابخانە لە سیاسەتەوە و چەندین جیاکردنەوەی دیکەش، زۆر گرنگن.

**+ ڕێنووسی کوردی لە کوردستانی باشوور چەندان ڕێڕەوی وەرگرتووە، بە نموونە: چەند دەزگایەک جووت (واو)یان پێ زیادە و ئەوەی بۆشیان بنووسێ لای دەدەن. چەند دەزگا و بڵاوکراوەیەکیش پێیانوایە نەنووسینی دوو (واو) و دوو(ی)، جۆرێکە لە بێئاگایی لە ڕێنووس، هێندێکیش کە تاقمی سێیەمن تەقەی سەریاندێ و پێیانوایە ئەم جۆرە باسانە هیچ سوود بە زمانی کوردی ناگەیەنن، ئەی بۆچوونی تۆ لەم بارە چییە؟**

کێشەی ڕێنووس لە کوردستاندا کێشەیەکی گەورە و مەترسیدارە، بە هەڵە نووسین تێگەیشتنی هەڵەی لێ دەکەوێتەوە، ئەو تێگەیشتنە هەڵەیە خۆی لە خۆیدا ڕەنگە دەرئەنجامی زۆر خراپی لێ بکەوێتەوە. لەو سێ گرووپەی باست کردن، گرووپی سێیەم زۆر دژوارە، چونکە ئەوانە بێئاگایانە کەوتوونەتە ناو بواری زمانی کوردییەوە، هەرچی گرووپی یەکەم و دووەمن هەرچۆنێک بێت لەوە دەچێت بیانەوێت گفتوگۆ بکەن و ڕەنگە بەڵگەشیان بۆ بۆچوونەکانی خۆیان هەبێت، بەڵام نەک گرووپی سێیەم. ڕێنووس یاسای خۆی هەیە، هەندێک لەو یاسایانە بەڵگەنەویستن و هەندێکیشیان پێویستە بسەلمێنرێن، لەپاڵ

**به هیچ شێوەیەک ئەوە ناسەلمێنم  کە بەکارهێنانی ئەلفبێی کوردی/لاتینی ڕووخسارێکی سەردەمییانە بە زمانی کوردی ببەخشێت.**

**ڕاستە ئێمە هەندێك کێشەمان لەگەڵ ئەلفبێی کوردی/عەرەبیدا هەیە، بەڵام ئەو کێشانە زۆر کەمترن بە بەراوردکردن لەگەڵ کێشەکانی نووسینی کوردی بە ئەلفبێی کوردی/لاتینی.**

**بۆئەوەی زمانێک ببێتە زمانێکی جیهانی، پێویستە: ڕۆڵێکی کاریگەری هەبێت لە سیاسەتی نیودەوڵەتیدا، بەربڵاوییەکی جیهانیی هەبێت، لە نێوان گەلاندا بەکاربهێنرێت و قسەکەری زۆر بێت.**

ئەمانەدا جاری وایە هەیە زمانناسان لەسەر چۆنیەتی نووسینی وشەیەک یان دەستەواژەیەک ڕێکدەکەون و ئیدی دەبێت بە یاسا. ئەم کێشەی ڕێنووسە بەشێکە لەو سەرگەردانییەی زمانی کوردی تێیکەوتووە. من پێموایە ئەو دەزگایانەی لە کوردستاندا ڕەچاوی ڕاستنووسی دەکەن زۆر کەم بن، دەکرێت بگوترێت دەزگای پەخش و بڵاوکردنەوەی ئاراس یەکێک بێت لەوانە هەروەها دەزگای سەردەم. ئەمڕۆکە زۆربەی نووسەران هەندێکیان لە زانایییەوە و هەندێک لە نەزانییەوە کێشەیان لەگەڵ دەزگاکانی بڵاوکردنەوەدا هەیە. تۆ دەبینیت من لە ڕستەکەی پێشوودا لە وشەی (زانایییەوە)دا سێ دانە پیتی (ی)م بە دوای یەکدا نووسیوە، ڕەنگە پیتچینێک پێیوابێت ئەوە هەڵەی چاپ بێت و دانەیەکیان لابدات، بەڵام ئەمە هەڵە نییە، خۆی سێ دانە (ی) بە دوای یەکدا دێت، ئەگەر ڕێکەوتنێک هەبێت لەسەر ئەوەی کاتێ سێ دانە (ی) بە دوای یەکدا هاتن یەکێکیان لابدرێت، ئەو کاتە دەبێت هەموومان دوای ئەو ڕێسایە بکەوین. بۆچی سێ دانە (ی) بە دوای یەکدا هاتووە؟ چونکە وشەی زانایی خۆی دوو دانە (ی)ی هەیە، لەگەڵ پاشگری (یەوە) کە دەخرێتە سەری دەبێتە سێ دانە، هەندێک بەمشێوەیە دەینووسن: زانایی یەوە، بەڵام ئەمە هەڵەیە و نابێت وشەکە کەرت بکرێت، بەڵکو دەبێت بەدەم یەکەوە بنووسرێت، ئا لەوێدا هەندێک نووسەر پێیان ناشیرینە سێ دانە (ی) بە دوای یەکدا بنووسرێت، بۆیە یەکێکیان لادەبەن، بەڵام ئەمەشیان هەڵەیە. ئەگەر ئێمە ئەو وشەیە دابەش بکەین بەسەر بڕگەدا، دەبینین ئەم بڕگانەی لێ دەردەچێت: زا/نا/یی/یە/وە، واتە پێنج بڕگە، بەگوێرەی ژمارەی بزوێنەکانی ناو وشەکە کە پێنج بزوێنن. ئەم وشەیە کە بە پیتی لاتینی بینووسیت هەرگیز بواری ئەوەت دەست ناکەوێت یەکێک لە

(ی)یەکان لا بدەیت. تەماشا بکە، وشەکە بە لاتینی ئاوا دەنووسرێت: Zanayîyewe، بەکەرتکراوی: we/ye/yî/na/Za

ئەو سێ دانە (ی)یەی ناوەڕاست بە لاتینی ئەمانەن (yîy) دوو دانەیان نەبزوێنن و یەکێکیان بزوێنە، پرسیار لێرەدا ئەمەیە: کام لەم (ی) یانە لابدەین؟ یەکێک لە نەبزوێنەکان یان ئەوەی بزوێنە؟ هەر کامیان لابدەین هەڵەیە. بەر لە هەموو شتێک وشەکەمان پێ ناکرێتە برگە و دوای ئەوەش دوو دانە بزوێن بە دووی یەکدا دێن کە ئەمەشیان یاساکانی ڕێنووسی کوردی ڕێگای نادەنێ. ئەوانەی پێیانوایە نووسینی دوو (و) و دوو (ی) جۆرێکە لە بێئاگایی لە ڕێنووس بێگومان بێئاگایانە ئەم قسەیە دەکەن. بۆیە گرنگە ئەو کەسانەی لەو بوارەدا کار دەکەن بخرێنە کۆرسی بارهێنانی زمانی کوردییەوە، هەروەها دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پەخش و بڵاوکردنەوەی چەند زمانەوانێکیان هەبێت بۆ پێداچوونەوەی بابەت و گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب بەر لە بڵاوکردنەوەیان.

لە دانیشتنێکدا لەگەڵ مامۆستایانی زمانی کوردی لە شاری (یۆتەبۆری) لە سوێد، گوێم لە تێبینییەکانیان دەگرت سەبارەت بە کتێبی خوێندنەوەی (کوردی٢) کە من ئامادەم کردووە، ئەو مامۆستا بەڕێزانە کۆمەڵێ تێبینیی باشیان هەبوو، بەڵام هی واش هەبوون دەبوایە بەڵگەیان بۆ بهێنمەوە کە ئەوی لە کتێبەکەدا نووسراوە، ڕاستە. بۆ نموونە تێبینییان لەسەر ئەم دوو ڕستەیە هەبوو:

مێشوولەکە چیی بە فیلەکە گوت؟

وەڵامی فیلەکە چی بوو؟

بۆچی وشەی (چی) جارێکیان بە دوو دانە (ی) و جارێکیشیان بەیەک دانە نووسراوە؟ دەبێت ئەوەی یەکەم هەڵە بێت. من تاڕادەیەک دڵنیام ئەگەر ئەو دوو ڕستەیە بچێتە بەردەم هەر پیتچینێک لە کوردستاندا، یەک دانە لە (ی)یەکانی وشەی (چیی) لادەبات، بەڵام ئەمە هەڵەیە، (ی)ی دووەم (ی)ی پەیوەندییە و دەبێت هەبێت.

**+ لە مەنهەجی قوتابخانەکان وشەی سۆرانی و بادینی تێکەڵ بە یەک کراون، گوایە ئەمە زمانی ستاندارد پێکدێنی، ئایا دەکرێ لەسەر ئەم میتۆدە کار بکەین بۆئەوەی زمانێکی یەکگرتوو بێنینە کایەوە؟**

با ئەو ناولێنانە بەکار نەهێنین، دیارە مەبەستم سۆرانی و بادینییە، کە زۆربەمان لەسەر ئەوە ڕێککەوتووین بە کرمانجیی سەروو و کرمانجیی ناوەڕاست ناویان ببەین. ئەوەی من ئاگام لێی بێت وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن زۆر شێوازی تاقیکردووەتەوە بەمەبەستی لیک نزیککردنەوەی ئەو دوو زاراوە سەرەکییە، کە موتربەکردنی کرمانجیی ناوەڕاست بە وشەگەلێک لە کرمانجیی سەروو یەکێک بووە لەو شێوازانە، بەڵام لێرەدا دەمەوێت بڵێم هیچ یەک لەو شێوازانە سەرکەوتنی بە دەست نەهێناوە. ئەگەر مەبەست لەم هەنگاوە، واتە تێکەڵکردنی هەندێ وشەی زاراوەی کرمانجیی سەروو لەگەڵ کرمانجیی ناوەڕاستدا ئەوە بێت کە ئاخێوەرانی ئەو زاراوەیە ڕازی بکرێت و کرمانجیی ناوەڕاست وەک زمانی ستاندارد قبووڵ بکەن، ئەوە من یەکسەر دەڵێم ئەوان بەمە ڕازی نابن، پێویست ناکات بە مێژووی ئەم کێشەیەدا بچینەوە، لەلایەکەوە نامانەوێت کای کۆن بە بادا بکەین و لەلایەکی تریشەوە ڕەنگە زۆربەی خوێنەران ئاگایان لەم کێشەیە هەبێت. هەڵبەتە ناکرێت لەم لایەنەوە خەتاکە بخرێتە سەر یەک لا، بەڵکو خەتاکە دوولایەنەیە. هەربۆیە دەمەوێت لێرەدا

یەکسەر بڵێم: ئەم میتودە بێکەڵکە و بەم شێوەیە زمانی یەکگرتوو لەدایک نابێت.

**+ چەسپاندنی ڕێنووسی لاتینی توورکی لە جیاتی ڕێنووسی کوردی –عەرەبی، جۆرێک نییە لە ستەم لە زمانی کوردی، یان پێشخستنی زمانی کوردییە بە رووخسارێکی سەردەمیانە؟**

من بە هیچ شێوەیەک ئەوە ناسەلمێنم کە بەکارهێنانی ئەلفبێی کوردی/لاتینی ڕووخسارێکی سەردەمییانە بە زمانی کوردی ببەخشێت، یان بەهۆی ئەو ئەلفبێیەوە پێشکەوتنی گەورەتر بە خۆیەوە ببینێت، یابان و چین و هەندێ وڵاتی دیکەیش لە ڕیزی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهانن، بەڵام بە ئەلفبێی لاتینی نانووسن. جگە لەمەش بەکارهێنانی ئەلفبێی لاتینی بەڵگەیەک نییە بۆئەوەی خەڵکی بیانی بتوانن ئاسانتر لێکۆڵینەوە لەسەر زمانی کوردی بکەن، وەک هەندێک پێیانوایە. جارێ بەر لە هەموو شتێک پیت ڕەمزێکە بۆ دەنگێک، ئەمە لە گشت ئەلفبێیەکاندا وایە، خودی ئەلفبێیەکە گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، گرنگییەکە تەنێ لەوەدایە تا چ ڕادەیەک پیتەکان دەربڕی دەنگەکانی ئەو زمانەن، یان تا چ ڕادەیەک ئەو پیتانە گونجێنراون بۆئەوەی دەنگەکانی ئەو زمانەن دەربڕن. لەلایەکی دیکەوە بەکارهێنانی ئەلفبێیەک بۆماوەیەکی درێژ دەبێتە هۆی ئەوەی گرفتەکان تاڕادەیەک چارەسەر بکرێن. ڕاستە ئێمە هەندێک کێشەمان لەگەڵ ئەلفبێی کوردی/عەرەبیدا هەیە، بەڵام ئەو کێشانە زۆر کەمترن بە بەراوردکردن لەگەڵ کێشەکانی نووسینی کوردی بە ئەلفبێی کوردی/لاتینی، کە ڕەنگە لێرەدا بواری ئەوە نەبێت باسی کێشەکانی هەردوو ئەلفبێ بکرێن. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، بمانەوێت یان نەمانەوێت کورد لە ئێستا و داهاتوویەکی نزیکیشدا بەردەوام دەبێت لەوەی بە دوو ئەلفبێ بنووسێت، ئێمە هەرچییەک بکەین ناتوانین و ناشکرێت و نابێت داوا لە کوردی باکوور بکەین بە ئەلفبێی کوردی/عەرەبی بنووسن، بەڵگە زۆرن بۆ ئەم بۆچوونە. ڕەنگە ئەوەی ئێمەی کەمێک نیگەران کردبێت ترسی ئەوە بێت ئەلفبێی کوردی/لاتینی لە هەرێمی باشووری کوردستاندا جێ بە ئەلفبێی کوردی/عەرەبی لەق بکات، کە من پێموایە ئەم نیگەرانییە لە جێی خۆیدا بێت.

من خۆم هیچ بەڵگەیەکی مەنتقی نابینم بۆ ئەوەی ئێمە دەست لە ئەلفبێی کورد/عەرەبی هەڵبگرین و لە جیاتیی ئەوە ئەلفبێی کوردی/لاتینی هەڵبژێرن، چونکە کەموکوڕییەکانی ئەم ئەلفبێیە زۆر کەمن و دەکرێت چارەسەر بکرێن، من جارێکی دیکەش ئەم قسەیەم کردووە کە ئەمە وەک ئەوە وایە تۆ خانوویەکت هەبێت دەرگایەک و دوو پەنجەرەی شکا بێت، لە جیاتی ئەوەی دەرگا و پەنجەرەکان چاک بکەیتەوە هەڵسیت و هەموو خانووەکە بڕووخێنیت و سەرلەنوێ خانوویەک دروست بکەیت و پێتوابێت لەوەی پێشتر باشتر دەبێت، کە وا نییە. یانی بە کورتی بڵێم: ئێمە بەم شێوەیە سەر لە خۆمان دەشێوێنین، سەرباری ئەوەی گەنجینەی ئەدەبیی هەزار ساڵەشمان زەرەری بەر دەکەوێت.

**+ ڕۆژانە دەیان ئامرازی نوێ دەکەوێتە بازاڕ، بە نموونە ئامێر و کەلوپەلەکانی کارەبا نزیکەی بە یەک ملیۆن مەزەندە دەکرێن، بۆ ئەمە چی بکەین، وشە عەرەبی و ئینگلیزییەکان بێنین و وەریانگێرینە سەر زمانی کوردی یان هەر بە ناوی ئەسڵی خۆیانەوە ناویان ببەین؟**

ئەمە پرسیارێکی گرنگ و بابەتێکی سەردەمییانەیە، نە تەنیا گرفتی بۆ ئێمە دروستکردووە، بەڵکو بە میللەتانی دیکەیش کە ئینگلیزیئاخێو نین، بەڵام کێشەی ئەو میللەتانەی وڵاتیان هەیە تاڕادەیەک ئاسانترە لە ئێمەی کورد، هیچ نەبێت ئینستیتۆی زمانەوانییان هەیە

یان دامودەزگای تایبەت بەم جۆرە کێشانە کە هەوڵ دەدەن چارەسەریان بکەن، هەرچی ئێمەی کوردین ڕەنگە لەم لایەنەوە کێشەمان زۆرتر بێت، لەلایەکەوە لەبەر نەبوونی ولاَتی سەربەخۆ زمانی کوردی بەپێی پێویست گەشەی نەکردووە، لەلایەکی دیکەوە ئێمە ئەوەندە خەمی زمانەکەمان ناخۆین، مەبەستم لە ئێمە ئەو دەسەلاَتەیە کە ئەمڕۆکە لە باشوری کوردستاندا هەیە. لەم حاڵەتەدا چی بکرێت باشە؟ من پێموایە چاکە ئەگەر ئەکادیمیای کوردی بەڕێوەبەرایەتییەکی هەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم جۆرە کێشانە، هەر هیچ نەبێت بەشێکیان، ئەوانی دی کە چارەسەریان بۆ نادۆزرێتەوە باشتر وایە وشە ڕەسەنەکەی خۆی بەکاربهێنین، بۆچی دەبێت وشەی عەرەبی بەکاربهێنین؟ ئەگەر ئێمە لە باشوور وا بکەین و کوردەکانی ڕۆژهەلاَت فارسییەکەی بەکاربهێنن و ئەوانەی باکوور تورکییەکەی، ئەمە کەی خزمەت بە زمانی کوردی دەکات، با وەک پێشتر چۆنمان کردووە لەگەڵ هەندێ ئامراز و کەرەستە ئێستایش وا بکەین، با تەلەفۆن هەر تەلەفۆن و کۆمپیوتەر هەر کۆمپیوتەر و مۆبایل هەر مۆبایل بێت، من وام پێ باشترە.

**+ زاراوەسازی کاری کێیە؟ ئایا تاک دەتوانێ زاروەیەکی نوێ لە کوردییدا دابێنێت، یان داتاشێت؟**

هەڵبەتە ئەم پرسیارە پەیوەندیی بەوەی پێشەوە هەیە. زاراوەسازی خۆی لە خۆیدا بابەتێکە و دەبێت قسەی لەسەر بکرێت، من لێرەدا نامەوێت جۆر و شێوەکانی زاراوەسازی بە درێژی باس بکەم. دەتوانم بڵێم زاراوەسازی بریتییە لە دۆزینەوە، یان دانان، یان وەرگرتن، یان داتاشین، یان کورداندنی وشەگەلێک کە دێنە ناو زمانی کوردییەوە بە حوکمی گەشەسەندنی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیان. وا ڕێکدەکەوێت کە ئامێرێکی تازە دروست دەکرێت و هەندێک پێیانوایە دەبێت ئێمە دانیشین چارەسەرێک بۆ ناوی ئەو وشەیە بدۆزینەوە ئایا ناوێکی کوردیی لێ بنێین، یان ناوەکە وەک خۆی تەرجەمە بکەینە کوردی، یان وشەیەکی نوێی بۆ داتاشین یان هەروەک خۆی وەری بگرین؟ من پێموایە ئەگەر وشەیەک لە زمانی کوردیدا هەبێت و بۆ هاوچەشنی ئەو داهێنانە بەکارهاتبێت یەکسەر سوود لەو وشەیە وەربگرین، کاتی خۆی کە باوەشێن دۆزراوەتەوە (ئەگەر وەک دۆزینەوە حیسابی بۆ بکەین) ئایا کەس دەزانێت کێ ئەم ناوەی لێ ناوە؟ باشە کە پانکە (پەنکە بە فارسی) بۆ یەکەم جار هاتە ناو کۆمەڵگای ئێمەوە بۆچی چووین و ئەو وشەیەمان بەکارهێنا، کە من نازانم لە چ زمانێکەوە وەرگیراوە، ئەی بۆچی هەر باوەشێنمان بەکارنەهێنا، مەگەر کاری پانکە با وەشاندن نییە؟ ئەی ئێستا بۆچی وشەی (باوەشێن) لە جیاتیی وشەی (سپلیت) بەکارنەهێنین؟ ئەگەر هەر ناچار بین وشە بێگانەکە بەکاربهێنین ئەوە چاکترە لە زمانە ئەسڵییەکەوە وەری بگرین، واتە لەو زمانەدا چۆن دەگوترێت ئێمەیش هەروا بڵێین، مەبەستم ئەوەیە لە زمانێکی دووەمە وشەکە وەرنەگرین.

من پێموایە زاراوەسازی بەشێوەیەکی گشتی کاری زمانەوانەکانە، بەلاَم چاکە ئەگەر لیژنەیەک هەبێت بۆ ئەم مەبەستە و سەر بە دەزگایەکی زمانەوانی بێت، لەم حاڵەتەدا ئەکادیمیای کوردی، (نازانم بەم کارە هەڵدەستن یان نا)، بەلاَم بێگومان تاکیش بۆی هەیە پێشنیاز بکات (ڕەنگە زۆربەی جارەکانیش پێشنیازەکان باش بن)و بینێرێت بۆ جێی پەیوەندار بۆئەوەی جۆرە ڕەزامەندییەکی لەسەر وەربگیرێت، چونکە دەبێت ئەو زاراوە

تازانە بە ڕەسمییەت بناسرێن، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە لە قوتابخانە و ڕاگەیاندن و نووسراوەکانی دەوڵەتدا بەکاربهێنرێن، تاکەکەس دەستی بەو جێگایانە ناگات.

**+ تۆ زەمەنێکی زۆرە کار لە سەر زمان و ڕێنووسی کوردی دەکەیت، دەکرێ پێیمان بڵێی بە چ ئامانجێک گەیشتوویت؟ ئایا لە درووستبوونی زمانێکی یەکگرتووی کوردی گەشبینی یان ڕەشبین؟**

پێویستە لێرەدا بڵێم کە من نە زمانەوانم نە زمانزانم، کە قسە لەسەر زمان دەکەم وەک مامۆستایەکی زمانی کوردی قسە دەکەم، ئەو قسانەی کە دەیانکەم لە ئەنجامی خوێندنەوە و زیاتریش شارەزایی پەیداکردنمە لە بواری وانەگوتنەوەدا، بێگومان بەشێک لە شارەزاییەکەشم دەگەڕێتەوە بۆ بواری نووسینی کتێبی خوێندنگە لە دەرەوەی وڵات.

هەرچی پەیوەندارە بە زمانی ستانداردی کوردییەوە زۆری لەسەر گوتراوە، زۆری لەسەر نووسراوە و زۆریش هەوڵی بۆ دراوە، ئەمیشیان خۆی لە خۆیدا بابەتێکە دەکرێت زۆری لەسەر بگوترێت. من لە هاتنەکایەوەی زمانێکی ستاندارد بۆ هەموو کوردستان، بە باشوور و باکوورەوە، بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە بە هیچ شێوەیەک گەشبین نیم. کاتی خۆی کە کوردی باشوور لەژێر دەسەڵاتی مەرکەزیدا بوون زیاتر بە تەنگی زمان و ناسنامەی خۆیانەوە دەهاتن، ئێستا کە دەسەڵات بەدەستی خۆمانەوەیە کردوومانە بە شاییەکەی بناویلە، هەر یەکەمان لە ئاوازێک دەخوێنێت. هەریەکە و ئێژێت بۆئەوەی تۆ بێت و ئەوەی من نەبێت، خەریکین ماڵی خۆمان جیادەکەینەوە. بڕێک بە کرمانجیی ناوەڕاست دەخوێنن و بڕێک بە کرمانجیی سەروو، هەندێکی دیکەیش داوای زاراوەی خۆیان دەکەن و پێیانوایە کە ئەمانیش لەوانی تر کەمتر نین. ئەم جۆرە ناحاڵیبوونە بە هیچ شێوەیەک خزمەت بە زمان و فەرهەنگ و ناسنامەی کوردی ناکات. پێویستە لێرەدا بڵێم من لەگەڵ زاراوەیەک نیم دژ بە زراوەکەی تر، بەڵام من لەگەڵ زمانێکی کوردیی ستانداردم، هەر هیچ نەبێت بۆ باشووری کوردستان.

زمانی کوردی نە لە ئێستادا و نە لە داهاتوودا یەکستاندارد نابێت لەبەر کۆمەڵێ هۆی: سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و بگرە فەرهەنگییش، ڕەنگە کەسێکم لێ ڕاست بێتەوە و بڵێت مەگەر ئێمە هەموومان کورد نین؟ بۆچی دەبێت هۆی فەرهەنگی هەبێت، مەگەر جیاوازیی فەرهەنگیمان هەیە؟ بەڵێ جیاوازیی فەرهەنگی لەناو کورداندا هەیە، ئەویش کۆمەڵێ هۆی خۆی هەیە، جیاوازیی فەرهەنگی نەک تەنێ لە نێوان بەشێک و بەشێکی دیکەی کوردستاندا هەیە بەهۆی کارتێکردنی فەرهەنگی سەردەستەوە، بگرە جیاوازی لە نێوان هەرێمێک و هەرێمێکی تر، شارێک و شارێکی تر هەیە. نامەوێت لەوە زیاتر لەسەری بڕۆم، بەڵام زمانێکی کوردیی ستاندارد بۆ هەموو کوردستان وەک خەونێکی وەنەوشەیی وایە.

# ڕێنووس و ئەلفوبێی کوردی لە باشوور





**ڕێبوار حەمەتۆفیق محەمەد**

لەدایکبووی (١٩٧٣) هەڵەبجە، بەکالۆریۆس لە زمانی کوردی (١٩٩٩)، بەکالۆریۆس لە یاسا (٢٠٠٧)، خاوەنی (١٢) کتێبی چاپکراو و دەیان توێژینەوە و وتاری بڵاوکراوەیە.

**• سەرەتایەکی مێژوویی:**

زمانی کوردی، سەر بە زمانە هیندۆ ئەوروپاییەکانە. چوار شێوە (دیالێکت)ی لەخۆگرتووە. نازانرێت لە کەیەوە کوردەکان بەم زمانە دەدوێن و دەنووسن، بەڵام ئەوە ئاشکرایە کە زمانی کوردی مێژوویەکی سەدان ساڵەی هەیە و ئەو بەڵگانەی سەبارەت بە کۆنترین وێنەی نووسینی دەنگەکانی زمانی کوردی لەبەردەستدان، هەموویان بۆ پاش بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام دەگەڕێنەوە لە ناوچەکەدا و بە پیت (تیپ) ی ئەلفوبێی (عەرەبی- فارسی) نووسراونەتەوە(١).

بەدرێژایی سەدەی پێشوو، بۆ هێنانەدی زمانێکی یەکگرتوو، هەوڵی تاکە کەسی و دامەزراوەیی دراوە، بەڵام جێگەیەکی زۆریان نەگرتووە و زۆربەی ئەم هەوڵانە بەو ئاڕاستەیەدا بوون کە پرسەکە، وەک ئەزموونی هەر زمانێکی تر، چارەسەر بکەن، کە لەگەڵ تایبەتمەندی زمانی کوردیدا نەگونجاوە. ئەمە جگە لەوەی زۆربەی ئەو بۆ چوونانەی بۆ دروستبوونی زمانی کوردی خراونەتە ڕوو، لە نێوان شێوەی کوردیی (کرمانجی) ژووروو و کوردیی ناوەڕاست یان خواروودا بووە و شێوەکانی تریان خستووەتە کەنارەوە. بەوپێیەی کە ئەم دوو شێوەیە، دوو شێوەی بەربڵاوی زمانەکەن و لە ڕووی ژمارەی قسەپێکەران و بەرهەمی نووسراو و دەسەڵاتی رامیارییەوە، لە شێوەکانی تر لە پێشترن.

لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی پێشوو، لەلایەن (کۆنگرەی کوردناسەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران) بڕیار بۆ ئەوە درا کە شێوەی کرمانجی ژووررووو، بکرێتە زمانی یەکگرتووی کوردی و واز لە شێوەکانی تر بهێنرێت! هەروەها ساڵی ١٩٦٠ لەلایەن (کۆنگرەی یەکێتی مامۆستایانی کورد) بڕیار بۆ ئەوە دراوە کە شێوەزاری ناوەڕاست پەسەند بکرێت. هەموو ئەو بۆچوونە هاوشێوانە، هەروەک زمانی ئەدەبیی و فەرمی کە لە شێوەی کوردیی ژوور (بۆتان) و کوردی ناوەڕاست (سلێمانی)دا بەرجەستە بووە، درێژەیان بە بوونی دوو شێوە لە ڕێنووسی (عەرەبی و لاتینی) بە زمانەکە داوە و نەیانهێشتووە کە (ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی) مان هەبێت(٢).

**• ئایا بوونی ڕێنووسێکی یەکگرتوو پێویستە؟**

بەهەمان شێوەی پێویستی بوونی زمانێکی یەکگرتوو بۆ قسەپێکەرانی هەر گەلێک، بوونی ڕێنووسێکی یەکگرتووش گرنگە، چونکە ئەم پرسە، ڕەهەندی نەتەوەیی و فێرکردنی هەیە و پەیوەندی هەمەلایەنەشی بە زانستی زمانەوە هەیە.

ئەگەر زمانی قسەکردن لە ڕێی دایک و لە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکاندا بەبێ بەربەست و بەشێوەیەکی سروشتی لەدایک ببێت، زمانی نووسین و ڕێنووس لە ڕێی فێرگە و مامۆستای تایبەتەوە بەرهەم دێت. ئەگەر زمانی یەکگرتووی ئەدەبیی و قسەکردن بە یارمەتی هۆکارەکانی وەک (ئایین، ئەدەبیات، جوگرافیا و ڕامیاریی و یاسایی) لە توانای هەمووواندا هەبێت کە وەک زمانێکی ستاندارد بە ئاسانی بەکاری بهێنین و بیکەینە ناسنامەی نەتەوەیی، بۆ زمانی نووسین و فێربوونی ڕێنووسێکی یەکگرتوو، پرسەکە ئەوەندە ئاسان نییە و هەمووان ئەو توانایەیان نییە کە بەبێ گرفت زاڵبن بەسەر نووسینی ڕێنووسێکی دروستدا؟ چونکە ئەم بوارەیان، پەیوەندی بە شارەزایی و وابەستبوون بەو یاسا و دەستوورە ڕێزمانییانەوە هەیە کە لە بوارە جیاوازەکاندا دەردەکەون. هەر لەبەرئەوەشە کە ئاستی خوێندەواریی و نەخوێندەواریی هەر کەسێک بەوە ناپێورێت کە ئایا ئەو کەسە دەتوانێت بە شێوەیەک یان بە شێوەی ستانداردی کوردی قسە بکات یان نا، بەڵکو بەوە دەستنیشان دەکرێت کە کەسی قسەکەر، تا چەند دەتوانێت بە زمانەکەی خۆی، بخوێنێتەوە و بنووسێت؟!

(ڕێ – نووس)، واتە: ڕێگەی نووسین بەشێوەیەکی ڕاست و دروست. لە وشەی ((Orthography)یەوە وەرگیراوە کە (Orthos)

واتە: ڕاست و (grapho) واتە: نووسین(٣). لە زمانی کوردیشدا، جگە لە وشەی ڕێنووس، ئەلفوبێ، ئەلفابێ یان ئەلفبێش بەکاردەهێنرێت، کە مەبەست لە هەموویان، شێوەی دروستی نووسینی ڕەگەکانی زمانەکەیە. کەواتە، ئەگەر قسەکردن تۆماری کاتی ئێستای قسەکەر بێت، نووسین، تۆماری ڕۆشنبیریی نەتەوەیەکە لە ڕابردوو، ئێستا و داهاتووشدا. لەم پرۆسەیەدا، بەشداریی و گواستنەوەی زانیاریی بۆ هەمووان، لە مافێکی تایبەتییەوە دەگوازێتەوە بۆ مافێکی گشتیی و بەسەر هەموو کاتەکانی مێژوودا دابەشی دەکات.

مافی تایبەتی هەر قسەکەرێکە بەهەر زمانێک یان بە هەر شێوەزارێک گفتوگۆ بکات لە ژیانی تایبەتی خۆیدا، بەڵام کاتێک ئەم مافە دەگوازرێتە بۆ مافێکی گشتیی و دەبەسترێتەوە بە ژیانی گشتیی و مێژووی ڕۆشنبریی و کەلتووریی نەتەوەیەکەوە، مافی هەر کەسێک نییە کە بە هەر شێوەیەک بیەوێت بنووسێت و زمانەکەی ڕێنووس بکات. بەرجەستەکردنی گیانی زمان و سەردەمە جیاوازەکان، لەگەڵ پەرینەوەی فەرهەنگە ڕۆشنبرییەکان زۆرتر لە ڕێگەی زمانی نووسین و ڕێنووسەوەیە تا زمانی قسەکردن و گفتوگۆی ڕۆژانە. ئەم پرۆسەیە، لە پێدانی مۆڵەتی شۆفێری دەچێت، کاتێک شۆفێر مافی تایبەتی خۆیەتی لە مۆڵەتی تایبەتیدا چ جۆرە ئۆتۆمبێلێکی تایبەتی دەئاژوێت، بەڵام کە هاتە سەر ئەوەی ئۆتۆمبێلی گشتی بەکاربهێنێت، دەبێت ئەو مەرج و ڕێنماییانە جێبەجێ بکات کە بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی گشتی دانراون و بە هەموو شۆفێرێکی هەڵگری مۆڵەتی تایبەت نادرێت؟ چونکە گیانی کەسانی تر و مافی گشتی زۆرتر لەسەر مۆڵەتە گشتییەکەیە و پەیوەندی بە ئاژوتنی هەر جۆرە ئۆتۆمبێلێکەوە هەیە کە لە وڵاتدا هەیە.

زمانی نووسین و قسەکردنی ستاندارد، وەک زمانی گفتوگۆی ڕۆژانە و نووسینی نامەیەکی ئاسایی نێوان دوو هاوڕێ نییە. ئەم وێنەیە، زۆر بە ئاسانی لە زمان و نووسینی هەمان ئەو کەسەدا دەردەکەوێت کاتێک ڕۆژانە لەگەڵ هاوڕێیەکی دۆستیدا قسە دەکات یان نامەی بۆ دەنووسێت، لەگەڵ هەمان ئەو کەسەدا کە لە شاشەی تەلەڤزیۆنەوە قسە بۆ خەڵکی دەکات، یان وتارێک بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی بۆ ڕۆژنامەیەک ئامادە دەکات.

نووسین و ڕێنووسی ناو: پرۆگرامی خوێندن، بڵاوکراوە فەرمییەکان، نووسینی کارگێڕیی و هۆیەکانی ڕاگەیاندن و فەرهەنگنامەکان، دەبێت بەجۆرێک بەکاربهێنرێن کە پاک و بێگەرد بن و شێوەیەکی فەرمییان هەبێت، ئەم شێوەیە لە نووسین و ڕێنووس، ڕووی گەلێک پیشاندەدات و مافی گشتی نەتەوەیەکە لەسەر مێژوو. هەر کوردێک و لە هەرشوێنێک بن، وەک یەک و بەیەک هەستی گشتی دەتوانن بیانخوێننەوە و بیاننووسن. زمانی دۆکۆمێنتن ئەرکیان لەسەر بەکارهێنەرانی دروستکردووە. لەکاتی وەرگێڕانی ئەم تێکست و نووسراوانەدا بۆ سەر زمانێکی تر، شکۆ و دەوڵەمەندی زمانەکە زۆرتر دەردەکەوێت.

**•گرفتەکانی بەردەم ڕێنووسی کوردی لە باشوور:**

ڕێنووسی هەر زمانێک، گیروگرفتی تایبەت بە خۆیی هەیە. زمانێک نییە کە لە نێوان دەنگ و پیتەکانیدا بەبێ کێشە مابێتەوە. خەمخۆران و زماناسان و دامەزراوەی تایبەت، زۆرێک لەو گرفتانەی زمانەکانیان چارەسەر کردووە و گەیشتوون بەشێوە ڕێنووسێکی یەکگرتوو بۆ خۆیان. بەداخەوە زمانی کوردی، یەکێکە لەو زمانانەی کە تا ئێستا خاوەنی شێوەیەکی یەکگرتوو (ستاندارد)ی قسەکردن و ڕێنووسکردنی تایبەت بە خۆیی نییە؟!

لە باشووری وڵات (هەرێمی کوردستانی عێراق) و تا پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، ئەلفوبێی عەرەبی بەوشێوەیەی کە زمانی عەرەبی تێدا بەرجەستە بووە، شێوەی باوی نووسینی کوردی بووە. بەڵام پاش ئەم جەنگە و بوونی ئینگلیز لە ناوچەکەدا، هەلی ئەوە ڕەخساوە کە داوای شێوەیەکی تری

ئەلفوبێ بکرێت کە بگونجێت لەگەڵ زمانی کوردیدا و زمانەکە لەو گرفتانە ڕزگاری ببێت کە بەدەست ئەلفوبێی باوی عەرەبییەوە هەیبوو.

ساڵی ١٩١٣ (مێجەرسۆن) بیری لە ئەلفوبێی لاتینی کردەوە بۆ ڕێنووسکردنی دەنگەکانی زمانی کوردیی و دوو کتێبیشی بەم ڕێنووسە دەرکرد(٤). ئەم ئەلفوبێ نوێیە نەک هەر نەیتوانی جێگەی ئەلفوبێ عەرەبییەکە بگرێتەوە، بەڵکو بووە هەوێنی ئەوەی کە ئەلفوبێ لاتینییەکەش چەند شێوەیەکی لێ بکەوێتەوە، بەمەش، ئەوەندەی تر گرفتەکانی بەردەم ڕێنووسی کوردی یەکگرتووی دووچاری پەرتبوون بووەوە و بۆچوون و شێوەی جیاوازی لێکەوتەوە! لە ڕۆژئاوا، (جەلادەت بەدرخان) و (کامەران بەدرخان)ی برای، درێژەیان بەشێوەیەکی ئەلفوبێی لاتینی دا و چەند بڵاوکراوەیەکیشیان پێ دەرکرد(٥) کە زۆرتر لە ئەلفوبێی (لاتینی- تورکی)یەکەوە نزیک بوو، لە باشووریش (تۆفیق وەهبی) شێوەیەکی تری داهێنا کە لە ئەلفوبێی (لاتینی- ئینگلیزیی)یەوە نزیک بوو.

لە ناوەڕاستی پەنجانی سەدەی بیستەمدا، بیرکردنەوە لە ڕێنووسی لاتینی بۆ دەنگەکانی زمانی کوردی، لە کێشەیەکی زمانەوانییەوە، بوو بە کێشەیەکی ئایدۆلۆژی ناسیونالیستیی و ئایینی لە باشوور. هەرچی مسوڵمانە مەیلەو توندڕەوەکانیش هەبوو، لەژێر کاریگەری بڕیاری ئەتاتورک کە لە تورکیا ڕێنووسی عەرەبی لە وڵات گۆڕی بۆ لاتینی، ترسیان لە تواندنەوەی زمانی قورئان هەبوو و نەیاری بەکارهێنانی لاتینی بوون دەیانوت (ئەم لاتینییە لادینییە) و کۆمۆنیستەکانیش پێیانوابوو کە زیان بە یەکێتیی نیشتیمانیی عێراق دەگەیەنێت و بەشێوەیەکی کۆنەپەرستانەیان دادەنا(٦).

بیرکردنەوە لە بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی ڕووی لە پاشەکشە کرد، بەڵام خواستنی گۆڕین و گونجاندنی پیتەکانی شێوەی عەرەبی بەو دەنگانەی زمانی کوردی کە وێنەیان لە ئەلفوبێ عەرەبییەکەدا نییە، ڕێگەی خۆش کرد کە بیر لەوە بکرێتەوە لە چوارچێوەی ئەلفوبێ عەرەبییەکەدا، گۆڕین بکرێت. (حوزنی موکریانی) لە ژمارە حەوتی گۆڤاری (زاری کرمانجی)دا، شێوەیەکی نوێی پێشکەش کرد و (تۆفیق وەهبی)یش، کتێبی (خوێندەواری باو)ی بەشێوەیەکی تری ئەلفوبێی عەرەبی نووسی. ساڵی ١٩٧٠ و پاش دامەزراندنی (کۆڕی زانیاری کورد) شێوەیەکی تری ئەلفوبێی عەرەبی لەسەر دەستی کۆڕ هاتە ئاراوە... بەم شێوەیە و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ، شێوەی باوی نووسینی کوردی بەشێوە جیاوازەکانی پیتی عەرەبییە و بەشێوەیەکی لاوەکیش پیتی عەرەبی لە سەر ڕووی چەند بڵاوکراوەیەک و ژێرنووسی چەند کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی و سایتی ئەلەکترۆنیی کوردیدا بەکاردەهێنرێت.

ئەگەرچی باشووری وڵات لە ڕووی ڕامیاریی و کارگێڕییەوە، لە پارچەکانی تری وڵات لەپێشترە و لە ڕووی ڕامیارییەوە هەلێکی لەباری بۆ ڕەخساوە تا ژمارەیەکی زۆرتر بڵاوکراوە و هۆیەکانی ڕاگەیاندنی هەبێت، خوێندن تێیدا بە زمانی کوردی بێت، چەندین دامەزراوەی ئەکادیمیی و مەدەنی تایبەت بە زمانەوانی تێدا بکرێتەوە کە کادری زمانەوانی تێدا بەرهەم دێت، کۆنفرانسی زمانەوانی تێدا دەبەسترێت و و پەرلەمانی هەیە و چارەکە سەدەیەکە دەسەڵاتێکی خۆماڵی تێدا بەکارە، بەڵام هێشتا هەنگاوێکی باشی بۆ دروستبوونی زمان و ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردیی تێدا نەدراوە.

چڕبوونەوەی گرفتی نەبوونی ڕێنووسی یەکگرتوو لە باشوور، پاش بڵاوبوونەوەی هۆیەکانی چاپ و ڕاگەیاندن بوو، کاتێک ژمارەیەکی زۆر لە بەرهەم و کەناڵ کەوتنە بەرچاو کە هەریەکەیان بەبێ بنەمایەکی جێگیر، هەواڵ و نووسینیان دادەڕشت و ڕوونووسیان دەکردن. هیچ مەرج و ڕێنماییەکی زانستی و یاسایی لە بەردەم ئەم نووسراوانەدا نەبوو و تا ئێستاش نییە تا لەسەری بڕۆن. تەنانەت کادێرانی دەرچووی زمانی کوردیش پێوانەیەکی زانستی وەهایان پێ نییە کە

# چڕبوونەوەی گرفتی نەبوونی ڕێنووسی یەکگرتوو لە باشوور، پاش بڵاوبوونەوەی هۆیەکانی چاپ و ڕاگەیاندن بوو

بتوانن کارامەیی خۆیان لەمبارەوە بخەنە ڕوو و لە بواری پراکتیکیدا وەک پێویست ڕۆڵیان هەبێت. پاشاگەردانی سەر تابلۆی: دوکان و شوێنەکان، نێوی ئادرەس و پیشانگەکان و زۆر بواری تریش، جیاوازییان نییە لەگەڵ: نووسراوی ناو پەرتووک و پرۆگرامەکانی خوێندن و نووسینی بینراوی ناو هۆیەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان! تەنانەت جیاوازی لە نێونیشانی ئەم بڵاوکراوانەدا ناکرێت و گوێ بە یاساکانی زمان نادرێت. چەند یاسایەکی زمانەوانی هەن کە لە نووسیندا بە ئاشکرا دیارن و ناکرێت بۆچوونی کەسەکان تێیاندا وەک یەک نەبێت، بۆ نموونە: وشە نابێت بە پیتە بزوێنەکان دەستپێبکات. دوو پیتی بزوێن لە برگەیەکدا بەدوای یەکتریدا نایەن و چەنجانی تر...

تەنانەت کار گەیشتووەتە ئەوەی کە لەبەرئەوەی سەرکردەیەکی رامیاری لە کتێبەکانیدا بڕوای بە نووسینی دوو (وو) نییە و لە نووسینەکانیدا بۆ یەکجاریش بەکاری نەهێناوە، لەلایەن دامەزراوەکانی ئەو حزبەوە کە ئەم سەرکردایەتی دەکات، دوو واو بۆیەکجاریش بەکارناهێنرێت! کتێب هەیە لە قۆناغی نۆی بنەڕەتی دەخوێنرێت، کەم پەرەگرافێکی هەیە لە ڕووی ڕێنووسەوە دروست ڕێنووس کرابێت!

**پێشنیاز و چارەسەر چییە؟**

یەکەم هەنگاو بۆ نزیککردنەوەی شێوەکانی زمانی کوردی لەیەکەوە، دانانی ئەلفوبێیەکی یەکتایە. بەڵام بە کام ئەلفوبێ بنووسرێت؟ لەسەر ئاستی کوردستان، دوو بۆچوون هەیە، یەکەم: ئەلفوبێی عەرەبی و دووەم: ئەلفوبێی لاتینی. لایەنگرانی بۆچوونی یەکەم پێیانوایە کە ئەم تیپە عەرەبییانەی ئێستە بەکاریان دەهێنیین(٧)، ئەگەرچی دەستکرابن، ناتوانن بمانگەیەننە ئەنجام و هەر ئەم تیپانە بوونەتە بەردی ڕێگر لە بەردەمماندا(٨)، لایەنگرانی بۆچوونی دووەمیش (ئەلفوبێی لاتینی) بە باشترین جۆری ئەلفوبێ دەزانن بەوپێیەی کە کەمترین گرفتی هەیە هەروەک لای کوردانی تورکیا و وڵاتی سوریا بەکاردێت و لە دانراوەکەی جەلادەت بەدرخانەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەگەرچی ئەم ئەلفوبێیە، لەگەڵ چەند دەنگێکی شێوەزاری ناوەڕاست و باشووردا ناگونجێت(٩)، بەڵام تا ئێستا بە باشترین چارەسەر دادەنرێت و ژمارەیەکی زۆر گۆڤار و نامیلکە و پەرتووکی پێ نووسراوە. ڕووکردنە بەکارهێنانی ئەلفوبێیەکی نوێ و پشتکردنە ئەلفوبێیەک کە جگەلەوەی مێژوویەکی سەدان ساڵەی هەیە و ژمارەیەکی زۆر کتێب و بەرهەمی پێ نووسراوەتەوە، ڕەهەندێکی ئایینی و پیرۆزیشی هەیە کە ئاسان نییە پشتی تێ بکرێت. ئەگەر ئەتاتورک لە تورکیادا بە هەستێکی نەتەوەیی و عەلمانییەوە و لە دۆخێکی کودەتاییدا توانیبێتی لە بیستەکانی سەدەی پێشوودا پشت بکاتە ئەلفوبێی عەرەبی، ئەوا لە سەردەمی دیموکراسیی و پێکەوەژیان و شارستانییەتی سەدەی بیست و یەکدا، پەیرەوکردنی کارێکی لەم شێوەیە لە باشووردا، گرانە و ڕەنگە ڕاپرسییەکی گشتگیر بۆ ئەم بابەتە لەو کارەی ئەتاتورک دروستتر بێت.

لە باشووری وڵات و بەشێوەیەکی گشتی، هەموو ئەو هەوڵانەی لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە تا ئێستا دراون، ڕوو لەوەن کە ئەلفوبێی عەرەبی لەگەڵ شێوە یەکگرتووەکەی ڕێنووسدا گونجاوترە، بەوپێیەی کوردانی باشوور و ڕۆژهەڵات پێی دەنووسن و خاوەنی زۆرترین بەرهەمی چاپکراوە.

تا ئێستا چەند کۆنفرانس و پێشنیازێکی تایبەت بە ڕێنووسی یەکگرتوو لە باشوور کراوە و ڕاسپاردە و پێشنیازی تایبەت بە ڕێنووسی یەکگرتوو خراونەتە ڕوو(١٠)، بەڵام لەبەرئەوەی وەکو پێویست کاریان لەسەر نەکراوە، بەرەوپێشەوەچوونیان بەخۆوە نەبینیوە و لە شوێنی خۆیاندا ماونەتەوە(١١).

بەوپێیەی هەلومەرجی ڕامیاریی و یاسایی و زانستی لە باشوور، لە بیست و پێنج ساڵی ڕابردوودا گونجاو بووە، دەبوو هەنگاوی باش بنرایە، دەکرا قۆناغ بە قۆناغ، گرفتەکان چارەسەر بکرایە. بەڵام بە هەر پاساوێک بێت ئەمە نەکراوە و بەشێوەیەک لە شێوەکان هەر دوو شێوەی (ناوەڕاست و ژووروو) کە زۆرترین بەرکارهێنانیان هەیە، گفتوگۆیان لەبارەوە کراوە و شوێنیان گرتووە. ئەوەی بەنێوی (ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی) پێشکەشکراوە، جۆرێک کۆڕایی لەسەر دروستبووە. ئەگەرچی پاڵپشتی یاسایی بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕێنووسە لە پرۆگرامی خوێندن و هۆیەکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکراوەکاندا نییە و تەنها وەک پێشنیازە، بەڵام کەم تا زۆر، بووە بە دەستوورێکی سەرزارەکیی و باو.

ئەو پێشنیاز و ڕاسپاردانەی لە کۆنفرانسی یەکخستنی ڕێنووسدا گەڵاڵەکراون، دەبوو لەڕێی حکومەت یان فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانەوە بدرایەتە پەرلەمانی کوردستان و وەک یاسا و بڕیار دەرچوایە، وەک چۆن بۆ یاسای زمانە فەرمییەکان کرا. دەکرێت لە هەنگاوی یەکەمدا، ئەگەر دەست بە ئەوەش نەگەیشتووە، دەکرا بە هاوکاری وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا، ئەم پێشنیاز و ڕاسپاردانە لە پرۆگرامەکانی خوێندندا (لایەنی کەم لە قۆناغی ئامادەییەوە) کاریان لەسەر کرابا و لە بابەتەکاندا جێگەیان گرتبا.

کارکردن بۆ هێنانەدی شێوە ڕێنووس و ئەلفوبێیەکی یەکگرتوو بۆ زمانی کوردی، بابەتێکی گرنگە و پێویستی بە بەرنامەڕێژیی و هەنگاوی یەک لەدوای یەک و درێژخایەن هەیە. لە ماوەی ئەم بیست و پێنج ساڵەدا، کاری زۆر کەم کراوە. هێشتا لە نێوان سلێمانی و دهۆکدا پرۆگرامی خوێندن و ڕێزمان یەکنەخراوە. یاسایەک نییە بۆ پێداچوونەوە و دەرچوونی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و هۆکارەکانی تری ڕاگەیاندن تا پابەند بکرێن بەو ڕێنووسەی کە باو و پەسەندکراوی کۆڕی زانیاری کوردستان یان کۆنفرانسی ڕێنووسی یەکگرتووە. تابلۆ و نووسینی سەر شەقام و دوکان و شوێنە گشتییەکان پڕن لە هەڵەی ڕێنووس و شارەوانی ڕێنماییەک یان بڕیار و یاسایەکی لەبەردەستدا نییە کە ڕێگرییان لێبکات.

ئەوەی بەنێوی ڕێنووسی یەکگرتووەوە لە باشوور پشتی پێ دەبەسرێت و ڕەوایەتی لەوە هێناوە کە لەسەر بنەمای بەکاربەرانی هەردوو کرمانجی ناوەڕاست و ژووروو بنیاتنراوە، کە هاودەمی بەکارهێنەرانی ڕۆژهەڵات و باشووری وڵاتە، هێشتا وەڵامی پێ نییە بۆ ئەو دەنگانەی کە لە شێوەی لوڕ یان کرماشانیی و گۆراندا هەن!؟

هیچ بەربەستێکی یاسایی و زانستی لە بەردەم پەسەندکردنی شێوەیەکی لەباری ڕێنووسدا نییە لە باشوور تا چاوەڕێی بکرێت. هەوێنی ڕێنووسە یەکگرتووەکەی بەکارهێنانی ئەلفوبێی عەرەبی ئامادەیە، ڕاستە تۆکمە و بێ گرفت نییە، بەڵام لە نەبوون باشترە و ڕێگە دەگرێت لە بەردەم ئەوەی هەر کەسە و بەپێی بۆچوونی خۆی بنووسێت و گوێ بە دەستوورە جێگیرەکانی زمانی کوردی نەدات.

لەپاڵ ئەوەشدا، هەنگاو بۆ فێربوونی ئەلفوبێی لاتینی بنرێت و لایەنی کەمی چەند وانەیەک هەبێت لە پرۆگرامی خوێندندا تایبەت بێت بە ڕێنووسی ئەلفوبێی لاتینی. ئەم کارە جگەلەوەی جۆرە ئاشنایەتییەکە لەگەڵ بەرهەم و ڕێنووسی بەکارهێنراوی دوو پارچەکەی تردا، ڕێگەیەکیشە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان و کارکردن بۆ زمان و ڕێنووسی یەکگرتووی کورد لە سەرتاسەری کوردستان لە ئایندەدا.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان**

١-ئەو ئەلفوبێیەی بەنێوی عەرەبییەوە ڕۆیشتووە، لە بنەڕەتدا لە ئەلفوبێی ئارامییەوە وەرگیراوە، کە ئەلفوبێی گەلێکی دیان (مەسیحی)بووە و ئەمیش دەستەخوشکی عیبرییە کە ئەلفوبێی جووەکانە.

٢-لە ڕێنووسی پێشنیازکراوی ئەنجومەنی کۆڕ (کۆڕی زانیاری کوردستان، ٢٠٠٥) دا هەردوو شێوەکە ئاماژەیان بۆ کراوە و بە (ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی) نێوی براوە!؟ بڕوانە (ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی، ئامادەکردنی: بەدران ئەحمەد حەبیب، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٥).

٣- نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو: ڕێنووس و خاڵبەندی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٦، ل١١.

٤-بڕوانە (major E.B. soan Elementarry Kurmanji Grammar Baghdad ١٩١٩) و (major E.B. soan Kitabi Awwalamini Qiraati Kurdi Baghdad ١٩٢٠ )

٥-بڕوانە ٥٧ ژمارە لە گۆڤاری (هاوار) و سێ ژمارە لە گۆڤاری (ستێر).

٦- جەمال نەبەز: زمانی یەکگرتووی کوردی، بڵاوکراوەی: یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، ئەڵمانیا، ١٩٧٦، ل٨٦.

٧-مەبەستی تا ساڵی ١٩٥٧ە.

٨- جەمال نەبەز: نووسینی کوردی بە لاتینی، چاپخانەی مەعارف، بەغداد، ١٩٥٧، ل ج.

٩-بۆ نموونە وێنەی دەنگەکانی (ڵ) و (ڕ)ی قەڵەو. بە هەوڵی مامۆستا جەمال نەبەز، وێنەیان بۆ دانرا و لە ڕێنووسەکەدا جێی کرایەوە.

١٠-بڕوانە: ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی بەرەو ڕێنووسێکی کوردی، ئەکادیمیای کوردی، ٢٠٠٩، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ل١٠.

١١-بۆ نموونە ئەو چارەسەرە گونجاوەی بۆ زۆرێک لە گرفتەکانی ڕێنووس لەلایەن مەسعود محەمەدەوە ساڵی ١٩٨٢ پێشکەشکرا، ئەمڕۆ و پاش تێپەڕبوونی ٣٦ ساڵ هێشتا وەکو خۆیان ماونەتەوە. بڕوانە (مەسعود محەمەد: چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنووس و ئەولفوبێی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، بەرگی ٩، ١٩٨٢)


زمانی کوردی
لە ئاستانەی سەدەی بیستویەکەمدا
پ. د. هۆگر شێخ مەحموود
مامۆستا لە بەشی کوردی
کۆلیژی زمان/ زانکۆی سلێمانی

سەرەتا خوازیارم سەبارەت بە هەریەکێک لەو تەوەرانەی، کە گۆڤاری خاڵ کردوونییەتە پرس، کەم تا زۆر کورتە هەڵوێستە لە ئاست هەریەکێکیاندا بکەم، چونکە پێموایە سەرجەمیان لەو پرسانەن، کە بۆ زمانی کوردی بەشێوەیەکی رژد وەڵام دەخوازن.

سەبارەت بەوەی کە ئایا زمانی کوردی بەپێوانە لەگەڵ زمانە زیندووەکانی جیهاندا لە چ ئاستێکدایە و ئایا دەرفەتی فراوانبوونی هەیە؟ لە وەڵامدا دەڵێم: پێش هەر شت دەبێت لە واتای زمانی زیندوو وردبیینەوە، لەوەدا ئایا دروست زمانی زیندوومان مەبەستە یاخود زمانە بەرکارەکان، چونکە هەرزمانێک قسەپێکەری هەبن، جا هەرچەندە بە ژمارەش کەمبن، ئەوا ئەو زمانە زیندووە.

هەرکاتێک قسەپێکەرانی نەمان، ئەو دەم وەک زمانێکی مردوو سەیر دەکرێت، بەتایبەت ئەگەر ئاسەواری نووسراو و تۆمارکراوی مابن. خۆئەگەر زمانە بەکارە کاراکانمان مەبەستبێت، کە بە پلەی یەکەم: ئینگلیزی و فەرەنسی و رووسی و ئیسپانی و عەرەبین، کە ئەمانە لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەرکارن، ئەوا ئەمە بابەتێکی ترە. هەرچۆنێکبێت، زمانی کوردی لەناو ئەو هەزاران زمانەی جیهاندا، کە دەوترێت ژمارەیان (٦٧٩٢) زمانن، ئەوا دەکرێت بڵێین لە ئاستی چلهەمین زمانەکانی جیهاندایە، لەوەدا کە خوێندن و بڵاوکردنەوەی پێدەکرێت، هاوکات لەلایەنی ژمارەی قسەپێکەرانیشەوە چلوحەوتهەمین زمانە. دیارە لێرەدا مەبەست لە زمانی کوردییە بە سەرجەم زار و گۆفەرەکانییەوە.

سەبارەت بەنیوەی دووهەمی ئەم پرسە، کە لەمەڕ دەرفەتی فراوانبوونی زمانی کوردییە، وەڵامدانەوەی وەک ئەو هەویرە وایە، کە دەوترێت ئاو زۆر دەکێشێت، چونکە پێش هەر شت دەبێت لە خۆمان بپرسین، کە ئایا زمانی کوردی زمانی نەتەوەیەکی ئازادە یاخود ژێردەست، جگە لەمەش ئایا لە یەک سنووری نێودەوڵەتیدایە، یاخود نیشتمانەکەی دابەشکراوی پێنج پارچەیە و هەرپارچەیەکیش بندەستی دەوڵەتێکی داگیرکەرە. کاتێکیش کە ئەمانەمان زانی، ئەوسا دەبێت بزانین ئایا ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانە، دانیان بە مافە سەرەتاییەکانی کورددا ناوە، یاخود لە هەوڵی بەردەوامی تواندنەوەی کورددان بە زمان و کەلتوور و ...تاد، بۆیە دەبێت چاک ئەوە بزانین، کە ئەگەر زمانێک نەکرێتە زمانی خوێندن و نەبێتە زمانی فەرمی دامودەزگای دەوڵەتی، ئەوا ئاستی فراوانبوونی دیاریکراو دەبێت، چونکە دەکەوێتە بەر کاریگەریی زمانی فەرمی نەتەوەی داگیرکەر. جا سەبارەت بە زمانی کوردی، دەکرێت بڵێین: پارچەیەکی نیشتمانی زمانەکە، کە باشووری کوردستانە، خاوەنی دیفاکتۆیەکە، کە بەپێی دەستوور زمانەکەی زمانێکی فەرمییە، بەڵام بەڵاو ئافاتی زمانەکە لەم پارچەیەدا لە رێگەی حیزبەکانی دەسەڵات و بەرپرسەکانیانەوەیە، کە لە کەمترین ئاستدا هۆشیارییان سەبارەت بە زمان و گرنگیتی زمان بۆ مانەوەی نەتەوە نییە. دەکرێت لە قسەکردنماندا لە تەوەرەکانی تردا، ئەم لایەنە پتر روونبکەینەوە.

سەبارەت بە تەوەری دووهەم، کە لەمەڕ پرسی ئاستەنگەکانی بەردەم زمانی کوردییە، ئەوا بە راشکاوی دەڵێم: یەکێک لە ئاستەنگەکانی، نەبوونی یەک دەسەڵاتی کوردی یەکگرتووە، کە خەمی نەتەوەکە خەمیبێت نەک حیزب و باڵ و ماڵ. هاوکات لەو ئاستە رۆشنبیرییەدابێت، کە بزانێت زمان کۆڵەکەی یەکەمی مانەوەی هەر نەتەوەیەکە و بە سستکردن و نەمانی زمان، نەتەوەکەش نامێنێت. بەشی دووەمی ئەم پرسە، کە سەبارەت بە مەترسی کردنی خوێندنە لە خوێندنگا و زانکۆکاندا بە زمانی ئینگلیزی، ئەوا لە وەڵامدا دەڵێم: کە ئەوەی راستیبێت ئەمە ترسێکی زۆر راستەقینەیە، بەڵام هۆکارەکەی هەر بۆ بێئاگایی بەرپرسانی هەرێم

دەگەڕێتەوە سەبارەت بە گرنگێتی زمان. دیارە ئەمە ئەگەر لە نەزانینەوە بێت، چونکە ئەگەر لە زانینەوە بێ، ئەوا دروست وەک لەناوبردنی نەتەوەکە وایە، جا ئەمە لەپێناوی چیدا و بۆ کێ و لە بەرامبەر چیدا دەکرێت، ئەوا بۆ من ڕووننییە. خۆئەگەر لە دووەمیانەوە بێت، ئەوا ئەنفالکردنی نەتەوە و کەلتوورەکەشیەتی. بەدبەختییەکەش لەوەدایە، کە بە بیانووی پێشخستن و نوێکردنەوەوە، ئەم کارە دەکرێت.

تەوەری سێیەم، کە سەبارەت بە پێوەندیی نێوان زمان و شوناسی نەتەوەییە. هەروەک پێشتر وتم: زمان کۆڵەکەی یەکەمی مانی هەر نەتەوەیەکە. هەرکات زمان نەما، ئەوا بوونی نەتەوەکە وەک نەتەوە دادەڕمێ، جا ئەگەرچی ڕەنگە نەتەوەکە وەک مرۆڤەکان بوونیان هەبێت، بەڵام دەبنە کەرەستە بۆ بنیاتی نەتەوە سەردەستەکان و دەشچنە ڕاژەی زمان و کەلتووری ئەوانیشەوە، هەرئەمەشە وایکردووە، کە بە سەدان ملیۆن خەڵکی سەر بەنەتەوەی سەربەخۆ لەلایەنی زمان و کەلتوورەوە، پاش لەنێوچوونی زمانیان، ببنە خەڵکانێکی سەر بە نەتەوەی تر، وەک ئەو ملیۆنان قیبتی و ئارامی و فینیقی و ئەمازیغی و ..تاد، کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریکادا بوونە عەرەب و بگرە ئێستا کەسانی ڕەگەزپەرستی عەرەبیشیان لێپەیدابوون.

یاخود ئەو ملیۆنان خەڵکەی، کە زمانیان بوو بە ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئیسپانی و زمانی نەتەوەیی ڕەسەنیان لەدەستدا.

سەبارەت بە تەوەری تەکنەلۆژیا و کاریگەریی و کارتێکردن، ئەم پرسەش دەکرێت بڵێین وەک ئەو کێردە وایە، کە دەشێت لە چێشتخانەدا چەندان کاری باشی پێویستیی مرۆڤی پێ بکرێت، بەڵام هەر بەو کێردە دەتوانرێت مرۆڤ بکوژرێت یاخود کەسێک خۆی بکوژێت. تەکنەلۆژیا بۆ مرۆڤ بە گشتی و بۆ زمان بەتایبەتی ڕێک ئاوایە، چونکە ئەم تەکنەلۆژیای نوێیە دەتوانێت کارگەلێکی زۆر گرنگ بۆ مرۆڤ و زمان بکات، کە لە کۆندا وەک کاری نەکردە و بگرە وەک ئەندێشە وابوون، کەچی لە ئێستادا زۆر بە ئاسانی و بێ ماندووبوون دەکرێت زۆرێک لەو کارانە دەستەبەر ببن، کە دیارە ئەمە لایەنە ئەرێنییەکەی تەکنەلۆژیایە. هەرچی لایەنە نەرێنییەکەشە، ئەوەیە کە مرۆڤ ئاوەزی خۆی بداتە دەست تەکنەلۆژیا، چونکە لەویاندا هەستەکانی مرۆڤ و سۆزەکانی لە کەمترین ئاستیشدا ڕەچاو ناکرێت، بەڵکو مرۆڤ و ڕۆبۆت تاڕادەیەک دەخرێنە ئاستێکەوە، خۆئەگەر سەرنجێک لە خوێندکارانی ئەمڕۆی کوردستان بدەین، تەنیا لە یەک گۆشەنیگای دیاریکراوەوە، کە ئەویش توانای نووسین و داڕشتنە، دەکرێت بپرسین ئایا ڕێژەی سەدیی چەندی خوێندکاران توانای نووسینێکی کوردیی بە ڕێنووسێکی کوردیی پیرەوبەندیان هەیە؟ لە وەڵامدا دەڵێم: لە کەمترین ئاستدا نەبێت بوونیان نییە. گومانیشم لەوەنییە، کە هۆکاری ئەمە جگە لە شلۆقبوونی کەرتی پەروەردە و فێرکردنمان، بەشێکی بۆ تەکنەلۆژیای نوێ دەگەڕێتەوە، چونکە زۆرینەی خوێندکاران مۆبایلی پێیە، کە کارئاسانییەکی زۆر دەکات لە زۆر لە بوارەکاندا، ئەمەش وادەکات کە ئاوەزی خوێندکارەکان ئەو چالاکییەی لە هێندێک لە بوارەکاندا نەمێنێت. تەنانەت لە بواری وەرگێڕانیشدا خۆڕادەستی وەرگێڕانەکانی گووگڵ دەکرێت، کە ئەمەش ئەگەر بۆ یەک دوو دەوربەر (سیاق) ڕاست دەربچێت، ئەوا بۆ چەندانی تر وانابێت، تۆ سەرنج لە بواری مۆسیقا بدە، کە ئەمەش هێندەی زمان بۆ نەتەوە گرنگە، بەڵام کاتێک لە ڕێگەی ئامێرە زیرەکەکانەوە مۆسیقا دەژەنرێت، بزانە تا چەند دەتوانرێت لەگەڵ تایبەتمەندییە ویژدانییەکانی نەتەوەدا یەکانگیربێت و گۆرانی شاعیروتەنی میزاجی کوردەواری تێکنەچێت!.

سەبارەت بە تەوەری جیهانگەرایی و کاریگەریی بۆ زمان، دەکرێت بڵێین:

# زمان کۆڵەکەی یەکەمی مانی هەر نەتەوەیەکە. هەرکات زمان نەما، ئەوا بوونی نەتەوەکە وەک نەتەوە دادەڕمێ

جیهانگەرایی کاریگەری لەسەر سەرجەم زمانەکان هەیە، بەڵام ئەو کاریگەرییە بۆ زمانە بێخەمخۆرەکان زۆر زیاتر دەبێت، چونکە ئەو زمانانەی کە دەستگای زمانی زانستی و هاوکات ڕامیاریی زمانی و ستراتیژی زمان و پلانی زمانییان هەبێت، ئەوا جیهانگەرایی کەمترین کاریگەریی نەرێنیی بۆیان دەبێت، دەبێ ئەوەش بزانین، کە لە ئێستادا نەتەوەکانی وەک ڕووس و فەڕەنسایی و .... تاد، لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی جیهانگەرایی لە زمانەکانیان دەترسن، هەربۆیە نەتەوەیەکی وەک فەڕەنسەیی، کە بوونی نەتەوەییان، لە شەش وڵاتی جودادا هەن، لەوانەش: کەنەدا، سویسرا، ... تاد، میریی وڵاتی فەڕەنسا، ساڵانە کۆنگرەی زانستی بۆ زمان ساز دەکات و هەلومەرجی نوێی زمان و پێشهاتەکان دەخەنە بەرباس و لەبەر ڕۆشنایی ئەو کۆکارانەی کۆنگرەکانیاندا، پلانی زمانی بەگوێرەی ئەو ڕامیارییە زمانی و ئەو ستراتیژەی هەیانە، دادەنێن.

لە هەموو ئەمانەش گرنگتر و ترسناکتر ئەوەیە، کە وڵاتێکی وەک ئەمریکا، کە زمانی ئینگلیزی پێڕەو دەکەن، هەر لە ساڵی (١٩٣٨)ەوە پەیمانگای هاوینەی زمانیان هەیە و کاری ورد بۆ زمان دەکەن. ئەمریکاییەکان لە سەرەوە لە خەمی لەناوچوونی زمانانی جیهاندان، بەڵام لەژێرەوە کار بۆ فراوانترکردنی کاریگەرییەکانی زمانی ئینگلیزی، لە سەرجەم جیهاندا دەکەن. بۆیە لەمێژە پێشبینی ئەوە کراوە، کە هەرچەند ساڵێک جارێک زمانێک یان پتر بەرەو نەمان دەچێت.

سەبارەت بە تەوەری پرۆسەی وەرگێران و زمانزانین و پرسی ئەوەی چ ڕاژەیەکی بە زمانی کوردی کردووە؟ لە وەڵامدا دەڵێم: بە دڵنیاییەوە وەرگێران بۆ هەر نەتەوەیەک تا سەر ئێسک گرنگە و بگرە سەرجەم قۆناغەکانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی، ئەگەر وەرگێران نەبووایە، ئەوا نەدەبوون. کەواتە گرنگی وەرگێران نکووڵی لێناکرێت، بەڵام دەبێ بپرسین کێ وەرگێڕە؟ یاخود بە کێ بڵێین وەرگێڕ؟ دیارە هەرکەس شتێکی لە زمانێک زانی و خۆی لێبێتە وەرگێڕ، ئەمە بێسەروبەری زیاتر هیچی تری لێناکەوێتەوە، لەبەرئەوەی کەسی وەرگێڕ دەبێت نەک هەر ئەو زمانەی خۆی بزانێت، بەڵکو دەبێت زۆر بە باشی لە کەلتووری نەتەوەکەی خۆی بەئاگابێت، ئەوجا ئەگەر بخوازێت وەرگێڕان لە زمانێکی ترەوە بۆ زمانەکەی خۆی بکات، ئەوا دەبێت ئەو زمانە و کەلتوورەکەشی بەباشی بزانێت، جگە لەوەش دەبێت هونەری وەرگێڕان بزانێت، ئەوەش بەباشی بزانێت کە وەرگێڕان زانستیشە، ئەوجا دەبێت دەستبداتە کاری وەرگێڕان، بەداخەوە لە هەرێمەکەی ئێمەدا کەسانێک هەن، کە چەندان کتێبیان خستووەتە بازاڕەوە، کەچی زمان و کەلتووری نەتەوەکەی خۆشیان بە باشی نازانن، چجای زمانی لێوەرگیراو یاخود بۆ وەرگێڕاو، کەواتە ئەمانە تەنیاوتەنیا وەرگێڕە هەڵتۆقیوەکانی بازاڕە شلۆقەکەی ئەم بوارەی کوردستانن، کە لە نەبوونی دەستگای تایبەتمەندی ئەو بوارەدا کەوتوونەتە وشکەمەلە. دیارە هەرگیز مەبەستمان ئەو ژمارە کەمە وەرگێڕە نییە، کە بەڕاستی ئەو تواناییەیان هەیە و بگرە ئەفراندنیش دەکەن، بەڵام

گرفتەکە ئەوەیە بەهەردوو چەشنەکە هەر وەرگێڕ دەوترێت و پاڵاوتنێکیان بۆ ناکرێت.

سەبارەت بەوەش، کە ئایا زمانزانین و وەرگێڕان چ ڕاژەیەکی زمانی کوردیی کردووە، دەڵێم: ڕاژەی کردووە، بەڵام لەبەر نەبوونی دەستگای تایبەتمەند بەو بوارە، ڕاژەکە هەرگیز لە ئاستی پێویستی کورد و زمانەکەیدا نییە.

سەبارەت بە تەوەری حەوتەم، کە پرسی سروشتی نێوان هزر و زمانە، دەکرێت بڵێم: بیر و زمان پێکەوە مرۆڤیان بەم ئاستەی شارستانییەتی گەیاندووە، چونکە ئەگەر مرۆڤ زمانی نەبووایە، کە دیارە زمانی ئاخاوتنمان مەبەستە، ئەوا هەرگیز نەدەتوانرا لە ڕێگەی ئاماژە و بانگ و قیژەوە بتوانرێت ئەم پێشکەوتنە بەدەستبێت، هەربۆیە زانایان و ژیربێژان لەمێژە کەوتوونەتە بیرکردنەوە لەو پێوەندییەی نێوان بیر و زمان. هێندێکیان پێیانوایە بیر لە سایەی زماندایە، هەیشن پێچەوانەکەی دەڵێن. هەرچۆنێک بێت، بەندە پێموایە ئەگەر بیر نەبووایە، ئەوا زمان نەدەبوو، بەڵام کە زمان قۆناغە سەرەتاییەکانی خۆی بڕیی و مرۆڤ کەوتە ئاخاوتن، ئەودەم زمان بووە هۆکاری پەرەسەندنی بیر، هاوکات خودی بیریش هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە، کە زمان بچالاکێنێت، تاوەکو بە کەمترین ئەرک و خێراترین کات، زۆرترین بەرهەمەکانی خۆی بگوازێتەوە، کە مەبەست و بیرە نوێیەکانن.

تەوەری هەشتەم، کە پرسی پێوەندیی نێوان زمان و ڕامیاری (سیاسەت) و کاریگەرییانە لە یەکتری، ئەم پرسە ئەگەرچی زۆر ڕووننییە، بەڵام لێرەدا دەکرێت بڵێین: ئەگەر ڕامیاریی بریتیبێت لە هونەری بەدەستهێنانی ئەوەی دەتوانرێت بەدەستبێت، ئەوا ئەم هونەرە هۆکارەکەی هەرخودی زمانە. ڕامیاری سەرکەوتوو و بلیمەت ئەو کەسەیە، کە بتوانێت خواستەکانی بەباشی بخاتە چوارچێوەی وشە و زاراوە و دەستەواژە و ڕستەی کاریگەری واوە، کە بتوانێت لە ڕێگەیانەوە بەرامبەرەکەی ڕامبکات، بەواتایەکی دی بتوانێت بەرامبەر بهێنێتە سەر ئەو باوەڕەی، کە بۆچوونەکانی ئەم بە لەبار و خاڵی بەیەکگەیشتن بزانێت، نەک دوورکەوتنەوە. جا ئەگەر پرسەکە سەبارەت بە ڕامیاری زمان بێت، ئەوا لە وەڵامدا دەڵێم: وەک زۆر لە بوارەکانی تر، زمانیش ڕامیاریی خۆی هەیە، خۆئەگەر ڕامیاریی زمانی هەبوو، ئەوا ستراتیژی زمان و پلانی زمانیش بوونیان دەبێت، کە ئەمانەش هەبوون، ئەوا دەکرێت بڵێین: هەر زمانێک ئەگەر دەسەڵاتی نەتەوەی خاوەن زمان بەپێی ڕامیاریی زمانی مامەڵە لەگەڵ زمانەکەدا بکات و پسپۆڕانی زمانیش ستراتیژ و پلانی بۆ دابڕێژن، ئەوا هەرگیز ئەو زمانە بەرەو سستبوون و پووکانەوە ناچێت و دەتوانێت پێبەپێی پێشکەوتنەکانی سەردەم هەنگاو بنێت و پێشبکەوێت، پێچەوانەکەشی زۆر ڕاستە.

تەوەری نۆیەم، کە پرسی هەبوونی ڕێنووسی ستانداردە لە باشووری کوردستاندا، ئەوا بە حەسرەتەوە دەڵێم: بەداخەوە، چونکە دەکرێت بڵێم تارادەیەکی باش تا ڕاپەڕین و بگرە چەند ساڵێک دوای ڕاپەڕینیش هەمانبوو، بەڵام دواتر چ زمانە ڕێچکەگرتووە سەد و پەنجا ساڵییەکەی بەرەو ستاندار بوون و چ ڕێنووسەکەش خرانە بەردەم پەتای ((ئۆخەی ئۆخەی هەرکەس بۆ خۆی))، بۆیە دەڵێم: نەخێر لە ئێستادا بەرەو داڕووخانمان بردووە.

سەبارەت بە تەوەری دەیەم، کە پرسی کاریگەریی ئاینە لەسەر زمان. بۆ ئەمە بەدڵنیاییەوە دەڵێم: کە ئایین کاریگەریی زۆری لەسەر زمان هەیە، تا ئەو ئاستەی کە هێندێکجار ئایین بووەتە هۆی لەناوبردنی نەتەوە و گەلانی جوداجودا، کە ئەمەش هەر لە ڕێگەی لەناوچوونی زمانەکانیانەوە بووە. دیارە پێچەوانەکەشی هەیە، لەوەدا کە زمانێکی چەپەک بەهۆی ئایینەوە پارێزراوە و گەشەیکردووە و دواتر بووەتە زمانی چەندان

نەتەوە و گەلی دیکە. دیارە دەبێت ئەوە بزانین، کە لە زۆر باردا ئەو دەسەڵاتەی کە دینەکەی دەکاتە ئایین و بڕوای دەسەڵاتدارییەکەی، ئەوا هەوڵی سەپاندنی زمانی دینەکەی بەشێوەی ناڕاستەوخۆ و هێندێکجار بە ڕاستەوخۆش دەدات، بەتایبەت لەوکاتانەدا کە دەسەڵاتە دینییەکەی هەرخۆی دەسەڵاتی ڕامیارییش بووە. جا سەبارەت بە زمانی کوردی، دەکرێت بڵێم: کاریگەریی زۆری هەبووە، چ دینەکەی بەگشتی و چ ئایینزاکانی، هەر بۆ نمونە ئایینزای جەعفەری لە ڕێگەی شیعەگەرییەوە ڕووبەرێکی فراوانی نیشتمانی کورد، کە ئاینزایان جەعفەرییە، توانراوە نەژاد و زمانی کە کوردی بووە، بۆ فارسی و عەربی بگۆڕێن، کە ئەمەش لە زۆر ڕێگەوە کراوە، لەلایەنی ئاینەکەشەوە بەگشتی، دەکرێت بڵێین چەندان خێڵ و تیرەی کورد، کە سەر بە ئایینزانی سوننەش بوون، لە ئێستادا لە ڕێگەی لەدەستدانی زمانەکەیانەوە عەرەبێنراون، بەشێوەیەکی گشتیش ئەگەر لە ڕوانگەی ناونانەوە بەتایبەت ناونانی منداڵانی کوردەوە بڕوانین، دەبینین تا سییەکانی سەدەی پێشوو، بەدەگمەن نەبێت ناونان بە کوردی نەبوو، بەڵام لە چلەکانی ئەو سەدەیەوە، بەهۆی هێندێک ڕۆشنبیری دوور ئەندێشەوە، کە ڕۆڵی پێشەنگیان لەو بوارەدا هەبوو، ناونان بە کوردی سەریهەڵدایەوە و بەرەو زۆربوون چوو، کەچی لە دوای ڕاپەڕینەوە، بەهۆی هاندانەکانی ئێران و سعوودییە و بگرە حیزبایەتی کوردی ناو دەسەڵاتداری باشووریش، کە کاریان لەسەر حیزب و گرووپی ئیسلامی بنباڵی خۆیان دەکرد، دەبینین لووزەوی ناونان بە عەرەبی و بەتایبەت بەو ناوە ئیسلامییانەی، کە هێندێکیان لەناو خودی عەرەبیشدا کەمبوونەتەوە یاخود نەشماون، سەریهەڵدا، لەوانەش: ئەنەس، ئوسامە، موسەننا... تاد، نەک هەرئەوەش، بەڵکو هاندان و پابەندکردنی ئەندامانی حیزبە ئیسلامییەکان بەوەی، کە ڕۆژباش و بەیانیباش و ...تاد وەک سەرپێچی ئایینی سەیر بکەن و تەنیاوتەنیا (سەلامونعەلەیکوم) بەکاربهێنن. گومانیش لەوەدا نییە، کە دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان، بۆ هەموو پارچەکان، ئەمەیان بەلاوە باشبوو، نەک بەکاربردنی زمانی کوردی، هەرگیز بۆ ئەوە نەدەچووم، کە بۆچی خەڵکی ناو بازاڕ، لە کۆتایی هەشتاکانەوە لەبریی خاڵە و مامە و کاکە، زاراوە (حاجی) بەکاردەبەن، جا کاتێک ئەمە بۆ ئەو کەسانە بێت کە سەردانی حیجازیان کردووە، ئەوا لەناو کورددا ئاسایی بوو، بەڵام وەک ئەوەی کە لە کەلتووری عەرەبدا بۆ هەموو بەتەمەنێک حاجی دەوترێت، ئەمە لای کورد نەبوو، نهێنیی ئەم حاجیحاجییەم لە دوای خوێندنەوەی بەرگی سێیەمی کتێبەکەی مامۆستا حەمەکەریم هەورامی، کە بە ناوی (چیرۆکی من و گوندەکەم) ە بۆ دەرکەوت، کە لە شوێنێکدا دەڵێت: ((لە دوای ڕاپەڕین لە یەکێک دەستگاکانی ئەمنی هەولێردا نووسراوێکی فەرمی ئەمنمان دەستکەوت، کە داوای هاندانی بەکارهێنانی ئەو زاراوانە لەناو خەڵکدا دەکات)). دیارە لەم قسانەمدا مەبەستم ئەوە نییە، کە خودی دین ئەوە بخوازێت، هێندەی ئەوەی کە دەسەڵاتەکان دین بۆ مەبەستی خۆیان بەکاردەبەن، چونکە بەندە ئەوە دەزانم، کە لەناو فەرموودەکانی پێغەمبەردا، فەرموودەی هەیە، کە دەڵیت: ((من حق الولد علی الوالد ان یحسن إسمه))، بێگومان ((أن یحسن إسمه)) بەواتای ئەوە نییە، کە ناوی عەرەبی لە منداڵتان بنێن، بەڵکو ناوێک دەخوازێت کە کاریگەریی دەروونی نەرێنی بۆ دەروونی منداڵەکە لە کاتی گەورەبوونیدا نەبێت.

دواتەوەر، کە پرسی بەراوردکردنی زمانی کوردییە لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا.

سەبارەت بەم پرسە، بەندە پێموایە، کە ئەگەر ئەو دوێنێیە بە پێش ڕاپەڕین دابنێین، ئەوا بێگومان دەڵێم، کە: زمانی کوردی پێش ڕاپەڕین لە زۆر لایەنەوە چاکتر بوو، چونکە نووسەر نووسەر بوو، نەک هەر قەڵەمبەدەستێک خۆبە نووسەر بزانێت و

سەلمکوێرم بکەوێتە وێژەی زمانی کوردی، یاخود ئەوسا ئەم هەموو حیزبە نەبوون، بەم هەموو کەناڵە زۆر و بۆرەوە، کە ڕۆژانە پێ بە زمان و ڕێنووس و کەلتووری کورددا دەنێن و هیچ چوارچێوەیەک بۆ پێشێلکارییەکانیان نییە. لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە، ئەوسا لە قوتابخانەکاندا لە سەرجەم باشووری کوردستاندا، کە بە کوردیخوێندن هەبوو، هەر یەک شێوەزار بوو، ئەویش ئەوەبوو، کە لە مێژبوو ڕێچکەی ستانداردبوونی گرتبوو، کەچی لە سایەی حیزبایەتی کوردیدا، کرا بە دوو شێوەزار، لەوەش خراپتر ئەوەیە، کە لە ئێستادا هێندە قوتابخانە بە زمانانی تر کراونەتەوە، کە هەلومەرجی خوێندنیش تێیاندا زۆر جیاوازە لەو قوتابخانانەی، کە بە کوردین، چونکە میریی هەرێم هاوکاریی و کارئاسانی زۆریان بۆ دەکات، ئەمە لەلایەک و لەلایەکی ترەوە ڕەوشی بەکوردیخوێندن و هەلومەرجی قوتابخانە کوردییەکان هێندە نالەبارە، کە نەک هەر بەرپرسان، بەڵکو دەوڵەمەندانیش منداڵانیان ناخەنە بەر خوێندنی کوردی، هاوکات شەوانە لە تەلەفزیۆنەکانی حیزبەکانەوە بانگەشە بۆ چاکی ئاستی خوێندنی ئەو قوتابخانانەی کە بە زمانی بێگانەن و پێشکەشی خوێندنگەکانیان دەکرێت، تاوەکو خەڵکی لە خوێندنی کوردی داببڕن.

هەڵەی گەورەش ئەوەیە، کە ئەمە بە پێشخستنی کورد ناودەبەن، نەک بە ئەنفالکردنی زمان و کەلتوورەکەی، دیارە و ئاشکراشە، کە فێربوونی هەر زمانێک بەتایبەتی ئینگلیزی، کەڵکی زۆری هەیە، چونکە ئەو زمانە بووەتە زمانێکی ناوکۆیی لە نێوان وڵاتاندا، بەڵام هەرگیز ئەمە بەو واتایە نییە، کە نەتەوەیەک بێت و واز لە زمانی زگماکی خۆی بۆ خوێندن بهێنێت و بە زمانێکی بێگانە بخوێنێت. گومان لەوەدا نییە، کە پێڕەوکەرانی ئەم چەشنە خوێندنانە، لە داهاتوودا لە کەلتووری نەتەوەی خۆشیان دادەبڕێن.

بۆیە ئەگەر مەبەست ئەوەبێت، کە خوێندکاری کورد فێری زمانی ئینگلیزی ببێت، ئەوا دەکرێت وەزارەتی پەروەردە، کار بۆ ئەوە بکات، کە مامۆستای لەبار بۆ وتنەوەی زمانی ئینگلیزی دەستەبەر بکات، تاوەکو وەک وڵاتانی تر، کە بۆ فێربوونی خوێندکارانیان، زمانی ئینگلیزی لە پرۆگرامی خوێندنیاندا هەیە و منداڵانیان فێردەکرێن و دەتوانن وەک زمانی دووەم بەکاریببەن و لێی سوودمەندبن، نەک ئەم شێوازەی هەرێم، کە تا قۆناغی دکتۆراشی وانە بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی تەرخان دەکرێت، بەڵام نەتوانراوە کەس فێر بکرێت، کەواتە دەبێت ئەو وەزارەتە بەخۆیدا بچێتەوە و پرۆگرامی وڵاتانی پێشکەوتووی خاوەن ئەزموون لەو بوارەدا بهێنێت و مامۆستای شیاوی بۆ دەستەبەر بکات، واتە بۆ فێرکردنی زمانی ئینگلیزی نەک بۆ گۆڕینی زمانی خوێندنی نەتەوەکەی بە زمانی بێگانە. ئاشکراشە، کە ئێمە مەبەستمان ئەوە نییە، کەبچین پرۆگرامی خوێندنی سوید بەسەر خوێندکاردا بسەپێنین، بەبێ ئەوەی کەشی خوێندنگای سوید و مامۆستای ئاستی مامۆستایانی سوید فەراهەم بکرێن، چونکە ئەگەر وانەکرێت ئەوا بەتەنیا بەهێنانی پرۆگرام، نەک کارەکە لەبار نابێت، بەڵکو خوێندکاری کورد دەکات بە کوردەی لە هەردوو چەژنەبوو. هەرئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئاستی خوێندن بەم شێوەیە وێرانبێت. ئەم سەرییبێدەلاکتاشینە کارێکی کردووە، کە زۆرێک لە پەروەردەکارە ڕاستەقینەکانمان بێهیواییان پێوەدیار بێت.

بەکورتی و بەکوردی، ئەگەر زمانی کوردی بەم شێوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئەوا لە داهاتوودا پەرپووت و بێزراو دەکرێت، کە هەرئەمەش خواستی ناحەزان و داگیرکەرانی نەتەوەکەمان بووە و هەیە.

# زمانی ستانداردی کوردیی و بێتاوانیی پسپۆڕانی زمان





**سەنگەر زراری**

لەدایکبووی ١٩٨١ هەولێر، ساڵی (٢٠٠٣-٢٠٠٤)-بەشی ڕاگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی هەولێری تەواوکردووە، خاوەنی شەش کتێبی چاپکراو و ژمارەیەکی زۆر وتاری بڵاوکراوەیە.

نەبوونی زمانی ستاندەر بۆ کورد، چەندە کێشەیەکی زمانیی و نەتەوەیی و کولتوورییە، هێندەش بووەتە پاساو بۆ هەموو ئەوانەی لەڕووی ڕێنووس و نووسین و دارشتنی وشە و ڕستەوە لاوازن و نازانن سێ ڕستەی ڕێکوپێک بەیەکەوە بنێن و ڕێنووسکارییەکی جوانی بۆ بکەن و بە خۆیان دەڵێن نووسەر و شاعیر و.. بەهۆی ئەم پاساوەشەوە، شەلم کوێرم دەکەونە سەر جەستەی نووسین و بە هیچ شێوەیەک نایبووێرن و گوێ بە ئاستی باشی و خراپی زمان و ڕێنووس نادەن.

نەبوونی زمانی ستاندەری کوردی، زۆری لەسەر گوتراوە و کەم کاری لەسەر کراوە، کە بەر لە هەموو شتێک ئەم کارە لە ڕێگای سەپاندن و دەسەڵاتی سیاسییەوە دەبێت، نەک بە قسەی خۆش و لە ڕێگای کاری تاکەکەس و گرووپ و دەزگایەکی دیاریکراو، بەڵام بەداخەوە حکومەتی هەرێم ئامادەیە (سەپاندن) بۆ هەموو ئەو شتانە بەکاربێنێ کە لە بەرژەوەندی خۆیدان، بۆ نموونە: ئەگەر وەرگرتنی پارە لە چینێک، یان لە بەرامبەر شتێک کە سەپاندنەکەی لە بەرژەوەندی خۆیدا بێت، ئاوی لێ ناخواتەوە و زوو بە زوو دەیسەپێنێ، بەڵام شتێکی دی لە بەرژەوەندیی گشتی، یان بەرژەوەندیی کولتووریدا بێت، دەستی لێ بەردەدات و خۆی لێ بەساحێب ناکات. هەربۆیەش لەڕووی ڕێکخستنی زمانەوە گەرەلاوژەیەک دروستبووە، کە نەک تەنیا بەرەو دروستبوونی زمانێکی یەکگرتوو ناچین، بەڵکو خەریکە زمانی نووسین و ئاخاوتنیش ئەوەندە خراپ و بێسەروبەر دەبێت، لەلایەک دیالێکتەکان لەیەک دوور دەکەونەوە و لەلایەکی دیکە بەهۆی ڕاگەیاندنی سەقەت و نابەرپرسەوە، خەریکە ئەو برە زمانەش دەشێوێ، کە لە باشووری کوردستان وەک زمانی فەرمی بەکاردەهێنرێت.

مامۆستا مەسعود محەمەد لەبارەی زمانی کوردییەوە دەنووسێت: «زمانی کوردی لە هەموو مێژوودا خاوەنێکی دەسەڵاتدار و دڵسۆزی نەبووە. لەوەتەی ماددەکان لێیان تێکچووە، بەر لە ٢٥٠٠ ساڵ زیاتر، میللەتی کورد خاوەن کیانی سیاسی و حکومەت نەبووە، تاکو توانیبێتی خزمەتی زمانەکەی بکا و بەرەوژوورتری ببا، بەهۆی سازدان و لە چەرخدانییەوە بۆ بەکارهێنانی ئەدەبی و ڕەسمی و هونەری، یاخود هەر نەبێ ڕێزمان و دەستوورەکانی بپارێزێ و وەک زمانێکی یەکگرتوو لە سەرانسەری کوردستاندا بیهێڵێتەوە»(١).

ئەو قسانەی مەسعود محەمەد بۆ ئێستاش ڕاستن، لەکاتێکدا ئێستا حوکمێکی خۆجێی هەیە، چونکە ئەم حکومەتە نەک زمانێکی یەکگرتووی کوردیی دروست نەکردووە، بەڵکو خۆی بەشدارە لە پارچەپارچەبوونی ئەم زمانە، بۆ نمونە حکومەت هەر خۆی مەنهەجی خوێندنی لە کوردستان کردووەتە دووبەش، لە ناوچەی بادینان، خوێندن بە کرمانجییە و لە ناوچەکانی سۆرانییش، بە سۆرانی، یان لە هەندێک شوێن هەوڵی جۆرێک لە تێکەڵکردنی دیالێکتەکان دەدرێت و ناوی (سورمانجی) لە (سۆرانی و کرمانجی) بۆ دادەتاشرێ، لەکاتێکدا «دروستبوونی زمانی نەتەوەیی لە تێکەڵکردنی بەزۆری دیالێکتەکانەوە دروست نابێت، وەک هەندێک بە هەڵە لە کوردستاندا لێی تێگەیشتوون، بەڵکو بڕیارێکی سیاسی دروستی دەکات، کە تێیدا یەکێک لە دیالێکتەکان بەهۆی چەند هۆکارێکی مێژوویی تایبەتەوە، دەکرێتە زمانی ڕەسمیی خوێندن و نووسین و بڵاوکردنەوە و زانست لەو وڵاتەدا، بێگومان کردنی هەر دیالێکتێک بە زمانی نەتەوەیی، هەندێک کێشە بۆ نەوەیەک لەو خوێندکارانە دروست دەکات کە یەکەمجار بەو دیالێکتە نامۆیە دەخوێنن، بەڵام لە ئاستی ناوەندی و دوورخایەندا ئەم کێشەیە بوونی نامێنێت و هەموو دانیشتوانی ئەو وڵاتە دەتوانن ئەو دیالێکتە وەک زمانی نەتەوەیی خۆیان بەکاربهێنن»(٢).

ئەگەر زمان یەکێک بێت لە ڕەگەز و پێکهاتەکانی

نەتەوە، ئەوا بێگومان بۆ کورد یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکان، چونکە ئێمە نە دەوڵەتین و نە توانیومانە چوارچێوەیەکی وەکو سنووری وڵات، یان ئایین یان هەر شتێکی دی بکەینە بنەما و چوارچێوەی نەتەوەییمان، بۆیە دەشێ زمان بکرێتە یەکێک لە بنەماکانی کۆکردنەوەی نەتەوەی کورد، بەلایەنی کەم لە باشووری کوردستان. برەودان بە زمانیش بە دروستکردنی زمانێکی یەکگرتوو دەکرێت، بێگومانیش «کێشەی زمانی یەکگرتوو لە هیچ وڵاتێکدا کێشەیەک نییە لیژنەیەک لە مامۆستا و زماناناس و پسپۆڕی تەربەوی چارەسەری بکەن، بەڵکو کێشەیەکی سیاسییە و پەیوەندی بە ئیرادەی سیاسی دروستکردن و بونیادنانی نەتەوەوە هەیە»(٣).

لەم پێودانگەوە چەند پرسیارێک دێنە پێشێ: ئایا حکومەت دەتوانێت ئەوە بکات و نایکات؟! یان حکومەت ئەوەی بۆ ڕۆشنبیران و پسپۆڕانی ئەم بوارە جێهێشتووە و ئەوان نایکەن؟!

بێگومان بۆ برەودان بە زمانی کوردی، هەوڵی تاکەکەسی و دامەزراوەیی زۆرن و ناکرێ لەبەرچاو نەگیرێن، زۆر دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە، خۆیان پێڕەوی نووسین و ڕێنووس و خاڵبەندی تایبەت بەخۆیان داناوە، «ئەکادیمیای کوردی»یش وەکو دەزگایەکی فەرمی لەمبارەیەوە هەوڵی خۆی داوە، ئەگەر تێبینیشمان لەسەر کاری ئەم دەزگا و دامەزراوانە هەبێ، دەبێ ئەوە بزانین کە ئەمانە هەوڵی سەرتاسەری نین و دەکرێ چاک بکرێن، بەڵام ناکرێ بگشتێنرێن، چونکە هیچ دەزگایەک ناتوانێ پێڕەوەکەی خۆی بەسەر کەس و شوێنی دیکەدا بسەپێنێ، ئەم دامودەزگایانە نە پۆلیسیان هەیە و نە دەسەڵاتی سەپاندنی پێڕەوەکانی خۆیان هەیە، ئەوەی ئەم ئەرکەی دەکەوێتەسەر، تەنیا حکومەتە «مەسەلەی دروستکردن و یەکخستنی زمانی نەتەوەیی، کاری ئەم لیژنە، یان ئەو لیژنەی وەزارەتی پەروەردە، یان هیچ وەزارەتێکی دیکە

نییە لە ئەساسیشدا مەسەلەیەک نییە پسپۆڕانی بواری زمان بڕیاری لەسەر بدەن، بەڵکو بڕیارێکی سیاسیی ستراتیژییە و پەیوەندی بەو عەقڵییەت و خەیاڵە سیاسییەوە هەیە کە دەخوازێت نەتەوە دروست بکات»(٤). بەڵگەشمان بۆئەوەی کە دەسەڵاتی سیاسی دەتوانێ ئەم کارە بکات ئەوەیە کە هەر ئەو عەقڵییەتە سیاسییە، کاتێک دەیەوێت بادینی بکاتە مەنهەجی دەڤەری بادینان و سۆرانی بۆ دەڤەری سۆران، دەیکات و دەیسەپێنێ و گوێ بەو نارەزاییانەش نادات کە لێی دەکەوێتەوە، بۆ وەبیرهێنانەوە، ئەوکاتەی ئەم بڕیارە دەرچوو، نەک تەنیا بەشێک لە ڕۆشنبیر و شارەزایان، بەڵکو ئەو دەڤەرانەی لە هەولێریش نزیکن و شێوەزاریان زیاتر لە سۆرانییەوە نزیکە نەک بادینی، بەڵام لەڕووی ئیدارییەوە سەر بە پارێزگای دهۆکن، نارازی بوون لەوەی بادینی بکرێتە مەنهەجی خوێندنیان، کەچی گوێیان لێ نەگیرا، لەوانەش چەند ناوچەیەکی دەڤەری بەردەڕەش.

سەردەمێک حکومەت و حیزب، هەموو شتێکیان بە سیاسەت بارگاویی کردبوو، زمان یەکێکە لەوانە کە تا ئێستاش ئەو کاریگەرییەی لەسەر ماوە «لە ئەدەبیاتی کوردیدا، ملیۆنەها وێنە دەدۆزینەوە کە بەبێ ئەو سیستەمە ڕەمزییەی سیاسەت لەناو زماندا سەوزیکردووە تەفسیر ناکرێن، بەجۆرێک دەتوانین بڵێین کە زمان لە ناوەوەڕا بەجۆرێک ئاڕاستە دەکرێت سیاسییانە بیربکاتەوە، ئەو مانا و دەلالەتە هەڵگرێت کە سیاسەت پێشوەخت پێی بەخشیوە»(٥)، تائێستاش لەڕێی دەلالەتە زمانەوانییەکانەوە تاکی کورد دەزانێ بەرامبەرەکەی سەر بە چ حیزب و لایەنێکە، یان لە چ لایەنێکەوە نزیکە، چونکە هەموو وشەکان، وەکو ناوچە جوگرافییەکان بەسەر دوو زۆنی سەرەکی دابەشبوون و تا ئێستاش ئەم هەوڵە بەردەوامە «قوتابی/خوێندکار، ئافرەت/ژن، لاو/گەنج و...» دەیان وشەی دیکە، بە جۆرێک دابەشبوون، کە

گوزارشتن بۆ ئینتیمابوون بۆ لایەنێکی سیاسی و نزیکبوون لێیەوە. ئەمە جگەلەوەی حیزبە بچووکەکانیش بە هەمان شێوەی ئەوان هەوڵیان داوە، فەرهەنگی تایبەت بەخۆیان دروست بکەن: «خۆبەخش، هەڵسووڕاو، فێرخواز و...» دەیان نموونەی دیکە، بەڵام بەهۆی بچووکیی قەبارە و پێگەی جەماوەریی ئەم حیزبانەوە، کاری ئەوان کەمتر دیارە.

کەواتە حکومەت و (لە پەناشییەوە حیزبی دەسەڵاتدار) ئەگەر خۆی کارێکی بووێ، دەیکات، بەبێ گوێگرتن لە هیچ لایەنێک، بۆ نموونە حکومەت لە وەرگرتنی باج و ڕسوومات لە دوکاندار و مارکێت و شوێنەکانی دیکەی بازرگانی ئازایە و بەردەوام فەرمان و بڕیاری نوێی بۆ دەردەکا، بەڵام بە هیچ شێوەیەک گوێ بەوە نادات کە هەمان دوکان و شوێن، تابلۆیەکی بە نووسینێکی پڕ هەڵەی هەڵواسیوە، گوایە پێناسەی شوێنەکەی دەکات و شوێنەکەی دەناسێنێ. حکومەت تەنیا ئەوەندەی دەوێ بزانێ ئەم تابلۆیە چەند مەتر و سانتیمەترە و چەندی باج دەکەوێ، بەڵام گوێ بە لایەنە کولتووری و زمانییەکەی نادات. یان ئەگەر شتێک لەگەڵ سیاسەتەکەی ئەو نەگونجێ، بڕیاری لەسەر دەدات، لەگەڵیشی نەگونجێ، یان لێی بێدەنگ دەبێ، یان بڕیاری پێچەوانە دەسەپێنێ. لەم پێودانگە، بەپێویستی دەزانم نموونەیەک بیر بخەمەوە، نزیکەی دە ساڵێک لەمەوبەر وەزارەتی ئەوقافی هەرێم بڕیاری دا ناوی مزگەوتەکان بکرێنە کوردی، من ئەو کات وتارێکم لە ڕۆژنامەی (ستاندەر) لەژێر ناونیشانی «لە مزگەوتی من و تۆوە، بۆ سوپەرمارکێتی ماشائەڵڵا» نووسی، باسی ئەوەم کردبوو کە خۆ ناکرێ ناوی مزگەوت بکرێتە «مزگەوتی من و تۆ» و سوپەرمارکێتێکیش بەناوی هاوەڵێکی پەیامبەر (د.خ) بکرێت، هەردەبێ مزگەوت بە ناوێکی وا بێت، لە مزگەوت بوەشێتەوە و مارکێتیش ناوێکی گونجاو لەگەڵ خۆی، لەلایەکی دیش، ئەو هەموو ناوە ناڕێک و بیانییە (هەر بە زمانی ئەوانیش) لەسەر سوپەرمارکێت و شوێنە بازرگانییەکان هەن، بۆ بڕیار لەبارەی ئەوان نادرێت و پەلاماری مزگەوت دەدرێت؟! (ئەگەر ئەمە پرسێکی سیاسی نەبێ)، (بەداخەوە مێژووی بڕیارەکە و وتارەکەی خۆمم بیر نەماوە)، ئەو کات برادەرێکی کاربەدەستی ئەوقاف پەیوەندیی پێوە کردم و گوتی وتارەکەت لۆژیکییە و بە وەزیری دەگەیەنم و لە وەزارەت قسەی لەسەر دەکەین، دواتر بەهۆی فشارەکانەوە ئەم بڕیارە بێدەنگەی لێکرا، بێگومانم ئەگەر لەبەر خاتری سوپەرمارکێت و شوێنە بازرگانییەکان نەبا، ئەو بڕیارەیان بەسەر مزگەوتەکان جێبەجێ دەکرد.

لەمەوە دەمەوێ بڵێم: ئەگەر کارێک لەمڕووەوە نەکرێ بەهۆی دەسەڵاتەوەیە، نەک دامودەزگا و تاکەکەس، زمان پرسێکی نەتەوەیی و سەروەرییە، نەک پرسێکی تاکەکەسی و کاری گرووپ. بەر لە هەموو هەنگاوێکیش، حکومەت دەبێ لە پەروەردەوە دەستپێبکات، هەنگاوەکانیش لەمڕووەوە نەک دڵخۆشکەر نین، بەڵکو زۆر جێگای داخن، جگە لەوەی ئەو قوتابخانە و وانانەی بە کوردین و کوردییەکەیان لە هەندێ شوێن هێندە پەڕپووتە گەورەش تێیان ناگات، نەک قوتابیی منداڵ، لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵێکی بەرفراوان هەیە بۆ بەئینگلیزیکردنی خوێندن، «هیچ گومان لەوەدا نییە، کە زمانی ئینگلیزی زمانی زانستە و توانایەکی مەزنی هەیە بۆ گەیاندنی ئەو بابەتانەی لە زۆربەی زمانانی دیکەدا تووشی ئاستەنگ دەبن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم توانایەی ئینگلزی هیچ بەڵگە نییە لەسەر بێتوانایی هێزەکییانەی زمانی کوردی، ئەگەر دەرفەتی بۆ برەخسێت تا خۆی بەشێوەیەکی کردەکی بەرجەستە بکات»(٦). ئەم دەرفەتەش لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە دەبێت و ئەم وەزارەتەش لەمڕووەوە ئەوەندە خەمساردە، خەریکە لە سایەیدا زمانی ئینگلیزی

## به دەیان کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار بڵاودەبنەوە، کە زۆر بێباکن بەرامبەر بە ڕێساکانی نووسین و ڕێزمان و ڕێنووس

بەپیرۆز دەکرێت، نەک تەنیا لە ئاستی خوێندن، بەڵکو خەریکە دەگوازرێتەوە بۆ ئاستی ئاخاوتنیش، وشەی ڕوون و ڕەوانی کوردی فەرامۆش دەکرێت و وشەی ئینگلیزی ناقۆڵا و (نەگونجاو لەگەڵ زمانی کوردی) دەئاخنرێتە ناو ئەم زمانەوە، مەسعوود محەمەد دەیگوت: «کە هەر هاتین زاراوەی بێگانە بەکاربهێنین ناشێ بە زۆرەملێ زاراوەیێکی زەق و زۆپ بەسەر زمانەکەماندا بسەپێنین مادەم پێشتر زاراوەی یەکێک لە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانمان بە ناودا بڵاوبووبێتەوە. من ئەگەر زووتر بە ئۆتۆمۆبیل-ترومبێل ڕانەهاتبامایە، چ لاریم لە «سەیارە» نەدەبوو، هەر نەبێ چونکە ئەمیان کورتترە، کە هەستی زگماکی زماناسیم بەسەر هەناسەی وشاندا ڕادەگرم، فەلەکیاتم پێ ڕەوانترە لە ئەسترۆنۆمی، ڕیازیاتیشم پێ لەبارترە لە ماتماتیک. ئەگەر لە سەرەتاوە بەو وشە ڕۆژئاواییانە ڕاهاتباین، پێویست نەدەما بەوەی لێیان بادەینەوە بۆ سەر عەرەبی، هەروەک ئێستا زەوقم لە «تەلەفۆن»ەوە بۆ «هاتف» ڕاناگوێزم، مەگەر تۆبزی لە خۆم بکەم»(٧).

لە ئاستی فەرمی و خوێندن و خوێندنەوە و نووسین و پەروەردەدا، دیسان حکومەت بەرپرسیاری یەکەمە لە برەودان بەم ناڕێکییە لە نووسین و داڕشتنەوەی کوردییانەی ڕستەکان و تەنانەت ڕێنووس و خاڵبەندییش، لەمرووەوە حکومەت تەنانەت نەیتوانیوە هیچ شتێک بۆ نوسراوی فەرمیی دامودەزگاکانی بکات، کەم نوسراوی هەر فەرمانگەیەکی حکومی هەیە (لە ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمان و دەستەی دادوەرییشەوە تا بچووکترین فەرمانگە)، کە پڕ نەبێ لە هەڵەی ڕێنووس و خاڵبەندی و گرنگینەدان بە داڕشتنێکی ڕێکوپێکی ڕستەکان. ئەمە جگە لەوەی تا ئێستاش لە هەندێ شوێن زمانی کوردی هەر بەکارناهێنرێ، دواهەمین ڕووداوی گەورە لە کوردستان، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بوو، کاتێک ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان، هەڵبژاردنەکەی پەسندکرد، لە نوسراوێکدا تەنیا بە زمانی عەرەبییەکی خراپ، پەسندکردنەکەی بڵاوکردەوە، وەکو ئەوەی هەڵبژاردن لە ناوچەیەکی عەرەبی کرابێ و پەیوەندی بە کوردەوە نەبێ، بە زمانی کوردی ئەنجامەکەی ڕانەگەیەنرا.

ئەم قسانەی لەسەرەوە کران سەبارەت بە نوسراوی فەرمانگەکانی حکومەت، قسەی سەرپێی و حوکمی ڕەها نین، بەڵکو سەلماندنی ئاسانە و هەموو فەرمانبەرێک و ئەوانەی نوسراوی حکومەت دەبینن، ئەگەر سەلیقەی زمانەوانییان هەبێ، هەست بەو ناڕێکییەی نووسینی نوسراوەکانی دامودەزگاکانی حکومەت دەکەن.

لەسەر ئاستی قسە و ئاخاوتنی ڕۆژانەش، ڕاگەیاندنەکان بەرپرسن لە تێکدانی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵک، بەتایبەتیش تێکدانی زمانی منداڵ و هەرزەکاران، ئەویش بەهۆی ئەو هەموو بەرنامە و فیلمە خراپ (لێرە خراپ، مەبەستمان تەنیا لە زمانەکەیە، کە بێگومان خراپیی دیکەشیان هەن) و ئەو دۆبلاژە بێسەروبەرانەی کە کەس نازانێ بە کوردیی چ مەملەکەتێک دەدوێن و ئەو هەموو

داڕشتنەوە نارێکەی ڕستە و قسە و ئاخاوتنی کاراکتەرەکان لە کوێوە هاتووە؟! بێگومان لەوەشدا ئەگەر ئەو بڕیارە سیاسییە هەبێت کە باسمان کرد، جۆرێک لە چاودێری لەسەر دەزگاکان دەبێت و ڕێ بە گەڕەلاوژەی زمان نادرێت.

ئەم گەڕەلاوژەیە تەنیا ئەو شوێن و دەزگایانەی نەگرتووەتەوە کە زمان تەنها وەکو ئامرازی گەیاندن بەکاردێنن، بەڵکو زۆرجار دامودەزگا ڕۆشنبیریی و کولتوورییەکانیش دەگرێتەوە، بە دەیان کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار بڵاودەبنەوە، کە زۆر بێباکن بەرامبەر بە ڕێساکانی نووسین و ڕێزمان و ڕێنووس، کتێبم بینیوە چەندینجار (بەهۆی ئەوەی کتێبێکی بازرگانییە و دەفرۆشرێ) بە هەمان هەڵە ڕێنووس و زمانەوانییەکەی جارانەوە چاپکراوەتەوە، بێ ئەوەی هیچ چاودێرییەکی بەسەرەوە بێت، ناکرێ بەناوی ئازادی ڕادەربڕینەوە، هیچ چاودێرییەک بەسەر ئەم دۆخەوە نەبێت، کە دەڵێین ئەم کارە بە سەپاندن و بڕیاری سیاسی دەبێت، بۆئەوەیە بواری ئەوە نەبێ زمان و نووسینی کوردی بێحورمەت بکرێ، یان بەناوی ئازادییەوە چاو لە هەموو ئەو ناشرینکردن و هەتککردنانە بپۆشرێ کە بە زمانی کوردی دەکرێ، چاودێر تەنیا بۆ سنووردانان نییە، بۆ ئەوەشە سنوورەکان نەبەزێنرێن، لە وڵاتانی دنیا زۆربەی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە، پسپۆڕی زمانەوانییان هەیە و باشترین نووسەر و خاوەن بەرزترین بڕوانامە کتێبیان بۆ بنێرێ، ئەم دەزگایانەی بڵاوکردنەوە لەڕووی زمامەوانییەوە پێیدا دەچنەوە، نە نووسەرەکە یان خاوەن بڕوانامەکە بەم کارەی ئەوان دڵگران دەبێ و نە دەزگاکەش ئەوە لەم ڕوانگەیەوە دەکات کە سووکایەتی بە نووسەرەکە بکات و نووسینەکەی کەمبایەخ بکات، بەڵکو هەوڵی هەموویان بۆ پاراستن و هێشتنەوەی حورمەتی زمانەکەیانە.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان**

١- مەسعود محەمەد: هەندێ بابەتی زمان و ڕێنووسی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، ٢٠١١، ل٥.

٢- فیکر و دونیا- مەریوان وریا قانیع، ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەریی ئەندێشە، چاپی یەکەم، ٢٠١٣، ل١٠٢.

٣- هەمان سەرچاوە، ل١٠٢.

٤- هەمان سەرچاوە، ل١٠٣.

٥- بەختیار عەلی: لە دیارەوە بۆ نادیار، ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەریی ئەندێشە، چاپی دووەم، ٢٠١٥، ل٣٠٧.

٦- ڕێبوار سیوەیلی: فەلسەفە، ڕەگەزپەرستی، پەروەردە،ماڵی وەفایی، چاپی یەکەم (٢٠١٦)...ل٣١٥.

٧- مەسعود محەمەد: زاراوەسازیی پێوانە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، ٢٠١١، ل١٥.

# کۆماری کوردستان، ئاخێزگەی زمان و فەرهەنگی نەتەوەیی




کۆماری کوردستان، که زادەی هەلومەرجێکی تایبەتی مێژووی گۆڕانکارییەکانی ناوەڕاستی سەدەی بیستەمە، لە بەشی ڕۆژهەڵاتی نیشتمان و لەسەر بنەمای بیر و هزرێکی نەتەوەیی و نیشتمانی ڕۆنراوە. لەبەرئەوەی بەشێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژێکاف و هاوکات کۆماری کوردستان، لە توێژی ئەدیب، نوسەر و شاعیرانی نەتەوەیی کوردستان بوون، لەناو جەرگە و گوتاری کۆماری کوردستاندا گرنگیدان بە زمان و ئەدەب و بەگشتی فەرهەنگ وەک کۆڵەکە و شاڕەگی کۆمەڵگەی کوردستان لەبەرچاو گیراوە.



**شەریف فەلاح ـ سنە**

لەدایکبووی ١٩٧٥ سنە، دبلۆم لە ئەدەبیاتی فارسی.

هەم کۆمەڵەی ژێکاف کە کۆماری لەسەر بنیاتنراوە و هەم کۆماری کوردستان، بەرلەوەی بە فەرمی وەک رێکخراو و وەک حکومەت و دامەزراوەکی نیشتمانی بناسرێن، هەردوویان خاوەن رۆژنامە و گۆڤار و بڵاکراوەی فەرمیی خۆیان بوون، کە ئەمە دەربڕی بایەخ و گرنگیدانی بەڕێوەبەران و نوخبەکانی کۆمەڵەی ژێکاف و بەتایبەت کۆماری کوردستانە بە زمان و ئەدەب وەک یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی نەتەوە.

گۆڤاری «نیشتمان» کە زمانحاڵی کۆمەڵەی ژێکاف بووە، ناوەڕۆک و هەوێنی زۆربەی بابەتەکانی لە چوارچێوەی زمان و ئەدەبی نەتەوەیی دان و بناغەی ڕەوت و قۆناغێکیان داناوە کە بە ئاراستەی بیری نیشتمانیی و ناسیۆنالیزمی زمانیدا ڕێگا دەپێوێت هەتا دەگاتە ناوەندی گوتاری بەهێزی کۆماری کوردستان.

دامەزرێنەران و بەڕێوەبەرانی کۆمار کە پەروەردەی قوتابخانەی کوردایەتی حوجرە و خانەقا نەریتییەکانی وڵاتن و بە ئاڵا و خاک و نیشتمان سوێندیان خواردووە کە خیانەت لە نیشتمان نەکەن و هەتا سەر وەفاداری پاراستنی خاک و ڕێبازی کوردایەتی بن، زمان و فەرهەنگی ڕەسەن لەلایان رووگە بووە.

ناسیۆنالیزمی و زمان لە کۆماری کوردستاندا:

کاتێک بەڕێوەبەران و بنیاتنەرانی کۆمار، گرنگیدان بە زمانی دایکی و ئەدەب و فەرهەنگی ڕەسەن دەکەنە هەوێن و ئاخێزگەی ڕاسان و بنیاتنانی قۆناغێکی گرنگ لە بزووتنەوەی کوردستان، بە ئاگایی و وشیارییەکی قووڵەوە لە سیحر و کاریگەریی زمان لە بووژانەوەی نەتەوە گەیشتبوون. ڕۆشنبیر، نووسەر و شاعیرە بیرمەند و نیشتمانپەروەرەکانی کۆماری کوردستان، وەک: هەژار، هێمن، عەبدولڕەحمان زەبێحی، حەسەن قزڵجی، محەمەد نووری (عەتری گولۆڵانی)، ڕواچی، خاڵەمین، ئاوات، حەقیقی و چەندان نووسەر و ئەدیبی ناسراوی دیکە، زۆربەیان لە قوتابخانەی بیر و هزری پێشەوای مەزن و ڕابەری کوردایەتیدا زەین و بیریان خاراو ببوو. ئەو کەڵە نوسەرانە بە باشی لەوە تێگەیشتبوون کە پەروەردە و بارهێنان بە زمانی دایکی و گرنگیدان بە فەرهەنگی ڕەسەنی خۆماڵی و بارهێنانی نەوەی نوێ بە ڕێکاری نیشتمانی کە زمان گەوهەری سەرەکی بێت، بێگومان کیان و هەرێمێک بنیات دەنرێت کە کاریگەرییەکانی بۆ هەتاهەتایە دەمێنێتەوە.

**دەسکەوتە فەرهەنگییەکانی کۆمار:**

کۆماری کوردستان، هەرچەند تەمەنی کورت بوو و دەرەتانی ئەوەی نەبوو، بە جوانی و بەتەواوەتی ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی لە بوارە جیاجیاکاندا جێبەجێ بکات، بەڵام لە ماوەی ١١ مانگدا لە بواری فەرهەنگ، زمان و ئەدەب و بەتایبەت کەرتی پەروەردە بە زمانی دایکی هەنگاوی گرنگ و کاریگەری هەڵگرتووە و قوتابخانەیەکی زمانی ڕەسەن و خۆماڵیی بنیاتناوە کە نەتەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوای حەوت دەیە کاریگەریی ئەو قۆناغە گرنگە هەر ماوە، بەڵکو ئەو کاریگەرییانە پەلیان هاویشتووە بۆ باشووری کوردستان و لە بوارەکانی زمان، شیعری کلاسیک و ڕۆژنامەگەریی سەردەمی کۆماری کوردستاندا بە دەیان کتێب و توێژینەوەی بەپێز چاپ و بڵاوکراونەتەوە.

ئەو دەسکەوتە فەرهەنگی و زمانیانەی کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بەدیهاتوون یان بناغەیان دانراوە، بریتین لە:

**گۆڤار و ڕۆژنامە:**

- ڕۆژنامەی کوردستان کە یەکێکە لە گرنگترین دەسکەوتەکانی کۆمار لە مانگەکانی یەکەمی کۆماردا جاری وا هەبووە، هەفتەیەک دوو هەتا سێ جار چاپ و بڵاوکراوەتەوە، پاش ڕووخانی کۆمار چەندین قۆناغی جیاجیای پێواوە و پاش ٧٢

ساڵ هێشتا بەردوام چاپ و بڵاودەکرێتەوە.

گۆڤارەکانی کوردستان، نیشتمان، هەڵاڵە، گڕوگاڵی منداڵان و زانست.

– دانانی پلان و سیستمی پەروەردە و بە زمان و ئەدەبی کوردیی و پرۆگرامی خوێندن و کردنەوەی چەندین قوتابخانە لە شاری مەهاباد.

– چاپ و بڵاوبوونەوەی دەیان کتێبی شیعری کوردی کە لە جۆشدان و ڕابوونی هەستی نەتەوەییدا دەوری کاریگەرییان هەبووە.

– درێژەدان بە ڕەوتی قوتابخانەی «شیعری موکریان»، هەروەها هەلومەرجی فەرهەنگی کۆمار بووە بەستێنێک بۆ نووسینی چەندین ڕۆمان و نۆڤلێتی ئەدەبی کە گرنگترینیان ڕۆمانی «پێشمەرگە»ی دکتۆر ڕەحیمی قازییە.

دوای ڕووخانی کۆمار و ڕەوینەوەی ئەو دەرەتانە گرنگە نەتەوەییە، بەهۆی ئاوارە و پەرتەوازەبوونی نوخبە و ئیلیتە فەرهەنگییەکانی سەردەمی کۆمار وەک (هەژار، هێمن، زەبێحی و قزڵجی) بۆ باشووری کوردستان، لەوێش توانیان درێژە بەو فکر و هزرە ڕەسەن و پەتییە لە بوارەی زمان و ئەدەبی کوردی بدەن و لە بەغداش لە بنیاتنانی «کۆڕی زانیاریی کورد»دا دەوری کاریگەرییان گێڕاوە.

ئەو ئەدەب و شیعرە نیشتمانییەی کە لە سەردەمی کۆماردا بەرهەم هاتووە، لەگەڵ قۆناغەکانی پێش خۆی جیاوازییەکی زۆری هەیە و داماڵراوە لە هەموو هزر و فکرێکی بێگانە و بە بیری نیشتمانیی کوردان خاراوە. هۆکاری ئەمەش بۆ گەوهەر و پەیامی ڕاستەقینەی کۆماری کوردستان دەگەڕێتەوە کە هەڵێنجراوی هزری سیاسیی و نەتەوەیی و پێکهاتەی نەتەوەیی کۆمارە کە مەبەستی ڕێکخراوێکی سیاسیی خاوەن ئامانج بووە.

ئێستا پاش حەفتا و دوو ساڵ بەسەر ئەزموونی کۆماری کوردستان، هەرچەند زمان و ئەدەبی کوردی لە هەر چوار بەشی کوردستان چەندین قۆناغ و هەلومەرجی جیای بڕیوە و بەهۆی هەندێ ئاڵوگۆڕی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی، زمان و ئەدەبی کوردی و ڕۆژنامەگەریی کوردی گەشەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام ئەگەر بێین و ئێستا لەگەڵ نەبوونی ئیمکاناتی و پێداویستیی ئەو سەردەم بەراورد بکەین، زۆر جیاوازییان هەیە، بەڵام لەڕووی پاراویی زمان و ڕەسەنایەتییەوە، بەڕای شارەزایانای بواری زمان و فەرهەنگ، ئەوکات ئامانجدارتر و قورس و قایم یاسامەند تر بووە. چونکە نوخبەکانی کۆمار پابەندی پاراستنی زمان و فەرهەنگ بوون، لەبەرئەوەی زمان لەلای ئەوان ڕۆح و کۆڵەکەی نەتەوە بوو، ئێستا کە لە دەیەی دووەمی سەدەی بیست و یەکەم داین و مرۆڤی هاوچەرخ گیرۆدەی کولتووری زاڵی بەجیهانیبوون بووە و کەرەسەکانی پەیوەندیی و دنیای ئۆنلاین و ماڵەتی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو دەرفەتەیان بە هەموو کەسێک داوە بنووسێت، بڕیار بدات و دابهێنێ، کەچی زمانی کوردی لە قۆناغیکی پاشاگەردانیی سەیردایە و لە هەندێ شوێن لە گرێژنە دەرچووە، هۆکارەکەشی بۆ نابەرپرسیارێتیی دەزگاکانی میدیا و ڕۆژنامەنووس و نوسەران دەگەڕێتەوە کە زمان لایان لەباتی ئەوەی «ئامانج» بێت، کەرەسەیە. نەبوونی پاشخانی مێژوویی، ناشارەزایی ڕۆژنامەنووس و میدیاکاران بە گەوهەری زمانی نەتەوەیی و ئەدەبی زارەکی و کلاسیکی کوردی کەش و دۆخێکی وایان خولقاندووە کە زمانی کوردی لە بنیاتنانی نەتەوەدا هاوشانی دۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتی ڕۆڵی مێژوویی و فەرهەنگیی خۆی نەگێڕێت.



# دەمەتەقێی گرووپی گوڵنار لەگەڵ
# دکتۆرە کوردستان موکریانی

ئەگەر خەرمانی وشەی کوردی و دارشتن و بەرهەمهێنانی فەرهەنگەکان بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕۆڵ و کاریگەریی و جێ پەنجەی (گیو موکریانی و حوسێن حوزنی موکریانی) باس بکرێت، ئەوە ستەمێکی هێجگار گەورە و نادیدە گرتنێکی سپڵەییانەیە.. گیو موکریانی یەکێکە لە ناوە درەوشاوەکانی بواری چاپەمەنیی و ڕۆشنبیریی و فەرهەنگسازیی کوردی، ئەو لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسلمانییەوە یەکەمین چاپخانەی هێناوەتە کوردستانەوە و لە ناوچەی ڕەواندوز دایمەزراندووە و گەورەترین خزمەتی بە زمان و ڕووناکبیریی کوردی کردووە.. یەکێك لە خاڵە هاوبەشەکانی گرووپی گوڵنار و گیو موکریانی کۆکردنەوەی ژیان و وێنەی کەسایەتییە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی کورد بووە بە خۆیی و کامێراکەیەوە.! دکتۆرە کوردستان موکریانی کچی ناوداری گیو موکریانییە، ئەویش مامۆستای زمانی کوردییە و خزمەتێکی بەرچاوی کردووە، گرووپی گوڵنار پێی باش بوو دیدارێك لەگەڵ بەڕێزیان ئەنجامبدا..

**گوڵنار: هەوڵی بنەماڵەکەت بۆ خزمەت کورد چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

موکریانی: مامم لە سەرەتاکانی سەدەی ڕابردوو هاتۆتە کوردستان، چۆتە تەورێز و پاشتر چۆتە ئەفغانستان و ئەستەمبوڵ و پاشتر چۆتە ئەرمینیا و پاشتر ڕووسیا و فەرەنسا و دوو ساڵ لە سعوودیە بووە، لەو گەڕانانەشدا دەستنووسی کوردی کۆکردۆتەوە، بەڵام لە ساڵی ١٩١٣ – ١٩١٤ لە حەڵەب نیشتەجێ دەبێت، خەریکی مۆرهەڵکەندن دەبێ، هەروەها لەسەر بەردی گرانبەها ناوی هەڵکۆڵیوە، پارەیەکی زۆر کۆدەکاتەوە و بەو پارەیە دەچێتە ئەڵمانیا و چاپخانەیەک دەکڕێ و دەیهێنێ لەوێ دایدەمەزرێنێ، بەڵام لەکاتێکدا دەبێت کە جەنگی یەکەم دەستپێدەکات و میراتی دەوڵەتی عوسمانی دابەش دەکەن، وڵاتی سوریا بەر فەرەنسا دەکەوێ، ئەویش لەوێ خەریکی وشەی کوردی دەبێ، بەڵام فەرەنسا لە بەرنامەیدا نەبووە هیچ مافێک بە کورد بدا، بۆیە مامم دەگرن و بەندی دەکەن، پاشتر بە مەرجێک ئازادی دەکەن کە لە سوریا نەمێنێ و بێتە باشووری کوردستان، پێیانگوتووە لە عێراق بەریتانیا حکومەتێکی ناوچەیی کوردی دادەمەزرێنێ برۆ بۆ ئەوێ و کوردایەتییەکەت لەوێ بکە و ئێرە جێی کوردایەتی نییە، ئەویش ناچار دەبێت لەگەڵ باوکم ساڵی ١٩٢٣ دێنە بەغدا، بەڵام کە دەبینن بارودۆخ باش نییە دەگەڕێنەوە، بەڵام هەر تەنگیان پێهەڵدەچنن و دەڵێن ئێرە جێی ئێوە نییە، ساڵی ١٩٢٥ بە چاپخانەکەیانەوە دێنەوە بۆ بەغدا و شەش مانگ نیشتەجێ دەبن، لەو کاتەدا دەنگۆی ئەوە دەبێت کە سەید تەهای نەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری دەبێتە حوکمڕانی ئەو دەوڵەتە کوردییەی کە ئەوان دایدەمەزرێنن، یا حەمدی بەگی بابان، یا مەلیک مەحموود، بەڵام مامم دەزانێت کەوا لە سلێمانی چاپخانەیەک هەیە و ئینگلیز دایمەزراندووە، دەڵێ کە لە بابان چاپخانە هەیە با منیش لە سۆران و لەمبەرەوە چاپخانەیەک دامەزرێنم، ئیدی سەید تەها دەبیات لەگەڵ خۆی و ساڵی ١٩٢٦ چاپخانەکەی لە ڕەواندز دایدەمەزرێنێت بەیەکجاریی و ناوی لێدەنێت (زاری کرمانجی) واتە شێن و گریانی کورد، لەو کاتەدا گۆڤارێکیش هەبووە بەناوی (لسان العرب) لە بەغدا دەردەچوو، عەرەب نەیزانیوە کە واتای ئەو ناوە چییە و هەروایان زانیوە (زمانی کوردی)یە، چونکە لێرە دەگوترێت: بە چ زارێک قسە دەکەیت، دەگوترێت: بە زاری کوردی..

ئەو گۆڤاری (زاری کرمانجی) لە ساڵی (١٩٢٦–١٩٣٢) بەردەوام دەبێ و ٢٤ ژمارەی لێ دەردەچوێنرێت، چونکە دایدەخەن و داخستنەکەشی لەبەرئەوە دەبێت کە لەوێدا باسی پەرلەمانتارەکانی کورد دەکات لە بەغدا کە خەمی کوردیان نییە و کێشەی کورد بەلایانەوە گرنگ نییە، لەبەرئەوە گۆڤارەکە دادەخەن.

**گوڵنار: هەستی نەتەوایەتی و خۆشویستنی زمان و بەرەوپێشبردنی ڕۆشنبیریی لەنێو خێزانەکەتاندا پاڵنەرەکەی چی بووە؟**

موکریانی: باوکم دەڵێ: «کە منداڵ بووین هەندێک بەسەرهاتیان بە کوردی بۆ دەگوتین، بەڵام ئەوەی کە نووسین بوو بە فارسی بوو»، دەمانگوت باشە ئەوە بۆچی نابێتە نووسین؟ بۆچی لە گوفتارەوە نابێتە نووسراو؟ ئەمە پاڵی پێوەناین.. دوای ئەوە لە ژمارە یەکی گۆڤاری (زاری کرمانج)یدا مامم دەڵێ: دەبێ ئەم میللەتە ڕۆشنبیر بێ، خوێندەوار بێ، خوێندەواریش لە ڕێگەی کتێبەوە دەبێت، کتێبیش لە ڕێگەی چاپخانەوە دەبێت، مامیشم دنیای زۆر دیتبوو و زانیبووی کە پێشکەوتنی میللەتان هەمووی بەهۆی نووسین و کتێب و چاپخانەوەیە، ئەویش بڕیاریداوە کە لەم بوارەدا کار بکات و، خۆی پێ بگەیەنێت.

**گوڵنار: بەراورد بە پارچەکانی تری کوردستان هەمیشە ڕۆژهەڵاتی وڵاتمان پێشەنگی نووسین و فەرهەنگ و شیعر و چاپخانە بووە، هۆکاری ئەمە چی بووە؟**

موکریانی: (بەپێکەنینەوە) باشە باشوور لێمان زویر نابێت بەو قسەیە؟ ڕۆژهەڵات بەرهەمی بیریان هەبووە، خەباتیشیان کردووە، بەڵام ناوچەکانی تریش بەرهەمیان هەبووە، ڕاستە من بە ڕەچەڵەک ڕۆژهەڵاتیم، بەڵام دەبێ پارچەکانی تریش ببینین، هۆکارەکەی بۆ کاریگەریی زمانەکەیان دەگەڕێتەوە، کاریگەریی ئەو دیالێکتەی کە ڕۆژهەڵات پێی دەنووسێت، ئەو شێوەزارە بۆ نووسین زۆر لەبارەو دەست دەدا، خوێنەر و گوێگر زۆر چێژی لێ دەبینێت.

**گوڵنار: بوونی ئەم هەموو شێوەزار و دیالێکتە تارادەیەک گورزی لە زمانی کوردی نەداوە کە نەبێتە زمانێکی یەکگرتوو؟ ئایا بوونی ئەم شێوەزارانە زمانەکەیان لاواز کردووە یا دەوڵەمەند؟**

موکریانی: من وای دەبینم دەوڵەمەندیان کردووە، بەڵام لەبەرئەوەی دەوڵەتت نەبووە و نەیتوانیوە سوود لەو هەموو دیالێکتانە وەربگرێت کەوا هەن، ئەگەر دەوڵەتت هەبا، یەکێک لەو دیالێکتانە دەبوو بە زمانێکی فەرمی، باسی زمانی ستاندارد ناکەم، چونکە زمانی ستاندارد زۆری دەوێ، بەڵام دەبوو بە زمانێکی فەرمی، ئێستاش لە باشووری کوردستان کە سەیر دەکەیت دیالێکتی کرمانجی خواروو وەکو فەرمی لێهاتووە، بەڵام ئایا لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە چی دەڵێیت؟! من ئێستا دەیبینم کە بەرەو دوو زمان دەڕوات! زمانی کوردی بەرەو ئەو دوو دیالێکتە فەرمییە دەڕوا و دەبێتە دوو زمانەوە، ئەوانیش کرمانجی خواروو و کرمانجی ژوروو.

**گوڵنار: ئەم بەرەو دوو زمان چوونەش مەترسییە؟!**

موکریانی: بەڵێ بێگومان مەترسییە.

گوڵنار: هەر لەناو باشووردا ئەم جیاکاریی و دووکەرت بوونە هەیە، یا باشوور و باکوور پێشڕەویی ئەم بە دوو زمان بوونەن؟

موکریانی: سەرنجی باشووری کوردستان بدە لە ئێستادا زمانی کوردی هیچ بایەخێکی پێ نادرێت، ئەوەندەی بایەخ بە زمانی ئینگلیزی دەدرێت ئەوەندە بایەخ بە زمانی کوردی نادرێت، ئێستا کوردێک هێندەی خەمخۆری فێربوونی زمانی ئینگلیزییە ئەوەندە خەمخۆر نییە کە لە پەنای زمانەکەی خۆیدا خۆی پێ بگەیەنێت، یا زمانەکەی خۆی باش بزانێ و شارەزای بێت، چونکە تۆ ئەگەر زمانی دایکت نەزانی هیچکات ناتوانی زمانێکی بێگانە بە باشی فێر ببیت، ئەوە زانست وادەڵێ قسەی من نییە، بەپێی ئەزموون خەڵک دیوییەتی کە وایە، لەلایەکی تریشەوە لە ناوچەی بادیناندا ئێستا کە نووسراوێک دێت لە دهۆکەوە بۆ هەولێر بە کرمانجی ژوورو دەنووسرێت، ئەمە لەسەر ئاستی باشووری کوردستان.. لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە وەری بگرین ئێستا بزاڤێک هەیە لە باکووری کوردستان بۆ نووسین و وەرگێڕان کەمێک بایەخ بە لایەنە ڕۆشنبیرییەکە دەدەن، بەڵام بە ئەلف و بێیەک دەینووسن کە ئەلف و بێیەکە ئەلف و بێی لاتینییە و، دیالێکتەکەشی دیالێکتی کرمانجی ژوروەوە، تۆ لێرە بە ئەلف و بێیەک دەنووسی ئەلف و بێی کوردی – عەرەبییە، دیالێکتەکەشت دیالێکتی کرمانجی خوارووە، کەواتە هاوتەریب پێکەوە دەڕۆن، ناشگەنە یەک، کە دەشبێتە دوو زمان بێگومان دەشبێتە دوو نەتەوە.

**گوڵنار: کێ بەرپرسی ئەم جیاکاریی و دوو بەش بوونەیە؟**

موکریانی: کورد خۆی، سیاسەت و ناوچەگەرێتی و ئایینیش ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن لەو دووکەرت بوونە.

**گوڵنار: کامیان زیاتر؟**

موکریانی: لە سەرەتای حەفتاکان دوای ڕێککەوتننامەی یانزەی ئازار هەوڵدانێکی باش هەبوو بۆ ئەوەی لە خوێندنا هەردوو دیالێکتەکە لێک نزیک بکرێنەوە، ئەوسا لێک نزیکبوونەوە هەبوو، یەکگرتن هەبوو، ناویان نابوو یەکگرتنی ئەو دوو دیالێکتە و دەوڵەمەندکردنی بە دیالێکتەکانی دیکە، جا لەناو پەرتووکی خوێندندا

ڕەنگیدابوویەوە، بەڵام زۆری نەخەیاند و تەنها چوار ساڵ بوو، ئەگەر ئەوە پەرەی سەندبا، لەسەر ئاستی باشووری کوردستان هەمووی دەخوێندرا، تەنانەت لە دهۆکیش دەخوێندرا، هەر ئەو جۆرە خوێندنە بوو، بەڵام هەوڵەکە سەری نەگرت و بابەتەکان هەموویان بوونەوە بە عەرەبی، بەڵام ئێستا خەتاکە هی خۆمانە، هیچ خەمخۆریی ئەوە نین کە ئێمە چی بکەین لەو دوو دیالێکتە، چی بکەین لەو دوو جۆرە ئەلف و بێیە.

**گوڵنار: ئەگەر ئێمە بمانەوێت زمانێکی یەکگرتوو یا ستاندارد بۆ کورد دابڕێژین، پێویستە لە هەر شێوەزارێک ملۆیەک لە وشە بێنین و زمانەکەی پێ بنیادبنێین یا ئەو شێوەزارە کامەیە کە خۆی سەربەخۆ دەتوانێت ببێتە ئەو زمانەی کە هەر چوار پارچەکە دانی پێدا بنێن؟**

موکریانی: ئەگەر بێت و لە هەر دیالێکتێک شتێک بێنین و ڕستەیەکی پێ دروستبکەین ئەوە تۆ زمانێکی ترت دروستکردووە، دەبێ یەکێکیان بێت، ئەو یەکەش ئەگەر بە ڕێگەی ئایین بێت ئەوە ئەو هۆکارە بەسەر چووە، وەک ئەوەی کە قورئان هات و زمانی یەکگرتووی عەرەبی دارشت، بۆ نموونە ئێستا مەڕۆکانییەک بێنە لەگەڵ بەسرەییەک قسە بکەن هیچ لە یەک تێناگەن، بەڵام کە بە کتێب دەخوێننەوە تێدەگەن، چونکە بۆ قورئان دەگەڕێتەوە، قورئان زمانەکەی پاراستن، کەوایە ئێمە ئەو هۆکارە ئایینییەمان نییە.. لەوانەیە ئەو نووسراوانەی کە لە هەولێر دەردەچن و دابەش دەکرێنە سەر ناوچەکانی تر ئەمە ببێتە زمانی فەرمی، چونکە لە پایتەختەوە دەردەچێت، بۆ نموونە ئێستا لە هۆڵەندا شارێک هەیە کەناڵی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆ لەو شارە پەیدا بوو زۆربەی خەڵکە ڕۆشنبیرەکە لەوێ پەیدا بوون، دەبینی دیالێکتی ئەو شارە زاڵبوو بەسەر ناوچەکانی تردا.. هی کوردستانیش دەبێتە نموونەیەکی لەو جۆرە.

هەتاوەکو ئێستا ئێمە دەیان کەناڵی تەلەفزیۆنیمان هەیە، بە سەدان ڕادیۆمان هەیە یەکێکیان ناڵێت ئەمە زمانی فەرمی حکومەتە، دەبێ تۆ زمانێکی فەرمیت هەبێ و بڵێیت ئەمە زمانی فەرمی حکومەتە، ئەم کەناڵە زمانحاڵی حکومەتە و، دەبێت بە یەک دیالێکت قسە بکەن نابێ ببێ بە دوو سێ دیالێکت.

**گوڵنار: کاتێک ئێمە هەست دەکەین (یەکێتی و پارتی) هیچ کامیان دانی خێر بەوی دیکەیاندا نانێ، باکوور و باشووریش بە هەمان شێوە، بۆچی تەنانەت لەناو نووسەرانی باشووریشدا ئەم یەک دەنگی و یەک نووسییە لە نووسینەکانیشیاندا ڕەنگی نەداوەتەوە لەکاتێکدا پێیان دەگوترێت نووسەری ئازاد؟**

موکریانی: هی وامان هەیە وشە دروست دەکا هیچ پەیوەندییەکی بە یاسای زمانەوانی کوردییەوە نییە، بۆ نموونە زانکۆ بە هەڵە دارێژراوە و لە هەردوو (زان و کۆ) پێکهاتووە دەبێ (کۆ و زان) بێت نەک زانکۆ، بەڵام ڕۆیی و لەدەستچوو، هەرکەسە و دێ وشەیەک بۆ خۆی دادەڕێژێ و دەشڕوا و هەڵەشە، سەیری ئەو هەموو ڕیکلامانە بکە لەسەر شەقام و تەلەفزیۆنەکان دەڵێ: (باشترینی سۆنی بۆ باشترینی ئێوە)، کورد کەی وای گوتووە.؟ دەبێ بگوترێت: (باشترین سۆنی بۆ ئێوە)، هیچکاتێک (ی) ناخرێتە سەر (ترین)، لە زمانی کوردیدا شتی وەها نییە، لەبەرئەوە ئێمە ئەکادیمیایەکی زمانی کوردیمان نییە، تۆ کۆڕێکت نییە بایەخ بە زمانی کوردی بداو خەمخۆریی بێ و سیاسەتێکی هەبێ بۆ پەرەسەندنی ئەو زمانە و گەشەکردنی ئەو زمانە.

**گوڵنار: ئەوەی لە حەفتاکاندا هەمانبوو کۆڕی زانیاریی کورد و یەکێتی نووسەرانی کورد ئەمانە چیان کرد؟**

موکریانی: ئەوانەی لە کۆڕی زانیاریی کورد بوون لە بەغدا نەک هەر هیچیان بۆ زمانی کوردی نەکرد، بگرە هەموویان ئیشیان بۆ خۆیان دەکرد، هەریەکە و چەند کتێبێکی چاپکرد بۆ خۆی.

**گوڵنار: کەوایە لە دیدی جەنابتەوە چ نووسەرێکمان هەیە کە ڕێڕەوێکی تایبەت بە نووسینی خۆی هەبووبێت کە نزیکتر بووبێت لە زمانی ڕاستەقینەی کورد؟**

موکریانی: سەرەتا دەبێت یەکێک لەو دیالێکتانە دیاری بکرێت بۆ زمانی فەرمی (ئیدی لای من گرنگ نییە کامیان بێت) و، ئەو دیالێکتە بکرێتە بنجی و ئینجا بە وشەی فەرهەنگی دیالێکتەکانی تر دەوڵەمەندی بکەیت.

**گوڵنار: کام دیالێکتە لای جەنابتان بنجی و بنەڕەتییە؟**

موکریانی: هەرکامیان بێت کێشە نییە، من کوردستانیم، هەرکامیان بێت دەست دەداو بۆ منیش گرنگ نییە کامیانە، بەڵام هەیە دەڵێ لەبەرئەوەی دووسەد ساڵە نووسین بە دیالێکتی کرمانجی خوارووە دەبێ زمانە بنجییەکەش هەر کرمانجی خواروو بێت، هی واش هەیە دەڵێ نەخێر من وەک کرمانجی ژوروو لە ئەحمەدی خانییەوە بوون و کاریگەریم هەبووە و ڕاستە ماوەیەک پچڕاوم، بەڵام ئێستا هەڵساومەتەوە، ئێستا دەنووسم و بەرهەمی بیرم هەیە، من پێموایە کەی دەوڵەتی کوردی دامەزرا ئەو دەمە بڕیاریش لەسەر ئەوە دەدرێت.

**گوڵنار: ئومێدت هەیە دەوڵەتی کوردی دامەزرێت؟**

موکریانی: بەڵێ، بۆ نا!

**گوڵنار: حوجرە و خانەقاکانی ئێمە لە ڕابردوودا، زانا و عاریفانی کوردەواریی چۆن توانیویانە خزمەتی زمانەکەمان بکەن؟**

موکریانی: من زۆر بەیانیان گوێ لە شیعرەکانی (نالی) دەگرم بە دەنگی کچێک ناوی (ئاواز) ە، چونکە نالی لە حوجرە گەورە بووە، هەمیشە بیر دەکەمەوە و دەڵێم: باشە ئەمە چ شتێک هانی ئەم زانایەی داوە بە زمانی کوردیی و بەوشێوە کوردییە بنووسێت؟ ئەمە لەکاتێکدا عەرەبی و فارسیشی زانیوە، دەیتوانی بە فارسی و عەرەبیش بنووسێت و ناوبانگێکی گەورەتریشی دەبوو، بەڵام بەداخەوە هێشتا مافی خۆی نەدراوەتێ بەهیچ شێوەیەک، جا بمانەوێ و نەمانەوێ ئەمە حوجرە پێی گەیاندووە، چەند کتێبێکم نووسیوە کە ٣٣٦ شاعیری تێدایە، لەوێدا باسی بەرهەمی کورتەیەک لە ژیانیانم کردووە، ئەوانەیان کە کۆنن هەموویان لە حوجرەکاندا پێگەیشتوون و فێری خوێندن و خوێندنەوەی کوردی بوون، وادیارە لەوێ کە گوڵستانی سەعدیان خوێندووە، گوتوویانە: نابێ ئێمەش شتێکمان هەبێت بەکوردی؟ جا نالی و وەفایی و مەحوی و ئەدەب یەکێکن لەوانە، هیچ دەوڵەت و کیانێکیش نەبووە و دەیانتوانی بە زمانی بێگانەش بنووسن، ئافەرین بۆیان کە بە زمانی کوردی ئەو شیعرە پڕ واتا و جوانانەیان نووسیوە..

**گوڵنار: کەوایە دەتوانین بڵێین دەرچووانی حوجرەی ئێمە پەرژین و پارێزەری زمانی کوردی بوون؟**

موکریانی: بەڵێ بێگومان، ئەگەر ئەوان نەبان چۆن دەگەیشت بە ئێمە، چونکە ئێمە تا ساڵی ١٨٩٨ تەنها شیعرمان هەیە و هیچی دیکەمان نییە، کە ڕۆژنامە داهات ئەودەم لەگەڵیدا پەخشان سەریهەڵدا، لەبەرئەوە پەخشان پێویستی بە وتارە پێویستی بە شیعر نییە، ڕاستە چەند شیعرێکیان بڵاوکردۆتەوە، بەڵام تۆ لە ڕۆژنامەدا پێویستت بە وتارە، بۆ وتاریش پێویستت بە وشەیە و ناچاری وشەش یا دابڕێژی یا قەرز بکەی، بۆیە لەپێناو وتاردا تۆ دەبێ بەرهەمێک پێشکەش بکەیت، ئەوسا ئیتر زمانەکە زیاتر بووژایەوە.

**گوڵنار: لەناو شاعیرانی کلاسیکدا کامیان زیاتر وشەی کوردی لە بەرهەمەکانیدا جێکردۆتەوە؟**

موکریانی: سێ کوچکەی بابان و وەفایی و ئەدیب.

**گوڵنار: جەنابت لە شیعرێکتدا بۆ حاجی قادری کۆیی بە پێغەمبەری کوردایەتی ناوی دەبەیت، ئەو تا چەند خزمەتی زمانەکەی کردووە؟**

موکریانی: من حاجی قادرم زۆر خۆشدەوێ،

لەبەرئەوەی یەکەم ڕووناکبیر و شاعیری کوردە بە یەکسانی سەیری ژن و پیاوی کوردی کردووە، لە شیعرێکیدا دەڵێ: (بۆچی فەرموویە نبی الامین ** اگلبوا العلم ولو بالصین ** نێر و مێ لەو حەدیسە فەرقی نییە ** ئەگەر مەلا نەهی فەرموو دینی نییە). حاجی زۆر پێش ڕووناکبیرانی تر کەوتووە لە ئاستی نەتەوەییدا.. زۆر لە سەرکردەکانی ئەمڕۆ نەتەوەیی تر بووە، بیرمەند بووە..

**گوڵنار: باست لەوە کرد لەو سەردەمەدا شاعیرانی ئێمە لەگەڵ زاڵبوونی زمانی عەرەبی و فارسی بەڵام هەر بە کوردی نووسیویانە، دەربارەی ئەو نووسەرانەی ئەمڕۆ کە زۆربەی زۆری نووسینەکانیان بە عەرەبی نووسیوە چی دەڵێن؟**

موکریانی: هاوژینی من دکتۆر جەمال ڕەشید زۆربەی بەرهەمەکانی بە عەرەبی دەنووسی، ئەو کە دەینووسی بۆئەوەی بوو دەیگوت با عەرەب کورد بناسێت، دەیویست لە تێڕوانینی کوردێکەوە عەرەب کورد بناسێت نەک لە تێڕوانینی عەرەب خۆیەوە، چونکە عەرەب لەبارەی منەوە هیچ نازانێ و هەمیشە بە کافرم تێدەگا، بەڵام نابێ تۆ هەر بە عەرەبی بنووسیت، پێویستە بە زۆربەی زمانەکان بنووسیت بۆ ئەوەی بتناسن. بۆیە ئەو نووسەرانەش ئەگەر مەبەستیان بۆ ناساندنی کورد بێ زۆر باشە، بەڵام ئەگەر مەبەست بۆ خۆی بوو‌بێت و ویستبێتی خۆی بناسرێت لە دەرەوە لەم ڕێگایەوە نەخێر هیچ باش نییە، منیش وەک خۆم دوو کتێبم هەیە بە عەرەبی، ڕۆژێکیان لە دەزگای ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی بووم سکرتێری گۆڤاری ڕۆشنبیری کوردی بووم ئەو کچەی کە دیزاینەر بوو ناوی (هەنا سەباح) بوو، هەنا لە ژوورەکەم بوو و لەوکاتەدا کچێکی دیکە هاتە ژوورەوە ناوی (نەسرین) بوو، خوشکی مەدحەت بێخێری شاعیر بوو و ئەویش لە گۆڤارەکەمان ئیشی دەکرد، (هەنا) بە عەرەبی قسەی لەگەڵ (نەسرین) کرد و دەیگوت بە کوردی وشەی ناو و فیعل هەیە؟ ئەویش نازانم

**ئەگەر زمانی دایکت نەزانی هیچکات ناتوانی زمانێکی بێگانە بە باشی فێر ببیت، ئەوە زانست وادەڵێ قسەی من نییە.**

**مەسعود محەمەد زۆر درەنگ دەستی بە نووسینی کوردی کرد، بەس کە کردی بیری دەوڵەمەند بوو، دەچوو ئەو شتانەی دەنووسی و دەگوت کە نەگوترابوون و نەکرابوون.**

**کاتێك لە زانکۆ تۆ دەخوێنیت دەبێ زمانی خوێندنت بە زمانی کوردی بێت، بەڵام ئێستا بە زمانی کوردی نییە، لەوانەشە بەلایەوە شەرم بێت خوێندنەکەشی بە کوردی بێت**

چ وەڵامێکیدایەوە، منیش هەستام بە دانانی کتێبێک بەناوی (قواعد لغه الکردیه)، لە پێشەکییەکەیدا دەڵێم: بۆیە ئەو کتێبەم داناوە بۆئەوەی بیسەلمێنم کە بەڵێ لە کوردیدا فیعل و ناو هەن وەک هەر زمانێکی تری دونیا و، زمانی کوردیش زمانە.

**گوڵنار: چی بکەین بۆ سەرلەنوێ هێنانەوەی وشەگەلێکی ڕەسەنی کوردی بۆ ناو نووسین و فەرهەنگ و زمان و شیعرمان، بەتایبەت زۆرجار شێرکۆ بێکەس کە قەسیدەیەکی نوێی دەخوێندەوە دەیگوت: کۆمەڵێک وشەی نەبیستراو هەن لەم قەسیدەیەدا کە لە فەرهەنگەکانی گیو و خاڵ و هەژاردا هەن و من جێم کردوونەتەوە؟**

موکریانی: تاکە ڕێگا بریتییە لە خوێندنگەکان، دەبێ سەرلەنوێ ئەو بابەتانەی کە بە زمانی کوردین ئەو وشانەیان تێبخرێتەوە، چونکە ئێستا هەندێ بابەت هەن وازیانلێهێنراوە و بە زمانی کوردی ناخوێندرێن و کراونەتە ئینگلیزی، دەبێ لە پۆلی یەکەمەوە بزانی چی دەدەی بە خوێندکار و بە چ زمانێکیش دەیدەیتێ، ئاستەکەی چۆنە، لەوێ تۆ دەتوانی ئەو وشانە زیندوو بکەیتەوە کەوا بەکارنایەن و پشتگوێ خراون، ئەمەش کاری وەزارەتی پەروەردەیە، کە دێیت هانی شاعیر و نووسەرەکان دەدەیت دەبێ بەلانی کەمەوە چەند دەزگایەکت هەبێ بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، دەبێ ئەو تەلەفزیۆنانەی کە هەن چەند زنجیرە باسێکت هەبن کە باسی خەمی تاکی کورد دەکەن، ئەوسا دەبینی چەند وشە دێتە ناوەوە کە هەر نەبیستراون، ئێمە هەزارەها کەسایەتیمان هەن کە کەس باسی نەکردوون، با وەزارەتی ڕۆشنبیریی بڵێت من ئەمساڵ دەمەوێ لەسەر ئەوەندە کەسایەتی کوردی زنجیرەی تەلەفزیۆنی هەبێت، تۆ بەم هەنگاوە زمانەکە دەپارێزیت و دەوڵەمەندی دەکەیت و لەوانەش وشەی نوێ بێنە ناوییەوە، لەهەمانکاتدا دەبێ ئەکادیمیایەک هەبێ بەناوی ئەکادیمیای زمانی کوردی، ئەم ئەکادیمیایە کاری ئەوە بێت کە سیاسەتێکی زۆر ڕەوان داڕێژێ بۆ بەرژەوەندی زمانی کوردیی و بووژاندنەوەی و گەشەسەندنی، دەبێ هیچ نەبێت بەرنامەیەکی تیۆرتەسەلی هەبێت، نابێ تەنیا ئەوانەی لەوێدا هەن تەنها هی باشووری کوردستان بن، دەبێ ئەندامی تێدابێ لە باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ئێمە زانای زۆرمان هەن لە دەرەوەی وڵاتن و هی پارچەکانی تری وڵاتن، ئەمانە ئەگەر لە ناوەوەش نەژین دەتوانین لەڕێی تەکنەلۆژیاوە کە یارمەتیدەرێکی باشە کاری ئەندامێتی بکەن، هەر ئێستا چیت نووسیوە دەتوانی بۆی بنێریت و ئەویش بۆ تۆی بنێرێت، بۆئەوەی ئێمە بیربکەینەوە و خەم بخۆین کە ئەو زمانە نەبێتە چەند زمانێک، ئەوەش ئیشی ئەکادیمیای زمانە، دەبێ خەمخۆریی ئەو زمانە بێت..

کاتێک لە زانکۆ تۆ دەخوێنیت دەبێ زمانی خوێندنت بە زمانی کوردی بێت، بەڵام ئێستا بە زمانی کوردی نییە، لەوانەشە بەلایەوە شەرم بێت خوێندنەکەشی بە کوردی بێت، زۆر پشتگوێ خراوە.. کەواتە وەزارەتی ڕۆشنبیریی دەبێ بەشداری تێدا بکا، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی خوێندنی باڵا، هەروەک ئەکادیمیایەک دامەزرێ بەناوی ئەکادیمیای زمانی کوردی، بۆئەوەی بتوانێ ئەم ئەرکە بەجێ بێنێ.

**گوڵنار: زمانی ئێمە لە ئێستادا لە بەردەم هەڕەشە و پووکانەوەو لاوازبووندایە، یا خونچەیەکە و بەرەو پشکوتن و گەشە دەڕواو دەبێتە گوڵ؟**

موکریانی: دەپشکوێ، بەڵام بەرەو دوو زمانی، دەبێتە دوو گوڵ، بۆیە هەر خونچە بێت باشترە، ئەگەر وابڕواو گوێی نەدرێتێ بەرەو دوو زمانی دەڕوا، من وەکو زمانەوانێک وای دەبینم، ئەو حاڵەتەش تەنها بۆ پارچەیەکی وڵات نییە، بەڵکو لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە ئەم دوو زمان بوونە ڕوو دەدا.

**گوڵنار: ئەی بۆ باشوور دەبێ ئەم حاڵەتە چۆن بێت؟**

موکریانی: لە باشووردا دەبێ ببێتە یەک دیالێکت.

**گوڵنار: دوو ئیدارەیی و دوو جوگرافیی و دوو مێژوویی، ئایا زمانیش وەک ئەوانی دیکە بووە قوربانی ئەو سیاسەتە؟**

موکریانی: بەڵێ بۆتە قوربانی، کێشەکە لێرەوە و لە باشوورەوە دەستیپێکردووە کە زمانەکەمان ببێتە دوو زمان، پارچەکانی تر زۆر ئاگایان لە باشوور نییە، لە رۆژهەڵاتدا هەبێ و نەبێ رادیۆیەیەک و یەک دوو گۆڤارە دەردەچێت هیچی تری تێدا نییە، هەموویان چاویان لە باشوورە، کەناڵەکانیش هیچیان ناڵێن من زمانحاڵی حکومەتم و ئەمە زمانی فەرمی منە، بۆیە بە هەموو دیالێکتێک قسە دەکەن، دەبێ کەناڵێکی تەلەفزیۆنی هەبێ تەنها رۆشنبیریی بێت، ئێستا ئێوە کە وەک گرووپی گوڵنار ئەو رۆڵە دەبینن، بە سەدان کەسایەتی ئێمە هەبووە لە رابردوودا بە سەدان بیرەوەریی جوان و نەگوتراویی هەبوو هەمووی لەگەڵ خۆی بردە ژێر گڵ، دەبێ وەزارەتی رۆشنبیریی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی دابنێت تەنها بچێت لەگەڵ ئەم خەڵکە قسە بکاو ژیانیان کۆبکاتەوە، بەمە دەتوانی ئەو زمانە بیووژێنیتەوە، باشە ئەگەر تۆ ئەو زمانەت نەبێ بەچی دەتوانی کەلتوورت بیووژێنیتەوە و کەلتوورت هەبێ؟

**گوڵنار: هەمیشە دەگوترێت زمان فاکت و هۆکاری مانەوەی سەرەکی هەر میللەتێکە، ئایا بە لاوازبوون و پووکانەوەی زمانەکەمان میللەتەکەشمان هەڕەشەی نەمانی دێتە سەر؟**

موکریانی: بەڵێ بێگومان، هەبوون و بەردەوامبوونی هەر میللەتێک بە رێگەی زمانە و، هەبوونی هەر رۆشنبیرییەکیش بە رێگەی زمانە، ئەگەر ئەو زمانە نەبێت بەچی لە یەکتر تێبگەین؟ ئەگەر ئەو زمانەش هەرئاوا بێبەختبێ و کەس گوێی نەداتێ، کەس خەمخۆریی نەبێت، چۆن ناپووکێتەوە؟ من چاوەڕێم نەدەکرد لە سەردەمێکدا کە حکومەتی خۆتە، بەڵام بایەخ بە زمانی کوردی نەدا!

**گوڵنار: تا چەند پێتوایە چەپۆکی داگیرکارانی کوردستان وا دەکا زمان وەک گیایەکی بە ورەو وزە لەژێر تاوێرە بەرددا زیاتر بێتە دەرەوە، هەست ناکەیت تا چەپۆکی سەدام و رژێمەکەی بەسەر کوردستانەوە هەبوو، ئێستا چەپۆکی ئێران و تورکیا زیاتر وایکردووە خەڵک بە تەنگ زمانەکەی خۆیەوە بێت و خەڵک خولیای فێربوون و خوێندنەوەی بەو زمانە زیاتر دەبێت؟**

موکریانی: راستە ئەوسا زیاتر بوو، ئەوەش نەک هەر بۆ زمان بگرە بۆ هەستی نەتەوەییش هەروایە، شتێکت بۆ بگێڕمەوە کاتێک کە گۆڤاری رۆشنبیریی نوێمان دەردەکرد، لە ژمارە سەدو ئەوەندەیدا وتارێکی تێدا بوو کە دکتۆر جەمال رەشید نووسیبووی، من لەگەڵ موسلیح جەلالی قسەم کرد و گوتم: ئەمە لەسەر (نێڤەرتیتی)یە ئەگەر بکرێت لەسەر بەرگەکەی وێنەیەکی (نێڤەرتیتی) دابنێیت، چونکە ئەو دەیویست شتێکی سرووشتی دابنێت، ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە لەو گۆڤارەدا بڵاوکرابوویەوە باسی کاریگەریی میتانییەکانی دەکرد لەسەر فیرعەونەکانی میسر، جا (نێڤەرتیتی) کچێکی کوردستانی بووە نەک کورد، لە رۆژئاوای کوردستان بووە و بە مەزەندە دەگونجێت لە زاخۆ بووبێت، هەرچەندە لە پەرتووکی (سینۆهە)شدا باسکراوە و بە باشیش ناوی ناهێنن، (سینۆهە)م خوێندەوە تەنها لەبەرئەوەی بزانم لەسەر (نێڤەرتیتی) چی دەڵێت، هەمووی باسی خراپەی ئەو ئافرەتەیە لەکاتێکدا واش نییە..

**گوڵنار: لەبارەی دیالێکتی هەورامییەوە چی دەڵێیت؟ تا چەند یاساکانی زمانەوانی لەم دیالێکتەدا جێگیرن؟**

موکریانی: هەورامی زۆرجار دەڵێ دیالێکتەکەی من لە ئاڤێستا نزیکە، بەڵام هەموو زمانێکی سەر بە گرووپی زمانانی ئێرانی و هەموو دیالێکتێکی سەر بە زمانانی ئێرانی مافی ئەوەی هەیە بڵێ منیش لە ئاڤێستا نزیکم، سەرچاوەکەم ئاڤێستایە، لەراستیشدا وایەو سەرچاوەکەی هەموویان بۆ ئاڤێستا دەگەڕێتەوە، هەورامیش دیالێکتێکە لە دیالێکتەکانی

زمانی کوردی، ئەوەندە شوێنەکەی شاخاوی بووە و ئەوەندە دوورە دەستبوونە و خەڵک تێکەڵیان نەبووە، بۆیە دەبینی هەورامی ماوەتەوە و گەشەسەندنەکەی هەر لەناو خۆی بووە و لەگەڵ دەوروبەرەکەی نەبووە، تەنانەت زازاش هەروەک خۆی ماوەتەوە، باشترین نموونەش وەرە ئاکرێ لەبەرئەوەی لە نێوان سۆران و کرمانجە دەبینیت هەردووکی تێدایە، جا هەورامیش دیالێکتێکە لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی ئەگەرچی ئەویش وا بڕوا دەبێتە زمانێکی سەربەخۆ..

**گوڵنار: مەبەستت چییە کە دەبێتە زمانێکی سەربەخۆ؟**

موکریانی: مەکەنزی بە دیالێکتێکی زمانانی ئێرانی دادەنێ بە دیالێکتی کوردی دانانێ..

**گوڵنار: ئەو هۆکارانە چین کەوا دەکەن لە داهاتوودا هەورامی ببێتە زمانێکی سەربەخۆ؟**

موکریانی: لەبەرئەوەی چەند کەناڵی تەلەفزیۆنیت هەیە کە بە هەورامی بن؟ چەند خوێندنگەت هەیە کە بە هەورامی بخوێندرێ تێیدا؟ چەند بەرهەمت هەیە بڵاوبووبێتەوە بە دیالێکتی هەورامی؟ ئەم هۆکارانە وا دەکەن لە ناوخۆی خۆیدا بمێنێتەوە هەر بۆ خۆی پەرە دەسەنێت و وەکو زمانێکی لێدێت، گرنگی نەدان بەو دیالێکتە لە میدیا و خوێندندا دەبێتە هۆکاری ئەوەی ببێتە زمانێکی سەربەخۆ، یا ئەگەر ئەوانەی هیچ نەبوو وردەوردە دەپووکێتەوە و نامێنێ، لەکاتێکدا زۆر دەوڵەمەندە بەتایبەت لە وشەدا.

**گوڵنار: نەبوونی هەورامی لە میدیا و خوێندندا وایکردووە کە ببێتە زمانێکی سەربەخۆ؟**

موکریانی: بەڵێ، یا ئەگەر ئەوانەی نەبوو وردەوردە دەپووکێتەوە و نامێنێت، لەکاتێکدا زۆر دەوڵەمەندە، لە وشەدا زۆر دەوڵەمەندە. من وەک زمانەوانێک هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردیش خۆش دەوێن، چونکە زمانی کوردیم خۆش دەوێت.

**گوڵنار: ئەم کەسایەتییانە چ خزمەتێکیان بە زمانی کوردی کردووە؟**

مەسعود محەمەد: مەسعود محەمەد زۆر درەنگ دەستی بە نووسینی کوردی کرد، بەس کە کردی بیری دەوڵەمەند بوو، دەچوو ئەو شتانەی دەنووسی و دەگوت کە نەگوترابوون و نەکرابوون، ئەو لە حەفتاکان دەستیپێکرد بەڵام نەک وەک ئەکادیمییەک، چۆن وەک لە کتێبە عەرەبییەکاندا باسی زمانی عەرەبی دەکەن، ئەویش بەوشێوەیە باسی زمانی کوردی دەکرد بە هەمان شێواز، بەڵام زۆر دەوڵەمەند بوو مەسعود محەمەد.

شوکر موستەفا: لە سەرەتادا بە شێوەزاری موکریانی دەینووسی، بەڵام دواتر هەوڵی دەدا شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەڵبژێرێت، وشەیەکی دەهێنا لە (لوڕ) وشەیەکی دەهێنا لە (زازا) وشەیەکی دەهێنا لە (هەورامی) بەوشێوەیە چەند وتارێکی لەلای من بڵاوکردەوە لە گۆڤارەکەم خەڵک لێی تێنەدەگەیشت، بەڵام ئەوەش خزمەتێکی گەورەی زمانی کوردی بوو کە ئەو کردی.

**گوڵنار: مەسعود محەمەد و مەلا شوکر کامیان زمانزانتر بوون بەتایبەت لە نووسینی کوردیدا؟**

موکریانی: شوکر دەوڵەمەندتر بوو..

**گوڵنار: بەڵام بۆچی جیاواز بە مەسعود محەمەد مەلا شوکر گومناو و باس نەکراوە و تەنها نوخبە دەیناسێت؟**

موکریانی: بەرهەمی کەمترە، خەڵکیش زۆرتر بایەخ بە مەسعود محەمەد دەدەن و وەکو بیرمەندێکی دادەنێن، لەکاتێکدا مەلا شوکر زیاتر خزمەتی زمانی کوردی کردووە.

هەژار موکریانی: زمانێکی پاراوی هەبوو، ئەویش فەرهەنگی هەیە و قورئانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و چوارینەکانی خیام و مەم و زینی ئەحمەدی خانی.. ئەوانە تاکەکەس بوون و توانیویشیانە زمانی کوردی بپارێزن.

هێمن موکریانی: مادام شیعری بە زمانی کوردی نووسیوە ئەوە پاراستنی زمانە، من پێشەکییەکەی



کە لە (تاریک و ڕوون)دا نووسیویەتی زۆر پێمخۆشترە لە شیعرەکانی، دەبا هێمن موکریانی پەخشانی نووسیبا، بەڵام بەرهەمی کەم بوو.

ئەحمەدی خانی: بە مەم و زینەکەی زۆر شتی بۆمان پاراست، کاتێک کە وەسفی نەورۆز دەکا دەڵێی ئەمڕۆیە باسی دەکا، ئەو چیرۆکەی کە لەناو مەم و زیندایە و بە تراژیدیایەک کۆتایی دێت، هەر مەمی ئالانە، بەڵام ئەو ناوی لێناوە (مەم و زین)، بەڵام شاکارێکە بۆ ئێمەی جێهێشتووە.

مەلای جەزیری: لە شیعرەکانیدا تەسەووف زۆر ڕەنگیداوەتەوە، زۆریش ماندوو بووە لە داڕشتنی، هەرچەندە لەگەڵ ئەحمەدی خانی نووسینەکانیان پڕە لە وشەی عەرەبی کە بەدیدی من بۆ ئەوە بووە کەوای پیشان بدەن کە عەرەبییان باشە..

شێرکۆ بێکەس: شاعیرێکە زۆر هەوڵیداوە کە خزمەتی زمانی کوردی بکا بە ڕێگای شیعر.

پیرەمێرد: هیچ خزمەتێک نەما نەیکا بەتایبەتی کە ڕۆژنامەی دەردەهێنا ناچار بوو وشەش داڕێژێ و دروست بکا.

گیو موکریانی باوکت: بە باوکی داهێنەری فەرهەنگی کوردی دادەنێم.

کوردستان موکریانی: ئەوەی کە کردوومە خۆم حەزم کردووە بیکەم ئەگینا بۆئەوەم نەبووە پێم بگوترێت ئافەرین.

**گوڵنار: لە ڕێزمانی کوردیدا تا ئێستا کێشەی دوو واوی و دوو یایی هەیە و هەر نووسەرە و جۆرێک قسەی لەسەر دەکا؟**

موکریانی: ئەوە لەوەوە هاتووە کە کاتێک تۆ بە لاتینی دەینووسی (wi) ناڵێی وولات ڕاستەکەی ئەوەیە کە وڵاتە، لە کرمانجی ژووروو دەڵێن وەلات. بۆیە لە زمانی کوردیدا وشەمان نییە لە سەرەتای نووسینییەوە بە دوو واوی بنووسرێت، جاران (ورچ، وشە) هەبوون و بە دوو واو دەنووسران، بەڵام ئێستا بە یەک واو دەنووسرێن، لەبەرئەوە دەبێ ئێمە ئامێرمان هەبێت ئەو دەنگانە تۆمار بکا بزانین ئەو وشەیە کامەی درێژە و کامەی کورتە، ئەوە لە لێنینگراند (کەریمی ئەییووبی)و خێزانی پێکەوە خەریکی ئەوە بوون، بەڵام ئێستا شتێکی سەیر هەیە کە دەڵێ: دەبێ (دوو – بوو – توو) بە یەک واو بنووسرێن، ئەوکاتە تۆ تێکەڵی دەکەیت لەگەڵ وشەی دیکە (کووڕ – کوڕ، توور – تور). ئینجا مەسعود محەمەد پێشنیارێکی هەبوو بۆ ئەو ئەلف و بێیە فەتحەیەکی لەسەر دادەنا وەکو عەرەبی، بەڵام سەری نەگرت، عەرەبیش زۆری پێخۆش بوو کە مەسعود محەمەد ئەوەی کرد و گوتیان دەبێ لە هەموو دام و دەزگاکانی کوردستان ئەم ڕێنووسە پەیڕەو بکرێ. یەکێک لەوانەی کە کاری بەو شێوازە نەکرد من بووم.

# کولتووری میوانداری لە پەیوەندی هزر و زمانی پەندەکانی پێشیناندا






**ڕەنجە عەبدوڵڵا**

لەدایکبووی ١٩٩١، بەکالۆریۆس لە کۆمەڵناسی - زانکۆی سلێمانی(٢٠١٣)، ماستەر لە زانکۆی سەکاریا - تورکیا (٢٠١٨)

مەبەست لە کولتوور ئەو دەساوردە بینراو و نەبینراوانەیە کە مرۆڤ بەدرێژایی ژیانی بەرهەمیهێناوە، بەواتایەکی دیکە هەموو ئەو دابونەریت و بەها و خوو و بیروباوەڕانەی کە بەلایەنی مەعنەوی(نامادی) کولتوور دەناسرێن، بەشێکی کولتوور پێکدەهێنن، لەلایەکی دیکەوە لایەنی مادی کولتووریش مەبەست لێی دیوە ماتریالیی و فیزیکییەکەیەتی کە بەرچاو و بینراوە، وەک لایەنی بیناسازیی و هونەر و تەکنەلۆژیا و هتد.. یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی کولتوور گواستنەوەیەتی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە (بە هەموو سەربارکردن و گۆڕانکارییەکانەوە). ئەوەی لە پڕۆسەکەدا ڕۆڵی بنەڕتی دەگێڕێت زمانە. لێرەدا مەبەست لە زمان وەک پارچە گۆشتێکی ناو زار یان ئامرازێکی قسەکردن و گرتنی پەیوەندی نییە، بەڵکو وەک دەزگایەکە کە «گوتار» بەرهەمدەهێنێت.

بنەمای سەرەکی بۆ تێگەشتن لە کولتووری نەتەوەیەک، لە ڕێگەی کارکردن بۆ تێگەشتن لە هزر و بیری ئەو میللەتەوە دەبێت، لەم چوارچێوەیەدا زمان خاڵی بنەڕەتییە هەم بۆ تێگەیشتن لە هزر و هەم بۆ گواستنەوەی کولتوور لە نێوان نەوەکاندا. زمانیش لە هەردوو شێوەی نوسین و قسەکردندا دەردەکەوێت، لێرەوە هەر میللەتێک ئەوەی لە ڕێگەی نوسین و قسەکردنەوە دەیخاتە ڕوو ڕاستەوخۆ دەڕێژێتە نێو کولتوورەوە، بەم هۆکارەیە کە زمان بە بنەڕەتیترین ڕەگەزی کولتوور دادەنرێت. ڕەنگە کەمتر هەست بەوە بکرێت ئەو قسانەی کە دایکێک بۆ دواندنی منداڵەکەی، گفتوگۆی نەخۆش و پزیشکەکەی، فرۆشیار و کڕیارەکەی، یا ئەو نوسینەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا کەسێک دەینوسێت، ڕۆماننوسێک، سیاسییەک، مامۆستایەکی ئاینیی هتد.. لە ڕێگەی نوسین و قسەکردنەکانیانەوە، هەموو ئەمانە ناخود ئاگا دەچنە نێو کولتوورەوە. بۆیە ئەگەر دەرفەتی ژیانکردن لەنێو کۆمەڵگە و کولتوورێکدا نەبێت کە دەمانەوێت توێژینەوەی لەبارەوە بکەین، ئەوا لە ڕێگەی زانینی زمانی ئەو میللەتەوە، دەتوانین توێژینەوە لە هزر و بیری ئەو کۆمەڵگەیە بکرێت.

بۆ ئەم پڕۆسەیەش زمان چەندین ئامرازی گواستنەوەی کولتووری هەیە، پەندی پێشینان لە گرنگترینی ئەو کەرەستانەیە. پەندی پێشینان وەک گوێزەرەوەی هزری ناو زمان، بەرهەمی ژیانی کۆمەڵایەتیی و ئەزموونکردنی ڕووداوەکانی واقیعی کۆمەڵایەتییە. پەندەکانیش نەوە بە نەوە و دەم بە دەم ئەگوازرێنەوە، قوڵ و مانادارن و قاڵبێکی دیاریکراویان هەیە. بەمانایەکی دیکە بیرکرنەوەی هاوبەشی خەڵکە لەبارەی ڕوداوێکەوە، واتە لەبەرئەوەی پەندەکان لە ڕابردوودا لەبارەی حاڵەت یا دیاردەیەکەوە وتراوە، زمانی پەندەکە یارمەتی تێگەیشتن لە هزری ئەو قۆناغە مێژووییەی ژیان دەدات، کە پەندەکەی تێدا دروستبووە، واتا زمان بە تەنها کەرەستەی کەشفکردنی کلتور نییە، بەڵکو یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە مێژووی کۆمەڵایەتی.

چەمکی کولتوور لە زمانی لاتینییەوە وەرگیراوە، مانای زاراوەیی و بنەڕەتی وشەکە لە (colere)ەوە هاتووە، لە زمانی لاتینیدا مانای ئەم وشەیە بریتییە لە کرداری (کارکردن، ڕێکخستن، بونیادنان، چاندن و دورینەوە). کردارەکە بەگشتی مانایەکی فیزیکی بۆ کاری مرۆیی لە چەمکی کولتووردا هەیە. لە سەرەتادا ڕۆمانەکان ئەم چەمکەیان بەکارهێناوە بۆ ئەو کەسانەی کە لە بواری کێڵگە و کشتوکاڵدا کاریان کردووە، لەڕاستیدا چەمکەکە لە بەرامبەر هەوڵە مرۆییەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیدا بەکارهێنراوە تاوەکو جیابکرێتەوە لەو ڕووەکانەی کە لە دەرەوەی هەوڵی مرۆڤ بەشێوەیەکی سروشتی دەروێن و گەشە دەکەن(١).

چەمکی کولتوور لەم سەردەمەدا بەشێوەیەکی گشتی بە سێ جۆر مانا لێکدانەوەی بۆ دەکرێت. بەڕای ولیامز(٢) لە مانای یەکەمدا کاتێک ئەم

چەمکە ئاڕاستەی تاک دەکرێت، مەبەست لەو کەسەیە کە هزرێکی کراوە و پێشکەوتووی هەیە، لەگەڵ بەها و پێودانگەکانی کۆمەڵگەکەیدا خۆی گونجاندووە و بەها و سیمبولەکانی شاری لە خۆیدا جێبەجێکردووە، لە هەمانکاتدا بە کەسێکی «ڕۆشنبیر» ناوزەند دەکرێت. لەلای سیمس و ڕایلی(٣) مانای دووەمی کولتوور، مەبەست لەو چالاکییە کولتووریانەیە کە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدا ئەنجامدەدرێت، وەک ڤیستیڤاڵ و فیلم و شانۆ و چالاکی هونەریی و مۆسیقیی و کاری میدیایی و هتد.. لەڕاستیدا کێشەی ئەم دوو بۆچوونە لەوەدایە چەکی کولتوور کورتدەکاتەوە بۆ (هونەرە جوانەکان کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان) وەک سینەما و پێشانگای جلوبەرگ و کاری دەستی و هتد..

لێرەدا چەمکی کولتوور بەستراوەتەوە بە شار و کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانەوە، ئەمەش بە تەنها کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان دەکاتە خاوەنی کولتوور و داهێنان، کە لەڕاستیدا تێروانینێکی بێلایەنانە نیە لە توێژینەوەی کۆمەڵگەکاندا. هەرچی بەکارهێنانی سێیەمی کولتوورە، کە کۆمەڵناس و مرۆڤناسەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە، مەبەست لەو بەدیهاتوانەیە ک بەدرێژایی مێژوو چ لەڕووی واتایی و چ لەڕووی مادییەوە مرۆڤ بەرهەمیهێناوە، وەک دابونەریت و بەهاکان، بیروباوەڕ و ئایدیاکان و هونەر و تەلارسازیی و تەکنەلۆژیا و هتد.. گرنگی ئەم بۆچوونە لەوەدایە دان بەبوونی کولتوور لەلای هەموو کۆمەڵگەکانی دونیادا دەنێت بە کۆمەڵگە سەرەتاییەکانیشەوە.

پێش لەدایکبوونی تاک چوارچێوەیەکی کولتووری دیاریکراو لەهەر کۆمەڵگەیەکدا بوونی هەیە، لەگەڵ ئەوەی تاکەکە هیچ ڕۆڵێکی نەبووە لە دروستکردنی ئەو کولتوورەدا، بەڵام بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی پرۆسەی بەکولتووربوونەوە تاک کولتووری کۆمەڵگەکەی بەدەستدەهێنێت، ئەمەش لە کۆمەڵناسیدا بە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون ناودەبرێت. کولتوور لەم پرۆسەیەدا بەوشێوەیەی کە خۆی دەیخوازێت تاک پەروەردە دەکات. لەهەمانکاتدا پێکەوەیی و هاوبەندی کولتووریی لە ڕێگەی هێنانە ژێر کۆنترۆڵەوە بۆ هەموو ئەندامە نوێیەکانی کۆمەڵگا دەستەبەر دەکات. لە قۆناغەکانی دیکەدا لە ڕێگەی گرووپەکانی هاوڕێ، قوتابخانە، مزگەوت، شوێنی کار، گرووپەکانی دیکەی خاوەن وردە کولتوور بە کولتووری کۆمەڵگەکەی کاریگەر دەبێت. لە دنیای ئەمڕۆشدا بەهۆی کاریگەری کرانەوە و جیهانگیرییەوە، تاک کاریگەر دەبێت بە دنیای دەرەوە و کولتووری کۆمەڵگاکانی دیکە(٤). لە گواستنەوە و وەرگرتنی کولتووردا زمان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت. لەهەمانکاتدا پەیوەندییەکی تۆکمە لە نێوان زمان و بەهێماییبوونی کولتوور و بەدەستهێنانی مانا لەلایەن هێماکانەوە هەیە(٥).

زمان و کولتوور لە پەیوەندییەکی ئاڵۆزدان، هەڵبەتە بەپێی گۆڕانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لەڕووی ڕەگەز و پۆلێنی کۆمەڵایەتیی و چینی کۆمەڵایەتیی و تەمەن و هتد.. زمان گۆڕانی بەسەردا دێت. بەڵام لەهەمانکاتدا چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی هەموو جیاوازییەکان لەخۆدەگرێت و خۆی وەک کولتوور دەناسێنێت.

**پەیوەندی هزر و زمان:**

زمان، گەنجینەی هزر و هەستەکانە، هەر لەبەرئەمەشە وەک ڕەگەزی سەرەکی کولتوور دیاری دەکرێت. بەگشتی حەوت تیۆری دەربارەی سەرهەڵدان و پەیدابوونی زمان هەن، سەرجەمی تیۆرییەکان جەخت لە گواستنەوەی هزر لە ڕێگەی زمانەوە دەکەنەوە. بەگوێرەی تیۆرییەکان ئەو مانا و هزر و دەلالەتانەی کە زمان لەخۆیدەگرێت، کولتووریش هەر بریتی دەبێت لەو هزر و مانایانە، چونکە ئەگەر زمان گوێزەرەوەی کولتوور بێت، کولتووریش بۆ نمایشکردنی خۆی پێویستی بەو

زمانەیە(٦).

لەبارەی وەڵامی ئایا زمان چییە، لەلایەن زمانەوان و مرۆڤناسەکانەوە پێناسەگەلی ورد خراونەتەڕوو. ئێدوارد ساپیر، بەهۆی ئەو سیستەمە هێمایانەی کە بەرهەمیهێناوە، زمانی وەک کەرەستەی گوێزەرەوەی هەست و هزر دیاریکردووە. بەبۆچوونی زمانەوانی سەردەم (هاڵ) مرۆڤەکان بەهۆی ڕاهاتن لە بەکارهێنانی ئەو سیمبولانەی کە لە کاتی پەیوەندی گرتندا بەکاریدەهێنن، خودی زمان دەکەنە سیستەمێکی دامەزراوەیی، بەم پێیە زمان دەبێتە بەشێکی سەرەکی کولتووری کۆمەڵگە(٧). بەگوێرەی ئەو توێژینەوانەی ساپیر ئەنجامیداوە، هەموو زمانێک لەناو خۆیدا خاوەن سیستەمێکی باڵایە، لەهەمانکاتدا زمانی وەک پێشمەرجی دروستبوونی کولتوور دیاریکردووە و کولتووریشی وەک دەرئەنجامی کارلێکی نێوان تاک و کۆمەڵەکان وێناکردووە.

بە بۆچوونی سۆسێر «زمان وەک کەرەستە و توانای قسەکردن، بەرهەمی کۆمەڵگایە(٨)». واتا ئەگەرچی تاک خودان توانای قسەکردنە، بەڵام ئەم توانایە لە حاڵەتی مانەوەی تاکدا بەبێ کارلێکی کۆمەڵایەتی گەشەی نابێت و دەوەستێت، بەڵام بەپێچەوانەوە لە کۆمەڵگەدا گەورە دەبێت و گەشە دەکات. لەڕاستیدا گەڕان بەدوای پەیوەندی زمان و هزر، ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی چەند پرسیارمان دەکات. ئایا زمان ڕەنگدانەوەی هزرە یا هزر ڕەنگدانەوەی زمانە؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە هەندێک لە زمانەوانان باوەڕیان بە پێشکەوتنیی زمان بەسەر هزردا هەیە، هەندێکیشیان بەپێچەوانەوە ڕایان لەسەر پێشکەوتنی هزرە بەسەر زماندا، هەندێکی دیکەیان پێیانوایە زمان و هزر لە پەیوەندێکی دیالێکتی بەردەوامدان و هەموو دەم سەرلەنوێ یەکتر بەرهەمدەهێننەوە. لە کۆنەوە ئیبن خەلدوون زمان و هزری چواندووە بەو دوو ئەسپەی کە بەردەوام پێکەوە گالیسکەیەک ڕادەکێشن، کە لەهەر لادانەوەیەکدا یەکێکیان پێش ئەوی دیکەیان دەکەوێت. ئەوەی کە بەردەوامی بە مرۆڤ دەدات ئەو دوو توانایەیە، ئەوانیش لە ڕێگەی کارلێک و وەک بەرهەمی کۆمەڵگە چالاکی دەنوێنن.

ئەوەی کە هاوبەندی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا دروست دەکات و گەنجینەی کولتوورە، مێژووی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە نمایش دەکات و پەیوەندی تاکەکانی کۆمەڵگە ڕێکدەخات، زمانە. بەم هۆکارانە زمان لەناو کولتووردا دەبێتە خاوەن هەژموون و دادگا و دادوەر. بۆیە زمان و کولتوور ڕەنگدانەوەی یەکترن، لەناو کولتووردا چی هەبێت زمانیش ئەوە دەگەیەنێت، لەنێو زمانیشدا چی هەبێت لە کولتووردا ڕەنگدانەوەی دەبینرێت. لەگەڵ گەشە و پێگەشتنی زماندا کولتوور پێشدەکەوێت، لەگەڵ گەشە و پێشکەوتنی کولتووردا زمانیش دەوڵەمەند دەبێت، کاتێک بەتەنها دیراسەی هەریەک لەم دووانە دەکرێت، زیاتر هەست بە کاریگەرییان لەسەر یەکتر دەکرێت(٩). بەدیدی ئەنتۆنیۆ گرامشی «ئەگەر زمان ئەو ڕەگەزانە لەخۆبگرێت کە لەنێو کولتووردایە، ئەوا بەکارهێنەرانی ئەو زمانە بەگوێرەی ئەوە دونیابینی و ڕەفتارەکانیان ڕێکدەخرێت، لەو ڕێگەیەوە (لە زمانەوە) ئەتوانین لە دونیابینی نەتەوەیەک تێبگەین(١٠)». هەر لەبەرئەمەشە کە جیاکردنەوەی هزر و زمان لەیەکتر کاری نەکردەیە، چونکە لەو سنورانەدا کە زمان کێشاوییەتی مرۆڤ دەتوانێت ئیفادەی خۆی بکات و هزرەکانی دەرببڕێت و بەرهەمبهێنێت. کاتێک کە گۆران دەڵێت:

هەرچەند ئەکەم ئەو خەیاڵەی کەپێی مەستم، بۆم ناخرێتە نێو چوارچێوەی هەڵبەستم ئیتر ئەوە نابێتە خەیاڵ و هزر، چونکە نەهاتووەتە ناو زمانەوە، کە لەناو زمانیشدا نەبوو ناتوانرێت لێی تێبگەیت و نازانین ئەو شتە چیە کە کەسەکە پێی

مەستە و دەیەوێت بەیانی بکات. بۆیە دابڕینی زمان و هەست لەلایەک، زمان و هزر لەلایەکی دیکەوە کارێکی نامومکینە.

کاتێک لە گۆشەنیگای زمانەوە لە کولتوور دەڕوانرێت، ئەوا تەواوی کولتوور بە پاڵاوگەی زماندا تێپەڕ دەبێت. ئالێرەوە گرنگی زمانی دایک لە فێربوون و ناسینی کولتووردا دەردەکەوێت، چونکە هەتا بچوکترین گفتوگۆش کردارێکی کولتوورییە. هەر لەبەرئەمەش زمان نمایشکەر و گوێزەرەوەی کولتوورە وەک ئەوەی کە هەیە. بەم هۆیەوە زمان خاوەن پێگەیەکی گرنگە لە سەلماندنی بوونی نەتەوەدا. لەبەرئەوەی کە زمان و کولتوور بەیەکداچوون، گەشە و دەوڵەمەندبونیشیان پەیوەستە بەیەکترەوە(١١).

زمان لە گرنگترین ڕەگەزەکانی دیاریکردنی شوناسی تاک و نەتەوەیە. کاتێک تاکێک لە کۆمەڵگەیەکی بیانیدا خۆی دەبینێتەوە، پۆشاک و خواردن و شێوازی ژیان و کولتووری کۆمەڵگە بیانییەکە پەیڕەو دەکات، لەژێر کاریگەری ڕەفتار و توخمە کولتوورییەکانی ئەواندا دەبێت، بەڵام لە حاڵەتی بەکارنەهێنانی زمانەکەیاندا و قسەکردن بە زمانی دایک دەردەکەوێت کە ئەم تاکە کەسێکی بیانییە، بەپێچەوانەشەوە کە زمانە بیانییەکەی بەکارهێنا لە ئاسایترین حاڵەتدا تەنها دەزانرێت کەسێکی بیانییە، بەڵام سەر بە چ نەتەوە و کولتوور و زمانێکە، بێگومان ناناسرێتەوە. خۆ ئەگەر زمان لەسەر ئاستی نەتەوە بەتێپەڕبوونی کات بەرەو لاوازبوون و پووکانەوە بچێت، ئەوا مەترسی لەناوچوون و توانەوەی نەتەوە هەیە. بۆیە دەبینین زۆرجار لە تەنیشت ئامرازەکانی دیکەی چەوساندنەوەی نەتەوە ژێردەستەکاندا، لەلایەن دەوڵەتانی ئیمپریالیستەوە هەوڵی پشتگوێخستن و وەلانانی زمانی نەتەوە ژێردەستە لە خاکە داگیرکراوەکەیاندا دەدرێت، چونکە دەزانن داگیرکاری تەنها لە پرۆسەی گرتنی خاکدا کورتناکرێتەوە، بەڵکو داگیرکردن و گۆڕینی زیهنییەت و زمان بەکاردەهێنن وەک ڕێگەیەک بۆ کاڵکردنەوەی کولتوور و هزری نەتەوە.

زمان و هزر بەرهەمێکی کۆمەڵایەتیین لە ڕەوڕەوەی مێژوودا دروست دەبن، لەبەرئەوەی زمان پرۆسەیەکی هێمایییە هزریش هەر بەهۆی زمانەوە دەردەبڕدرێت. پەندی پێشینانیش ڕەگەزێکی میللییە کە هزر و زمان لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، لەهەمانکاتدا خاوەن پێگەیەکی گرنگە لە ئەدەبیاتی زارەکیدا(١٢). پەندەکان هزر و نەریت و شێوازی ژیانی میللەت دەخەنەڕوو. پەندەکانی هەر نەتەوەیەک ئاوێنەی دوێنێ و ڕابوردوو و بوونی میللەت پیشاندەدات. لەناو پەندەکاندا بەها و ترادیسیۆنەکان و بیروباوەڕ و وانەی ئەخلاقی و ئامۆژگاریی و ڕێنمایی دەبینرێت(١٣). پەندەکان هزر و بیرن، ئەزموونی ژیانی کۆمەڵایەتین، ئەم هزرانە لە شێوەی کورتدا و هەندێکجار لە شێوەی شیعردا لە ڕێگەی زمانەوە وەک میراتێکی کولتووری نەوە بە نەوە دەردەبڕرێت و دەگوازرێتەوە. سەرەڕای ئەوەی پەندەکان لە ڕووخساردا کورتن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەڵگری مانای قوڵ و پوختن. هزری ناو پەندەکان لە ڕێگەی زمانەوە وەک بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی دەم بە دەم لە گواستنەوەدایە، بەم هۆیەوە پەندەکان بەتەواوی مرۆیی و وتراوێکی کۆمەڵایەتییە. ناوەڕۆکی پەندەکانیش گرنگترین مەسەلەکانی نێو ژیانی کۆمەڵایەتی دەکەنە پەند و وانە، لەڕووی ئابووریی و کۆمەڵایەتی و ئاینیی و سیاسیی و فەرهەنگی و پەروەردەییەوە. لەهەمانکاتدا پەندەکان چوارچێوەیەکی دیاریکراویان هەیە و لەقاڵبدراون. واتا ناکرێت هەرکەس بەخواستی خۆی گۆڕین لە فۆرم و وشەکاندا بکات، چونکە لەوە بترازێت ئەوانە لە پەند دەردەچن. پەندەکان بێ خاوەنن کەسێکی دیاریکراو خاوەندارییان

# زمان بە بنەڕەتیترین ڕەگەزی کولتوور دادەنرێت.

ناکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەمی هەموو کۆمەڵگەن، بەپێچەوانەوە ئەگەر پەندی کەسی هەبێت بەناوی خاوەنەکانیانەوە ناو دەردەکەن، نموونەی پەندەکانی پیرەمێرد. کە تەنها بەرهەمی نوسەرێکە و بەناوی ئەوە دەمێنێتەوە، بەڵام پەندی پێشینان بەرهەمی کۆیە و هەر بەنادیاریی و نەناسراوی دەمێنێتەوە.

کە شێوازی دەربڕینی پەندەکان دەگۆڕدرێن یان هەوڵی گۆڕینی دەدرێت کاریگەریی و ماناکەی لەدەستدەدات. لەبەرئەوەی پەندەکان بەرهەمی هزر و زمانی کۆیە، کاتێک بونیادەکەی بەر گۆڕان دەکەوێت ماناکەشی تێکدەچێت. دیسان لەبەرئەوەی بەرهەمی خەڵکە بەپێی گونجاندنی لەگەڵ شوێن و شیوەزار و لادێ و شار و لەهجەکاندا گۆڕانێکی کەم بەسەر فۆرمەکەیدا دێت، بەشێوەیەک کە کاریگەری لە ناوەڕۆکی پەندەکان ناکات(١٤). بەشێوەیەکی گشتی پەندەکان بریتین لە ڕستەیەکی کورت، کە ڕاستەوخۆ تێگەشتن و شیکردنەوەیان ئاسان نییە، چونکە شتێک پیشاندەدات و شتێکی دیکەی مەبەستە. بۆئەوەی لە مەبەستی پەندێک تێبگەین دەبێت بزانرێت ئەم پەندە لە چ سیاقێکدا و بۆ چ مەبەستێک وتراوە. واتا بەکارهێنانی پەند لە شوێنی خۆیدا خاڵی بنەڕەتی تێگەشتنە لە پەندەکە. هەر لێرەوەیە هەندێکجار بەڕواڵەت وادەردەکەوێت کە دوو پەند لە پارادۆکسدان و یەکتر ڕەتدەکەنەوە، لەڕاستیدا ئەمە هیچ نییە جگەلەوەی کە نازانرێت لە چ بارودۆخێکدا و چۆن پەندەکە بەکاربهێنرێت(١٥). لەلایەکی دیکەوە ئەم پەندانە بەرهەمی خەڵکن و خەڵکیش دەکرێت تێگەیشتنی جیاوازیان بۆ ڕووداو و دیاردەکان هەبێت.

**میوانداری لە کولتووری کوردیدا:**

لێرەدا نموونەی کولتووری میواندا میواندۆستی لە واقعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیدا، بەمانایەکی دیکە لە هزر و ڕەفتاردا وەردەگرین، ئایا دەرکەوتەی هزرەکان سەبارەت بەم بابەتە چۆنە و چۆن بووە، لە نموونەی پەندەکانی پێشیناندا بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەگەڕێین. بەمانایەکی دیکە ئەو پەندانەی کە پەیوەندییان بە کولتووری میواندۆستییەوە هەیە لە زماندا چۆن دەرکەوتوون و تا چەند ڕەنگدانەوەی هزر و واقیعە کۆمەڵایەتییەکە بوون.

میوانداری، پرۆسەیەکە لەسەر دوالیزمەی میوان-خاوەن ماڵ وەستاوە، ئەگەرچی لە نیگای یەکەمدا وادەردەکەوێت کۆی پرۆسەکە دەکەوێتە سەر خاوەن ماڵ، بەڵام لەڕاستیدا پرۆسەکە بەبوونی فیگۆری دووەم کە میوانە مانا وەردەگرێت. بۆیە دەبینین زۆرجار پەندەکان ئاڕاستەی خاوەن ماڵ کراون، بەڵام لەهەمانکاتدا دەربارەی عادات و نەریتی سەردانیکردن، فیگۆری میوانیش پەندی ئاڕاستە کراوە. گرنگیدان بە میوان، وەها مامەڵەی لەگەڵ بکرێت کە هەست بکات لە ماڵی خۆیدایە، یارمەتیدانی میوان لەکاتی بوونی هەر کێشەیەکدا، بەجوانترین شێوە پێشوازیی و خزمەتکردن، بە زمانێکی خۆش گفتوگۆی لەگەڵ بکرێت و بەشێوەیەک نەبێت کە ببێتە هۆی بێزاری میوان، لە سەرووی هەموو ئەمانەوە بەخۆشەویستی و دۆستانەوە مامەڵە لەگەڵ میوان لە گرنگترین ئەو ڕەفتارانەن کە لە پرۆسەی میوانداریدا پێویستە خاوەن ماڵ (میواندار) لەگەڵ میوانەکەی ئەنجامی بدات. میواندۆستیش بە کەسێک دەوترێت کە

ماڵەکەیی و قسەکردن و سفرەکەی لەگەڵ میوانەکەی بە باشترین شێوە هاوبەشی پێبکات.

لەکۆمەڵگەی کوردیدا کولتووری میوانداری لە کۆنەوە لە نەریت و عاداتە باوەکانی تاکی کوردی بووە، بۆیە نمونەی زۆرێک لە پەندەکان دەبینین کە لەبارەی میوانەوە خراوەتەڕوو، بەمانایەکی دیکە ئەوەی لە هزر و کۆنەستی کۆمەڵگەدا بووە، لە زمانیشدا لە شێوەی پەندەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، دواتریش کاتێک لە گفتوگۆدا پەندەکان بەکاردەهێنرێن، ئەمانیش سەرلەنوێ کاریگەرییان دەبێت لە پرۆسەی بەرهەمهێنانەوەی هزر و کولتووری میوانداری.

لە پەندەکاندا نمونەی گەورەیی و خۆشەویستی میوان دەبینرێت، بۆیە کاتێک پەندەکە دەڵێت: «مێشی میوانی نییە» خۆ لەڕاستیدا ئەم پەندە ئاڕاستەی کەسێک دەکرێت کە بێباکە بەرامبەر هەموو شتێک، بە مانایەکی دیکە بوونی میوان باکبوون و پابەندبوونە لەلایەن میواندارەوە ئەگەر میوانەکە تەنانەت شتێکی بچووکی وەک مێش بێت.

لەکاتی شیکردنەوەی پەندەکاندا بەر دوو جۆر لە پەند دەکەوین، یەکەمیان بە ڕواڵەت باسی میوانداری دەکات، بەڵام لە ناوەڕۆکدا باسەکەی پەیوەندی بە بابەتێکی دیکەوە هەیە، جۆری دووەمیان لە ڕواڵەتی پەندەکە بابەتەکە باسێکە لە دەرەوەی بابەتی میوان، بەڵام ناوەڕۆکی پەندەکە مەبەستی میوانداریییە. بۆیە لێرەدا وەک دانانی پێوەرێک بۆ وەرگرتنی پەندەکان تەنها ئەو پەندانە وەردەگیرێن کە وشەکانی «میوان، میوانداری، میواندۆستی»یان تێدا بینراوەتەوە، بۆ ئەمەش سود لە حەوت سەرچاوەی پەندی پێشینانی کوردی وەرگیراوە، لە قۆناغی یەکەمدا پەندەکان جیاکراونەتەوە و دواتریش پەندە لێکچوو و دووبارەکان وەلانراون.

بەشێک لە پەندەکان ئاڕاستەی کۆی تاکەکانی کۆمەڵگە کراوە و تێیدا هانی میوانداری دراوە، بەوەی کە میوان شیرین و ڕەتنەکراوەیە، ئەمەش جارێک وەک ئازیز و جارێک وەک خەڵاتی خوایی بۆ خاوەن ماڵ ناسێنراوە:

«میوان ئازیزە»

«میوان خەڵاتی خوایە»

«میوان خۆشەویستی خوایە، خێر و بەرەکەتی لەگەڵدایە»

«میوان جەژنی خانە خوێیە»

«ماڵی بێ میوان وەک گۆڕستان وایە»

«میوان ڕزقی لەسەر خۆیەتی»

بەگشتی لە ڕێگەی زمانی پەندەکانی سەرەوە جەخت لەسەر بڵاوبوونەوە هزر و کولتووری میوانداری دەکرێت. ئەڵبەت خودی ئەم پەندانە کە هاندەری پرۆسەی میواندارین، ئەوە دەردەخەن کە کەسانێک لە کۆمەڵگەدا بەدەم پرۆسەکەوە نین، ئەمانەش ماڵیان وەک گۆڕستان ناسێنراوە، یاخود کەسانێک لە خەرجییەکانی میوانداری سڵەمیونەتەوە بەمانەش وتراوە کە میوان ڕزقی لەسەر خۆیەتی. بەپێچەوانەوە میوانداری نەکردن بەشێوەیەکی دروست وەک پەڵەیەکی ڕەشە بەناوچاوی خاوەن ماڵەوە، ئەمەش لە ڕێگەی پەندی:

«میوان نانت خواردییە؟» دەبینرێت. کە تێیدا خاوەن ماڵ دەبێت باشترین خزمەت پێشکەشی میوان بکات، نەک پرسی پێبکات.

لەهەمانکاتدا بەشێکی دیکەی پەندەکان ئاڕاستەی میوان کراوە، ڕەنگە هەندێک لە پەندەکان لەبەرئەوەی لە کۆنەوە وتراون وەڵامگۆی سەردەمی نوێ نەبن، بۆ نمونە ئاگادارکردنەوەی پێش سەردانکردن لە پەندەکاندا ئاماژەی بۆ نەکراوە، چونکە ئەم نەریتە نوێیە و لەم ساڵانەی دوایدا بەهۆی تەکنەلۆژیاوە جێبەجدەکرێت. بۆیە

دوور نییە لە ساڵانی داهاتوو پەند دروست ببێت لەبارەی ئاگادارکردنەوەی خاوەن ماڵ لە ویستی سەردانکردن لەلایەن میوانەوە.

«میوان بە دیارییەوە جوانە»

«ماسی و میوان مانەوە بۆگەنی دەبن»

«میوانی بێ دیاری کافر بێ بەحاڵی»

«میوانی جار و بارا شیرین و شیرین کردارا»

«میوانی هەمیشەیی پێشوازی لێناکرێ »

وەک لەو پەندانەی کە ئاراستەی میوان کراون دەردەکەوێت بنەمای میوانداریش دیاری کراوە، بۆیە کە میوان کاتێک سەردانی شوێنێک دەکات دەبێت دیارییەک لەگەڵ خۆیدا ببات ئەگەرچی بچووکیش بێت، لەلایەکەوە نابێت سەردانکردن زۆر و ماوەدرێژ بێت، چونکە «کە زۆر هاتن قەواڵە بەتاڵە». بەپێچەوانەوە میوانی و سەردانکردن دەبێت ناوبەناو بێت، ئەگینا لەبری جەژنی خانەخوێ دەبێتە هۆی بێزاربوونی. لەهەمانکاتدا مانەوە بۆ ماوەیەکی زۆر لە میوانی دەردەچێت و ئیتر پێشوازی لێناکرێت، چونکە وەک پەندەکە دەڵێت: «کشە کشە مریشکە ڕەشە، میوان جارێک دوجار خۆشە ». لەڕاستیدا بەجۆرێک جەخت لەکاتی گونجاوی سەردانیکردن و میوانی کراوەتەوە، بەوەی کاتێک لە پەندەکەدا ڕوو لە میوان دەکرێت و پێی دەوترێت: «میوانی درەنگ وەخت گلەیی خۆی لەسەرخۆیەتی» یان «میوانی ناوەخت نانی لەسەر خۆیەتی». بەومانایە کاتێک و لە پڕ لە شوێنێک میوان خۆی دەبینێتەوە، سەر سفرەی خواردن هەرچی تێدا بوو دەبێت قبوڵی بکات، بەپێچەوانەوە گلەیی لەسەر خۆیەتی. بەم مانایە کاتێک لە پەیوەندی ئۆتۆریتانەی دوالیزمی میوان خاوەن ماڵ وردەبینەوە، جۆرێک لە سەپاندنی دەستەڵات بوونی هەیە، خاوەن ماڵ هەرچی بکات و هەرچی بێت دەبێت میوان لەو چوارچێوەیەدا و بەپێی هەوەس و حەوسەڵەی خاوەن ماڵ بجوڵێتەوە. بەدیدی جاک دریدا میوان و خاوەن ماڵ لە پەیوەندییەکی سیاسیدان، سرووشتی ئەم پەیوەندییە لە مۆدێرنەدا خودی خاوەن ماڵ دەکاتە سەنتەر و لەکاتی میوانداریدا لەبری نزیکبوونەوە، دووریی و دابڕانێکی قوڵتر دروست دەبێت. هەر خودی ئەوەی کە میوان بە دیارییەوە قبوڵکراوترە، درزکەوتنە نێو پەیوەندییەکە ئاشکرا دەکات. وەک لەم پەندانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

«میوان سەگی هاهایە، هەویری شلە و لێی نایە»

«میوان کەری خانە خوێیە»

«میوان و خانەخوێ کە بوو بە شەڕیان، چارەی میوان هەر ڕۆینە»

«میوان بە خوڵقی خانەخوێوە بەندە»

هۆکاری سەنتەربوونی خانەخوێ پەیوەندی بە دەستەلاتداربوون و موڵکایەتیماڵەوە بۆ خاوەن ماڵ هەیە، لەلایەکی دیکەشەوە دانانی سنورە بۆ میوان و داخستنی فەزاکەیە بەسەر میواندا. هۆکاری ئەمەش وەک لە پەندەکاندا ئاشکرا کراوە:

«میوان زۆر ڕووی پێ بدەی، دەبێ بە خاوەن ماڵ»

«میوان ڕقیەتی لە میوان خانەخوێ لە هەردووکیان»

«میوان هات خاوەن ماڵی دەرکرد»

لێرەدا ئەوەی گرنگە سەرنج بدرێت، کۆی ئەو دیاردانەی کە لە پەندەکانی پێشیناندا و بە نمایندەیی زمان لەبارەی میوانداریییەوە خراوەنەتەڕوو، هەموو دیاردەکان لە واقعی کۆمەڵایەتیدا دەبینرێتەوە، هەر لە کولتووری میوانداریی و ئاداب و هەڵسوکەوتی میوان و خانەخوێوە هەتاوەکو ناسینەوەی سنورەکانی نێوان ئەو دوالیزمەیە. بە ئێستاشەوە لەگەڵ هەندێ سەرباركردنە نوێیەکاندا بۆ ئەم دیاردەیە کە بەرهەمی هزرە هەم لە واقعدا و هەم لە زماندا دەبینرێت. زمانیش لە ڕێگەی پەندەکانەوە لە گوتاردا کار لەسەر دووبارەکردنەوەی ئەو نەریتانە لەگەڵ نەوەی نوێدا دەکات.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

1. Özlem, D. (2012). Kültür Bilimleri ve Kültür Felsefesi (1. b.). İstanbul: Notos Kitap Yayınevi. ( s. 158 ).

2. Williams, R. (1993). Kültür (1. b.). (S. Aydın, Çev.) Ankara: İmge Kitabevi Yayınları.(Orijinal baskı tarihi 1976). ( s. 9-10 ).

3. Smith, P. ve Riley, A. (2016). Kültürel Kurama Giriş (1. b.). (S. Güzelsarı ve İ.Gündoğdu, Çev.) Ankara: Dipnot Yayınları. ( s. 20 ).

4. Güvenç, B. (1997). Kültürün Abc'si (1. b.). İstanbul: Yapı Kredi Yayınları. (s. 85-87).

5. Mengü, G. (2003). Dil-Kültür İlişkisine Antropolojik Bir Bakış. B. Yediyıldız (Ed.). Dil, Kültür ve Çağdaşlaşma. Ankara: Hacettepe Üniversitesi Atatürk İlkeleri ve İnkılap Tarihi Enstitüsü Yayınları. (s. 18).

6. Edgar, A. ve Sedgwick, P. (2007). Kültürel Kuramda Anahtar Kavramlar Sözlüğü (1.b.). (M. Karaşahan, Çev.) İstanbul: Açılımkitap Yayınları. (Orijinal baskı tarih 2001). (s. 197).

7. Ünalan, Ş. (2012). Dil ve Kültür (5. b.). Ankara: Eskiyeni Yayınları. (s. 2).

8. Saussure, F. d. (2013). Göstergeler ve Dil. J. C. Alexander ve S. Seidman (Ed.). Kültür ve Toplum(1. b.). (N. Yavuz, Çev.). Istanbul: Boğaziçi Üniversitesi Yayınları. (s. 71).

9. Güvenç, B. (1997). Kültürün Abc'si (1. b.). İstanbul: Yapı Kredi Yayınları. (s. 47-48)

10. Gramsci, A. (2013). Kültür ve İdeolojik Hegemonya. J. C. Alexander ve S. Seidmen(Ed.). Kültür ve Toplum (N. Yavuz, Çev.). İstanbul: Boğaziçi Üniversitesi Yayınevi. (s. 71).

11. Uygur, N. (2013). Kültür Kuramı (1. b.). Istanbul: Yapı Kredi Yayınları. (s. 21-22).

12. Kurt, İ. (1991). Türk Atasözlerinde Psikolojik Bir Yaklaşım (1. b.). Ankara: Kültür Bakanlığı Yayınları. (s. 57).

13. Güleç, H. (2002). Halık Edebiyatı (1. b.). Konya: Çizgi Kitabevi Yayınları. (s. 26 ).

14. Elçin, Ş. (1998). Halk Edebiyatına Giriş (5. b.). Ankara: Akçağ Yayınları. (s. 627).

15. Albayrak, N. (2009). Türkiye Türkçesinde Atasözleri (1. b.). İstanbul: Kapı Yayınları. (s. 30).

### پەندەکان لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگیراون:

عەلی، عومەر شێخ الله: پەندی کوردیی، چ١، دەزگای ڕۆشنبیریی و بڵاوکراوە کوردی، بەغداد، ١٩٧٢.

خاڵ، شێخ محەمەد: پەندی پێشینان، چ٥، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٤.

لەک، هۆشیار نوری: گوڵبژێرێک لە پەندی کوردی، چ٤، سلێمانی، ٢٠١٢.

عوسمان، کاروان: پەندە باوەکان، چ٣، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠١٠.

ڕەشاش، حەمید: پەندی کوردی، چ١، بڵاوکراوەی کۆڕی زانیاری کوردستان و ئەکادیمیای کوردی، دهۆک ،٢٠١٠.

شارەزووری، عەلی مەعروف: پەندی پێشینانی کورد، بەرگی یەکەم، چ٢، بڵاوکراوەی کتێبخانەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، سلێمانی، ٢٠١٠.

هەڵەبجەیی، حسێن محمود: پەندی گەلان، چ٢، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠١٤.

# گرفتی «جووت یێ» لە زمانی کوردیدا





**عەبدوڵڵا عالایی (چۆلی فایەق)**

نووسەر و توێژەری ئایینی، نۆ بەرهەمی چاپکراو و چەندین وتاری بڵاوکراوەی هەیە.

ئەوە سیاسەت نییە پێویستی بە یەکگرتن و یەکیەتی هەیە، بەڵکو ئەوە زمانە، پێویستی بەو خڕبوونەوەیە هەیە و بەبێ یەکگرتن و کۆکبوون هەناسەی لێ دەبڕێت. بەڵام کورد لەوەیشدا، نەگبەت و قوڕبەسەرە، هەموو هاتوهاواری بۆ یەکگرتنی سیاسەت و حیزبەکانییتی، کەچی بۆ زمانەکەی تەقەی سەری دێت، ئەگەرچی ئەم هەموو پەرتەوازەکردن و ئاژاوەنانەوەیش دەبینێت، هێشتا فزەی لێوە نایێت و لەلای ئەو نە بایە نە باران!

دەبوو زمانکارانمان، لەسەر هیچ نەبوبایە، لەسەر بابەتی ڕێنووس، کۆکبوونێکیان چێ کردبووبایە، سستی و بێسەروبەریی (ئەکادیمیای کوردی)ش لەولاوە بوەستێت، ئەکادیمیایەک تائێستا نەیتوانیبێت ئەسپی خۆی لە گۆڕەپانی زماندا تاوبدات، بگرە بەو ڕێنوێنییانەش پابەندبێت کە خۆی دەریانی کردووە، ئەوا نەبوونی لە بوونی باشترە. قۆناغەکە هی ئەوەیە «خانەی باڵای زمان» لە دەرەوەی ئەکادیمییای کوردییەوە دروستبکرێت. ئەگەر «خانەی باڵای زمان» دانەمەزرێت، دوای ئاڵا و سروود و جەژن، زمانی کوردی ـ وەک سەرەکیترین توخمە پێکهێنەرەکانی نەتەوە ـ ئەویش بەرەو ترازان و توانەوە دەچێت. لە قۆناغی ئێستای نەتەوەیی کورد، زمانی کوردی نێوەندێکی ڕەسمیی و سەربەخۆی دەوێت، کە لە ڕێی زمانەوە ئەرکی بەجێگەیاندنی پرۆژە و ئەجێندای «سیاسیی و فیکری» بێت.

بەو دواییانە، بابەتی جووت «یێ، یا، یاو» لەسەری بووە بە هەڵڵا و فەرتەنەی ناوەتەوە. ماوەماوە، لێرەولەوێ، مشتومڕی لەسەر گەرم دەکرێتەوە. ڕاستی، من ئەوە ناشارمەوە خۆم جاران یەکێک بووم لە ئەوانەی، بەو شێوازە هەڵەیە ـ جووت یێ ـم بەکار دەبرد و زۆریش بەرگریم لێ دەکرد. خوێنەران دەزانن ـ تایتڵ ی دوو کتێبم، بە جووت یێ نووسیون. (سەلەفییەت و کۆمەڵگەی کوردیی) و (گوڵزاری ڕۆمیی) نموونەی دوو هەڵەبەکارهێنانی منن بۆ ڕێنووسی زمانی کوردی. بەڵام، کە لێم کۆڵییەوە و زیاتر لێی وردبوومەوە، بەوە گەیشتم کە جووت یێ بەو شێوازە، هەڵەیە و دەبێت لەگەڵیدا ورد و بەدەستنوێژ بین.

ئەوەی مایەی هەڵوەستەیە، ئەوەیە چەندان نووسەر و وەرگێڕی باش و بەئەزموون، خەریکە دوای ئەم شێواندنە دەکەون و بگرە بەرگریشی لێ دەکەن. من کارم بەو نووسەر و ڕۆشنبیرە سیاسی و پۆپۆلیستە زماننەناسانە نییە، کە وەک «چەتەیەکی زمان» یەخەی ئەو نووسەرانە دەگرن، کە جووت یێ وەکوو خۆیان بەکار ناهێنن. هەڵسوکەوتی ئەو پێڕە نووسەرە، هێندە هەرزەکارانەیە، مرۆڤێک ویقاری هەبێت، هەر بە خەیاڵیش، لایان لێ ناکاتەوە. بێزی نایەت، ناویان بکەوێتە سەر زاری. ئەوان، جووت یێیان کردووە بە پێوەر، هەرکەسێ وەک ئەوان ڕێنووسەکە پێڕەو نەکات، بەلایەناوە نووسەرێکی کلاسیک، زماننەزانی موکریانی و کوشتەی کوردایەتی و چی و چی ترە! واگومان دەبەم، هەر ئەو ڕەوشتە هۆکارێک بێت بۆئەوەی، زۆرێک لە نووسەران لەوە بترسن، لە شێوازی ڕێنووسی ئەوان لابدەن. بۆئەوەی لەو تۆمەت و تیرانە قوتاریان بێت، سەری خۆیان ناهێشێنن و لە ڕێنووسدا بەبێ لاموجیم، چاو لەوان دەکەنەوە. من پێم ناخۆشە، کۆمەڵێ هاوڕێی نووسەرم، کە کوردیزان و وەرگێڕی باشن، مرۆڤی جوان و ڕێزدارن، بەبێ لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە، جووت یێ بە چەوتی بەکاردەهێنن، پێی بزانن یان نا، بوونەتە بەشێک لەو ئاژاوەیەی کە بەرۆکی زمانی کوردیی گرتووە.

لە بابەتی ڕێنووسدا «زمانزانی» بەتەنها بەس نییە، دەبێت ئەوەی بەو بوارەوە سەرقاڵە، شتێکیش سەر لە «زمانناسی» دەربکات. ئاخر خوێنەری هێژا، زمانزانی و زمانناسی، دوو شتی جیان. مەرج نییە هەموو زمانزانێک، زمانناس بێت. مەرجیش نیە

ئەوەی زمانناس بێت، زمانزانێکی باش بێت. مەرج نیە، ئەوەی لە ڕیشەناسیدا پسپۆڕ بوو، ڕێنووس و نووسینەکەی باش بێت. هەیە مامۆستای زمانی کوردیشە، نازانێت بە کوردییەکی ڕاست و ڕەوان بنووسێت.

بەرلەوەی بچینە سەر دیوی ڕێزمانی، دەبێت لەسەر دیوی زمانناسی، هەڵوەستەیەک بکەین. زۆربەی ئەوانەی بەبێ هەبوونی خستنەسەر یان دانەپاڵ، جووت «یێ» بەکاردێنن، بەهانەیان ئەوەیە، ئەگەر بە جووت یێ نەنووسن، واتاکەیان لێ تێکەڵ دەبێت!

ئەوان دەڵێن: «دەبێت بنووسین (جوانیی و بیماریی) بۆئەوەی بزانرێت مەبەست لێیان ماناییە نەک دواندنی بەرانبەر، ئەگەر بنووسی (جوانی، بیماری) ئەوا یانی تۆ جوان و بیماریت، ئەوسا واتاکەی دەگۆڕێت» ..

ئەو ئەرگیۆمێنتە، هیچ پاڵپشتییەکی زمانناسی نییە. لێرەدا بە دژەئارگیۆمێنتی زمانناسی، پووچییەکەی نیشان دەدەین. هەر ئەو بەڵگەهێنانەوەی ئەوان، دەروازەیەکی فراوان دەبێت، بۆئەوەی لێیەوەی بچینە نێو ئەم گفتوگۆ و مشتومڕە گەرمەوە.

زمان پێوەندییەکی هاوتەریبی لەگەڵ فیکردا هەیە، لەنێو زمانیشدا، تیۆری میان ـ کۆنتێکست ـ Context Theory ـ ئاست و پارادایمی فیکر دیاری دەکات، لە ڕێی ئەو کۆنتێکستەشەوە، مێنتاڵێتیی بەرانبەر ڕووندەبێتەوە. کۆنتێکست هێندە هەستیارە، تەنانەت لەنێو دیناسی (تیۆلۆژی)شدا، پێی خۆی چەقاندووە. ململانێی چەندسەدەت ساڵەی نێوان قوتابخانەی (موعتەزیلە) لەگەڵ قوتابخانەی (حەنبەلیزم) بەشێکی لەسەر کۆنتێکست بوو. موعتەزیلەکان بەو هەڵسوکەوتە زمانەوانییەی سەلەفییەت قایل نەبوون، کە دەهاتن وشە و بڕگەی ئایەتیان لە کۆنتێکستی گشتیی دەقەکەدا دەپچڕی و دەقرتاند، هەڵبەت بە مەرامی پێکانی مەبەست و سەرخستنی ئایدلۆژیای خۆیان. مەبەستمە بڵێم، تەنانەت ناسینی خودا و بابەتی ئیمانیش، پێوەستە بە زمانەوە. لەنێو زمانیشدا، خودا لەنێو کۆنتێکستدا جۆر و شێوەکەی دیاری دەکرێت.

قوتابخانە سۆسیۆلۆگییەکان، ئەوەیان دووپات کردووەتەوە، کۆنتێکست ـ سیاق ـ لە دیاریکردنی واتا و مەبەستدا، ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت. وشە، لە میانەی کۆنتێکستدا، واتای دیاری دەکرێت.

فەیلەسووفی (Wittgenstein) ڤیتگەنشتاین ئەڵمانی، دەڵێت: «واتای وشە لە زماندا، لە بەکارهێنانیدا بەدیار دەکەوێت»، هەروەک دەڵێت: ««لە واتا مەپرسە، بەڵکو لە بەکارهێنان بپرسە -[Semantics: Theories of Meaning in Generative Grammer. P. 19.]

**زمانناسان، کۆنتێکست بەسەر دوو بەشدا پۆلین دەکەن بۆ:**

یەک-کۆنتێکستی زارەکی.

دوو. کۆنتێکستی نازارەکی.

یەک: کۆنتێکستی زارەکی Vebral Context

لەم جۆرەدا، وشە لە میانی بەکارهێنانیدا، واتاکەی دیار دەکەوێت. جا ئەوە هەر ڕستە ناگرێتەوە، بەڵکو پەرەگراف و لاپەڕەیش بە تەواوەتی دەگرێتەوە. لێرەدا، بە نموونە زیاتر کۆنتێکستی زارەکی، ڕووندەکەینەوە.

چاوگی (خواردن) وەربگرە، کاتێک دەچێتە دۆخی کار، چەند واتایەکی جیاواز دەدات، بەگوێرەی جیاوازیی کۆنتێکستەکانییەوە.

ـ ئازاد سێوەکەی خوارد.

ـ ئازاد مافی منی خوارد.

ـ ئازاد هەناوی دایکی خوارد.

لە هەر سێ ڕستەکەدا، کارەکە هەر ـ خوارد ـە، بەڵام بەگوێرەی کۆنتێکستەکان، واتای جیاواز دەدەن. هی یەکەم خواردنە، بەواتای حەقیقی. هی دووەم و سێیەمیش واتای مەجازیین، مەبەست لێیان خواردن نیە لە ڕێی دەمودەستەوە، بەڵکو

گوزارشته له غه‌در و خراپی.

هه‌ر هه‌مان وشه، ده‌توانین له زمانی عه‌ره‌بیش، نموونه‌ی پێ بهێنینه‌وه. بۆ نموونه له قورئاندا كه عه‌ره‌بییه‌كی ڕه‌وانه، كاری (أكل) به‌پێی كۆنتێكست، واتای گۆڕاوه:

- (وَقَالُوا مَالِ هَذَا الرَّسُولِ يَأْكُلُ الطَّعَامَ) لێره مه‌به‌ست لێی خواردنی ئاساییه.
- (وَأَخَافُ أَنْ يَأْكُلَهُ الذِّئْبُ) لێره ـ ئه‌كل ـ به‌واتای ڕاو هاتووه.
- (أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَنْ يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ) لێره به‌واتای غه‌یبه‌تكردن هاتووه.
- (حَتَّى يَأْتِيَنَا بِقُرْبَانٍ تَأْكُلُهُ النَّارُ) لێره به‌واتای سووتان هاتووه.

له هه‌موو زمانه‌كاندا، وشه «هاوگۆ»، «هاوواتا»كان، به ده‌نگه‌كانی زمان یان به‌هۆی كۆنتێكسته‌وه جیا ده‌كرێنه‌وه. سه‌یری وشه‌ی (بیر) بكه، به ڕووتی بنووسرێت، فره واتای هه‌یه. به‌ڵام له به‌كارهێنانیدا، بۆمان ڕوون ده‌بێته‌وه كه ئایا مه‌به‌ستمان ـ بیری ئاوه ـ یان ـ فیكر ـ یان ـ یادكردن ـه؟

«من خاوه‌ن بیرێكی سازگارم»

له‌م ڕسته‌یه‌دا، تا كۆنتێكست وه‌رنه‌گریت، ڕسته‌ی پێش یان دوای خۆی نه‌بینیت، ئه‌وه‌ت بۆ یه‌كلانابێته‌وه، ئاخۆ مه‌به‌ست بیروفیكری خۆیه‌تی، یان مه‌به‌ست بیره‌ئاو و كانیاوه! ئه‌و وشه‌یه، له عه‌ره‌بیشدا ئه‌و تایبه‌تمه‌ندییه‌ی هه‌یه. بیر (عین) به‌پێی كۆنتێكستی جیاوازی خۆی، واتای: بیری ئاو، چاو، ژێده‌ر و مانای دیكه‌ش ده‌دات.

### دوو: كۆنتێكستی نازاره‌كی یان كۆنتێكستی دۆخی Context of Situation

ئه‌م به‌شه‌یان، وه‌ك زمانناسه‌كان تاریفیان كردووه، بریتییه له: شانۆی زمانی. (Firth)یش به «كۆنتێكستی دۆخ» ناوی ده‌بات. زیاتر له‌سه‌ری ده‌وه‌ستێت و ده‌ڵێت: «توخمه پێكهێنه‌ره‌كانی دۆخی گوفتاره، له‌و توخمانه‌یش، كه‌سێتی دوێنه‌ر و دوێنراو، ئاستی فه‌رهه‌نگی، هۆكار و دیارده كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كانه. هه‌روه‌ك كه‌شوهه‌واكه، كه ئاخۆ پشكی له گوفتار هه‌یه یان نا، بۆ نموونه باری سیاسی، هه‌روه‌تر شوێنی گوفتار» ـ د. محمود السعران: علم اللغه (مقدمه الى القارئ العربى)، ص ٣٣٨.

### كۆنتێكستی نازاره‌كی یان دۆخی، چه‌ند لقێكی لاوه‌كیی لێ ده‌بێته‌وه:

كۆنتێكستی سۆزی
كۆنتێكستی فه‌رهه‌نگی
كۆنتێكستی هه‌ڵوێستی
كۆنتێكستی دینی

هه‌ریه‌ك له ئه‌مانه، پشكیان له دیاریكردنی واتای وشه، بگره ڕسته و ئیدیۆمه‌كانیشدا هه‌یه.

كۆنتێكستی نازاره‌كی، پشت به شانۆ و نمایش ده‌به‌ستێت. ئاستی هه‌ڵچوون و گرژبوون، كۆنتێكسته بۆ واتای قسه. لێره شێوه و ده‌موچاو ڕۆڵ ده‌گێڕن. له كۆنتێكستی شوێنی، وشه‌ی «تۆو» بۆ جووتیارێكی نێو بێستان و ده‌غڵ، جیایه له‌گه‌ڵ ئه‌و كه‌سه‌ی له تیاترۆخانه‌دا سه‌رقاڵی ده‌ستبازی و جووتبوونه.

جیاوازیی فه‌رهه‌نگی، كۆنتێكستی نازاره‌كی بۆ وشه دروست ده‌كات. وشه‌ی ـ تێپه‌ڕ ـ بۆ زمانه‌وانێك، جیایه بۆ كارمه‌ندێكی هاتوچۆ.

له‌نێو زمانی كوردیدا، كۆنتێكستی نازاره‌كیمان زۆرن. كورد یه‌كێكه له‌و گه‌لانه‌ی، كۆنتێكستی دۆخی زۆر به‌كارده‌هێنێت.

ـ «سڵاوت لێ بێت» له دۆخی ئاساییدا، ئاساییه و بۆ ڕێزه. به‌ڵام كه قسه‌ی یه‌كێكت به دڵ نابێت، ده‌ته‌وێت ئه‌وه بگه‌یه‌نێت كه تۆ گاڵته‌ت به قسه‌كانی دێت، پێی ده‌ڵێت: سڵاوت لێ بێت! لێره تانه‌وته‌شه‌ره.

ـ «به‌خێر بێیته‌وه» بۆ كه‌سێك كه له گه‌شت یان له ده‌ره‌وه گه‌ڕاوه‌ته‌وه ماڵ، بۆ ڕێزه و به‌كارهێنانێكی ئاساییه، به‌ڵام كاتێ بته‌وێت به به‌رانبه‌ره‌كه‌ت بڵێیت تۆ گێل و نه‌زانیت، «به‌خێر

بێیتەوە»ی بۆ بەکاردێنیت.

- «فەرموو» بۆ نانخواردن و فەرمووکردن ڕێز و بەکارهێنانێکی ئاساییە، بەڵام بتەوێت کەسێک ئیهانە بکەیت، کاتێک بۆ ئەدەبخانە دەچێت، پێی دەڵێیت: «فەرموو».

- تەنانە بۆ ڕق و خۆشویستنیش، کۆنتێکستی نازارەکی، واتای وشە یان ڕستە دیاری دەکات. تا ئەندازەیەک مەبەستی (جوێن)یش بەرەواژ دەکاتەوە. کە لە کەسێ قەڵس و وەڕس دەبیت و پێی دەڵێیت «وەی سندان»، جیایە لەوەی تۆ لە خۆشەویستیتەوە بە دڵدارەکەت دەڵێیت: سندان. لە دۆخی دووەمدا، جوێن بۆ خۆشەویستییە. ڕێک وەک جوێنی باوک بۆ منداڵەکەی، کە لە خۆشەویستیی بۆی، جوێن بە خۆی دەدات و هەردەم بە «سەگباب» گازی دەکات.

کۆنتێکستی نازارەکی، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە لۆژیک و ڕەوانبێژیشەوە هەیە. زمانناسانی کۆنیش، بە جوانترین دەربڕین، گوزارشتیان لێکردووە. «لكل مقام من المقال» کورتترین پێناسەیە بۆ کۆنتێکستی نازارەکی یان کۆنتێکستی دۆخی. الجاحظ : البيان والتبيين: ١٣٦/١.

ئیتر ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، وشەی «هاوواتا» لە بەکارهێناندا واتاکەی دیاری دەکرێت، کۆنتێکست مانای پێ دەبەخشێت، نەک شێوازی نووسین و ڕێنووسی. ئەوە سەلیقەی خوێنەر و گوێگر، هەروەتر کۆنتێکستی نووسین و ئاخاوتنە، واتای وشە دیاری دەکات، نەک زیادکردنی پیت و دەنگ. بۆ نموونە من بڵێم: (ئەوە شیرە) ئایا مەبەستم شیری خواردنەوەیە یان شمشێرە؟ ئەوا کۆنتێکستی قسەکردن یان نووسین واتاکەی یەکلایی دەکاتەوە. وشەی (لەبەرکرد) مەبەست ئەوەیە پۆشاکی لەبەر کرد، یان شیعرەکەی ئەزبەر کرد؟ ئەمانە و دەیان وشەی تر، سەلیقەی زمانی و کۆنتێکست یەکلایان دەکەنەوە. بۆ وشەی جوانیش، هەر هەمان شتە.

بەڵام ئەوان دوو شتیان تێکەڵاو کردووە.

یەک: باری ئاخاوتن و باری نووسینیان، لەبەرچاو نەگرتووە. دروستە لە ئاخاوتندا بڵێین: «جوانی»، بەڵام لە نووسیندا، ئەوەیان دروست نییە، دەبێت ڕەچاوی ڕێزمانی کوردی بکەین و بنووسین «جوانیت» ئەو «یت»ە جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک، ئەگەر فەرامۆش نەکرا، ئەو تێکەڵییەش چێ نابێت. وشەی «جوانی» کە بەتەنها هات، بێ دانەپاڵ، پێویستی بە جووت یێ نییە، کەی بۆ لای شتێک پاڵ درا، ئەوسا - ی ی ئامرازی خستنەسەر وەردەگرێت و دەبێت بە جووت یا.

دوو: «جوان» و «جوانی»یان تێکەڵاو کردووە. دیسان لەبەرئەوەی پشتیان لە کۆنتێکست کردووە. کەسێک پشت بە کۆنتێکست ببەستێت، دەزانێت چ کات: «جوانی سلێمانی» و «جوانیی سلێمانی» بەکاردەهێنێت. هیی یەکەم کیژێکی سلێمانییە ناوی جوانە. هیی دووەمیش، وەسفی جوانیی سلێمانییە وەک شار.

ئێستە، دەبێت بچینە نێو بارە گراماتیکی و ئۆرتۆگرافییەکەوە. جووت یێ، لە سێ باردا، دەبێت بنووسرێت، جگە لەم سێ دۆخە، نووسینی جووت یێ، بێسەروبەرکردنی ڕێنووس و «حەشو»ە لە زمانی کوردیدا.

□- : بۆ ناوی نیسبەتی، ئەگەر پیتی کۆتای وشەکە بزوێن (ڤاوڵ) بوو، ئەوا ناچارین نیگارەکەی بە «جووت یی» بنووسین. بۆ نموونە:

بەحرکەیی

بەرزنجەیی

فەنایی

ئەمەیش بۆچی؟ چونکە لەم ئەلفبێیە ئارامییە ئەبجەدییەی ئێمەدا، دوو بزوێن ڕاستەوخۆ ناچنە سەر یەکتر، لەگەڵ یەکتری هەڵناکەن. ئیدی لە نێوان ئەو دوو ڤاوڵەدا، دێین - ی ی کۆنسونانت - نەبزوێن، زیاد دەکەین و شێوازەکەی بە دروستی دەنەخشێنین.

**لێرەشدا، دوو تێبینیی دیکە پێویستن:**

یەک: ئەوەی باسمان کرد بۆ دۆخێکە کە ناوی نیسبەت دروست بکرێت، ئەگەر لەو دۆخەدا نەبوو، نابێت جووت یێی بۆ زێتر بکرێت، با کۆتاکەشی پیتی بزوێن بێت. «مەلای بەحرکەیی» وەها درووستە، بەڵام بمەوێت بڵێم «بەحرکەی سەر بە هەولێر» چەوت و هەڵەیە بە «بەحرکەیی سەر بە هەولێر» بینووسم.

دوو: ناوی نیسبەتیش، ئەگەر کۆتاکەی پیتی بزوێن نەبوو، هیچ پێویست بە جووت یێ ناکات، یەک ـ ی ـ بەسییەتی.

ئازاد هەولێری نەک ئازاد هەولێریی

هێمن موکریانی نەک هێمن موکریانیی

٢- دۆخی دووەمین کە جووت یێ وەردەگرێت، ئەوسایە کە «ی» ئامرازی خستنەسەر بوو، وشەی پێشی پاڵدایە لای ئەوەی دوای، ئیزافە هەبوو.

بۆ نموونە:

ـ «گەلیی عەلی بەگ»

گەلی +»ی» ئامراز + عەلی بەگ.

ـ «کەشتیی فریشتەکان»

کەشتی + ی ئامراز + فریشتەکان.

ئەم ڕێسایە، بۆ هەموو وشەکانی تر دەشێت.

ـ دۆخی سێیەمین، کە جووت یێ وەردەگرێت، چاوگە ییییەکانە. خۆش ئەوەیە، زۆربەی ئەوانەی بوونەتە سەربازی جووت یێ، لێی بێخەبەرن، خۆشیان سەریان لەوە دەرناچێت. چ قورێکمان بۆ گیراوەتەوە؟ لەو شوێنەی پێویستە جووت یێ بەکاربێت، ئەوان پشتی تێ دەکەن، لەو شوێنەش کە پێویستە بەکارنەیەت، ئەوان ئاوری لێ دەدەنەوە!

**لە زمانی کوردیدا، پێنج جۆر چاوگمان هەن، ئەوانیش:**

١- چاوگی تێیی: نووستن، بیستن...

٢- چاوگی دالی: دروستکردن، بردن، خواردن...

٣- چاوگی ئەلفی: سووتان، برژان، خنکان...

٤- چاوگی واوی: چوون، بوون...

٥- چاوگی یێیی: زانین، توانین...

لە چاوگی ـ یێ ـیدا، ئەوەی پێنجەم. لەگەڵ ڕاناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک و سێیەمی کۆدا، لە کاتی کاردا، دەبێت جووت یێ بنووسین.

ڕاناوە لکاوەکان:

م ـ مان

ت ـ تان

ی ـ یان

**چاوگی یێی: نووسین**

نموونە:

نووسی م ـ نووسی مان

نووسی ت ـ نووسی تان

نووسی ی ـ نووسی یان

سەرنج بدەنە باری کەسی سێیەمی تاک و کۆ، ڕاناوەکان ـ ی ین، چاوگەکەیش خۆی چاوگی یێییە، بۆیە دەبێت ڕەچاوی هەم ـ یی ـ چاوگ هەم ـ یی ـ ڕاناوەکەیش بکرێت.

ـ نووسیی نەک نووسی.

ـ نووسییان نەک نووسیان.

ـ توانیی نەک توانی.

لە چاوگە تێنەپەرە یائییەکاندا، لە سێیەم کەسدا ئەمە ڕوونادات. بۆ نموونە:

فڕی- فڕین

تڕی- تڕین

چونکە ئەم جۆرە کارانە لە سێیەم کەسدا، جێناوی (سفر- کۆمەڵەی بەتاڵ و «ن») وەردەگرن. حاڵەتی دوو یائییەکە لەم کارە تێنەپەڕانەدا، لە یەکەم کەسی کۆ و دووەم کەسی تاکدا ڕوودەدات.

بۆ نموونە:

فڕیم- فڕیین

فڕییت- فڕین

فڕی- فڕین

ئەمەش لەبەرئەوەیە، ئەو کارە تێنەپەڕانە، لەکاتی ڕابردوودا ئەم کۆمەڵە جێناوە: (م- ین،

یت– ن، ×– ن) وەردەگرن.

بارێکی دیشمان هەیە، دوو (یی) تێدا ڕوودەدات، ئەویش کاتێک دەبێت، کە وشەییێک خۆی بە پیتی (ی) کۆتایی هاتبێت و پاشگرێکی وەک (ەکە، ان، ێک، ەک، ەکان، ە)ی بچێتە سەر، لێرەدا، پیتی (یـ) وەک ناوبەند بۆ ناوبڕی دوو پیتی بزوێن دەچێتە نێوان وشەکە و پاشگرەکە:

کەشتی+ یـ+ ەکە گەیشت.

کورسی+ یـ+ ێک شکاوە.

قوتابی+ یـ+ ان لە گەشتن.

شەرتی جوانی+ یـ+ ە.

ئیتر، بە زمانزانی بێت یان زمانناسی، جووت یێ لەو سێ دۆخە بترازێت، نووسینی چەوت دەبێت. زمانەکەمان، ماندوو و شەکەتە، چیدی بەرگەی شەق و چەپەرۆکی نەماوە، ئەگەر دەستیشی ناگرن و نابن بە گۆپاڵ بۆ بەرەوپێشوەچوونی، لانی کەم، چیدی مەیدەنە بەر شەق و قەمپاڵان!

هەر زمانکارێ، دەتوانێت بە بەڵگە و ئەرگیۆمێنتی زمانناسی و گراماتیک، پێچەوانەی ئەوە بسەلمێنێت کە لێرەدا نووسیومانە، سینەمان بۆی فراوانە و سوپاسیشی دەکەین. ئەگینا، با ئەو پەرتەوازەیی و ئاژاوەیە ببڕێنێتەوە.

دیسان ئەوە دەڵێمەوە، من ڕووم لە زمانکار، نووسەر و وەرگێڕە کوردیزان و جیدییەکان، مرۆڤە جوانەکانە، نەک ئەو زرەڕۆشنبیر و بەناو ڕۆژنامەنووسانەی، وەک چەتەی زمان، شەڕ بەوانە دەفرۆشن کە جووت»یێ» بە درووستی بەکاردێنن، چاو لەوان ناکەنەوە.

جووت یێ، دەبێت لە شوێنی خۆیدا بنووسرێت. هەندێ شوێن پێویست بە نووسینی ناکات، نووسینی جووت یێ، چەوتی لە واتادا دروست دەکات لەم شوێنانەدا. هەندێ جێش، دەبێت بنووسرێت، نەنووسرێت، واتا و مەبەست تێکدەدات. بۆیە دەبێت بە ورد و باریکیەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.



# زمان، وەرگێڕان، داڕشتن






**مەسعود زۆراب عەزیز(مەسعود بابایی)**

بەکالۆریوس لە زمان و ئەدەبی کوردی، خاوەنی ژمارەیەک کتێبی نوسراو و وەرگێڕاوی چاپکراوە.

* پێناسەکانی زمان
* گریمانەکانی چۆنیەتی پەیدابوونی زمان
ـ بنەماکانی پێناسە: (زمان لاساییکردنەوەی سرووشتە).
بنەواشە لاساییکردنەوە (وێنە و وێنا).
ـ ناولێنان، پێوەندیی ناو و ناولێنراو.

**ـ تەوەری یەکەم: پێناسەی سۆسیۆ لەمەڕ زمان:**

سۆسێر خۆی لە چەند وانەیەک لەبارەی زمانناسی گشتیدا نووسیی:

«زمان سیستمێک لە نیشانەکانە کە باوەڕەکان دەردەبڕێ، لەم ڕووەوە لەتەک شێوازی نووسین، ئەلفوبێی کەڕەکان، بۆنە سیمبۆلیکەکان، ڕێساکانی ڕەفتاری ڕێزدارانە، هێما سەربازییەکان و هتد شایانی بەراوردە، بەڵام زمان گرنگترینی ئەم سیستمانەیە». دەتوانی زانستێک وێنا بکەیت کە بابەتی توێژینەوەکەی فراژوویی(تطور) ئەم نیشانانە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بێت، ئەم زانستە بەشێک لە دەروونناسیی کۆمەڵایەتی و لەم ڕووەوە لقێک لە دەروونناسیی گشتی دەبێت. ئێمە ناوی نیشانەناسی لێدەنێین (لە وشەی یۆنانی سمیۆن بەواتای نیشانە). نیشانەناسی وەدیاری دەخات کە نیشانەکان لە چ شتێک دروست دەبن و ئەو یاسایانەی کە بەسەریاندا زاڵن کامانەن. لەو سۆنگەوە کە هێشتا ئەم زانستە نەهاتۆتە ئاراوە، کەسیش ناتوانێ بڵێ کە چ جۆرە زانستێک دەبێت. بەڵام مافێک بۆ هەبوونی هەیە و پایەکەشی هەر لە ئێستاوە دیارە. زمانناسی تەنیا بەشێک لەم زانستە هەمەکییەی نیشانەناسییە. دەتوانین ئەو یاسایانەی کە بە یارمەتی نیشانەناسی دەدۆزینەوە، لەمەڕ زمانناسیشەوە بەکار بزانین.

هەڵاوێردنێک کە سۆسێر لە نێوان زمان و گوتندا پەیدای کرد، گرنگایەتییەکی زۆر لە زمانناسیدا وەدەستهێناوە.

سۆسێر لە نێوان ڕەهای زمان و زمان، هەروەها گوتن، هەڵاوێردن (تمایز)ی دانا. ڕەهای زمان، تێکڕای توانایی و هێزەکانی مرۆڤە لەپێناو خستنەڕووی واتا، چەشنی یەک دەزگا و سیستم، ڕێوشوین و ڕێساگەلێکی هەیە کە لە سەرووی هەڵبژاردنی کەسیدان. زمان، سیستمی نیشانە و ڕێسا تایبەتییەکانە کە زمانێکی دیاریکراو (وەک زمانی کوردی) دروستیان دەکات. ئاخاوتن بەکارهێنانی کەسیی زمانە، بیچمی سەرهەڵدان و وەگەڕکەوتنی ئەو سیستمە، لە گوتن و نووسیندایە. سۆسێر، زمان بە بابەتی سەرەکی زمانناسی لەقەڵەم دەدا. لە ئاخاوتن و نووسین بە زمان( کوردی)، ئێمە کەرەستەی بێهەژمارمان لە «توانستی لێکدانی توخمە زمانییەکان»دا لەبەردەستدان، ئەم کەرەستانە لەسەر بنەمای ڕێژەیەکی دیاریکراو (نەک بێکۆتایی) لە وشە و ڕێسا ڕێزمانییەکان دامەزراون. هەمبەرێتیی نێوان ئەم توخمانە بەشێوەیەکی تەسەل ناناسرێتەوە. هەرکام لە ئێمەمانان، لە نێوان ئەم توخمە دەروونییانەی سیستمی زمانی، ئاخاوتنێکی تایبەت بە خۆمان هەڵدەبژێرین. ناسینی هۆیەکان، سنووردارییەکان و پانتایی دەسچنکردنەکان هەر بەتەنیا کاری زمانناسی نییە، بەڵکو زانستە مرۆییەکانی دیکە چەشنی کۆمەڵناسی، دەروونناسی و هتد لەمبارەوە کاراییان هەیە. لە نێوان زمانناساندا لەسەر دیاریکردنی سنوورێکی ورد و ڕێکوپێک کە زمان لە ئاخاوتن جیادەکاتەوە، ڕای جیاواز هەیە، بەڵام هەموویان بڕوایان بە هەرە پێویستیی هەبوونی ئەم سنوورە هەیە. باندۆری باسەکەی سۆسێر لەمەڕ جیایی زمان و ئاخاوتن، سەرەتا لەسەر فەلسەفە بوو. نموونەیەک کە بەخێرایی بە زەینداێ هەڵاوێرکردنێکە کە مێرلۆپۆنتێ لە نێوان هەڵکشان (لە بەرانبەر ئاخاوتن) و سیستم ( لە بەرانبەر زمان) دا داینا. لە هەنگاوی دواتردا کاریگەریی ئەم باسەی سۆسێر لەسەر مرۆڤناسی بەدیدەکەین (جیایی یاساکان لە پێکهاتەی خزمایەتی لە بەرهەمەکانی

لیۆ شتراوسدا). سەرەنجام باندۆری سۆسێر لە دەروونشیکاریی لاکاندا بەدیدەکەین: لیبیدۆ سیستمێکی پێکهاتوو لە نیشانەکانە کە کارکردە تاکایەتییەکەی نەک ڕۆنراوی هەوێنەکانی، بەڵکو پشتبەستوو بە فۆرمەکان و کارکردەکانییەتی. بارت لە توخمەکانی نیشانەناسی دا وەبیرمان دەهێنێتەوە کە جیاکاریی زمان و ئاخاوتن بنەڕەتی هەر چەشنە ناسینێکە لەمەڕ نیشانەکان و زانستی نیشانەناسیدا.

بە ڕای سۆسێر هەر نیشانەیەک زمانێکە کە لەسەر بنەمای ڕێککەوتن دامەزراوە. وشەکانی درەخت، Tree، arber سێ نیسانەی زمانین لە سێ زمانی جیاوازدا کە بۆ یەک دیاردە یا یەک واتای تایبەتی بەکاردێن. ئەمانە سێ پەیڤی جیان، بەڵام باس لە یەک چەمک یا یەک واتادار (مصداق/ referent) دەکەن. هەرکام لەم سێ وشەیە ئاماژەپێکەرێکە و ڕەخسێنەری وێنەیەکی زەینییە کە ئاماژەپێکراوی پێدەوترێت. لە سیستمی ئاماژەی زمانی کوردیدا، بەگوێرەی ڕێککەوتنێک کە کوردزمانەکان پەسەندیان کردووە وشەی «درەخت» دروستکەری وێنەی زەینی درەختە. ڕێسایەکی لۆژیکی و بەڵگەیەکی تایبەت بۆ بەکارهێنانی وشەی درەخت لە بەرانبەر واتای درەخت ناتوانێ بەدی بکەیت. هیچ پێوەندییەکی چیەتییانە و سرووشتی لەنێوان وشەی درەخت و کەتواری فیزیکی درەخت لەئارادا نییە. دیارە هەندێ جار وەکو ڕیزپەڕ دەتوانین بەڵگەیەکی تایبەتییش بۆ ڕێکەوتن و نیشانەدانان پەیدا بکەین. بۆ نموونە بەهۆی ئاوازی مەلێکەوە ناوی کوکوی لێنراوە یاخود لە دەنگی ڕژانی ئاو وشەی چۆرەچۆڕ دروستکراوە، یان وشەی هەنسک تا ڕادەیەک وەبیرهێنەری دەنگی گریانە. ئەم نیشانانە تەنیاو تەنیا لە ڕوانگەی فۆنۆلۆژیکییەوە ڕۆنراوە هاوشێوەی بابەت و ئاماژەپێکەرن، ئەگینا هەروەکو نیشانەکانی نووسین، بچووکترین لێکچوون لە نێوان بابەت و ئاماژەپێکەردا ناتوانی بدۆزییەوە.

بەهەرحاڵ، بەگشتی، بەڵگەیەک بۆ ڕێکەوتنی نیشانەدانان لە زماندا لەبەردەستدا نییە. من ئەگەر بمهەوێ کەسێکی دیکە «لە قسەم تێبگات» ناچارم ڕەچاوی ڕێکەوتنەکان بکەم. ئاڕاستەی ڕێکەوتەیی نیشانە بەم مانایەیە کە نیشانە لە پەیوەندیی چیەتییانەی نێوان ئاماژەپێکەر و ئاماژەپێکراودا ئاخێز ناکات، یان هەر بە ڕێکەوتنێکی دیکە ئاماژەپێکەر و ئاماژەپێکراو هیچ چەشنە هەمبەرێتییەک، جگە هەمبەرێتی نیشانەناسانەیان، لەتەک یەکدیدا نییە. من بەگوتنی وشەی درەخت (ئاماژەپێکەر) وێنەیەکی زەینی یا چەمکی لەمەڕ درەخت لە زەینی تۆدا دەئافرێنم (ئاماژەپێکراو).

زۆرێک لە زمانناسان بۆچوونی سۆسێریان لەمەڕ وێنەی زەینی پەسەند نەکردووە. سۆسێر، خۆ دواجار مەبەستی خۆی لە بەکارهێنانی «چەمکی زەینی» بەوردی ڕۆشن نەکردەوە. وادیارە بە بۆچوونی ئەو ئەم وێنایە وەک کەتوارێکی دەروونناسانە لە ئارادایە. جێی سەرنجە کە بەگوێرەی جەختی سۆسێر، ئاماژەپێکراو شتێکە کە گرێدراوی کردەی ئەو کەسەیە کە لەتەک نیشانەدا بەرەوڕوو دەبێت. بەم پێیە، نیشانە ئامرازی پەیوەندیگرتنی نێوان دوو زەینی جیاوازە کە مەبەست یان نیازی ڕایەڵکردنی پێوەندییان لە نێوان یەکدیدا هەبێت. کردەی زەینیی ئەوان باندۆریان لە توخمگەلێک وەرگرتووە کە شیتاڵکردنیان، هەرچۆنێک بێت، لە دەرەوەی پانتایی زماننناسیدا جێی دەبێتەوە. سۆسێر نووسیویەتی: شوێندەسپێکی پێوەندی، زەینی کەسی یەکەم، بۆ نموونە (A)یە، لێرەدا خاڵەکانی ئاگایی کە ئێمە بە چەمک ناویان دەبەین لەتەک بەیانکەرانی نیشانە زمانییەکان یان دەنگەکان ـ کە بۆ دەربڕینی ئەو چەمکانە

بەکاردێن ـ پێکەوە گرێ دەدرێن. گریمان هەر چەمکێکی زەینی وێنای دەنگی پەیوەست بەخۆی دادەهێنێت: ئەم دیاردەیە یەکسەر لایەنێکی دەرونی هەیە کە بەگوێرەی پشکی خۆی دەبێتە هۆی هەڵکشانێکی فیزیۆلۆژیک: مێشک لەرەیەکی گرێدراو بەو وێنا دەنگییە بەو ئەندامانەی کە دەبنە هۆی پەیدابوونی دەنگ، دەگەیەنێت. دوابەدوای ئەمە شەپۆلەکانی دەنگ لە دەمی Aوە بەگوێی B دەگات کە هەڵکشانێکی سەرلەبەر فیزیکییە، پاشان هەڵکشانێکی پێچەوانە لە زەینی Bەوە دەستپێدەکات: گوێ، دەنگەکان لە ڕێگەیەکی سەرلەبەر فیزیۆلۆژیکەوە دەگەیەنێتە مێشک. لە مێشکدا چەمکێکی پێکبەستراو بەم وێنا دەنگییە دەرسکێ و ئەگەر B بئاخفێ، ئەو هەڵکشانە لە مێشکی ئەوەوە بە مێشکی A دەگات و کتومت بەم شێوەیە پاتەوپات دەبێتەوە(١٨).

بەر لە سۆسێر، سپینۆزا تاڕادەیەک لەم خاڵە نزیک کەوتبوویەوە، بەڵام یاساکەی ئەو، لە (کتێبی) ڕەوشت دا تێگەیشتنێکی دەروونناسانەی لەبارەی کارکردی زەین لێکەوەتەوە و بەرێکەوتنی سیمیۆلۆژیک نەگەیشت: «کابرایەکی ڕۆمی بەهۆی بیرکردنەوە لە Pomum (وشەیەکی لاتین بە واتای سێو) کتوپڕ بە وێنای میوەیەک دەگات کە بچووکترین لێکچوونێکی لەگەڵ ئەم پەیڤەدا نییە... سەربازێک ئەگەر جێ سمی ئەسپێک بەسەر لمێکەوە ببینێت، دەستبەجێ بە بیرکردنەوە لە ئەسپی بە وێنای سوارچاک و لێرەوە بە وێنای جەنگ و ...هتد دەگات، بەپێچەوانەی ئەو، وەرزێرێک لە تێفکرین لە ئەسپ، بە وێنا جووت و گاسن و کێڵگە و هتد... دەگات. بەم شێوەیە هەرکەس بەپێی ڕاهاتنێک کە لە تەکوزیی وێنەکانەوە هەیەتی، لە هزرێکەوە بە هزرێکی تر دەگات».

وەرگیراوە: لە بابەک ئەحمەدی، پێکهاتە و ڕاڤەی دەق، و: مەسعود بابایی، بەرگی ١ ـ (نیشانەکان و فۆرمی دەق).

**تەوەری دووەم:**

**توانستی زمان، بەگوێرەی تیۆریی**

Generative transformational)

(grammmar

**«وەرچەرخان ـ گەردانەیەکی»ی چۆمسکی.**

توانستی زمانی بریتییە لە ئاگایی و زانینی مرۆڤ لە زمانی خۆی و بە مانای دەزگایەک لە یاساگەلی پێکهاتەیی و گشتکۆیەک لە وشەکانە کە مرۆڤ لە قۆناغە جیاجیاکانی وەرگرتنی زمانی دایکی «زگماکی»دا وەدەستی دەهێنێت جیاوازە، بەڵام مانا و چەمکی بنەڕەتی و قوڵ پێکهاتەیان یەکسان یان نزیکە. لە شرۆڤەی زماندا، بە کەڵکوەرگرتن لە ڕێزمانی وەرچەرخان ـ گەردانەیەکی ئەم گریمان (فرض)ە دەکرێنە بنەما کە هەژمارێکی دیاریکراوی تایبەتمەندییە جیهانگرەوە و گشتییەکان لە زمانەکانی دنیادا هەن و لە دەرکەوتنیاندا جیاوازییەکەیان دەردەکەوێت.

لە نیوەگۆی چەپی مێشکدا شوێنێک بەناوی ناوچەی «بروکا» هەیە کە کارکردەکەی تەنیا بۆ کاروباری پێوەندیدار بە ڕێزمان تەرخانکراوە، بەگوتەی ڕێزماناناسانی (وەرچەرخان ـ گەردانەکی)، ئەمە بەم مانایەیە کە هەرکام لە دەربڕینە زمانییەکانی ئێمە بیچمێکی وەرگۆڕاوەکی (تبدیلی) لە پێکهاتەی زگماکیی و گشتی و جیهانییە کە هەموو مرۆڤێک لە مێشکیدا هەیەتی.

ـ توانستی زمانی و کردەی زمانی بەشێوەیەکی گشتی جیاوازن، بەڵام زۆربەی زمانناسان لەو باوەڕەدان کە هەڵاوێردنەکانی نێوان دوو ئاستی توانست و کردە بەو چەشنەی چۆمسکی لێکیان جیا دەکاتەوە، ڕوون و ئاشکرا نییە. بەهەرحاڵ ئەم پێناسەیە سێ پێشگرمانی لە خۆیدا هەڵگرتووە:

١ـ زمانزانی و زانیاریی نازمانی جیاوازن و بەرێکەوەندێکی دی زمان دیاردەیەکی تاقانە و خۆتەوەر (Autonomous) نییە.

٢ـ لەو سۆنگەوە کە زمان وەستاو نییە و بەردەوام

لە گۆڕاندایە و ئەم گۆڕانکارییانە لە دوو تەوەری جوگرافیایی و کۆمەڵایەتی بەشێوەی گشتکۆیەک لە بگۆڕەکان (Variable) بەرهەستیتی پەیدا دەکات، کەوایە لەو پێناسەیەی سەرەوە هەبوونی تۆڕێکی نەگۆڕی یاساگەلی بەناچار (ئایدیال) بووەتە مایەی سەپاندنی بە ئایدیالکردنی گشتکۆ(مجموعة)یەک لە کەستەکی یەک جۆر یەکەی زمانیدا.

مەبەست ئەوەیە کە بە بیرۆکەکردنی هەر گشتکۆیەکی بگۆڕەکان (جوگرافیا و کۆمەڵگە) بە ناچار کۆمەڵە یاسایەکی بە بیرۆکەکراو دەسەپێنێت و زمان لەم دوو تەوەرەدا گۆڕانکارییەکان لە خولگەیەکدا دەهێنێتە کایەوە. واتە گۆڕانی هەر پاژێک بە ناچار دەبێتە مایەی گۆڕان لە پاچەکانی دیکە. بۆ نموونە گۆڕانی فۆنیمێک، جیاوازیی واتایی دروست دەکات و بەم چەشنە زانی زمانی دێتە کایەوە. واتە بەگۆڕینی بارێکی واتایی چەندین باری واتایی دیکە دێنەکایەوە، مەبەست لە «وەرچەرخان ـ گەردانەکی» ئەمەیە. زان بیرۆکە لە زماندا هەمان لەدایکبوونی یەکەی واتاییە.

٣ـ پەسنی تایبەتمەندییە زمانییەکان لەسەر بنەمای سرۆڤەیەکی هاوکاتەکی (Synchronicity) ڕەخسێنراوە، بە ڕێکەوەندێکی دیکە لە نێوان ئەو شتەی زماننانسی هاوکاتەکی و زماننانسیی نێوکاتەکی پێدەگوترێت، هێڵی مەودادانەر هەیە.

(تێبینی: زماننانسی هاوکاتەکی : Synchronic linguistics واتە پەسنی تایبەتمەندییەکانی زمانێک لە قۆناغێکی کاتەکی دیاریکراودا).

زماننانسی نێوکاتەکی diachronic linguistics لقێک لە زماننانسی کە لە گۆڕانکارییەکانی زمان بە درێژایی کات دەکۆڵێتەوە. دیارە زماننانسی مێژوویی بەشێکی ئەم ئەرکەی لە ئەستۆدایە).

بۆ ڕوونکردنەوەی هەرچی زیاتری بابەتەکە پێویستە بەشێوەیەکی سادەتر لە توانستی زمانی بدوێین و لە خشتەیەکدا ڕوونی بکەینەوە:

بەگوێرەی ئەلیگۆریای «شاخی سەهۆڵین»ی چۆمسکی، زمان بە شاخێکی سەهۆڵین لە دەریایەکدا چوێنراوە کە بەشە هەرەگەورەکەی لەژێر ئاودایە و بەشێکی بچووکی بە دەرەوەیە، بەشە گەورەکەی زەینی زمانییە کە هەمان کەڵەکەبوونی ژیاری مرۆیی و ئەزموونی بەرهەستەکی و دەرهەستەکی مرۆڤە و تۆڕێکی تێکتەنراوە کە بەردەوام دەتەنێتەوە و گەورە دەبێت. دەربڕین دوایین دەرکەوتی زمانە.

بەشی وەرگر ـ پەیام لە شێوەی درینگەی دەماری ـ هەستبەر ـ (ضربان عصبی) دەبات بۆ یادگە (زاکیرە) و لەتەک ئەو شتەی پێشتر ئەزموون کراوە، بەراوردی دەکات. بەرەنجامی وەها پرۆسەیەک «بەرەنجامهەنجێنی (استنتاج ـ Inference)»ە، ئەگەر ئەو شتەی درکی پێکراوە، ئەزموونێکی نوێ بێت وەردەگیرێت و ئەگینا لە ئاستی بەرەنجامهەنجێنی دەمێنێتەوە، واتە جوڵەی فیکری دروست ناکات، چونکە پێشتر ئەزموون کراوە.

گشتکۆی دوو گوتەزای نێوەکی واتە «بەرەنجامهەنجێنی» و «یادگە» و چەمکی دەرەکی واتە «چەمک» و «گوزارە» تێهزرینی ئێمە دەڕەخسێنن. دوابەدوای ئەم قۆناغە لە دیوی دەرەکی زماندا، دەرکەوتنی نێوەکی چەمک لە دەربڕیندا دەردەکەوێت، چەمک خاوەنی مەیدانێکی واتاییە، کە لە برگەبەندی یان کەرتکردنەوە بەرهەمهاتووە، واتە بەشێک لە جیهان لە بەشەکانی دیکەی دابڕێنراوە و هەر بەم هورم (اعتبار)ی هەندێ تایبەتمەندی کە لە بەرانبەر تایبەتمەندییەکانی دیکە دەرناکەون، لە پارچەکانی دیکە جیابووەتەوە.

**قۆناغی بەدەنگبوون:**

پاش پرۆسەی کەرتکردنی جیهان لە زەیندا، بەدەنگبوون و بەدەنگکردن ڕوودەدات. بەدەنگبوونی ڕێککەوتەیی چەمکێک لە کەستەک (قاڵب)ی سیمبۆلسازی یان ڕەمزپەڕژان Codification قۆناغی دواتری بەزمانیکردنی جیهانە. بەڕەمزکردنی چەمک لەڕاستیدا سیمای وشە دەخاتەڕوو کە خاوەنی تایبەتمەندیگەلی دەنگی و پێکهاتەییە و لەگەڵ واتامەی پێوەندییەکی ڕێکەوتەیی هەن. بەبڕوای ژان پیاژە

«گەشەی زمانی» پێوەندیی بە گەشەی «ناسین»ەوە هەیە و توانایی ناسینەکی لە پێش توانایی زمانییەوەیە. پیاژە لە لەدایکبوونەوە تا ٢٤ مانگی بە قۆناغی هەستەکی ـ بزاوتی ناودێر دەکات کە لەو قۆناغەدا منداڵان فێردەبن کە ژینگە ئەزموون بکەن.

پرۆسەی بەدەنگبوون، پرۆسەیەکی ئاڵۆزی بارکردنی واتا لەسەر دەنگە. دەکرێ بەم شێوەیە ڕوونی بکەینەوە:

مێشک ـــ پەرژانی واتا ـــ پەرژانی دەنگ ـــ ڕەمزپەرژان (هێماپەرژان) ـــ (بەیاردەی دیافراگم، قورگ، ڕێکخستنی هەوای سییەکان، دەنگەژێ و کۆنترۆڵی لەرینەوەکان ـــ مەلاشوو ـــ بن زمان/ سەرزمان / لێو / ددان / لێو ـ ددان/ تەختایی زمان ـ مەلاشوو/ نووساندن ـ پەستاوتن ـ بەپرتاو ـ بەربەستکردن ـ گیردان ، پەنگدان، واتە پەنگدانەوەی هەوا لە دەمبەستندا و فرێدانی بۆ نێو لووت... هتد.

**ـ زمانزانی و ناسینی زمانی**

زانین و ناسینێکی هاوبەش، دەستکەوتی کۆمەڵایەتی یان ناسین و زانینێکی فەرهەنگییە، کەوایە زمانی کۆمەڵگەیەک لەڕاستیدا لایەنێکی فەرهەنگەکەیەتی، بەڵام برگەبەندی یان کەرتکردنی جیهان دەتوانی بە تایبەتمەندییەک ئەژمار بکەی کە لە جۆری زانینێکی بەدەر لە دەستخستن (اکتساب)ە، بەڵام لە نێوان مرۆڤاندا هاوبەشە. واتە توانایی پارچە پارچەکردنی جیهان کە هەر قۆناغە سەرەتاییەکانی گەشەی منداڵ تا گەیشتن لەتەک قۆناغی گەشەی زمانی هەر بە هورمی بەدەنگکردن و بە سیمبۆلیکردن یان بە ڕەمزکردنی چەمکەکان یەکانگیرە.

**ـ پەیوەندی**

لەنێو توانستی زمانیدا، توانستی پێوەندیگرتن هەیە کە پێوەندییەکی دەنگییە کە ئەویش بۆ ڕەفتاری زمانی لە کۆمەڵگەدا دەگەڕێتەوە کە بە یەکلاییکەرەوەی کۆمەڵایەتی ناوی دەرکردووە.

دیار و ئاشکرایە پێش ئەوەی ڕەفتاری زمانی لە دەنگدا دەربکەوێت بەشێوەیەک لە شێوەکان لە پێوەندییەکی دیکەدا خۆی دەنوێنێت، کە ڕەفتاری «ڕەفتاری نائاخاوتەی»ی پێدەگوترێت. واتە «جوڵەی جەستەیی» کە نیشانە و ئاماژەکان پێوەندییان بە پێوەندیی: «هێز»، «دەسەلات» و «ڕێز» و «هورم» و پلەبەندی کۆمەڵایەتی «بندەست» و «سەردەست»ەوە هەیە، تێکڕای ئەم ڕەفتارە نائاخاوتەییە پێش ئەوەی لە «دەنگ»دا دەربکەوێت بەشێوەیەک لە شێوەکان لە سیستمێکی هێمایی ـ نیشانەیی ـ ئاماژەی خۆی نیشان دەدات.

**ڕەفتاری زمانی ئاخاوتەیی:**

ـ ئاخێوەر ـــ ڕاهێڵ ـــ بیسەر ـــ کاردانەوە
ـ پەیامنێر ـــ پەیامهێن ـــ وەرگری پەیام
( بەرکەوت) (دەرکەوت)

ڕێژەی تێگەیشتن و کارکردنی واتا بەندە بە: بەرکەوتی ئاخێوەر بە کاریگەریی زانین لەسەر بیسەر. دەرکەوتی کاریگەری زانین لە بیسەردا بەگوێرەی جۆری پێوەندیی کە تێگەیشتن بەرهەمدەهێنێت و تێگەیشتن دەتوانێت لە نێوان ئاخێوەر ـ بیسەر ـ نووسەر ـ خوێنەر ـ یان بەگشتی بەربێژ (مخاطب) بەرهەمهێنانەوەی واتای لێبکەوێتەوە کە ئەمەش بە ڕەفتاری زمانەوە بەندە.

بەگوێرەی گوتەی هایمز ـ ١٩٧١، توانستی زمانی بە ڕێکەوەندێکی ڕۆشنتر دەزگای زمانی بەشێک لە توانستی پێوندیکاریی. لەلایەکەوە دەزانین کە بەشی هەرەزۆری توانستی پێوەندیکاری چەشنی ڕەفتاری زمانی یان بەگوێرەی لێکدانەوەی توخمگەلی نازمانی (Non – Lo\inguistic) لە باشقە (مۆدێل)ی شرۆڤەی زمانی زمانناس دەردەچێت، لەکاتێکدا کە دەبێ بێژین ئەو شتەی کە بە زانینی زمانی ئەژمار دەکرێت، چەند بارتەقا لەو شتە بەرینترە کە وەک توانستی زمانی لە تورییەکەی چۆمسکیدا دێتە ئاراوە.


پەروەردە و
پێگەیاندن
پ.د. محەمەدی مەحویی
مامۆستا لە بەشی کوردیی
کۆلێژی زمان/ زانکۆی سلێمانی

بەرپرسـیار لـە پێکهاتەی دامودەزگا و دامەزراوەکانی پەروەردە و پێگەیاندن تەنها وەزارەتی پەروەردە نییە، بەڵام پشکی شێر لە ئەستۆی ئەمدایە. دوو بنەمای سەرەکیی، کە لێرەدا قورساییان دەخرێتەسەر سیاسەتی خوێندن و فەلسەفەی خوێندن و پێگەیاندنن. واتا ڕوونکردنەوەکان ئەم دوو تەوەرە دەگرنەخۆ. بابەتەکان گریمانەیی نیین، بەڵام بەوشێوەیە پێشکەشدەکرێن، کە دەبێت سیاسەت و فەلسەفەکە چۆن بن. جۆری ئەم نوسینە، پەیوەست بە ناوەڕۆکەکەیەوە، خوێنەر ناچاردەکات خۆی بارە ئاساییەکەی خوێندن و پەروەردەکردن لەگەڵ ئەوەی ئەمرۆی هەرێمدا بەراورد بکات، بەتایبەتیی لە ڕووی بەحیزبیکردن و هەبوونی فەلسەفە یان نەبونییەوە و ئەو ئەنجامانەی لەو دانە دەکەونەوە.

### تەوەری یەکەم/ سیاسەتی پێگەیاندن

دەبێت پێڕەوی پێگەیاندن لە هەرێم لە ڕێی پایتەختەوە و بەپێی قانوون ڕێکبخرێت. بەدەر لە هەوڵەکانی قوتابخانە، هەم چەشنەکانی قوتابخانە و پلانی خوێندن لە سەرانسەری هەرێمدا یەکگرتوو دەبێت. پێویستە وانەکان و پێگەیاندن بابەتی ناوەندیی نێوان پارتەکان، حکومەت و وەزارەتی ئەوقاف بن، بۆ بڕیاردان لەسەریان. بۆ ئەمەیش پێویستە لە بوارەکانی زانست، پەروەردە و یاسای خوێندنیشدا بڕیار لەسەر ڕیفۆرمی خوێندن لە قوتابخانەکاندا بدرێت. گشت ئەوانەش پەیوەست بە لایەنەکانی فەلسەفی، پەروەردەیی و پێگەیاندنەوە.

**وەزارەتی پەروەردە ئەم ئەرکانە دەگرێتەئەستۆ:**

– ـ ئاراستەکردنی قوتابخانە.

–ـ پاراستنی قوتابخانە و مانەوەی.

–ـ کردنەوەی هەموو قۆناغ و چەشنەکانی قوتابخانەکان، بە قوتابخانەی پیشەیشەوە.

–ـ پێگەیاندنی مامۆستا و پێگەیاندنی بەردەوامیان دوای تەواوکردنی خوێندنیش.

– ـ داننان بە بڕوانامە بیانییەکاندا لە هەرێم.

بەڕێوەبەرێتیی هەر شارێک بەڕێوەبەرایەتییەکانی خۆی هەیە، کە ئەرکیان بەجێهێنانی یاساکان و ڕاپەڕاندنی کارەکانی خۆیان و سەروو خۆیانە. بەرپرسیاری چاودێریی قوتابخانەکان، یارمەتی قۆتابخانەکان و بەڕێوەبردنی قوتابخانەکانی شارەکان لەگەڵ مامۆستاکانیان لەئەستۆدەگرن.

### سەربەخۆیی قوتابخانەکان:

– واتە بەڕێوەبردنی قوتابخانە لەلایەن خۆیەوە. لەلایەنەکانی پلانی خوێندن (وانەگوتنەوە)، دروستەی پۆلەکان (کردنەوەی پۆلی تازە و بەشکردنی پۆلەکان)، پەیڕەوکردنی پێنج ڕۆژ دەوام لە هەفتەیەکدا، کاروباری وەک گرتنی شوێنی قوتابخانە، ڕێکلام بۆ قوتابخانە، پەیداکردنی سپۆنسەر و دروستکردنی هاوڕێیەتی لەگەڵ قۆتابخانەی تردا (لەگەڵ قوتابیی و دایک و باوکی قوتابیی و مامۆستایاندا). دانانی کەسەکان بۆ ئەو پۆستانەی، کە ئەرکی بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی کارەکانی قوتابخانەکانیان لەئەستۆدایە (بەڕێوەبەر، بڕیاردەر، ئەندامانی لیژنەکان، دانانی سەرپەرشتکاران). قوتابخانەی تایبەتی (خەڵکی)، بە یاسا ڕێکدەخرێن و کردنەوەی و بەڕێوەبردنی لە دەستەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیی پارێزگاکاندایە. هەروەها پێویستە بەپێی قانوون لەژێر چاودێریی ئەواندا بن، بۆئەوەی بڕوانامەکانیان دانپێدانراوبن. لەگەڵ ئەوانەیشدا لەسەریانە پەیکاڵی قوتابخانە نیشتیمانییەکان بن، لەڕووی قانوونە کارپێکراوەکانەوە. قوتابخانە ئاینییەکانیش بەهەمان قانوون دروستدەکرێن و بەڕێوەدەبرێن. وانەگوتنەوەش لە دەرەوەی قوتابخانەکاندا بە قانوون ڕێکدەخرێن و لەژێر چاودێریی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەکاندا بن.

چاودێریی قۆتابخانەکان لە ئەستۆی وەزارەتی پەروەردەدا دەبێت و بەجێهێنانی قانوون و ڕێنماییەکانیش لەسەر بەڕێوەبەرایەتییەکان دەبێت. ئەم چاودێریکردنە هەم پەروەردەییە و هەمیش زانستیی. وانەگوتنەوە و شوێنی خوێندن بەپێی چەشنەکانی قوتابخانەکان، سەرپەرشتیکارانی پەروەردە، کە پسپۆڕن لە زانست لەلایەنە پەروەدەییەکەدا و خاوەنی ئەزمونن.

**جۆرەکانی وانەگوتنەوە:**

بەپێی پلانی خوێندن، کە لە بەڕێوەبەرایەتییەکەدا دانراوە، بابەتەکانی وانەگوتنەوە دیاریکراون. لە بابەتی وانەگوتنەوەدا خوێندنی سەرپشکیش دەشێت بۆ ئەوانە زیادبکرێن. چالاکی و ڕاهێنان بۆ هەموو قوتابییەکان خورتییە لەو بابەتانەدا، کە پێویستە هەبن لە قۆناغی بنەڕەتیدا:

- ـ زمانی بیانیی.
- ـ پەروەردەی هاتوچۆ.
- ـ ئاڕاستەبوونی پیشە، تاوەکو قوتابی بتوانێت ئاینده بەدەستی خۆی دیاری بکات،
- ـ بابەتی ئازاد(هەڵبژاردەی ساڵ).

گوتنەوەی ئایین:

گوتنەوەی ئاین بەپێی ڕێکەوتنی نێوان وەزارەتی ئەوقاف و وەزارەتی پەروەردە دەبێت و لە دەستوردا ڕێکدەخرێت، کە دەستوەرنەداتە ناو گوتنەوەی بابەتەکانی ئاین. وەزارەتی پەروەردە خۆی بۆچوونی دەربارەی خوێندنی ئاینیی ڕێکدەخات. بۆ نمونە، بۆ هەبوون و کردنەوەی قوتابخانەی ئاینیی بۆ ئاینەکان و پێگەیاندنی ئاینیی. وەزارەت لە چاودێریکردنی مامۆستایان و پلانی خوێندنیان بەرپرسە. بەڕێوەبەرایەتییەکانیش ئەم یاسایانە بەجێدەهێنن. ئەو مامۆستایانەی، کە خوێندنی ئاینییان هەیە، بەلایەنی پەروەردەیی پێدەگەیەنرێن و دەبن بە مامۆستا لە قوتابخانەکاندا بۆ وانەی ئاین (ئیسلام، کریستیان، جوو، ئێزیدیی، زەردەشتیی، کاکەیی). ئەو منداڵانەش بۆیان هەبێت، کە بەشداریی وانەکانی ئاین بکەن یان نا. واتا وانەی ئاینیی بەسەرپشکیش هەبێت.

**پێگەیاندن مافی مرۆڤە:**

پێگەیاندنی منداڵان لە هەرێم مافی منداڵانە، واتە مافی منداڵە وانەی پێبدرێت. پێگەیاندن بۆ دیاریکردنی ژیانی خودی خۆ گرنگە. هەموو منداڵەکان مافی خوێندن و پێگەیاندنیان هەیە، لە هەر ئاین یان هەر توخمێک (نێر یان مێ) بن. ئەگەر کەمئەندام بن یان بێ دایک و باوک، زەنگین بن یان هەژار. مافی پێگەیاندن لە ڕێکەوتننامەی مافی منداڵانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەیە. لەو ڕێکەوتننامەیەدا هەموو ئەو مافانە نوسراون، کە منداڵەکانی هەموو ئەم دنیایە هەیانە.

خوێندنی خورتیی لە تەمەنی (٦) شەش ساڵییەوە دەستپێدەکات و نۆ ساڵیش دەخایەنێت. ئەمە بۆ قۆناغی بنەڕەتی لە قوتابخانەی نیشتیمانی یان قوتابخانەیەکی تریش دەخوات، کە مەرجەکانی قوتابخانەی نیشتیمانی تێدابێت. بەو واتایەی کە قوتابخانە و پێگەیاندن لە هەرێم بۆ هەموو منداڵ و مێردمنداڵێک لە تەمەنی شەش ساڵییەوە تا نۆی بنەڕەتی دەبێت. تۆمارکردنی ناو لەقوتابخانە مەرجە. بەرلەوەش بەلایەنی کەمەوە ساڵێک لە باخچەی ساوایان. ئەوەی نۆی بنەڕەتی تەواوکرد، بۆی هەیە لە پەیمانگایەکی پیشە و پیشەوەرگرتن بخوێنێت. خوێندن لە قوتابخانەی نیشتیمانی بێ پارەیە، بەڵام لە قوتابخانەی خەڵکی یان تایبەتی بە پارەیە و ژمارەیان بەپێی تایبەتمەندیی تەواو دیاریکراوە.

تەوەری دووەم/ فەلسەفەی خوێندن و پێگەیاندن:

١- پێگەیاندن و گەشەپێدان لە تەمەنی منداڵییەوە، زاراوەی ڕەخنەی پەروەردەیی، چەمکی پێگەیاندن، گەشەکردن و پێگەیاندنی بەرایی پێویستە ئەمڕۆ خەمی گشتیی و سیاسییەکان بێت. هەر لەسەرەتاوە هیوایەکی زۆر لەسەر کاریگەریی پێگەیاندن هەڵچنراوە. لایەنی پەروەردەیی حوکمی ئەم سیاسەتی پێگەیاندنە دەکات، بەڵام بە چەمکێکی زەنگینی پەروەردەییەوە، هیوابەخشانە و پەیکاڵ لەگەڵ خۆزگەی بیرکردنەوەکانماندا.

فەلسەفەی پەروەردە و پێگەیاندن لە ڕابەری سەرچاوەکانی خوێندندان و بەپێی ئەوان سەرچاوەکانی خوێندن دانراون.

٢- ژێربێژیی، پێگەیاندنی مرۆڤدۆستانە (کولتووری گشتیی).

پەروەردە و پێگەیاندن دامەزراوەیەکە، بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ بیرەکان. لە هەموو شوێنێک قورساییەکی زۆر لەسەر مامۆستا و دایک و باوکان لەگەڵ منداڵەکاندا هەن، تەنانەت لەسەر سیاسەتمەدارەکانیشدا. ناڕەزایی فرەچەشنیان لێدەکرێت، چونکە لە پەروەردە و پێگەیاندندا، بیرێک کە لە ڕایەڵەی کولتووریيدا بوونی نییە (پەیوەست بە خوێندنی زمانەوە)، کولتوهوری گشتییە بە ناوەڕۆکەکەیەوە، بە هەموو کولتوورەکانی

ناوچە جیاوازەکانەوە.

ئەم فەلسەفەیە بۆ چارەسەرکردن و داهێنانە. واتا بۆ ئەوەیە، مرۆڤ بۆ چشتێک ئامادەبکات، بەبێ ئەوەی لێرەدا لە حەز، توانا و بەهرەکانی پرسیاربکات. بەهۆی ئەمەشەوەیە، کە دەبێت لە ژیانی خۆیدا سەرکەوتووبێت.

٣- بابەتەکانی فەلسەفە یان بنەما بنەڕەتییەکانی فەلەسەفە لە خوێنندا:

- - پەروەردە و پێگەیاندن.
- - زانیاریی و کۆزانیاریی.
- - شانسی وەکیەک.
- - سەربەخۆیی تاک.
- - ژیانێکی باش.

ئەمانە وشە_کلیلی مشتومڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمڕۆن:

ئایا پەروەردە و پێگەیاندن بەرنامەیەکی ئابوورییە یان زانیاریی، کۆزانیاریی، نرخ و بەهایەکیان هەیە؟

ئایا پەروەردە و پێگەیاندن پەیمانی سەربەخۆیی و ژیانێکی باشمان دەدەنێ؟

ئامانجەکانی پەروەردە و پێگەیاندن دەبێت دەوڵەت دایبنێت؟

(زانا و پەروەردەکاران دایدەنێن و دەوڵەت لە دەستوردا دەیچەسپێنێت).

واتای شانسی وەکیەکی چییە؟

- لە فەلسەفەی کۆندا خۆشیی یان خۆشحاڵیی مرۆڤ و ژیانێکی باش سەرەکیی بوون. ئەمانە بە ئەجێندا و بەرنامەی فەلسەفیی دادەنرێن.

٤- پێگەیاندنی گیان(ڕۆح)، گیانی کوردایەتیی چەمکی ئەفلاتۆنییە بۆ زانینێکی زیندوو. مشتومڕە ئەفلاتۆنیەکە نمونەییانە پیشانیدەدات، کە پێزانین و بەدەستخستنی زانیین بەند و بەستراون بە کامڵبونەوە، واتە بە تەمەن و گیانێکی بەئاگا و هۆشیارەوە، بەگیانی ئەوەی، کە منداڵەکە فێردەبێت. زانیین ناوابەستەیە لە مەرجی تاکەکەسیی. هەوڵدان بۆ پێزانین و ناسین و ناسینەوە لای ئەفلاتۆن کەوتووەتە ژێر داواکاری حەقیقەتەوە. ئەمە لە حەقیقەتدا دەستدەکەوێت و ئەمیش تەحەکوم بەمانەوە دەکات. زاراوەی پێگەیاندن وەک بەرجەستەکردنی گیانی ئازایەتیی و پیاوەتی دەبینرێت.

٥- فەلسەفەیەکی مێژوو بۆ پێگەیاندنی مرۆڤایەتیی (بۆ پێگەیاندنی مرۆڤ بۆ مرۆڤایەتیی).

٦- کردنی فەلسەفە بە کردەیی و کارەکیی لەگەڵ منداڵدا. چەمک، ڕێباز، نمونە، فەلسەفە و پێگەیاندن. منداڵ فەیلەسوف نییە، بەڵام جاروبار فەلسەفە دەکەن. ئەوجا پرسیار لەسەر دنیا دەکەن. بۆ ئەمەش پێویستە هانبدرێن و پێشبخرێن بۆئەوەی بپارێزرێن. منداڵەکە بەرەو ئەوە ببرێت، کە بەرەو ئاڕاستەیەکی وەرگرتنی زانینی لەلا دروستبببێت. ئەم بابەتانە لە دنیای منداڵدا وەردەگیرێن، دنیای منداڵ لە قوتابخانە و دەرەوەی قوتابخانە. دەبێت چەمک و فەلسەفە لەگەڵ منداڵدا گفتوگۆیان لەسەر بکرێت.

٧- پێگەیاندنی فەلسەفیی بردنەوە ناوەوەی فەلسەفەی پەروەردەییە لەگەڵ فەلسەفەی کارەکی.

٨- شوێنەکانی منداڵ_بوون (شوێنەکانی تەمەنی منداڵیی).

**خودێتیی** (Subjektivierung):

تێڕوانینی گریمانەکارانەیە دەربارەی زانستی پەروەردەکردن. بەو واتایەوە، کە چۆن مرۆڤەکان خۆیان دەکرێن بە بکەر؟ دەبن بە چەق؟ دەبێت لە پۆلدا منداڵ ببێت بە چەق و ناوەندی پێواژۆکان.

- چیین ئەوانەی، کە مرۆڤ دەکەن بە مرۆڤ؟

پرسیار و بەدواداچوون لەسەر پێگەیاندنی ڕاستەقینە، بابەتێک و هۆهاندەرێکی سەرەکیی فەلسەفە و پەروەردەی ئەفلاتون بوون.

- پەروەردە لە شاراوەییدا: پەروەردە و پێگەیاندن لەلایەن جوانییەکانی ئەمڕۆوە، ڕەفتاری جوان، چەندوچونی گریمانەکارانەیە لەسەر پەروەردە و پێگەیاندن.

٩- میوزیک: خۆراکە، بردنە ناو دنیای مۆسیقا و مێژووەکەیەتی.

١٠- دیاردەکانی پەروەردە و پێگەیاندن: بۆ بردنە ناو دنیای زاراوە بنچینەییەکانی پەروەردە و پێگەیاندن و پەیوەندیی پەروەردیی ناو دنیای ڕوانگە و تێڕوانینەکانەوە.

# ڕوانینێکی تر بۆ پەیوەندی نێوان
# شێوە و مانا لە زماندا






**د.ئیسماعیل بەرزنجی**

لەدایکبووی ١٩٧٨. بڕوانامەی دکتۆرای هەیە لە ئەدەبی عەرەبی. چوار بەرهەمی چاپکراوی هەیە. چەندین توێژینەوە و وتاری بڵاوکراوەی هەیە. ئەندامی دەستەی کارگێڕی سەنتەری زەهاوییە.

زمان تەنها شێوەیە (الشكل)، هیچ پەیوەندییەکی ڕێکخراو لە نێوان ئاماژە زمانییەکان و مانادا نییە(١)، چونکە ئاماژەی زمانی تەنها قاڵبێکی داڕێژراوە لە دەنگ و پیت کە کۆمەڵگا لەسەری ڕێکدەکەوێت بیکاتە نیشانە و دەربڕی مانایەکی دیاریکراو، هەربۆیە ئاماژە زمانییەکان (الدوال اللغویە) بەپێی زمانە جیاوازەکان لە کۆمەڵگاکاندا ماناکانیان دەگۆڕێت.

ئەگەر ئاماژەی زمانی بریتی بێت لەو کۆمەڵە دەنگ و پیتەی یەکدەخرێن لە وشەدا و دەردەبڕدرێن یان دەنوسرێن، ئەوا مانا بریتییە لەو وێنە زەینییەی لای گوێگر دروست دەبێت دوای بیستنی ئەو ئاماژەیە یان خوێندنەوەی، بەشێوەیەک دەبن بە دوالیزمەیەکی لێکدانەبڕاو کە هەریەکەیان دەبێت بە هۆکار بۆ ئامادەبوونی ئەویتریان.

کاتێک دەڵێین پەیوەندی نێوان ئاماژەی زمانی و مانای زەینی ڕێکخراو نییە واتە هیچ پاساوێکی عەقڵی و لۆژیکی نییە بۆئەوەی ئەو دووانە بەیەکەوە ببەسترێنەوە(٢)، چونکە دەکرا هەر ئاماژەیەکی تر ببێتە جێگرەوەی ئەو ئاماژە زمانییەی کە کۆمەڵگا لەسەری ڕێککەوتووە، بەڵگەی سەلماندنی ئەم ڕاستییەش بوونی زمانی جیاوازە لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بە ئاماژەی زمانی جۆراوجۆر لەکاتێکدا مانا و ناواخن هەریەکە لای هەموویان.

بۆ نموونە ئاماژەی زمانی (دار) کە لە کوردیدا لە سێ پیت پێکهاتووە دەبێتە قاڵبی مانا و ناواخنێک کە وێنەیەکی زەینی قەد و پەل و پۆ و گەڵای سەوز لە زەینی گوێگری کورددا دروست دەکات، لەمەشدا هیچ پەیوەندییەکی ڕێکخراو و عەقڵی و لۆژیکی نییە لە نێوان ئەم سێ پیتە و وێنەی دارێک لە زەیندا، بە واتای ئەوەی پیتی (د) ئاماژە نییە بۆ (قەد)ی دارەکە یان (ر) بۆ گەڵا و پەلەکانی، ئێمە کاتێک لەدایکبووین ئەو ئاماژە زمانییە ئەو مانایەی بەخشیووە و ئەو وێنە زەینییەی دروستکردووە، بۆیە هەر بەوشێوەیە بەکاریدەهێنین.

بەڵام هەر هەمان مانا و وێنەی زەینی لەلای تاکێکی فارس ئاماژەیەکی زمانی تری هەیە کە (درخت)ە و لای عەرەب و ئینگلیزێک (شجرە) و (Tree)، ئەگەر پەیوەندییەک لە نێوان شێوەی ئاماژەی زمانی و وێنەی زەینی و مانادا هەبووایە ئەوا ئەو چەند وشە جیاوازە نەدەبوون بە قاڵبێک و ئاماژە بۆ یەک مانا.

لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە (مانا) وجودێکی جیایە لە زمان، نەک هەر ئەوە بەڵکو مانا بەبێ بوونی زمانیش هەر هەیە، کەواتە زمان تەنها شێوەیە و شکڵی ماددی دەنگەکانە و دەبێتە ئاماژە بۆ ماناکان، دەبێتە قاڵبێکی ئامادەکراو بۆ تێرژانی مانا، بۆیە چۆنیەتی ڕیزبوونی پیتەکان گرنگ نییە بۆ مانابەخشین، ئەوە دەکەوێتە سەر ئەوەی کە کۆمەڵگاکان لە سەرەتای سەرهەڵدانی زماندا لەسەر چ جۆرە ڕیزبوونێک ڕێککەوتوون بۆ مانایەکی زەینی دیاریکراو.

لەمبارەیەوە عەبدولقاهری جورجانی لەبارەی وشەی (ضَرَبَ) کە لە عەرەبیدا مانای (لێدان) دەبەخشێت دەڵێت ئەگەر دانەری زمان واتە ئەوانەی لە سەرەتاوە بە عەرەبی قسەیانکردووە لەجیاتی (ضَرَبَ) بیانوتایە (رَبَضَ) هیچ لە مەسەلەکە نەدەگۆڕا(٣)، یان لە زمانی کوردیدا ئەگەر لە جیاتی (بەرد) بوترایە (دەرب) یان (رەدب) یان هەر وشەیەکی تر بۆ مانای بەرد ئەوا لە زەینی کورددا ئەو وێنەیە بەو وشەیەوە دەلکا و دەچەسپا و هیچ لە مانا نەدەگۆڕدرا.

ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مانا جێگیر و نەگۆڕە و بوونی هەیە لە دەرەوەی زمان، چونکە هەموو ئەو مەوجوداتەی لە دەوری مرۆڤ هەیە مانای شتەکانیان لەخۆیاندا هەڵگرتووە، تەنها

ئەوەی کە مرۆڤ توانی دەرکی جەوهەر و ماهیەتەکانیان بکات لە ماناکانیان تێدەگات(٤)، ئەمە پێویستی بە زمانێک نییە، بەڵکو ڕۆڵی زمان دوای دەرککردنی ماهیەتی شتەکان دێت، کاتێک وێنەیەکی زەینی دروست دەکەن لە زەینی مرۆڤدا پێویستیان بەوە دەبێت لە کەناڵێکەوە بگوازرێنەوە بۆ بەرامبەر، ئەو کەناڵەش پیت و دەنگە زمانییەکانن، ئەوان دەبن بە بەرگ بۆ ماناکان، ماناکان وەکو ئەبو هیلالی عەسکەری دەڵێت وەکو جەستە وان لە قسەکردندا وشەکان دەبن بە بەرگ و پۆشاک و شێوەکانیان دەردەخەن(٥)، بۆیە دەکرێت ئەو جەستەیە بە پۆشاکی جۆراوجۆر دابپۆشرێت کە زمانی جۆراوجۆرن بۆ ماناکان.

یامسلیف پێیوایە دەبێت جیاوازی لە نێوان (شێوە) و (مادده)دا بکەین لەسەر هەردوو ئاستی ڕوخسار و ناوەڕۆکی دەربڕینە زمانییەکان، واتە لەسەر ئاستی ڕوخساری دەربڕیندا (شێوە) مان هەیە کە بریتییە لەو پەیوەندییەی لە نێوان وشەکاندا دروست دەکرێت و بەیەکەوە گرێیان دەدات، بەڵام (مادده)ی دەربڕین پیت و دەنگەکانن کە وشەیان لێپێکدێت، هەروەها لەسەر ئاستی (ناوەڕۆک) دیسان شێوە و ماددەمان هەیە، (مادده) ی ناوەڕۆک بریتییە لە وێنەی زەینی و مانای عەقڵی شتەکان، بەڵام شێوەی ئەو ناوەڕۆکە بریتییە لە ڕیزبوونی ئەو مانایانە لە ڕستەدا(٦).

بۆیە لە پرۆسەی دەربڕیندا چی قسەکردنی ئاسایی بێت یان دەقی ئەدەبی و هونەری مانا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە دیاریکردنی شێوەدا، بەمەشدا دەردەکەوێت کە مانا وجودێکی سەربەخۆی هەیە لە دەرەوەی زمان و دوای دەرککردن و ڕێکخستنی لە زەینی مرۆڤدا شێوەی وشە و دەنگەکانی بۆ ڕێکدەخرێت بۆئەوەی ببنە قاڵبێک بۆ دەربڕینی ئەو مانایانە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

. دروس في الألسنية العامة (فردیناند دي سوسير، تعريب: صالح القرمادي وآخرون،الدار العربية للكتاب – بيروت، ١٩٨٥)، ص١١٠.
٢ . هەمان سەرچاوە، ١١١.
٣ .دلائل الإعجاز (تحقيق: محمود شاكر، مكتبة الخانجي،١٩٨٤)، ص٤٣.
٤ .نظرية المعنى في النقد العربي (د.مصطفى ناصف، دار الأندلس، بيروت، د.ت)، ص٧٠-٧١.
٥ .كتاب الصناعتين الكتابة والشعر (تحقيق:علي محمد بجاوي ومحمد أبو الفضل، شركة أبناء شريف الأنصاري، بيروت، ٢٠٠٦)، ص٦٥.
٦ .بنية اللغة الشعرية (جان كوهن، ترجمة: محمد الولي ومحمد العمري، دار توبقال، الدار البيضاء، ١٩٨٦)، ص٢٧-٢٨.

# زمان لە فەرهەنگ و هزری ئیسلامیدا





**پ.ی.د سەباح بەرزنجی**

لە دایکبووی ١٩٦٨ شارەزوور. دکتۆرا لە فیقھ و بنەماکانی یاسا. مامۆستا لە زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی. سەرۆکی سەنتەری زەهاوی. خاوەنی ١٤ کتێبی چاپکراو و دەیان توێژینەوەیە.

زمان لە چەند ڕووەوە قسەی لەسەر دەکرێت، وەک خود و وەک بابەت، وەک تایبەتمەندیی مرۆڤ و جیاکەرەوەی لۆجیکی، وەک پانتاییەکی هزر و بیرمەندیی، وەک تەجەللیگای تەعاروفی مرۆڤایەتی، وەک ڕازێک لە ڕازەکانی بوونەوەر، ئاوی ژییانی عەقڵانی و دیاریکەری ئاستی هۆشیاری. مرۆڤ لە بەرامبەر زمانەوە، لە دێر زەمانەوە، تاوێک بە ئەدەبدانی و تاوێک بە حەیرانی هەڵوێستە دەکات.

ناو و ناوەرۆک، لە یەکەمین گفتوگۆی نێوان حەق و فریشتەکاندا، بوونە بابەت، تا تەواوی شایستەگی مرۆڤ بۆ جێنشینایەتی نیشان بدەن، وعلم آدم الأسماء كلها ثم عرضهم على الملائكة...

لەو ساتەوە چارەنووسی مرۆڤ بەسترا بە زانستەوە و بڕیاردرا بەبێ زمان و بەبێ ناو، شتێک نییە ناوی زانست بێ، زانست ئەو یاسا و ڕێسا گەردوونیی و مرۆییانەن کە لە جیهانی ڕەهاوە دەرکەوتوون و هاتوونەتە ناو هزری ئێمە و زمان مامەڵەی ژیرانەیان پێوە دەکات پێکەوە گرێیان دەدات و لە ئاوێتەکردنیان و دووبارە و چەندبارە خوێندنەوە بۆیان، جیهانێکی نوێ لە ژیریی و خەیاڵدانی ئێمەدا بەرهەمدەهێنێت.

زانا مسوڵمانەکان لە بەرامبەر زمانەوە، بەوپەڕی گرنگییەوە وەستاون، یەکەم پێیانوایە ئەم زمانە بەهرە و دیارییەکی بەردەوامی خواوەندی ئەفرێنەرە، کە لە عەینی یەکبوونی کانگا و خود و بابەتدا جیاواز دەردەکەوون.

وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّلْعَالِمِينَ . الروم ٢٢

زمان وەک سستمێکی موتەکامیل چوار ئاستی هەیە ئاستی دانان (الوضع) و ئاستی بەکارهێنان (الاستعمال) و ئاستی مانادان (الدلالة)و ئاستی لێتێگەیشتن (الفهم). بۆ هەرکام لەم ئاستانە زانستی سەربەخۆ و فرە ڕەهەند ڕەچاوکراوە.

لە ئاستی یەکەمدا قسە لەسەر ئەوە دەکرێ کێ زمانی داناوە و چۆنی داناوە و چۆن دەکرێ بۆ بێ کۆتایی مانا، ژمارەیەکی سنودار لە وشە دابنرێ و چۆن لە گۆزەی وشەدا دەریای مانا جێی دەبێتەوە؟ پەیوەندیی جەدەلیی نێوان موتلەق و نیسبی چ جۆرە پەیوەندییەکە؟ کاتێک مانا کە بریتییە لە جەوهەر و ماهییەتێکی زیهنی لە قاڵب دەدرێ و وشەیەکی بۆ دادەنرێ و دەخرێتە سەر گەنجینەی فەرهەنگی بەکارهاتووی ناو خەڵک، ئەم پرۆسەیە گەمە و گاڵتە نییە، بەڵکو مرۆڤی دانا سەرسام و حەیران دەکات، بنەما و هۆکار و ئامانج و ئەنجامی خۆی هەیە.

لە ئاستی دووەمدا کاتێک وشەیەکی ناو فەرهەنگ دەهێنین بە زاردا ڕەنگە مەبەستمان لێی گەیاندنی خودی مانا بنەڕەتییەکە بێت، یان مانایەکی نزیک لەو یان هاوشێوەی ئەو بێت، لێرەدا مرۆڤی بێژەر ئازادییەکی ڕێژەیی هەیە بۆ بەکارهێنان و دەبێ لە سنووری مانا و فەزای دیاریکراوی ئەودا ئەو وشەیە بەکاربهێنێت، لەم ئاستەدا قسە لەسەر حەقیقەت و مەجاز و سەریح و کینایە، قسە لەسەر ڕەوانبێژیی و ڕوونبێژیی و جوانبێژی دەکرێ. مرۆڤ لەم ئاستەدا بەپێی هۆشیاریی و ئاگاهی خۆی وشەکانی ناو گەنجینەی هزر بەکاردەهێنێت، هەرچەند هۆشیارییەکەیی و گەنجینەکەی دەوڵەمەندتر و هەستی بە واقیعە تاکەکەسیی و کۆمەڵایەتییەکەی زیاتر بێت بەکارهێنانەکەی ڕوونتر و ڕەوانتر دەبێت.

لە ئاستی سێیەمدا قسە لەسەر مەنتووق و مەفهوومی زمان دەکرێت، مەنتووق واتە مانای پڕاوپڕی وشە و ڕستە و تێکستەکان و مەفهوومیش واتە مانای وەرگیراو لە هەناوی دەق، جگەلەوەی باس لە سێ جۆر دەلالەت: دەلالەتی پڕاوپڕ(المطابقة)، دەلالەتی دەبەرگر(التضمن) و دەلالەتی هەڵێنجراو

# مرۆڤ لە ڕێی زمانەوە دەتوانێت بیربکاتەوە و تەعبیر لە ویست و نیازمەندییەکانی خۆی بکات.

(الالتزام)، دەکرێت و موناقەشەیەکی زۆر هەیە، کە جۆری سێیەمیان ئایا لەفزیی و وەزعییە یان عەقڵی و ئیستیدلالییە.

ئاستی چوارەم بریتییە لە بەکارهێنانی تێکڕای ئەزموونی مرۆڤ بۆ وەرگرتنی مانا و مەبەست لە زمان، واتە ئاوێتەبوونی هۆشیاریی و ژیریی لەگەڵ دەربڕینە جیاوازەکان و پێکەوەبەستنیان لە ڕشتەیەکی مەعریفیدا.

کە سەیری درەختی زانستە ئیسلامیی و عەقڵی و نەقڵییەکان دەکەین دەبینین تۆوی بنەڕەتییان موفرەداتی زمان و بایستەکانی زمانە، لەوێوە قسە لەسەر سەرچاوەی زمان و دانەر و لق و پۆپەکانی دەکرێت. پاشان دێنە سەر ئیمکانی تێگەیشتن و ڕووبەری هاوبەشی پەیوەندییەکان کە زمان بۆ مرۆڤەکانی دەڕەخسێنێت، مرۆڤ لە ڕێی زمانەوە دەتوانێت بیربکاتەوە و تەعبیر لە ویست و نیازمەندییەکانی خۆی بکات. شکڵگرتنی بیر و هزر و هۆشیاریی بەبێ بوونی زمان، مەحاڵی مەحاڵە، لێرەوە تێدەگەین بۆچی خوای پەروەردگار فەرموویەتی: الرحمن . علم القرآن. خلق الانسان . علمه البيان. الرحمن ١-٣ .

دەتوانین زمان بشوبهێنین بە تەلارێک کە بناغە و دیوار و پایە و بانی هەیە، دیوی ناوەوە و دەرەوەی هەیە، خاڵی دەستپێک و ئامانج و مەبەستی هەیە. ئەم تەلارە لەهەر ڕۆژگار و قۆناغێکدا بەپێی تازەبوونەوەی ویست و پێداویستییەکانی مرۆڤ پێویستی بە گەورەبوون و تازەبوونەوە و تەنانەت گۆڕانکاریی هەیە، لەهەمانکاتدا کە بۆخۆی خەڵکانی ناوی کۆدەکاتەوە و مانایان پێدەبەخشێت و خزمەتیان دەکات، ئەوانیش مانا بەو دەبەخشن و خزمەتی دەەن.

مرۆڤ لەگەڵ زماندا داستانێکی دووروردرێژ و دۆستانەی هەیە، زانایانی لۆجیک زمانیانیان کردۆتە جیاکەرەوەی مرۆڤ لە باقی زیندەوەران، بەڵێ مەبەستیان لە ناتیق کە فەسڵی جیاکەرەوەی مرۆڤە، هێزی ژیریی و بیرکردنەوەی مەنهەجییە، بەڵام ئەم هێزی ژیریی و هزرمەندییە بەبێ مەنزوومەی زمان فیعلییەت پەیدا ناکات.

لە سۆنگەی ئەم ڕاستییەوە ڕازی خیلافەت و جێنشینایەتی و حەقیقەتی ئاوەدانیی و ژیار و شارستانێتی تێدەگەین، کە ئەگەر مرۆڤ فێری زمان و نووسین و تۆمارکردن و سەرنجدانی لۆجیکی لە دیاردە و ڕووداوەکان نەبایە، هیچ کام لەلایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتی گەشە و پەرەی نەدەسەند و شتێک نەدەبوو بەناوی کۆمەڵی مرۆڤایەتی و گەل و نەتەوە جیاجیاکان و قوتابخانە فیکریی و سیاسیی و کۆمەلایەتییەکان.

ئاینەکان وەک تەجەللیگای پەیوەندیی ڕۆحانی نێوان خالق و مەخلووق و وەک ڕێکخەری ژیانی تاک و خێزان و کۆمەڵ، لە ڕێی میکانیزمی زمانەوە

دەرکەوتوون و ماونەتەوە، دەقەکانیان بەنەمریی ماون و ماهییەت و نەمرییان بەخشیوە بە نەتەوە جیاوازەکان.

هەمیشە ئەو پرسیارەش لای مرۆڤ دروستبووە کە جمکی پێکەوە بەستراوی وشە و مانا کامیان لە پێشترن و کامیان لە خزمەتی کامیاندایە و لەمڕووەوە بیر و بۆچوونی جودا و تەنانەت دژبەیەک باسکراون، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە لەلای ئەو کەسەی بێژەرە یان نووسەرە، مانا لە پێشە، واتە سەرەتا ماناکان سەرواز دەکەن بۆ سەر عەقڵ و ژیریی پاشان دێت وشەی گونجاویان بۆ هەڵدەبژێرێت، بەڵام لای بیسەر یان خوێنەر ئەولەوییەت بۆ وشەیە واتە بۆ ئەو عیبارەتەیە کە دەیبیستێت یان دەیخوێنێتەوە ئینجا دێت مانای گونجاوی لێ دەفامێت.

دوای ئەمە دێینە سەر زانایانی عەقیدە و بیروباوەڕ، ئەوانیش بە گرنگییەکی زۆرەوە لە زمان دەڕوانن تەنانەت زانستەکەیان ناوناوە زانستی کەلام، چونکە زۆرترین قسەیان لەسەر کەلامی ئیلاهییە، تێکڕا بڕوایان وایە خودا دەبێ کەلامی هەبێت، چونکە بۆخۆی لە قورئاندا باسی لێکردووە، خوداوەندێک کەلامی نەبێت، چ لە ڕووی وجوودییەوە، چ لە ڕووی ئەخلاقییەوە ناتوانێت خوداوەندیی بکات. ئینجا مشتومڕیان لەسەر ئەوەبووە ئەم کەلامە ئایا سیفەتێکی زاتییە بۆ خودا یان سیفەتێکی فیعلییە، کە ئەمەش هەر پەیوەستە بە گەورەیی و شکۆ و گرنگی زمانەوە.

لە کەلەپووری ڕەوانبێژیی ئیسلامیدا کە ڕوویەکی درەخشانی زانستە ئیسلامییەکانە و زۆر بە جوانی گەلانی مسوڵمان پێکەوە گرێداوە، ئێمە دەبینین زمان بابەتی حەوت زانستی بایەخدارە: ڕوونبێژی (المعانی)، ڕەوانبێژیی (البیان)، جوانبێژیی (البدیع)، هاوسەنگبێژیی (العروض)، سەروابەندیی (القافیة)، ساغکردنەوە (النقد) و هۆنەریی (قرض الشعر). بەرهەمی ئەم درەختە زانستییەش میوەگەلی غەزەل و قەسیدە و چیرۆک و دەقی ئەدەبی و زانستی و فەلسەفی و ئەخلاقیی و بەرهەمی هونەرییە، بە هەموو جۆر و ژانرەکانییەوە، هونەری مۆزیک و گۆرانیی و موەششەحات و مەدائیح و ڕەقس و سەماعی سۆفییانە و دڵدارانە. کافییە سەرنجێک لە کتێبی (الاغانی) ئەبووفەرەجی ئیسفەهانی بدەین لە ٢٤ بەرگدا، کە دەگێڕنەوە خەلیفە حەکەمی موستەنسیر بیللا لە ئەندەلووس هەزار دیناری ناردووە تا نوسخەیەکی لێبگرنەوە و بۆی بنێرن، پێش ئەوەی لە عێراق بڵاوبێتەوە.

ئەم گرنگیدانە بە زمان و زانستەکانی بووەتە ئیلهامبەدەخشی زانایان و ئەدیبان لەناو گەلە جیاوازەکاندا بۆئەوەی لە پاڵ زمانی عەرەبیدا کە زمانی فەرمی بیر و بڕوا و ئاینەکەیان بووە گرنگییەکی زۆر بە زمانی خۆماڵیی و دایک بدەن. ئەگەر وانەبایە لە کوێوە فارسەکان و تورکەکان و کوردەکان و هیندییەکان و قەفقازییەکان و ئۆزبەک و ئەمازیغییەکان ڕوویان لە شیعر و فۆلکلۆر و زیندووکردنەوەی زمان دەکرد و لە کوێوە سەعدی و حافز و مەولانا و نالی و مەولەوی و مەحویی و حاجی قادر و فزوولی و نازم حیکمەت و...پەیدا دەبوون.

زمان لەم شارستانێتییەدا ئەو کەشتیی نووحە بووە کە گەلانی لە تۆفانی ڕۆژگار پاراستووە و ماهییەتی پێبەخشیون.

فەرهەنگ نووسین کەلتوورێکی دیکەی بەربڵاوە لەناو گەلانی مسوڵماندا، کە جگە لە ڕوونکردنەوەی مانا و مەبەست و بایسی وشەکان، بوونەتە گەنجینەی پاراستنیان و ئاڵوگۆڕی باری مەعریفیی و پەیوەندییە سەرسوڕهێنەرەکانیان.

## زمان لەم شارستانێتییەدا ئەو کەشتیی نووحە بووە کە گەلانی لە تۆفانی ڕۆژگار پاراستووە و ماهییەتی پێبەخشیون.

لە هەناوی فەرهەنگەوە بەراوردی نێوان وشە و ڕستە و برگەی نێوان زمان و زارەکان و بەراوردی نزیکایەتی و خزمایەتیان لەدایکبوو. تێگەیشتین تەنانەت لە پەڕاوی ئاسمانیدا دەرفەتی حزوور بۆ زۆر وشەی غەیرە عەرەبی ڕەخساوە کە بە موعەررەب ناوزەد کراون و جیاکراونەتەوە.

کە بزاڤی وەرگێران لەناو ئوممەتدا دەستپێکرد، فەیلەسووفانی وەک کیندی و ئەبووحەییان و بیرمەندانی موعتەزیلە هیچ کێشەیان نەبوو لە وەرگرتن و داتاشین و دارشتنەوەی هزر بە زمانێکی تازەی نامەئلووف، وێڕای بوونی خەڵکانێکی زۆر کە ئەم کارەیان بە بێهوودە و تەنانەت بە بیدعە دەزانی، بەڵام تێگەیشتن لە ڕۆڵی دەلالیی زمان و نەبوونی ڕێگرێکی لۆجیکیی و شەرعی کارە دژوارەکەی ئەوانی ئاسان کرد و سەدەیەک تێنەپەڕی تا حیکمەتی پێشینانی گەلانی دیکە گوازرایەوە بۆ مەنزوومەی هزری ئیسلامیی و هاوریتمییەکی سەرنجڕاکێش لە نێوان فیکر و هزرە ئینسانییەکەدا هاتە ئاراوە کە هەنووکە شانازیی پێوە دەکەین و بووە پردێک بۆ گواستنەوەی هزری سەدەکانی پێش زایین بۆ سەردەمی نوێ و هاوچەرخ. عەقڵی هەڵبژێری مەنتیق پەسەند بەوشێوە زمان و زانستەکانی زمانی خستە خزمەتی ئەو پەیامە ئینسانییەی قورئان هێنابووی بۆ هەموو مرۆڤایەتی و ئاستە مەعریفییە جیاوازەکانی.

لە ئصولی فیقهیشدا ئامادەگی زمان و زانستەکانی زمان زۆر بەرچاو و بەرجەستەیە، سەرەتا دەرکیان بەوە کردووە کە ئەم زانستی ئصوولە دەبێ بایس و پاساوی خۆی لە بیر و بڕوا و بوار و مەیدانی خۆی لە فیقهو یاسا و میکانیزمی مامەڵەکردنی لە زمان وەربگرێت، بۆیە وتوویانە: کانگا و کارگای ئصول بریتییە لە سێ زانستی:

زمانی عەرەبی و فیقهو کەلام.

بەڵام بابزانین لە کانگای زمانی عەرەبی چییان وەرگرتووە:

یەکەم : باسەکانی دانان و داتاشینی زمان.

دووەم : مانای پیت و ئامرازەکان.

سێیەم : دەلالەتی وشە لەسەر مانای ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ.

چوارەم : جۆرەکانی گەیاندنی مانا بە بەرامبەر.

پێنجەم : ڕیزبەندیی و ئاستە جیاوازەکانی مانا، کاتێک تێکدەگیرێن لە ڕووی هێز و لاوازییەوە.

شەشەم: یاساکانی چۆنیەتی دارشتنی گوزارە و فرمان و ڕێگرتن، (قواعد تكوين العبارة و الأمر و النهي).

تائێستا زانیمان زمان لە درەختی زانستە

فەرمییەکاندا چەند گرنگ و کاریگەر بووە، و چەندە جێی بایەخی یاساناس و موتەکللیم و بانگخواز و ئەدیبەکان بووە.

لایەنێکی تر و ئێجگار ناوازەی زمان، ئەو کاتە دەردەکەوێت کە بڕۆینە جیهانی عاریفان و سالیکان کە مامەڵەیەکی تایبەتیان لەگەڵ زمان کردووە، ئەوان زمانیان کردۆتە ئاوێنەی دەرکەوتنی ڕاستییە میتافیزیکییە زەوقییەکان کە لە ئەنجامی ئەزموونی نزیکبوونەوە لە خودا و لە کانگای زانستی ڕاستەقینە بۆیان حاسڵ دەبێت.

زمان لای ئەوان ڕەمز و ڕاز و هێمایە بۆ جیهانێکی باڵاتر لەوەی ئێمە دەیبینین، مرۆڤ دەگاتە مەقامێک کە زمان و دەفتەر دەسووتێن و شتێک نامێنێت جگە لە (ئەو)، ئەوێک کە جودا نییە لە (من)، لە جێیەکدا کە (من)ێک نامێنێت و هەمووی دەبێت بە (ئەو).

ئەم زمانە ڕەمزییە شیعرییەتێکی باڵا و ئێجگار بەرزە کە مەگەر خۆیان بتوانن مافی شایستەی پێبدەن. لە زمانی عاریفانەوە ئێمە لە بوون و لە مرۆڤ و لە خالق و مەخلووق و عاشق و مەعشووق نزیک دەبینەوە و هەست بەعیللەتی غائیی خۆمان دەکەین، ئەم زمانە ڕەمزییە ئەفسوونگەرە لە بەرهەمەکانی مەولانا و ئیبنولفاریز و ئیبن عەرەبی و شەبەستەریی و مەحویی و جزیری و جامی و حافز و سەعدی شیرازیدا دەبینین. کە جوانترین حاڵەتی تەفاعول و جۆشخواردنی مرۆڤ و بوون، مرۆڤ و زمان نیشان دەدەن.

گەشتێکی خێرا بە ئەدەبیاتی عیرفانیی کوردیدا ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە زمان تەنها ئامرازێکە بۆ گەیاندن و قووڵکردنەوەی ئەزموونی ئاینی و بڵاوکردنەوەی فەرهەنگیی یەکترقبووڵکردن، زمان لە فۆرمە تەجریدییە مەعنەوییەکەیدا دەتوانێت بیرە جیاوازەکان نزیک بکاتەوە و بیانگەیەنێتە خاڵی هاوبەش بۆ ئاڵوگۆڕی مەبەست و پێکەوەژیان. بۆئەوەی مرۆڤەکان تێبگەن لەوەی کە ئەوان لەودیوی زمانەوە شەیدا و هەڵوەدای ڕوخسارێکن کە هەر ڕۆژەی بە جۆرێک و بۆ هەرکەسێک بە نمایەک خۆی نمایش دەکات و زمان دێت ناونیشانی جیاوازی بۆ دادەنێت.

زمان لە ماهیەتی خۆیدا شتێک نییە جگە لە هزرێکی نیشانەدار، کە لە جیهانی مانادا پەنگی خواردۆتەوە و بۆ زەمین و زەمانێکی لەبار دەگەڕێت تا خۆی دەربخات و ببێتە وتار و ئاماژ ە و هێما پەیوەندی نێوان کەسەکان کە بە کەلتوور و تێگەیشتن و سەلیقەی جیاوازەوە دەیانەوێت لەسەر سفرەی ژیانێک و جیهانێک و گەردوونێک کۆببنەوە.

لە فەرهەنگی قورئانیشدا زمان لە ناوەڕۆکدا بیر و تێفکرین و سەرنج و ڕامانە و لە فۆرم و ڕواڵەتیشدا نیشانە و ئایەت و بەڵگەی تەواوێتی خوداوەندێکە کە زمانی کردۆتە ڕێگای دۆزینەوەی حەق و جیاکردنەوەی لە ناحەق.

الم نجعل لە عینین و لساناً و شفتین وهدیناه النجدین....

# کاریگەرییەکانی زمانی عەرەبی لەسەر زمانی کوردی

## - باشووری کوردستان بە نموونە -





**پ.ی.د.حەسەن خالید موستەفا موفتی**

لەدایکبووی ١٩٧٢، هەڵەبجە. ساڵی (٢٠٠٢) بڕوانامەی ماستەر و ساڵی (٢٠٠٨) بڕوانامەی دکتۆرا بەدەستهێناوە. مامۆستای زانکۆ/ خاوەنی (٣١) بەرهەمی چاپکراو و (١٧) توێژینەوەی زانستییە.

## سەرەتا

ڕوون و ئاشکرایە کە کوردستانی گەورە بە گشتی و باشووری کوردستان بەتایبەتی لە پاش ئاشنابوونی بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام خۆی بینییەوە و قەوارەیەکی نیمچە سەربەخۆی بەدەستهێنا و مێژوویەکی ڕوونی نوسرایەوە و چالاکییە زانستییە ڕۆشنبیرییە مەعریفییەکانی لە چوارچێوەی ئایینی ئیسلامدا بە دونیای دەرەوەدا ئاشکرا و نمایان بوو(١).. واتە پێش ئیسلام میللەتی کورد وەک میللەتێکی زیندوو خاوەن بەهرە و زانا و دانا نەناسرابوو.. هەروەها سەرچاوەیەکی ئەوتۆی مەعریفی و زانستیشی نەبوو کە خۆی پێ بنوێنێت وەک میللەتانی عەرەب، فارس و ڕۆم و ... هتد.

بەڵام پاش ئەوەی کە شەرەفمەند بوو بەم ئایینە پاکە مرۆڤدۆستە، کوردستان و پێگەکەیی و زانایانی بە دنیای ئیسلامدا ناسران و ئەستێرەکانی لە ئاسمانی زانستدا درەوشانەوە... لەوانە شارەزوورییەکان، دینەوەرییەکان، ئامەدییەکان، ڕەحاییەکان، دیاربەکرییەکان، جزیرییەکان، ئەیوبییەکان، حەیدەرییەکان، ماوەرانەکان، قەرەداخییەکان، زەهاوییەکان، مەردۆخییەکان، بابانییەکان، ئەربیلییەکان، بەرزنجییەکان، ئەردەڵانییەکان، حەسنکەفییەکان، حەڕانییەکان، نەقشبەندییەکان و شنۆییەکان و ... دەیان بنەماڵە و ناوچەی زانستی دیکە لە تەواوی جوگرافیای کوردستاندا بەشێوازێک کە تا سەرچاوە مێژووییەکان نەگەڕێین و نەخوێنییەوە وەک : (سير أعلام النبلاء) ئیمامی زەهەبی و (البداية والنهاية) ی ئیمامی ئیبنوکەسیر، (تاريخ البلدان) حەمەوی.. ناگەینە ئەو حەقیقەتە کە زانایانی کورد چ ڕۆڵێکیان هەبووە لە مێژووی ئیسلامدا بەتایبەت...

سەرەتاکانی کاریگەریی زمانی عەرەبی لەسەر زمانی کوردی: دەگەڕێتەوە بۆ چەرخی ڕزگارکاری ئیسلامی بەهۆی لەئامێزگرتنی میللەتی کورد بۆ ئیسلام وەک ڕزگارکارێک لەژێردەستی هەردوو ئیمپراتۆرییەتی ساسانی و بێزەنتی..

بەڵێ زمانی ئایین لە کوردستاندا بوو بە زمانی تاعەت و عیبادەتی میللەتی کورد، جگە لەو دەستەواژانەی کە لە ئیسلامدا پێویستە لەبەر بکرێت و بگوترێت چ لە بەشی فەرزی عەینی چ لە بەشی فەرزی کیفایی، کۆمەڵێک دەستەواژە و وشەی زۆری تریش بەهۆی ئامۆشۆکردنی مسوڵمانی کورد بۆ بەجێهێنانی ئەرکی حەجکردن و زیارەتی هەردوو حەرەمی پیرۆز بەکاردەهێنراو خەڵکی ئاسایی کورد ڕۆژانە بەکاریان دەهێنا..

بە نموونە پێویستە هەموو تاکێکی کورد ڕۆژانە پێنج جار نوێژ بکات بەو شێواز و مەرج و ئەرکانانەی کە لە سەرچاوەی شەرعییەکاندا هاتووە(٣)، بە تێکڕای ئەو ڕوکن و واجباتانەیش هەر لە(الله اكبر) جونە ناو نوێژەوە تا خوێندنەوەی سورەتی (الفاتحة) لە هەموو ڕکاتێکدا تا خوێندنی تەحیات لە (التشهد)دا، هەمووی بە زمانی عەرەبییە، چونکە زمانی ئایینی ئیسلامی تێکڕای میللەتانی ئیسلام بریتییە لە زمانی عەرەبی. هەروەها زۆرێک لە نزاکانی نێو عیبادەتەکان، پاڕانەوەکان و لاڵانەوەکان وەرگیراوە لە سوننەتی حەزرەتەوە (د.خ) ئەوانیش بە زمانی عەرەبین.

هەروەها زمانی مەزهەبی فیقهیش کە مەزهەب و پەیرەوی ئیمامی شافیعییە لە تەواوی کوردستانی گەورەدا زۆرێک لە سەرچاوەکانی کە دەخوێندرێت بە زمانی عەرەبییە و تائێستاش لەوانە : (الأم) للشافعي، المختصر للمزني، الوسيط للغزالي، الحاوي للماوردي، المنهاج للنووي، النهاية للرملي، التحفه لابن حجر، فتح القريب لأبي شجاع... و هتد.

هەروەها زاراوە فیقهییەکان بەهۆی خوێندنیان لە حوجرەکاندا بەربڵاوبوون لەسەر زاری فەقێ و مەلاکانیش بە کۆمەڵگا و چین و توێژەکاندا زیاتر بەکاردەهات.

هەروەک هۆکارێکی تری بڵاوبوونەوەی

زمانی عه‌ره‌بی، یاخود ده‌سته‌واژه‌ و وشه‌كانی له‌نێو زمانی كوردییدا، بریتییه‌ له‌ وتاره‌كانی رۆژانی هه‌ینی و جه‌ژن و نوێژه‌بارانه‌ و مانگ و رۆژگیران و...هتد، كه‌ تا ئه‌م دواییانه‌ش واته‌ تا ناوه‌راستی سه‌ده‌ی بیسته‌میش هه‌موو وتاره‌كانی رۆژانی هه‌ینی هه‌ر به‌ زمانی عه‌ره‌بی گوتراوه‌، بۆ یه‌كه‌مجار له‌سه‌ر فه‌رمانی شێخ محه‌مه‌د عه‌لائه‌دینی بیاره‌ گوتاری هه‌ینی كراوه‌ به‌ كوردی و له‌ به‌رواری (٢٦/رجب/١٣٥٣كۆچی = ٣/ ١١/ ١٩٣٤) به‌ فه‌رمانی ئه‌و كه‌ ناردوویه‌تی بۆ مامۆستا مه‌لا عه‌بدولكه‌ریمی موده‌ڕیس كه‌ تیاییدا شێخی عه‌لائه‌ددین ده‌ڵێت: به‌گه‌یشتنی ئه‌م نامه‌یه‌، به‌ زمانی كوردی ئامۆژگاری گوتاری هه‌ینی پێشكه‌ش بكه‌ن(٤).

بێگومان له‌گه‌ڵ به‌ كوردی كردنی وتاری هه‌ینیدا ئه‌ركانه‌كان له‌ هه‌ردوو گوتاری عه‌ره‌بیدا هه‌ر به‌ عه‌ره‌بی ماونه‌ته‌وه‌، واته‌ هه‌ردوو وتاره‌كه‌ پێشتر به‌ زمانی كوردی راڤه‌ بكرێن پاشان وتاره‌كان به‌ عه‌ره‌بی بگوترێنه‌وه‌.. به‌وشێوه‌یه‌ مایه‌وه‌ تا سالآنی حه‌فتاكان، ئه‌وه‌بوو به‌گشتی گوتاره‌ كوردییه‌كه‌ كه‌وته‌ نێوان هه‌ردوو وتاره‌ عه‌ره‌بییه‌كان به‌پێی فه‌تواى زانایانی مه‌زهه‌بی ئیمامی شافیعی له‌وانه‌ شێخی (اعانه الطالبين)(٥).

ئاشكرایه‌ وتاره‌ عه‌ره‌بییه‌كان هه‌روه‌ك خۆی، به‌ڵام به‌كورتی تائێستایش له‌ كوردستاندا ده‌خوێنرێته‌وه‌ كه‌ بووه‌ته‌ هۆی ئاشنابوونی میلله‌تی كورد به‌ زمانی عه‌ره‌بی...

هۆكارێكی تریش بریتییه‌ له‌ تێكه‌ڵی هه‌ردوو میلله‌تی عه‌ره‌ب و كورد به‌هۆی ژن و ژنخوازییه‌وه‌ و دراوسێیه‌تی هه‌ردوو میلله‌تیش هۆكارێكی تره‌، پاشان كه‌سابه‌ت و بازرگانی له‌ نێوانیاندا به‌ هۆكارێكی تر هه‌ژمار ده‌كرێت بۆ به‌كارهێنانی هه‌ردوو میلله‌ته‌كه‌ بۆ ده‌سته‌واژه‌ی یه‌كتر..

هۆكارێكی تری مه‌زن بریتییه‌ له‌ داگیركردنی كوردستان له‌ رووی سیاسیی و سه‌پاندنی پرۆسه‌ی نه‌گریسی سته‌مكاری به‌ عه‌ره‌بكردنی كورد و پاكتاوی نه‌ژادی له‌لایه‌ن حكومه‌ته‌ فاشسته‌ یه‌ك له‌ دوای یه‌كه‌كانی عێراقه‌وه‌ له‌م رووانه‌وه‌:

١ـ زۆره‌ملێی سه‌ربازی، كه‌ ته‌نها زمانیش تیایدا عه‌ره‌بی بوو.

٢ـ خوێندنی عه‌ره‌بی به‌ زۆر له‌ پرۆگرامه‌كانی خوێندندا.

٣ـ زمانی عه‌ره‌بی ته‌نها زمانی فه‌رمی عێراق بووه‌ له‌ رووه‌ پراكتیكییه‌كه‌یه‌وه‌.

٤ـ هه‌موو تابلۆكان له‌ كوردستاندا به‌ زمانی عه‌ره‌بی بوو تا راپه‌ڕینی ساڵی ١٩٩١.

٥ـ به‌رپرسه‌ باڵاكانی ناوچه‌كانی كوردستان عه‌ره‌ب بوون.

ئه‌مانه‌ و جگه‌ له‌مانه‌یش، پرۆسه‌ی ته‌عریب له‌ كورستاندا كاریگه‌رییه‌كی زۆر سه‌لبی و نه‌رێنی هه‌بوو له‌ به‌ عه‌ره‌بكردنی خاك و خه‌ڵكی كوردستاندا. شایانی باسه‌ فێربوونی زمانی عه‌ربی ئه‌گه‌ر به‌ خواهیش بێت كارێكی زۆر باشه‌ به‌تایبه‌ت كه‌ زمانی ئایینی میلله‌تی كوردی مسوڵمانه‌.

له‌به‌ر ئه‌م هۆكارانه‌ زمانی عه‌ره‌بی له‌سه‌ر میلله‌تی كورد زۆر كاریگه‌ر بووه‌، به‌شێوازێك كه‌ تا ئێستاش كۆمه‌ڵێكی زۆر له‌ وشه‌ و ده‌سته‌واژه‌ له‌لایه‌ن تاك و چین و توێژه‌ جیاجیاكانی میلله‌تی كورده‌وه‌ به‌كارده‌هێنرێت، ئه‌گه‌رچی له‌م چه‌رخه‌دا كه‌ چه‌رخی ته‌كنه‌لۆجیایه‌ زۆرێك له‌و ده‌سته‌واژانه‌ به‌كارناهێنرێت به‌هۆكاری جیاجیا، له‌وانه‌: شۆڕشی ته‌كنه‌لۆژیایی، شۆڕشی زمانه‌وانی كوردی، به‌كارهێنانی وشه‌ی بێگانه‌ی تر وه‌ك ئینگلیزی له‌بری وشه‌ی عه‌ره‌بی.. كاریگه‌ریی میدیاكان.. كاریگه‌ریی كۆچ بۆ هه‌نده‌ران به‌هۆكاری جیاجیا، ده‌ركه‌وتنی ناسیۆنالیستی كوردی وه‌ك په‌رچه‌كردار بۆ نه‌ته‌وه‌په‌رستانی عه‌ره‌ب، به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا كاریگه‌ری زمانی عه‌ره‌بی به‌و هۆكارانه‌ی باسمانكرد هه‌ر به‌رده‌وامه‌..

له‌ نموونه‌ی ئه‌و ده‌سته‌واژه‌ عه‌ره‌بییانه‌ی كه‌

ئێستاش کەم و زۆر بەکاردەهێنرێت:

١. (قەسەم بە الله، بە: لا اله الا الله) لە (قسما بالله بلا اله الا الله)ی عەرەبییە. ٢. (سواڵ و سەدەقە) کە لە (السؤال والصدقة)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە. ٣. (رەحەتەلحوقم) کە لە (راحة الحلقوم) ی عەرەبییەوە وەرگیراوە. ٤. (لا حیا فی دین) کە وەرگیراوە لە (لا حیاء فی بیان الحقائق الدینية). ٥. (ژەقنەموت) وەگیراوە لە (ذق الموت) یان (ذائقة الموت) کە ئاماژەیە بۆ ئایەتی پیرۆزی (كل نفس ذائقة الموت) (٦). ٧. (کونلە یەکون)یان (کوفلەکون) وەرگیراوە لە ئایەی پیرۆزی (إنما أمره إذا اراد شيئا أن يقول له كن فيكون)(٧). ٨. (سەواولخیر) کە خەڵکی ئەوبەری سیروان بەکاریدێنن مەبەستیشیان (صباح الخير) ی عەرەبییە. ٩. (ڕۆمەڵخەزان) لە ئەصڵدا (الروم الغزاة)ەوە هاتووە، واتە: ڕۆمە شەڕەنگێزەکان. ١٠. (سەلامەت بیت) لە(السلامة)ی عەرەبییەوە هاتووە . ١١. (دەرس و دەور) لە (الدرس والدور) ی عەرەبییەوە هاتووە. ١٢. (ماڵخراپ ) لە (خراب المال)ی عەرەبییەوە هاتووە. ١٣. (قەبرو قیامەت) لە (القبر والقيامة)ی عەرەبییەوە هاتووە. ١٤. (فلان بێ حەیسێتە ) لە ( فلان بلا حيثية)ی عەرەبییەوە هاتووە(٨). واتە لە هیچ ڕوویەکەوە چاک نییە . ١٥. (مسقاڵە زڕە) = (مثقال ذرة) کە لە قورئاندا هاتووە . ١٦. ماشەڵلا = (ماشاء الله). ١٧. بیسمیلا = (بسم الله). ١٨. شەیتانی لەعین (الشيطان اللعين). ١٩. بیلا مەعنا و بیلا تەشبیهـ = بلا معنى و بلا تشبيه. ٢٠. قەسدو نییەت = القصد والنية.

هەندێک دەستەواژەش هەیە تێکهەڵکێشکراوە لەگەڵ زمانی عەرەبیدا وەک... هتد.

١. (قەبرسان) = (مەغریبسان) واتە (گۆڕستان) کە هەردوو وشەی (قبر) و (مغرب) عەرەبین. ٢. (ڕەهێڵەیە) واتە بارانی بەخوڕ، لە عەرەبیدا بەو ئاوە دەڵێن کە لەگەڵ منداڵبووندا دەڕژێت. ٣. (شەڕە بەرد) وشەی یەکەمیان (شەڕ) لە شەڕی عەرەبییەوە وەرگیراوە. ٤. (برق و باق) لە بەرقی زمانی عەرەبییەوە هاتووە. ٥. (خەجاڵەتی) لە (خجل) ی عەرەبییەوە هاتووە واتە شەرمەزاری ..هتد. ٦. (لەخزمەتدام) کە لە وشەی (خدمة)ی عەرەبییەوە هاتووە. ٧. (بە ساقەتبم) لە (الصدقة) ی عەرەبییەوە هاتووە. ٨. (عەرزت دەکەم) کە بەشی یەکەمی لە (عرض)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە. ٩. (سەرفیترە) کە بەشی دووەمی لە (زكاة الفطر)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە. ١٠. (دەسەنقەست)، کە لە (عن قصد)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە. ١١. (ئازای ئەننام) کە بەشی یەکەمی لە (أعضاء)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە. ١٢. (گەرمە تەریقەت) کە بەشی دووەمیان لە (الطريقة) ی عەرەبییەوە وەرگیراوە. ١٣. (لە حەیبەتدا) کە بەشی یەکەمی لە (الهيبة) عەرەبییەوە وەرگیراوە. ١٤. (حیکایەت خوان) کە بەشی یەکەمی لە(الحكاية) ی عەرەبییەوە وەرگیراوە. ١٥. (بیری ئاو) کە بەشی یەکەمی لە(البئر)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە. ١٦. (گیانەڵا) لە گیان یاالله وە هاتووە، واتە خوایە گیان بە ئاسانی گیانی تەسلیم بکات. ١٧. (ئەرزو ئاو) بەشی یەکەمیان لە (الأرض)ەوە وەرگیراوە. ١٨. (قەرزکوێر) بەشی یەکەمیان لە (القرض) ی عەرەبییەوە هاتووە. ١٩. عەریزەنووس بەشی یەکەمیان لە (العريضة)ی عەرەبییەوە هاتووە. ٢٠. (حیساب)ەکەت. ٢١. (فکر)کردنەوە. ٢٢. (خەبەر)دار . ٢٣. خەرمان (بەرەکەت). ٢٤. (ویرد)ی زمان. ٢٥. (دوعا)کردن. ٢٦. بە (غیرەت). ٢٧. نا (رەحەت). ٢٩. (تەبیعەت)ی باش ٣٠. (هەوا)ی پاک. ٣١. (عەجایب) نییە. ٣٢. ئەستورو (قایم). ٣٣. عەمرەکەم= عمري . ٣٤. بێ تاقەت = بلا طاقة. ٣٦. حەیاتم = (حياتي). ٣٧. بێ تام= بلاطعم . ٣٨. پڕمانا = المعنى التام. ٣٩. زۆر وتن (کەلام) خۆشە واتە: زۆر وتن تەنها بۆ قورئان خۆشە کە کەلامی خودایە. ٤٠. عەقڵ و فام = العقل والفهم.

دەیان وشەی کوردی تریش هەیە کە بنەڕەتیان عەرەبییە لەوانە:

١. دەفعەیەک...(دفعة) ٢. فیتنەباز...(الفتنة)

# سەرەتاکانی کاریگەریی زمانی عەرەبی لەسەر زمانی کوردی: دەگەڕێتەوە بۆ چەرخی ڕزگارکاری ئیسلامی بەهۆی لەئامێزگرتنی میللەتی کورد بۆ ئیسلام

٣- بوغزن...(البغض) ٤- سەبرگرتن..(الصبر) ٥- قوربانی.. کە لە (کتابی)ی عیرەبییەوە هاتووە.. ٦- حەجکردن..(الحج) ٧- بەلەزەت..(اللذة) ٨- ئەحواڵت.. (الأحوال) ٩- رۆحەکەم..(الروح) ١٠- وەزارەت.. (الوزارة) ١١- حکومەت..(الحکومة) ١٢- مانا (المعنی). ١٣- (دنیا).(الدنیا).١٤- (شەربەت) (الشربة). ١٥- کامڵ بوون (الکمال). هتد.

هەروەها کاریگەری ئەلف و تائی عەرەبی کە دانراوە بۆ(جمع مؤنث سالم) لەسەر زمانی ئاخاوتنی کوردان هەبووە ، بە نمونە زۆر وشە هەیە کورد لە بری ئەلف و نون بە ئەلف و تێ کۆیان دەکاتەوە لە وانە: ١- سەوزەوات. ٢- میوەجات . ٣- بەهارات. ٤- ترشیات. ٥- چەرەسات ..هتد..

### چوار تێبینی گرنگ:

تێبینی یەکەم: زۆرێک لە وشەکان لە عەرەبی ئەوسا و ئێستا بەکاری دەهێنین لە بنەڕەتدا ئەو وشانە کوردین یان فارسین، واتە وشەکان عەجەمین نەک عەرەبی، بەڵام پاش ئەوەی کە لە قورئانی پیرۆزدا بەکارهاتووە شێوازێکی عەرەبیان وەرگرتووە وەک زۆرێک لە ناوی پێغەمبەران (د.خ) (ابراهیم، اسحاق، اسماعیل)، تەنانەت لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە کە حەزرەتی (اسماعیلی کوڕی حەزرەتی ابراهیم عەرەب نەبووە، بەڵکو فێری زمانی عەرەبی بووە(٩)، لە خێڵی جورهومی عەرەبییەوە وەختێک لەسەر کانیاوی زەمزەم لایاندا و بوونە دراوسێی حەزرەتی هاجەر و حەزرەتی ئیسماعیل، پاشان ژنیاندا بە حەزرەتی (ئیسماعیل) لە پاش ئەو نەوەکانی حەزرەتی ئیسماعیل بوونەتە عەرەب، بۆیە پێیان دەگوترێت (العرب المستعربة)، نەک (العرب العاربة). ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت هەرکەسێک بۆماوەیەک زۆر مایەوە لەناو قەومێکدا زمان و عاداتی ئەوان وەردەگرێت، هەروەک بنەماڵەی ساداتی نێو کوردستان کورد ئەگەرچی لە بنەڕەتدا عەرەبن و لە نەوەی پێغەمبەرن (د.خ)، ئەوە ئەصڵ و بنەڕەتە لە ڕووی زمانەوە کاریگەری نییە، چونکە ئەگەر کاریگەریی هەبایە ئەوا پێغەمبەریش (د.خ) لە بنەڕەتدا دەچێتەوە سەر حەزرەتی (ئیسماعیل)، ئەویش وەک لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە: (فتعلم العربیة) عەرەب نەبوو و زیاتر ئاماژەکان بۆ ئەوەیە کە کورد بووبێت، چونکە باوکی کە حەزرەتی ئیبراهیمە لە باکووری عێراقەوە واتە کوردستان تەشریفی بەرەو باشوور و جەزیرە و میسر و ئەو جێگایانە هیجرەتی کردووە.

هەندێ وشەی کوردیش هەیە تائێستاش عەرەب بەکاریدێنن و نایشزانن کە کوردییە، وەک وشەی خۆش لە دەستەواژەی (خۆش کەلام) واتە قسەیەکی خۆش و چاک، ئێ وا زانراوە کە خۆش عەرەبی نییە.

تێبینی دووەم: ڕەنگە هەندی وشەش لە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردیدا بەکاربێت لە جۆری (توافق اللغات) بێت، واتە وا ڕێککەوتووە کە هەردوو ڕەگەزی نەتەوایەتی بەکاریبهێنن، ئەمەیش ڕایەکی بەهێزە و نمونەیش زۆرە، تەنانەت لە زمانە دوورەکانیشدا بەپێی جوگرافیا، بە نموونە من ساڵی ٢٠١٦ گەشتێکم کرد بۆ وڵاتی تەنزانیا لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا لەسەر ئۆقیانووسی هیندی، بینیم و گوێبیست بووم کە وەک ئێمە ئەوانیش بە کەسی گەورە و برای گەورە دەڵێن (کاک)، زۆرم لا سەیر بوو، بەڵام لە بابی (توافق اللغات) سەرسوڕمانم نەما، بۆیە بە دووری نازانم کە وشەی (ضنك) لە ئایەتی پیرۆزی (ومن أعرض عن ذكرى فإن له معيشة ضنكا)(١٠) وەرگیرا بێت لە وشەی (تەنگ)ی کوردی یان بەپێچەوانەوە، چونکە واتاکانیان لە یەکتر زۆر نزیکن، هەروەها وشەکانی (چا) (الشاي) شەکر (السكر) نزیکن لە یەکەوە.

تێبینی سێیەم: هیچ شەرمی تیادا نییە کە کورد یان فارس یان تورک یان ئەندەنوسی یان پاکستانی یان ئەفغانی یان بەربەریی و ئەندەلوس یان هەر نەتەوەیەکی تری مسوڵمانی غەیرە عەرەب گرنگ نییە و شەرم نییە ئەگەر زمانی عەرەبی یان وشەی عەرەبی بەکاربهێنێت، چونکە زمانی عەرەبی زمانی قورئان و فەرموودەی پیرۆزە و پێویستە بانگخوازەکانی ئیسلام ئەو زمانە بزانن وەک فەرزی کیفایەت بەمەبەستی تێگەیشتن لە زانستە ئیسلامییەکان، نابێت ئەو کارە هەستیاری دروست بکات لای کورد هەروەک چۆن دروستی نەکردووە لای فارسەکان یان تورکەکان..

زۆر بەداخەوە ئێستا لەبەر پاڵفتەکردنی زمانی کوردی لە وشە بێگانەکان و بەرەوپێشبردنی پرۆسەی بە پەتیکردنی ئەو زمانە خەڵکێکی بەناو ئەکادیمی هەڵدەستن بە گۆڕینی وشە عەرەبییەکە بە وشەیەکی تری بێگانەتر، وەک لاتینی یان ئینگلیزی یان ئەڵمانی تەنانەت تورکی و فارسی،... هتد، تەنها کێشەیان لەتەک وشە عەرەبیەکاندا هەیە کە وەک پەرچەکرداری شاڵاوی ستەمکاری بە عەرەبکردنی ناوچە کوردستانییەکان ئەم کارە زۆر مەترسیدارە دەکەن و پێشیانوایە کە ئەمە خزمەتە بە زمانی کوردی!

بێگومان ئەمە خزمەت نییە بە کوردی بوون، چونکە گۆڕینی وشەیەکی بێگانەیە بە وشەیەکی بێگانە و نامۆی تر، کە نامۆترە بە بەراورد لە تەک عەرەبییەکەدا، لەکاتێکدا ئەم کارە نە فارسەکان نە تورکەکان نەیانکردووە و شانازیش دەکەن بە ئایینەکەیان و بەکارهێنانی زمانی ئایینەکەیان کە ئایینی پیرۆزی ئیسلامە، ئەمەش خاڵی لاوازی ئێمەیە.

کوردەکە وا دەزانین هەرکات وشەی عەرەبی بەکارنەهێنا ئیتر دەبینە دەوڵەت؟! گومانیشم لەوەدا نییە کە زمانی کوردی زمانێکی تێروتەسەلە و پێویستی بە وشەی بێگانە نییە، بەڵام ماندووبوونێکی پێویستە بۆ گەڕان بۆ وشەی بەرانبەر لە زاراوەکانی تری کوردیدا، چونکە زمانی کوردی تەواوی زاراوەکانی وەک هەورامی، کرمانجی ژوورو، کرمانجی خوارو و لوڕ پێکدەهێنێت.

کەواتە بەکارهێنانی وشەکان لەملا یان ئەولا هیچ مەترسیەکی نییە بۆمانەوەی زمان و نەتەوەکانیان.

تێبینی چوارەم: ئەگەر ئەو بیردۆزە ڕاست بێت کە زۆرێک لە توێژەرانی کورد و بێگانە لەسەر ڕادەوەستن کە زمانی کوردی لە گرووپی زمانە (هیندۆ ئەوروپیەکانە) و بەڵگەی زمانەوانی زۆریش هەیە لەسەر ئەم بیردۆزە بەتایبەت ڕەچەڵەکی زۆرێک لە وشەکانی کوردیی و ئەورووپی بەگشتی و ئینگلیزی بەتایبەت یەک سەرچاوەیان هەیە وەک

وشەکانی (برا، ماگ، پیادە، دوو، سێ، کاروان، فرە، تۆردو، ئەستێرە...هتد)، ئەم بیردۆزە ئەوە دەسەلمێنێت کە زمانی کوردی زۆر کاریگەر بووە بە زمانی عەرەبییەوە و زۆر دوورکەوتووەتەوە لە ئاخاوتنە کۆنەکە بەتایبەت لە باشووری کوردستان.

بە نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا ناو دێت پاشان هاوەڵناو (صیفەت) پاشان (موصوف)، (Big man) لە عەرەبیدا دەڵێت (الرجل الکبیر) لە کوردیشدا دەڵێت (پیاوی گەورە)، هەروەها دەڵێت: (City center)، بەڵام لە عەرەبی و کوردیدا بەپێچەوانەوە، دەڵێت (مرکز المدینة) و (ناو شار - ناوجەرگەی شار).

لەکاتێکدا لە کوردی کۆندا وەک ئینگلیزی بوو، گوتراوە بە نموونە (گەورە پیاو) وەک (Big man)، هەروەها ئەوسا دەگوترا: (ڕەشەوڵاخ) بەڵام ئێستا دەگوترێت (وڵاخی ڕەش)، هەروەها وشەکانی وەک: (براژن - ژنی برا - ژن برا)، (مامۆژن = ژنی مام)، (ڕەشەمی = مێی ڕەش)، (باڵاپۆش = پۆشینی پڕ بە باڵا )، (گورگەخەو = خوی گورگ) (نمەباران = بارانی بە نمە)، (کەروێشکەخەو = خەوی کەروێشک)، (شەیتان بازاڕ = بازاڕی شەیتان)، (گێلە پیاو= پیاوی گێل)، (باش وەستا = وەستانی باش)، (جوانەمەرگ= مەرگی بە جوانی)، (ڕەشەبا = با ڕەش)، (ئاغا ژن = ژنی ئاغا)، خاسەڕەنگ = ڕەنگی خاس)، (نەونەمام = نەمامی نوێ)، کەرپیاو = پیاوی کەر)، (ناسکە هەرمێ = هەرمێی ناسک)، (سورکێو = کێوی سوور)، (سەگ وەڕ = وەڕینی سەگ)، (شەوچەرە = چەری شەو)، (نەورۆز = ڕۆژی نوێ) (کۆرپاشا = پاشا کۆرە).... هتد.

بەڵام ئەم وشانە لە کوردی کۆندا بە هەمان شێوازی ئینگلیزییەکە هاتووە، لە کوردی نوێدا وەک داڕشتنەوەی عەرەبی لێهاتووە واتە سیفەت پاشان مەوسوف، موزاف پاشان موزافوئیلەیهی، تەنانەت لە ڕاناو و جێ ناوی خاوەندارێتی)دا وەک عەرەبی داڕشتنەوەی بۆ دەکرێت نەک وەک زمانی ئینگلیزی بە نموونە لە ئینگلیزیدا دەگوترێت (Your father) بەڵام لە کوردیدا دەگوترێت (باوکت) هەروەک لە عەرەبیشدا بەهەمانشێوە دەگوترێت (والدک)، بەڵام لە هێماکانی ئاماژەکردندا کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و تەنانەت فارسی و تورکیش بەم شێوەیە (That Hous)ـ ئەو خانووە ـ هذا البیت ـ ان خانە ـ oev)...

ئا بەم جۆرە بۆمان دەرکەوت کە کاریگەریی دراوسێیەتی و بەکارهێنان و سەپاندنی زمانەکان لەسەر یەکتر دروست دەبێت، ئەگەر لە مێژووی کۆندا زمانی کوردی زمانێکی هیندۆئەورووپی بووبێت، بەڵام لە مێژووی نزیکدا و بەهۆی ئەو هۆکارانەی باسمانکردن زمانی کوردی لە داڕشتنەوە و ڕیکخستنەوەی وشەو دەستەواژەکانیدا لە زمانی عەرەبییەوە زیاتر نزیکە و کاریگەرترە.

ماوەتەوە بڵێین: کە ئەم زمانانە هەموویان خودا فێری بەندەکانی خۆی کردوون، هیچ زمانێک یان قەوم و عەشیرەت و خێڵێک لەوی دیکە گەورەتر و چاکتر و هەڵبژێرراوتر نییە مەگەر بە تەقوا و خوداناسی وەک قورئان دەفەرموێت : (إن أکرمکم عندالله أتقاکم)(١١). هەروەها قورئان دەفەرموێت: (لا یسخر قوم من قوم عسی أن یکونوا خیرا منهم) (١٢).

هەروەها گرنگە میللەتانی جیهان بەتێکڕاو ئیسلامی بەتایبەت لە هەموو بوارێکدا هەماهەنگی یەکتر بن تەنانەت لە بواری زمانەوانیشدا، بەردەوامیش میللەتان کاریگەریی زمانەوانییان لەسەر یەکتر دەبێت بە حوکمی خوێندن و بازرگانی و خزمایەتی..

لە ڕوانگەی (ڕەخنە لە خود) دیاردەیەکی زۆر ناشیرین هەیە لەنێو کوردانی باشووردا ئەویش

ئەوەیە کە ئەو ناوانەی کە لە عەرەبییەوە وەرگیراون بەهەر هۆکارێک بێت خەڵکێکی نەفام لە کۆن و نوێدا ناوەکانیان ناشیرین کردووە بە شێوازێک کە وەختە بنەڕەتی هەندێکیان نەناسرێتەوە و وەک تانەو تەشەری لێ هاتووە ، لە نمونەی ناوەکانیش: (خولە، حەمە، خلە، بلە، عەلە، عەزە، مالە، تالە، قالە، سالە، فەتە، مەجە، ئەحە، تەحە..هتد) کە پێویستە ئەو دیاردەیە بنەبڕ بکرێک، چونکە هەم پێچەوانەی دەقی قورئانە کە دەفەرموێت: {ياء الذين آمنوا لا يسخر قوم من قوم ... ولا تلمزوا أنفسكم ولا تنابزوا بالألقاب بأس الاسم الفسوق بعد الإيمان ومن لم يتب فأوئک هم الظالمون} (١٣)، هەم پێچەوانەی بنەمای ڕێزگرتنە لە بەرانبەر...

**سەرچاوە و پەراوێزەکان**

بنواڕە: إعلان إستقلال كوردستان وحقوق الامة الكردية فى نظر الشريعة الإسلامية، د. حسن خالد موفتی،چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١ز. ل٨ بە دواوە.

٢ بنواڕە: الإحكام فی أصو الأحكام للآمدی بتحقيق: عبدالرزاق عفيفی.ج١، ص١٠٠،

٣ بروانە: تحفة المحتاج لابن حجر، ٤١٥/١، ومغنى المحتاج للشربينى، ١/ ٣٤٠.

٤ الانوار اللماعة فی أشراط الساعة، الأستاذ الملا عبدالكريم المدرس، تحقيق: الشيخ مظهر نورالدين المفتی، مراجعة وتقويم: د. حسن خالد مصطفى المفتی، ط١، سلێمانی، ٢٠١٦. ل٧٠.

٥ إعانة الطالبين للسيد أبی بكر بن العلامه الدمياطی، ج٢، ص٨٣، وتحفة المحتاج لابن حجر، ٢/ ٤٥٠.

٦ سورة آل عمران ١٨٥.

٧ صحيح البخاری، كتاب بدء الوحی، ٤/ ١٧٣ ـ ١٧٤ برقم (٣٣٦٤) من حديث ابن عباس رضی الله عنهما.

٨ وە ک هاتووە: {فمن يعمل مثقال ذرة خيرا يره } (سورة الزلزلە: ٧).

٩ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٠ سورەتی طه ئایەتی ٢٤.

١١ سورەتی (الحجرات) ئایەتی ١٣.

١٢ سورەتی الحجرات، ئایەتی ١١.

١٣ سورەتی الحجرات، ئایەتی ١١.

# زمانی کوردی
## لە ئاستانەی خوێندنگە ئایینییەکانی کوردستاندا





**د.ئاراس محەمەد صالح**

مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی، خاوەنی زیاتر لە دە کتێبی چاپکراو و ژمارەیەک توێژینەوەی زانستی بڵاوکراوەیە.

لەگەڵ هاتن و بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لە کوردستاندا، خوێندن و خوێندەواری وەک پێویستییەکی ئاینی نوێ گەشەی کردووە، لە هەموو شار و شارۆچکە و گوندێکی کوردستاندا مزگەوت و خوێندنگە کراوەتەوە، لە ئامێزی ئەو خوێندنگانەدا سەدان زانای گەورە لە بوارە زانستییە جیاوازەکاندا دەرکەوتوون، هەروەها دەیان خوێندنگەی زانستی لە هەموو کوردستاندا ناوبانگیان بە جیهاندا بڵاوبووەتەوە، ئەمەش بەهۆی گرنگیدانی ئیسلامەوە بووە بە خوێندن و خوێندەواریی و زیرەکیی و لێهاتووی بیرڕۆشنی کوردەوە بووە لە زانستە جیاوازەکاندا.

لەهەمانکاتدا میللەتی کوردیش هاوکارێکی باشی پرۆسەی خوێندن بووە، مزگەوتیان دروستکردووە و هاوکاری مامۆستا و فەقێیان کردووە، لەهەمانکاتدا میر و کوێخا و سەرۆک خێڵی کوردیش هاوکاری ناوەندەکانی خویندن و مزگەوت و مامۆستای شار و گوندەکانیان کردووە، ئەو کارەشیان وەک ئەرکێکی ئاینیی و پاداشتی ڕۆژی دوایی و لەهەمانکاتدا بۆ ناوبانگی خۆیان و گوند و عەشیرەتەکەیان ئەنجامداوە(١).

لەگەڵ گەشەکردنی پرۆسەی خوێندن لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا و وەک پێویستییەکی ئاینی نوێ هەموو گەلانی نا عەرەب بە کوردیشەوە بۆ تێگەیشتن لە ئیسلام و بەجێهێنانی ئەرکەکانی ئایین پێویستیان بە فێربوونی زمانی عەرەبی هەبووە، هەربۆیە لە خوێندنگە ئاینییەکانی کوردستاندا زۆر گرنگی بە خوێندنی زمانی عەرەبی دراوە بە هەموو بەشەکانی (النحو والصرف والبلاغة)وە، خوێندنی زمانی عەرەبی وەک میکانیزمێک وابووە بۆ تێگەیشتن لە قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەر (د.خ)، چونکە ئاینداری بەو دوو سەرچاوە سەرەکییە دەکرێت و ئەوانیش بە زمانی عەرەبین، بەڵام زۆرجار خوێندنی زمانی عەرەبی لای مەلای کورد لە میکانیزمەوە بووەتە ئامانج و زانای کورد ئەوەندە خەریکی قوڵبوونەوە بووە لە زمانی عەرەبیدا نیو ئەوەندە گرنگی بە قورئان خوێندنی سوننەت و بنەماکانی ئیسلام نەداوە.

بەدرێژایی پازدە سەدە خوێندنی زمانی عەرەبی و هەموو زانستە ئیسلامییەکان لە کوردستاندا، سەدان زانای گەورە دەرکەوتوون و بە هەزاران کتێب و دەستنووسی بە نرخیان لە زانستەکانی زمانی عەرەبیدا نوسیوە، کەسانی وەک ئیبنوحاجب و مەلا عەبدوڵڵای بێتووشی و ئیبنوئادەم و مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و دەیانی تر نمونەی ئەو زانا گەورانەی کوردن کە لە زمانی عەرەبیدا شاسوار و داهێنەر بوون.

لەگەڵ گرنگیدانی کورد بە خوێندن و خوێندەواریی و شارەزابوونی لە زمانی عەرەبیی و فارسیی و هەتا ڕادەیەک تورکی بەدرێژایی چواردە سەدە، بەڵام خوێندنی زمانی کوردی بەشێک نەبووە لە پرۆسەی خوێندن و جێگەی بایەخی مەلای کورد و خوێندنگە ئاینییەکانی کوردستان نەبووە!

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە بۆچی خوێندنگەی ئاینیی و مەلای کورد لای بەلای زمان و ئەدەبی کوردیدا نەکردۆتەوە و گرنگییان پێنەداوە، ئەگەر لەگەڵ دەستپێکردنی خوێندنی مزگەوت لە کوردستاندا مەلای کورد لەپاڵ زمانی عەرەبیی و فارسیدا لایەکیشی بە لای زمانی کوردیدا بکردایەتەوە، ئێستا کورد خاوەنی مێژوویەکی زیاتر لە هەزار ساڵ ئەدەبی کوردی نوسراو دەبوو، بێگومان لەو ماوە مێژووییە درێژەدا سەدان شاکاری گەورە لەبارەی زمان ئەدەب و کولتوور و مێژووی کوردەوە دەنوسرا، لەهەمانکاتدا خاوەنی هەزاران شاعیر و نوسەر و سەدان لاپەڕە ئەدەبی نوسراو دەبووین بە زمانی نەتەوەیی خۆمان(٢).

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە هۆی چی بووە هەریەک لە گەلانی دراوسێی کورد وەک فارس و تورک لەپاڵ زمانی عەرەبیدا گرنگیان بە زمانی

خۆیان داوە، بەڵام کورد لای بەلای زمانەکەی خۆیدا نەکردوەتەوە؟ لێرەدا کۆمەڵێک ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە و هەوڵدەدەین شرۆڤەی هەندێک لەو بۆچوونانە بکەین.

بۆچونی یەکەم پێیوایە زمانی کوردی زمانی نوسین نەبووە وەک زمانی فارسی، لەبەرئەوە کاتێک ئاینی ئیسلام بڵاوبووەتەوە لە کوردستاندا، کورد بۆ فێربوونی ئاینی نوێ پێویستی بەوەبووە فێری زمانی عەرەبی ببێت، چونکە سەرچاوەکانی ئیسلام هەمووی بە زمانی عەرەبیە، دواتریش لەژێر هەژموونی زمانی عەرەبیدا زۆر پێویستیان بە زمانی کوردی نەبووە و گرنگیان پێنەداوە(٣).

بۆچوونی دووەم ڕای وایە لەبەرئەوەی کورد شافیعی مەزهەب بووە و ئەم مەزهەبەش زمانی عەرەبی بە واجب دادەنێت لە بەجێهێنانی هەموو ئەرکە ئاینییەکاندا، وەک نوێژ و وتاری ڕۆژانی هەینی و ناوی منداڵ و تەڵقینی مردو و ژن مارەبڕین...هتد، ئەمە کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر کورد کە گرنگی بە زمانی کوردی نەدات و هەندێک جاریش وەک شتێکی ڕێگەپێنەدرا و سەیری کردووە(٤).

بۆچوونی سێیەم پێیوایە لەژێر هەژمونی زمانی فارسی و دواتر لە ڕۆژگاری دەوڵەتی عوسمانیدا لە ژێر هەژموونی تورکیدا کورد بەو زمانانە خوێندویەتیی و نوسیویەتیی و گرنگی بە زمانی کوردی نەداوە(٥).

لێرەدا دەبێت ئەو پرسیارە بکەین بۆچی مەلای کوردی شافیعی مەزهەب فارسیی و تورکی خوێندووە کە زمانی قورئان و عەرەبیش نیە و بەنارەوای نەزانیوە؟ ئەی بۆچی تەنها زمانی کوردی بەناڕەوا زانیوە؟ هەروەها زۆرێک لە زانا گەورەکانی کورد دانراویان بە زمانی فارسی هەیە و هەندێکیان بە تورکیش(٦). هەتا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا کەسێکی وەک کاک ئەحمەدی شێخ نامەکانی (مەکتوبات) بە فارسی نوسیوە و ناردویەتی بۆ مەلاکان لە گوندەکاندا هەتا بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە(٧). ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە مەلای کورد فارسیزانی باش بوون و لە زمانی عەرەبی زیاتر بەلایانەوە ئاسانتر بووە.

دەتوانین بڵێین لەبەرئەوەی زمانی فارسی زۆر نزیک بووە و لە کوردەوە و زۆر لە زمانی عەرەبی ئاسانتر بووە، لەهەمانکاتدا هەزاران ساڵە زمانی نووسین بووە، هەموو ئەوانە پاڵی بە مەلای کوردەوە ناوە بەو زمانە بخوێنێ و بنوسێت، بەڵام زمانی کوردی زمانی نووسین نەبووە، مەلای کوردیش ئەو توانای نەبووە پیتی کوردی دروستبکات و بناغەی زمانی نووسینی کوردی دابڕێژێت، هەموو ئەوانە وایکردووە بە کوردی نەنووسن و ڕووبکەنە فارسی، ڕەنگە کەسێک بڵێت: ئەی ئەوە نیە شیعریان بە کوردی نووسیوە، ڕاستە شیعریان بە کوردی نووسیوە، بەڵام هەموو شیعری شاعیرانی کلاسیکی کورد هەتا سەدەی بیستەم بە ڕێنووس و پیتی عەرەبی یان فارسی نووسراوە، لە سەدەی نوێ و لەکاتی چاپکردنیاندا کراون بەڕێنووس و پیتی کوردی.

ڕایەکی تر پێیوایە لەبەرئەوەی کورد دەسەڵاتی سیاسی نەبووە، بۆیە نەیتوانیوە زمانی نووسین و خوێندن و حوکمڕانی بکات بە کوردی و گرنگی بە زمانی نەتەوەیی خۆیان نەداوە، ئەمە هۆی سەرەکی بووە کە خوێندەواری کورد بە کوردی نەیخوێندووە و گرنگی بە زمانی زگماکی دایکی خۆی نەداوە(٨).

ئەم بۆچوونە بەهێزە و دەسەڵاتی سیاسی کاریگەری زۆری هەیە لە گەشەپێدانی زمان و کولتووری هەموو گەلێکدا، گەلی تورک بەهۆی دەوڵەتی عوسمانییەوە بوونەتە خاوەنی زمان و مێژوو، هەروەها گەلی عەرەب و فارسیش کە دوو گەلی دراوسێی کورد بوون و لە ڕێگەی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیانەوە بوون بە خاوەنی زمانی نووسین، بەڵام مەخابن گەلی کورد بەدرێژایی

# نالی گەورە شانازی بە کوردبوون و زمانی کوردییەوە دەکات، بەرپەرچی کەسانێک دەداتەوە کە زمانی بێگانە بە شەکر دەزانن

مێژووی ئیسلامی چەندین میرایەتی دەسەڵاتی ناوچەیی سەربەخۆ و نیمچە سەربەخۆی هەبووە، بەڵام لە هەموو ئەو میرایەتییانەدا زمانی ڕەسمی عەرەبیی و فارسیی و تورکی بووە، هەتا لە ساڵی ١٩١٨دا لە حکومەتی شێخ مەحموددا زمانی کوردی بووەتە زمانی دەوڵەت و فەرمانگە کارگێڕییەکان، ئەویش لە کاریگەری مێجەرسۆن و سیاسەتی دەوڵەتی داگیرکەری بەریتانیا بەدەر نەبووە.

هەموو بۆچوونانەی ئاماژەی پێکرا بەشێک لە ڕاستیی و هەریەکە کاریگەری هەبووە لەسەر گرنگی نەدانی کورد بە زمانی نەتەوەیی خۆی، گەلی فارس لە پێش فەتحکردنی وڵاتەکەیان لەلایەن لەشکری مسوڵمانانەوە خاوەنی کتێبخانە و نوسین بوون، هەروەها بە زمانی خۆیان نووسیویانە و خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی بوون بۆماوەی چەند سەدەیەک، بەڵام کورد ئەوەی نەبووە، ئەگەر تورک خاوەنی دەوڵەتی عوسمانی بووبێت و پێنج سەدە حوکمڕانی هەموو جیهانی ئیسلامی کردبێت، ئەوا کورد هیچ یەک لەو هەلانەی بۆ هەڵنەکەوتووە، هەرچەندە میرایەتی و دەسەڵاتی ناوچەیی هەبووە، بەڵام زمانی ڕەسمی ئەو میرایەتیانە هەر زمانی عەرەبی و فارسی بووە.

ئەگەر بە خێرایی چاوێک بە مێژووی گەلاندا بگێڕین بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو گەلانەی لە کۆندا بوونەتە خاوەنی شارستانیەت و زمانی نەتەوەیی خۆیان، دوو هۆی سەرەکی کاریگەری زۆریان هەبووە لەو بوارەدا، ئەوانیش بریتی بوون لە ئایین و دەسەڵاتی سیاسی، لەبەرئەوەی کورد هیچ کام لەو دوانەی نەبووە ئەو هەلەی بۆ نەڕەخساوە گەشە بە زمانەکەی بدات و بیکاتە زمانی نووسین.

هەردوو زمانی عیبریی و عەرەبی دوو نمونەی بەرچاوی ئەم بۆچوونەن، گەلێکی دواکەوتووی بیابانشینی وەک عەرەب بەهۆی قورئانی پیرۆز و ئاینی ئیسلامەوە دەبنە خاوەنی دەوڵەمەندترین زمانی خوێندن و نووسین، هەروەها فارسەکانیش هەر بەهۆی ئایین و ئەو دەسەڵاتەی لە ناوچەکەدا هەیانبووە بوونەتە خاوەنی دەوڵەمەندترین کتێبخانەی ئەدەب و زمان و فەلسەفە بە زمانی فارسی.

وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد بەدرێژایی مێژووی خوێندنگە ئاینییەکانی کوردستان زمانی کوردی جگە لە شیعر زمانی نوسین نەبووە، بەڵام لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا هەوڵی بە کوردی نووسین و هەستی کوردبوون لە ناوەندە ئاینییەکەدا گەشە دەکات، هەرچەندە ئەو هەوڵانە بێ کۆسپ و کێشە نەبوون، بەڵام نەیانتوانیوە ئەو هەوڵانە بوەستێنن، یەکەم هەوڵی نووسینی کوردی (ئیبنوئادەمی باڵەکی ١٧٥٠-١٨٢٢ز) بووە، ئیبنوئادەم زانایەکی گەورە و بێمانەندی سەردەمی خۆی بووە، زیاتر لە سەد دانراوی لە هەموو زانستە ئیسلامیی و زمانەوانییەکاندا هەیە، ئەم زانا بەهرەمەندە پێشەکی کتێبی (مشكاة المنقول) کە یەکێکە لە دانراوەکانی بە کوردی نووسیوە، لەلایەن هەندێ کەسەوە ڕەخنەی لێگیراوە بۆچی بە

کوردی نووسیویەتی، ئەویش زۆر توند بەگژیاندا چوەتەوە و پێی وتوون: ئەوانەی دژایەتی زمانی کوردی دەکەن وەک ئەوە وایە لە هێلکەی خۆیان دەرچووبن(٩).

هەروەها لەگەڵ دروستکرانی شاری سلێمانی و هەوڵەکانی عەبدولڕەحمان پاشای بابان زمانی کوردی گەشە دەکات، دەرکەوتنی تەریقەتی نەقشبەندیی و لاکردنەوەی مەولانا خالید و شوێنکەوتوانی بەلای زمانی کوردیدا، لەناو میرایەتی باباندا و لە شاری سلێمانیدا شاعیرانی سێکوچکەی بابان دەردەکەون کە سەر بەتەریقەتی نەقشبەندی بوون و زمانی سلێمانی دەبێتە زمانی ئەدەب و شیعر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زمانی ڕەسمی هەر فارسیی و عەرەبی بووە(١٠).

هەرچەندە دەرکەوتنی شاعیرانی سێکۆچکەی بابان (نالی و سالم و کوردی) ڕۆڵی گەورەیان بینیوە لە گەشەپێدانی زمانی کوردی ناوچەی سلێمانی، بەڵام ئەوانیش هەر سنوری شیعریان تێنەپەڕاندوە و پەخشانیان بە کوردی نەنووسیوە، بەڵام هەستی کورد بوون و خەمی زمان لەناو شیعرەکانیاندا بەڕوونی دەردەکەوێت، شاعیرێکی گەورەی وەک نالی لەمبارەیەوە دەڵێت:

**تەبعی شەکرباری من، بە کوردی ئەگەر ئینشا دەکا**
**ئیمتیحانی خۆ مەقصودی، لە عەمدا وادەکا**
**یا لە مەیدانی فەصاحەتدا بە مێڵی شاهسوار**
**بێ تەئەمول بەو هەموو نەوعە زوبانی ڕادەکا**
**کەس بە (الفاظ)م نەڵێ خۆ کوردییە خۆکردییە**
**هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی طالیبی مەعنا دەکا**
**بێتە حوجرەم پارچە پارچەی موسودەم بکرێ بە ڕۆح**
**هەرکەسێ کوتاڵ و پارچەی بێ بەدەڵ سەودا دەکا**
**شیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی**
**کەی لە دیقەتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا(١١).**

نالی گەورە شانازی بە کوردبوون و زمانی کوردییەوە دەکات، بەرپەرچی کەسانێک دەداتەوە کە زمانی بێگانە بە شەکر دەزانن و زمانی خۆیان بەهیچ، ئەو دەڵێت زمانی کوردی شەکرە و دەمی نالی شەرکر دەبارێنێ کاتێک بە کوردی شیعر دەڵێت، هەروەها بۆچونی ئەوانەیش بەتاڵ دەکاتەوە کە وتویانە زمانی کوردی تونای ڕەوانبێژی (فصاحە) و وێنەی شیعری لاوازە، ئەو تەحەدا دەکات و دەڵێت وەرن ئەوە شیعرەکانی منە تاقیبکەنەوە، هەرکەسێک سەودای ڕەشنووسی شیعرەکانم بکات دەبێت بە گیانی خۆی مامەڵەم لەگەڵدا بکات هێندە بەرزن، نالی هەموو ئەوانەی ڕەخنە لە کوردی بوونی شیعرەکانی دەگرن بە (نادان) نەزان و نەفام دەزانێت، ئەگەرنا بابێن لە واتای شیعرەکان تێبگەن نەک ڕەخنەی نەزانانە بگرن.

لەدوای نالی حاجی قادری کۆیی زۆر توندتر بەگژ هەموو ئەو کەسانەدا چووەتەوە ڕەخنەیان لە زمانی کوردی گرتووە و جێگەی بایەخیان نەبووە، لە چامە شیعرێکی بەرزیدا دەڵێت:

**ئەگەر کوردێک قسەی بابی نەزانی**
**موحەققەق داکی ..... بابی زانی**
**وەرە با بۆت بکەم باسی نیهانی**
**تەفەنون خۆشە گەر چاکی بزانی**

هەتا دەگاتە:

**کتێب و دەفتەر و تەئریخ و کاغەز**
**بە کوردی گەر بنوسرایە زوبانی**
**مەلا و شێخ و میر و پادشامان**
**هەتا مەحشەر دەما ناو و نیشانی(١٢).**

هەروەها لە وەڵامی کەسێکدا کە ڕەخنەی لە کاک ئەحمەدی شخ گرتووە، کە دەرسی بە کوردی وتوەتەوە دەڵێت:

کەس نەماوە بە غەیری کاک ئەحمەد
**شەیخی مەعرووف عالیمی ئەرشەد**
**چاکە ئێستا دەکا لە بۆ کوردان**
**تەرجەمەی شەرع و ئایەتی قورئان**
**واقیعەن خزمەتی لە بۆ خوایە**
**چ دەبو گەر بە کوردی نەبوایە**

**هەر کەوای گوت وەها موکەدەر بووم**
**وان دەزانی کەوا لە دین دەرچووم**
**وتم: ئێستاش لەسەر کەری ماوی**
**چابوو مستم نەدا لە نێوچاوی(١٣).**

هەروەها حاجی قادر بە کوردی نووسین و خواناسی پێکەوە گرێداوە و لەمبارەیەوە ئەڵێت:

**مەعلومە بۆچی حاجی مەدحت دەکات بە کوردی**
**تا کەس نەڵێت بە کوردی نەکراوە مەدحی باری(١٤).**

حاجی قادر زۆرباش زانیویەتی ناحەزەکانی کورد هەموو کات لە بۆسەدان بۆ ڕەخنەگرتن لە میللەتەکەی، هەتا دەگاتە ئەو ئاستەی کە بڵێن: کورد خاوەنی زمانی نووسین نیە و تەنانەت ئەو زمانەی ئێوە ستایشی ئەو خوایەشی پێنەکراوە کە پێیداون، ئیتر شانازی بە چیەوە دەکەن، بەڵام ئەم شاعیرە هۆشیارە پێش ئەوەی ناحەزانی مللەتەکەی ئەو ڕەخنە بگرن ئەو شاکارە بەرزەی بە کوردی نووسیوە.

### وتاری هەینی و زمانی کوردی

وتاری هەینی وەک ئەرکێکی ئاینیی و چالاکییەکی ئەدەبیی و کۆمەڵایەتی هەر لە کۆنەوە بە زمانی عەرەبی بووە، لەگەڵ ئەوەشدا کورد میللەتێکی نەخوێندەواری کشتوکاڵی نا عەرەب بووە، ئامانجی وتاری هەینی بیرخستنەوە و فێرکردنی بنەماکانی ئیسلامە، ئەی بۆ مەلای کورد بە زمانی کوردی وتاری هەینی نەخوێندووەتەوە هەتا مسوڵمانان سودی زیاتر وەرگرن و کاریگەری زیاتری هەبێت لەسەریان؟

هۆی سەرەکی کە مەلای کورد بە زمانی عەرەبی وتاری هەینی خوێندووەتەوە ئەوە بووە کورد شافیعی مەزهەب بووە و، بەپێی پەیرەوی مەزهەبی ئیمامی شافیعی دەبێت ئەرکانەکانی وتاری هەینی بە زمانی عەرەبی بێت(١٥). ئەمە هۆی سەرەکی بووە، هۆیەکی تریش لەبەر ئەوەی زانستە ئیسلامییەکان کە بۆ ئامادەکردنی وتاری هەینی بەکارهاتوون لە کتێبەکانی تەفسیر و حەدیس و فیقهو مەوعیزە هەموویان بە زمانی عەرەبی بوون، ئەوەش زەحمەت بووە بۆ مەلای کورد بتوانێت وتار بە زمانی کوردی ئامادە بکات، کە لە هەموو تەمەنی خوێندنیدا دێڕێک خوێندن و نووسینی کوردی نەخوێندوە.

یەکەم وتاری هەینی لەسەر داوای شێخ عەلادینی بیارە بووە، لە ڕۆژی ٢٦ ڕەجەبی ١٣٥٣کۆچی بەرامبەر ١١/٤/ ١٩٣٤ز، شێخ عەلادینی بیارە نامەیەک بە زمانی فارسی دەنووسێت بۆ مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس کە لە ڕۆژانی هەینیدا وتاری هەینی بە زمانی کوردی بۆ مسوڵمانان پێشکەش بکرێت بۆئەوەی لە وتارەکان تێبگەن، لەو ڕۆژەوە بۆ یەکەمجار مامۆستا مەلا عەبدولکەریم وتاری هەینی بە زمانی کوردی لە بیارەدا خوێندووەتەوە، مامۆستای مودەڕیس شەرەفی یەکەم وتاری هەینی بە زمانی کوردی وەرگرتووە و بیارەی شەریف و جوان و ڕەنگین و مزگەوتە دێرینەکەی مەڵبەندی یەکەم وتاری هەینییە بە زمانی کوردی(١٦).

لە دوای بیارە لە خورماڵ و هەڵەبجە وتاری هەینی بە کوردی خوێندراوەتەوە، سەرەتا وتاری کوردی پێش چوونە سەر مینبەر وتاربێژ لە خوارەوە وتارێکی بە زمانی کوردی خوێندووەتەوە و پاشان چووتە سەر مینبەر و دوو وتارەکەی هەینی بە زمانی عەرەبی خوێندووەتەوە، پاشان ئەو نەریتە گۆڕانی بەسەردا دێت و وتاربێژ چووەتە سەر مینبەر و وتاری یەکەمی بە کوردیی و وتاری دووەمی بە عەرەبی خوێندووەتەوە، بەڵام هەتا کاتی ئێستاش هەندێ لە وتاربێژەکان وەک پەیوەستییەک بە مەزهەبی ئیمامی شافیعییەوە لەسەر مینبەر سێ وتار دەخوێننەوە، وتاری یەکەم بە کوردیی و بێ ئەوەی وتاربێژ دابنیشێ وتارێکی تر بە عەرەبی دەخوێنێتەوە و دادەنیشێت و هەڵدەسێتەوە وتاری دووەمی عەرەبی دەخوێنێتەوە، ئەو وتاربێژانەی بەوشێوەیە وتار دەخوێننەوە حساب بۆ وتارە

كوردیەكە ناكەن و بە ڕوكنی وتاری هەینی دانانێن و، لەهەمانكاتدا سێ وتار دەخوێننەوە.

مامۆستایانی ئاینی كوردستان هەرچەندە زۆر توندبوون لە پەیرەوكردنی مەزهەبی ئیمامی شافیعیدا، بەڵام لە دوای هەژموونی تەریقەتە تەسەوفییەكان چاوپۆشیان لە هەندێ بنەمای مەزهەبەكەیان كردووە، بە كوردی نووسین و بەكوردی كردنی وتاری هەینی لەلایەن پەیڕەوانی تەریقەتی نەقشبەندیەوە جێبەجێكراوە، ئەگەرنا ئەو بڕیارە كاردانەوەی دەبوو لەلایەن ناوەندە ئاینییە تەقلیدییەكەوە و زۆر زەحمەت دەبوو پەیڕەو بكرایە.

مامۆستا مەلا عەبدولكەریم هەر بۆ كارئاسانی وتاربێژان لە ساڵی ١٩٦١ كتێبی (وتاری ئایینی بۆ ڕۆژانی هەینی) داناوە، بۆ هەموو ڕۆژانی هەینی بەپێی مانگەكانی ساڵی كۆچی وتارەكانی داناوە، دانەر لە پێشەكی ئەم كتێبەدا دەڵێت: (لە كتێبە شەرعییەكانا بەتایبەتی لە حاشیەی (شەروانی) دا ئەفەرموێت: دروستە خەتیب لەگەڵ خوتبەكانا ئامۆژگاری گەلەكەی بكات بە زمانی خۆیان) هاتم، شان بەشانی خوتبەی حەفتانەی هەموو ڕۆژێكی جومعە، وتارێكی دینیم لەسەر شێوەی خوتبەی ئەو ڕۆژە نووسی، هەتا خەتیب لە پێش خوتبەكانا بیخوێنێتەوە بەسەر گەلەكەیا و، عەقیدە و ڕەفتار و خوو ڕەوشتی پێغەمبەریان نیشانبدا و، بۆ بەرزی دین و دنیایان، پێش چاویان ڕوناك بكاتەوە)(١٧).

ئەم نوسین و بۆچوونەی مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس ئاماژەی ئەوەی تێدایە كە مەلای كورد چەندە پابەند بووە بە مەزهەبە فیقهییەكانەوەو وەك دەقێكی پیرۆز وەریانگرتووە و حسابی ئایەتی قورئانی پیرۆز و فەرمودەی پێغەمبەریان بۆ كردووە، چونكە بۆ دروستی خوێندنەوەی وتار بە زمانێكی تری جیاواز لە زمانی عەرەبی بۆچوونی یەكێك لە كتێبە فیقهییەكان دێنێتەوە بێئەوەی ئاماژە بە هیچ بەڵگەیەكی وەك ئایەتی قورئان و فەرمودەی پێغەمبەر (د.خ) بكات.

هەروەها ئەو وتارەی بە زمانی كوردی خوێندراوەتەوە هەتا ئەو مێژووەش (١٩٦١) حسابی وتاری هەینی بۆ نەكراوە و وەك ئامۆژگارییەكی زیادە سەیركراوە، تەنها لەبەرئەوەی بە عەرەبی نەبووە؟!.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەهۆی گەشەكردنی بزاڤی ڕۆشنبیریی و نەتەوەیی و لەژێر كاریگەری قوتابخانە و ئاڕاستە فكرییە نوێیەكاندا مەلای كورد ڕۆڵی گەورە دەبینن لە خزمەتكردن بە زمان و ئەدەبی كوردی، مەلای گەورەی كۆیە لەژێر كاریگەری قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئاینی جەمالەدینی ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدەدا تەفسیری كوردیی و شیعر و چیرۆكی بە كوردی نووسیوە و لە دادگای كۆیە بە زمانی كوردی فتواكانی نووسیوەتەوە، هەروەها شێخ محەمەدی خاڵیش لەژێر كاریگەری هەمان قوتابخانەدا فەرهەنگی خاڵ و تەفسیری خاڵ و دەیان گوتاری ڕۆژنامەوانی و چەند كتێبی بە نرخی تری بە كوردی نووسیوە، مامۆستا عەلادین سوجادیش ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە دەركردنی گۆڤاری شاكار و ناوازەی (گەلاوێژ)دا و مێژووی ئەدەبی كوردیی و چەند كتێبی بەپێزی تری نووسیوە، مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس لە لێكۆڵینەوە و ساغكردنەوەی دیوانی شاعیراندا شاكاری گەورەی نووسیوە، جگەلەوەی وتاری هەینی كردووە بە كوردی و تەفسیری قورئانی پیرۆزی بە كوردی نوسیوە و دەیان كتێبی بەپێزی تری پێشكەش بە كتێبخانەی كوردی كردووە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١. د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژوو، کورتە باسێکی زانستی مێژوو کورد مێژوو، چ١، بەغداد، ١٩٨٣، ل١٠٠. هەروەها د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب١، چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل٨٠-٨١.

٢. هەتا سەدەی دەیەمی زاینی هیچ نوسراوێک بە زمانی کوردی تۆمار نەکراوە، ئەوەی کە هەیە لە دوای سەدەی دەیەمەوە نوسراوەتەوە. بڕوانە: أرشاك بولاديان، الأكراد من القرن السابع الى القرن العاشر الميلادي، ط١، دار ئاراس- أربيل، دار الفارابي، بيروت- لبنان، ٢٠١٣، ص١٥٣-١٥٤.

٣.٣. مەسعود محەمەد، زمانی کورد، و.حەکیم کاکە وەیس، چ١، چاپخانەی الحوادس، بەغداد، ١٩٨٧، ل٢٩.

٤. بڕوانە: محەمەد قزڵجەیی، ناساندنێکی مزگەوتەکانی سلێمانی و خوێندنگە ئاینییەکانی، و. د.ئاراس محەمەد صالح، چ١، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ٢٠١٣، ل٢٥.

٥. بڕوانە: عەلادین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ١، انتشارات کوردستان- سنە، ١٣٩١هەتاوی، ل١٥٤.

٦. میری شارەزوور (مەئموون بێگە بەگ ٩٨٥ک ١٥٧٥ز) بە تورکی سکاڵا و یاداشتی خۆی بۆ سوڵتانی عوسمانی (موڕادی سێیەم) نوسیوە، هەروەها مێژوونووسی بەناوبانگی کورد (شەرەفخانی بەدلیسی) لە ساڵی ١٥٩٧-١٥٩٨ز، شەرەفنامەی بە فارسی نوسیوە. بڕوانە: کەمال ڕەئوف محەمەد، عەقیدەی ئیمان- عەقیدەی کوردی لوببولعەقاید، خالیدی شارەزووری، چ١، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ٣٧.

٧. کاک ئەحمەدی شێخ، مەکتووباتی کاک ئەحمەدی شێخ، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر کوردی، چ١، ١٤٠٤ک/١٩٨٤ز، ل٦-٥.

٨. بڕوانە: د. احمد محمود الخليل، تاريخ الكرد فی العهود الاسلامية، ط١، دار ئاراس للگبعه والنشر،أربيل، ودار الساقی، بيروت- لبنان، ٢٠١٣، ص٦٩.

٩. د.ئاراس محەمەد صاڵح، زانایانی ئیصڵاح و نوێکردنەوەی ئاینی لە کوردستان، چ١، ناوەندی سارا- سلێمانی، ٢٠١٨، ل٤٥.

١٠. کەمال ڕەئوف محەمەد (بابی لالۆ)، عەقیدەی کوردی، ل٢٥.

١١. نالی، دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عبدالكريم، چ١، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦، ل١٠٦-١٠٧.

١٢. ١٢حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوەی سەردار میران و کەریم شارەزا و پێداچوونەوەی مەسعود محەمەد، چ١، بەغداد، ١٩٨٦، ل١٤٦.

١٣. دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٢٣٩-٢٤٠.

١٤. دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل١٤٤.

١٥. بڕوانە: مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، شەریعەتی ئیسلام بەپێی پەیڕەوی ئیمامی شافیعی، چ٢، ب١، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا، ١٩٧٦، ل ١٥١.

١٦. مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، ڕۆژگاری ژیان یادداشت و بیرەوەرییەکانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، ئامادەکردن و لەسەر نووسینی ڕەئوف مەحمودی، چ١، انتشارات کوردستان- سنە، ١٣٩٢هەتاوی، ل١٨٧، دەقی نامەی شێخ عەلادین بە زمانی فارسی، ل٣٤١.

١٧. مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، وتاری ئایینی بۆ ڕۆژانی هەینی، چ١، ١٩٨٤، ل٣.



# بابەتی گشتی



# مەولانا خالیدی کوردیی

## لە دوو دەستنووسی عەرەبیدا




یاسین تەها

هەڵگری ماستەرە لەبارەی ڕەوتە ئایینی و مەزهەبییەکان و مێژووی کورد لە سەردەمی ئیسلامیی لە وڵاتی میسر، چەندین توێژینەوە و شیکار و وتاری مێژویی و کلتووریی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی بڵاوکردۆتەوە، توێژەرە لە «ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت»، هەروەها وەک ڕۆژنامەنووسێکی بنکۆڵکاری کاردەکات.

## دەسپێکێکی پێویست

مەولانا خالیدی شارەزووریی نەقشبەندیی کەمتر لە ٥٠ ساڵ ژیاوە و بەشی زۆری تەمەنیشی لە سەفەر و گەڕاندا بەسەر بردووە، بەڵام ناو و ناوبانگی ئەم کەسایەتییە کوردە لە بەغدا و شامەوە تا حیجاز و لەوێشەوە تا هیندستان و تورکیا ئەستێرەیەکی درەوشاوەیە. ئەو بەرهەمانەی تائێستا لەسەر ژیانی مەولانای شارەزووریی هەن زۆرن و هەر بەعەرەبی دەگەنە ٢٠ نوسراو و ژیاننامە کە بەشێکیان هی سەردەمی ژیانی خۆیەتی، بەڵام هێشتا هەندێ ئەڵقە لە ژیانی ئەم سۆفییە ناودارە هەر ون و نادیارن بەتایبەت ژیانی لە هیندستان و دوا ڕۆژگارەکانی ژیانی لە غوربەتی شام.

مەولانا ناوی ئەبو بەها زیائەدین خالید ئەحمەد حسێن شارەزورییە و لە تیرەی میکایلیی هۆزی جافە. لە سەدەی نۆزدەیەمدا گەشتۆتە دوا پلە لە تەریقەتی نەقشبەندی و بەپێی سەرچاوە ڕۆژهەڵاتناسییەکان ١٢ هەزار موریدی عەرەب و تورکی هەبووە (ڕیچ: گەشت، ل١٥٧)و لە ١٨٢٦ زاینی لە دیمەشق خۆی و دووان لەکوڕەکانی بەنەخۆشی تاعوون کۆچی دواییکردووە و لە بناری چیای «قاسیون»ی شام ئەسپەردە کراوە و مەزارەکەی لەوێ زیارەتگای سۆفییەکانە.

بەمدواییانە «ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی» وێنەی دیجیتاڵیی ژمارەیەک دەستنوسی ناودارانی کوردیان کۆکردەوە کە دووان لەوانە هاوچەرخ و نزیکی سەردەمی مەولانان و بایەخێکی مێژویی هێجگار گەورەیان هەیە لەبارەی ئەم ناودارە. ئەم بابەتە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی ناوەڕۆکی ئەو دەستنووسانە بەهیوای کردنەوەی دەرگا بۆ چاپکردن و لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەریان.

## دەستنوسی یەکەم:



ـ النشر الوردي فی أخبار الشيخ خالد الكردي

کورتکراوەی: (أصفی الموارد من سلسال أحوال الإمام خالد تألیف عثمان بن سند النجدي/ ت ١٢٤٨ هـ/ ١٨٣٢ م)

دانەر: ابي بكر بن محمد الملا الإحسائي (ت ١٢٧٠ هـ/ ١٨٥٤م)

ناسیخ: حسین بن علي بشناق الشافعي المصري (ت١٢٦١_ ١٨٤٥ م)

جۆری خەت: النسخ

بەرواری دانان و نووسینەوە: ١٢٦٤ ك/ ١٨٤٨ز
ساڵی نووسینەوەی «نەسخ»: ١٢٦٢ك/١٨٤٥ ز
شوێنی پاراستن: کتێبخانەی حەرەمی مەککە
وێنەی دیجیتاڵیی: ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی، زانکۆی سلێمانی.

***

وەک لە ناونیشانەکەیەوە دیارە ئەم دەستنووسە کورتکراوەی کتێبێکیترە کە تایبەتە بە ژیاننامەی «مەولانا خالیدی نەقشبەندی» بەناوی "أصفى الموارد من سلسال أحوال الإمام خالد" کە نووسەرەکەی "عثمان بن سند النجدي"یيە، بەڵام لە شاری بەسرە نیشتەجێ بووە و لە بەغدا بەدیداری خالید نەقشبەندیی گەشتووە. بەرهەمە بنەڕەتییەکە تیشک دەخاتە سەر ژیانی خالید نەقشبەندی کە هەڵگری کۆمەڵێک نازناوە لەوانەش شارەزووری، عوسمانی، کوردی، لەگەڵ باوترینیان کە «مەولانا»یە. ئەم بەرهەمە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٨٩٥ لە چاپخانەی عیلمی قاهیرە چاپکراوە، بەڵام بەهۆی کۆنی چاپەکە و فۆنتەکەیی و کۆتاییهاتنی نوسخەکانی، ئێستا بەردەست نییە و تەنها چەند لاپەڕەیەکی کەمیشی بە ئۆن لاین لە "المكتبة العربية الرقمية" دانراوە، بەم پێیەش دەکرێت بوترێت کە حوکمی بڵاونەکراوەی هەیە.

«أصفى الموارد» کە واتای سەرچاوە پاکژەکانی ئاوی پاڵفتەی ژیاننامەی پێشەوای سۆفییە نەقشبەندییەکانە، باسی چەند شتێک دەکات کە پەیوەستن بە «مەولانا خالید» و هاوەڵانی بە شێوازی مەقامات و پەخشانی ئەدەبی. گرنگی ئەم بەرهەمەش لەوەدایە کە هەشت ساڵ بەر لە کۆچی دوایی شێخ خالید نوسراوەتەوە، هەروەها یەکێکە لە کۆنترین ئەو بەرهەمانەی کە لەلایەن هەوادارانییەوە و لە ژیانی خۆیدا نوسرابێتەوە، ئەمەش بۆ مێژوونوسان گرنگی زۆری هەیە، چونکە ڕاستەوخۆیە و گێڕانەوەی دەماودەم نییە.

ئەبوبەکر مەلا ئیحسائی (١٧٨٤ – ١٨٥٣ز) کە ئەم کتێبەی کورتکردۆتەوە، زانایەکی حەنەفی شەرعزانە و ئەویش هەر لە بنەڕەتدا خەڵکی نەجدی عەرەبستانی سعودیەیە و پاشان لە شاری مەککە نیشتەجێ بووە و کۆچی دواییکردووە، هەر لەبەرئەمەش ئەم دەستنووسەی لە کتێبخانەی حەرەمی مەککەدا پارێزراوە. ئەبوبەکر مەلا نوسراو و دەستنوسی تری زۆرە کە هەندێکیان چاپکراون و هەندێکیشیان لە ناوەندە عەرەبییەکانی پاراستنی دەستنووس هەڵگیراون و یەکێک لەوانە ئەم بەرهەمەیە لەسەر «خالید کوردی».

لەبارەی هۆکاری کورتکردنەوەی "أصفى الموارد" ئەبوبەکر مەلا، ڕوونی دەکاتەوە کە زۆر بەلایەوە ناسک و سەرنجڕاکێش بووە و گەیشتۆتە ئاستێکی بەرزی بەلاغەت لە گێڕانەوەی ژیاننامەی خەڵکانی خاوەن سلوک بەتایبەت «خالید کوردی» کە ئەبوبەکر مەلا وەسف و سەنایەکی بێشوماری دەکات و بە چەندین نازناو سەرسامی خۆی بۆ دەردەبڕێت لەوانەش "الحبر الإمام المعظم بين الأنام" "وارث العلوم النافعة"، "السيد الأجل الأعظم"، هەروەها لە خودا دەپاڕێتەوە گۆڕەکەی بەڕەحمەت پاراو بکاتەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی مەلا ئیحسائی پاش مردنی شێخ خالید، ژیاننامەکەی کورت و پوخت کردووەتەوە.

لەبەر گرنگیی و گەورەیی ژیاننامەی ڕێبەرەکەشی بەلای ئەبوبەکر مەلاوە پەنای بۆ ئیستیخارەکردن بۆ خودا بردووە تا یارمەتی بدات ڕێکوپێک دەربچێت. پاش کورتکردنەوەی «أصفى الموارد»ی عوسمان نەجدی ناویناوە "النشر الوردي في أخبار الشيخ خالد الكردي" و لە خوا پاڕاوەتەوە کە هەندێک لە بەرەکەتی شێخ خالیدیان بەنسیب بکات "أعاد الله تعالى علينا من بركته وأذاقنا من رحيق مشربه ومعرفته". دواتریش باس لەوە دەکات هەرکەس لە نەوەی عوسمانی کوڕی عەفان بێت، هەرگیز نورەکەی کز و خامۆش نابێت،

ئەمەش ئاماژەیە بۆ ڕەچەڵەکی خالید شارەزووریی کە باوەڕ وەهایە بگەڕێتەوە بۆ سەر خەلیفەی سێیەمی ئیسلام کە عوسمانی کوڕی عەفانە (ذي النورین) و ئەمەش لە زۆر سەرچاوەی تایبەت بە ژیانی مەولانادا هەیە و زانیارییەکی زۆر بڵاوە.

گەورەیی شێخ خالید نەقشبەندی لە ڕێبازەکانی تەسەوفدا دەگەڕێتەوە بۆ کۆکردنەوەی هەندێ تایبەتمەندیی، ناوبراو لەیەک کاتدا شافیعی و ئەشعەری و ڕێبەری تەریقەتەکانی، نەقشبەندی، قادری، سهرەوەردی، کبرەوی، چەشتی، شارەزووری بووە (البغدادی: الحدیقة الندیة، ص٣). هەروەها بەقسەی عوسمان نەجدی ڕووناکی شێخ خالید لەناو کوردەوە دەرکەوتووە، بەڵام حیکمەتەکانی لە هەموو جێگەیەک بڵاوبوونەتەوە، «هیچ هونەرێک نییە ئەو تێیدا هەڵنەکشابێت، هیچ پەنهانی و شاراوەیەک نییە ئەو ڕۆشنی نەکردبێتەوە» (أصفی الموارد ص ٣٣). هەروەها شێخ خالید هاوتای غەزالی و ئیمام نەوەوی و ابن المقری کراوە (النشر الوردی، ص ١٠).

ڕێبازی سۆفیگەرییانەی مەولانا لە ئەنادۆڵ، تەتەرستان، ئەندەنوسیا، باکووری ئێران، ئازەربایجان، قەوقاز، حیجاز و مەککە و مەدینە بڵاوبوونەتەوە، لەگەڵ شاری ئەستەنبووڵ کە پایەختی عوسمانییەکان بووە، ئەمە جگە لە دیمەشق و شام (أبو منة: دراسات، ص ١٥_١٧)، بەپێی قسەی شارەزایانیش تەریقەتی مەولانا گەورەترینە لە سەدەی نۆزدە لەناو سنووری دەوڵەتی عوسمانی (هەمان سەرچاوە، ص ٣٤).

لە ناوچە کوردییەکانیشدا موریدەکانی مەولانا زیاتر لە بەغدا، کەرکوک، هەولێر، دەوروبەری سلێمانی، کۆیە، ئامێدی، هەکاری، ماردین، دیاربەکر، بڵاوبوون (البغدادي: الحدیقة الندیة، ص ٣). لەسەفەری حەجدا (١٢٢٠ ک _ ١٨٠٥ ز) لە ڕێگەی موسڵ، دیاربەکر، ڕوها، حەلەب و دیمەشق زانایەکی زۆری دیوە و کاتێک گەیشتۆتە مەککە لەوێ ناونیشانی هیندستانیان بۆ کردووە، لە پاش گەڕانەوەشی بۆ سلێمانی لە (١٢٢٤ک/١٨٠٩ز) گەشتی هیندستانی بە ڕێگەی «ڕەی» نزیک تاراندا دەستپێکردووە، لەم گەشتەدا مەولانا چۆتە ناو شاری «بوستام» و لەوێ سەردانی گۆڕی ئەبا یەزیدی بوستامی کردووە، چۆتە «توس» و زیارەتی ئیمام ڕەزای کردووە، لە «هرات»ی ئەفغانستان لەگەڵ زانایاندا کۆبووەتەوە و گفتوگۆی کردووە، چووەتە «قەندەهار» و «کابوڵ» و «بیشاوەر» و لەوێ زاناکان تواناکانیان هەڵسەنگاندووە و گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی کە پایەیەکی گەورەیە «أیقنوا أنه فی العلم ركن أعظم». (النشر الوردي ص ١٤).

کاتێکیش گەیشتوەتە هیندستان لەسەردەستی شێخ عەبدوڵڵای دەهلەوی تەریقەتی وەرگرتووە و بە پێنج مانگ لەلایەن شێخەکەیەوە کە باوەڕوایە لە نەوەی پێغەمبەری ئیسلام بێت مژدەی پێدراوە (البغدادی: الحقیقة الندیة، ص ٣٨). بەپێی سەرچاوەکان ماوەی مانەوەی مەولانا خالید لە هیندستان یەک ساڵ بووە و لەوێ مۆڵەتی "خەلافەتی تەواو و موتڵەق"ی وەرگرتووە لەلایەن شێخەکەیەوە (أبو منة: دراسات، ص ٤٢)، بەڵام ژیانی ناوبراو لە ماوەی ئەو ساڵەدا تا ڕادەیەکی زۆر ونە و زۆر کەمی لەسەر نوسراوە.

پاش تەواوکردنی ئەرکانەکانی تەریقەتیش لەلایەن شێخی دەهلەوییەوە مۆڵەتدراوە کە بگەڕێتەوە زێدی خۆی «بۆ ئەوەی خەڵک گوڵی لێ بچننەوە» (النشر الوردي، ص ١٤). لەمیانەی مانەوەیدا لە هیندستان ئامۆژگارییەکانی دەهلەوی لە مێشکی مەولانادا نەقشی بەستووە (النشر الوردي ص ١٤)، هەروەها شێخ مۆڵەتیداوە خەلیفەی ئەوبێت لە پێنج تەریقەتدا کە: نەقشبەندی، قادری، سهرەوەردی، کبرەوی، چەشتییە»، لەگەڵ مۆڵەتدانی گێڕانەوەی فەرموودە و تەسەوف و زیکر و ویردەکان». (النشر الوردي، ص ١٦). جیاوازیی خەلیفایەتییەکەی «خالید کوردی» لەگەڵ شێخەکانی تر، ئەوەیە خەلیفایەتییەکەی ئەم

گشتگیر بووە و مافی ئیرشادی پێدراوە لە سەرجەم ئەو تەریقەتانەی کە ئەوکات لە هیندستان باو و بڵاوبوون.

شێخ خالید لە ڕێگەی دەریاوە بە ماوەی ٥٠ ڕۆژ گەیشتۆتە سەڵتەنەی عوممان، پاشان لە ڕێگەی «شیراز، یەزد، ئەسفەهان، هەمەدان و سنە» وە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و ساڵی (١٢٢٦ک/١٨١١ ز) لە سلێمانی دابەزیوە و پێشوازییەکی گەرمی لێکراوە، بەڵام بەپێی دەستنووسەکە لەگەڵ گەیشتنەوەیدا دووچاری شەڕی حەسادەت هاتووە، کەچی ئەم هەر بە چاکە وەڵامیداونەتەوە و ناچار دوو ساڵ پاش گەڕانەوەی و لە (١٢٢٨ک/١٨١٣ز) سلێمانی بەجێهێشتووە (النشر الوردي، ص ١٧).

دەستنوسەکە باسی هۆکاری ڕاستەقینەی ئەو کۆسپانەی نەکردووە کە لە سلێمانی دووچاری ئەم شێخە نوێیە هاتوون کە بەربەرەکانێ بووە لەگەڵ شێخ مارفی نۆدێ، دیارە ئەوکاتەی کە نەقشبەندیی بە مۆڵەتی ئیرشادەوە گەڕاوەتەوە سلێمانی، تەریقەتی قادریی لەسەر دەستی شێخ مارفی نۆدێی بەرزنجی ڕەگی داکوتیبوو، سلێمانیش لەوە بچوکتر بووە ئەم تەوژمە نوێیە لەخۆ بگرێت بەتایبەت کە مەولانا خالید کەسێکی خاوەن خەون و جەستوور و چالاک بووە و ویستوویەتی جێگە بە ڕکابەرەکانی لەق بکات (أبو منة: دراسات، ص ٤٣)، لەمیانەی ئەم ناکۆکییەکەشدا شێخ مارف فەتوای تەکفیری مەولانای دەرکردووە و (القرداغي: الرسائل، ص، ٥٦،٢٥) بۆ کپکردنەوەی بزافەکەشی نامەی بۆ زۆر کەس و لایەن ناردووە و بابابەکانی هێناوەتە سەرخەت بۆ دژایەتیکردنی.

لەگەڵ گەیشتنیدا بۆ بەغدا، پاش جێهێشتنی سلێمانی، مەولانا لە قوتابخانەی ئەسفەهانیی گیرساوەتەوە کە لە خوار دادگای قازەوییەوە بووە و لە پاش نۆژەنکردنەوەی بیناکەی، ئەوێی بە زیکر و خوێندن و وردبونەوەی عەقڵیی ئاوەدان کردۆتەوە، (النشر الوردي ص ١٨). ئەم قوتابخانەیە قوتابخانەیەکی شافیعی بووە و دواتر بە تەکیەی خالیدی ناوبانگی دەرکردووە. شێخ خالید ماوەی ١٠ساڵ لەوێدا خەریکی تەدریس و ئیرشاد بووە و دواتر بەرەو دیمەشق ڕۆشتووە، بەڵام لەو ماوەیەی لەو قوتابخانەیەدا بووە سەردانی سلێمانی کردۆتەوە و لە پاش خۆشی خەلیفەکانی سەروکاریی ئەو تەکیەیان لە بەغدا کردووە (الكيلاني: التكايا البغدادية، ص ١٥٦_ ١٥٧).

حەیدەرییەکان کە بنەماڵەیەکی ناسراوی کوردن لەگەڵ هەندێ کەسایەتی ناسراوی بەغدا و سەعید پاشای والی شار ئەو قوتابخانەیان بۆ شێخ خالید بنیاتناوە لە بەغدا، دواتریش بووە بنکەیەکی سەرەکی بڵاوکردنەوەی ڕێبازی نەقشبەندی خالیدی (أبومنة: دراسات، ص ٤٣)، بەڵام لەبەرئەوەی داود پاشای والی بەغدا زۆر حەزی بە تەسەوف نەدەکرد، مەولانا بەغداشی بەرەو شام بەجێهێشتووە، بەڵام ئەو کۆچکردنە بە قازانجی شکاوەتەوە، چونکە دەرفەتی هەڵکەوتنی بۆ ڕەخساندووە (هەمان سەرچاوە، لا٢٠).

لە گەڕانەوەیدا بۆ سلێمانی میر مەحمود پاشای بابان مزگەوتێکی «خانەقای مەولانا» بۆ شێخ خالید بنیاتنا «لە پارەی حەڵاڵ»، بۆ بەردەوامی مزگەوتەکە و خەرجی فەقێ و ڕێبوارانیش، هەندێ وەقف و سەدەقەی بەناوەوە کردووە، چونکە ناوبراو سەرچاوە و جێگە متمانە و باوەڕی میری بابان بووە و بۆ یەکلاییکردنەوەی پرس و کاروبارەکان پشتی پێ بەستووە. (النشر الوردی، ص ١٩). بەڵام کاتێک شێخ خالید لە(١٨٢٠ز) بەبێ ماڵئاوایی کردن لە مەحمود پاشا یەکجاریی سلێمانی بەجێهێشووە، چونکە میرە بابانییەکە دڵی گۆڕابوو بەرامبەر شێخ خالید و ترسی ئەوەی هەبوو کە نفوز و دەسەڵاتی بەتەواوی پەرەبسێنێت و قسە و قسەڵۆکەکانیش لەمەدا ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە (أبومنة: دراسات، ص ٢٠_٢٢)

**دوا ڕۆژەکانی ژیانی «مەولانا خالید»**

بەشی کۆتایی دەستنوسەکەی ئەبوبەکر مەلا ئیحسائی تیشک خستنە سەر ژیانی شێخ خالیدە بە هاوپێچکردنی کتێبی «حصول الانس في انتقال مولانا إلى حضيرة القدس»ی ئیسماعیل غەزەیی کە یەکێک لە دیارترین خەلیفەکانی خالید نەقشبەندی. بەپێی لێکۆڵینەوەکان غەزەیی برای یەکێک لە ژنەکانی مەولانایە کە کچێکی لێ بووە بەناوی «فاتمە». ئەم کچەشی لە میانەی سەرداندا بۆ مەدینەی نەبەوی کۆچی دواییکردووە (١٨٦٩ ز) (جواد الحيدري: مولانا خالد النقشبندي، ص ٣٣_٣٢).

ئیسماعیل غەزەیی گەورەی بنەماڵەی غەزییەکانە و کە لەکاتی سەفەری مەولانادا بۆ دیمەشق (١٨٢٢ز) بوونەتە پەناگایی و وەک پێشتریش وترا ئیسماعیل لەوێ خوشکێکی خۆشی لێ مارە کردووە[فاتمە]، بەر لە شێخ خالید لەو ماوەیە هیچ کەسی تری وەها ناودار نەچوبووە شاری دیمەشق کە ئەوکات کێشە و گرفتی زۆری کۆمەڵایەتی و پاشەکشەی بەهاکانی تێدابووە، ئەمەش ڕێگەی بۆ «مەولانا خالید» خۆشکرد، کە ئەسپی خۆی تاو بدات و خەلیفەکانی بەسەر مزگەوتەکانیدا دابەش بکات (أبو منة: دراسات، ص ٤٥). هەڵکەوتەی شام لەسەر خۆشکرد ێگای مەککە و ئەستەمبوڵ یارمەتیداوە بە ئاسانی پەیوەندی بکات بە شوێنکەوتەکانییەوە و بیروباوەڕەکانی بە ئاسانی بڵاو بکاتەوە، جگە لەوەش بەهۆی پاڵپشتی بێسنوریی شێخ خالید لە دەوڵەتی عوسمانی و داوای پشتیوانیکردنی خەلیفە لە موریدەکانی، بە ئاسانی تەریقەتەکەی لەناو دەستەبژێری دەسەڵاتداری دەوڵەتی عوسمانیدا تەشەنەی کردووە و بوەتە تەریقەتی حوکمڕانەکان (أبو منة: دراسات، ص ١٣٤).

شێخ خالیدی شارەزووری لەو تاعوونەدا مردووە کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم شامی گرتەوەو جگە لەخۆی بوو بەهۆی مردنی دووان لە کوڕانی عەبدوڵڕەحمان (٦ ساڵ) و بەهادین (٥ ساڵ)، ئەمە جگە لە ژمارەیەکی زۆری مورید و خەلیفە. بەپێی دەستنووسەکە لە پاش گەڕانەوەی مەولانا لە ناشتنی بەهادینی کوڕی، یەکێک لە خەلیفەکانی بەناوی عیسا تووشی هەمان نەخۆشی بووە، مەولانا خەلیفەکەی بەسەرکردۆتەوە و پێیوتووە «مەترسە لە مەرگ، بەرچاوڕوونبە و هۆشیاربە، ئاگات لە دڵت بێت بەسەر شەیتاندا زاڵ دەبیت پشتیوان بەخوا»، هەروەها ڕایسپاردووە کاتێک لە ژیانەکەی تر بە بەهادینی کوڕی دەگات سڵاوی ئەمی پێ بگەیەنێت و پێی بڵێت هەست بە تەنهایی نەکات، چونکە باوکی بەو نزیکانە پێی دەگات. پاش ئەوەی مەولانا خەلیفەکەی بەجێدەهێڵێت بەسەر هەواڵی توشبوونی عەبدولڕەحمانی کوڕیدا دەکەوێت و مردنی کتوپڕی ئەویش بەدوای براکەیەدا بڕێک نیگەران و خەمباری دەکات، بەڵام پاش دوو ڕۆژ بەزەردەخەنەوە وتویەتی: «سوپاس بۆ خودا عەبدولڕەحمان گەیشتە بەهادینی برای». (النشر الوردي، ص ٢٢)

بەپێی ئەم دەستنووسە لەو ساڵەی مەولانا کۆچی دوایی بکات (١٨٢٦ز) لە دە شەوی کۆتایی ڕەمەزاندا گفتیداوە بە موریدەکانی کە هاوەڵییان بکات بۆ قودس تا زیارەتی مزگەوتی ئەقسا بکەن، کاتێک بیریان خستۆتەوە باسی لەوەکردووە مانەوە لە وڵاتی تاعوون خێرترە لە ڕاکردن لێی و هەمیشە ئەیوت «ئێمە هەر بۆ مردن دروستکراوین - ما خلقنا الا للموت» (النشر الوردي ص ٢٢). هەروەها مەولانا باسی ئەوەیکردووە بۆ خەلیفەکانی کە ئەو بۆیە هاتووە بۆ شام کە لەوێ بمرێت کە خاکێکی پیرۆزە و بیری هێناونەتەوە کە ئەو بەو نزیکانە سەفەری حەجی کردووە، سەردانی مەدینە و قودسی کردووە و لە دنیاشدا جگە لەوە هیچی تری ناوێت (النشر الوردي، ص ٢٣).

لە ڕۆژێکی سێ شەممەدا مەولانا وەسێتنامەی خۆی چوار جوار دووبارە کردۆتەوە کە سێیەکی

ماڵەکەی بکرێتە سەدەقە، تانکەرێکی ئاو لە نزیک قەبرەکەی دابنرێت بۆ خێر، خەتمی قورئان لە مزگەوتەکەی نەبڕدرێت، فاتیحا و سورەتی ئیخلاسی بۆ بخوێنرێت، هەزار قروشی بۆ بکەنە ئیسقای کەموکوڕیی نوێژەکانی، کەس نەگری بۆی و پیاهەڵدانی بۆ نەکرێت، شوێنکەوتەکانی دەست بە سوننەت و ئەم تەریقەتەوە بگرن، هەرکەسیش ئەوی خۆش دەوێت با قوربانی بۆ بکات، خەلیفە ئیسماعیلی بەجێنشین و دەمڕاستی مناڵەکانی دانا لە پاش خۆیەوە. (النشر الوردي، ص ٢٥_٢٤).

لەسەر شێخەکەی بکات و مۆڵەتیداوە بە شێخ عەبدولڕەحمانی کزبەری ئەو ئەرکە بەجێ بهێنێت، پاشان تەرمی ئەم غەریبەی شام لە بناری چیای قاسیون بەدەم زیکر و قورئان خوێندن و گریان و زارییەوە نێژراوە، کە بەپێی دەستنووسەکە ٧٠٠ پێغەمبەری تێدا ئەسپەردە کراوە و چەند قاتی ئەوەش لە پیاو چاکان لەوێدا نێژراون (النشر الوردي، ص٢٧_٢٥). ئێستا مەزاری مەولانا خالید جێگە نیازی سۆفییەکان و زیارەتکەرانە و یەکێکە لە مەعالیمە دیارەکانی دیمەشق و وڵاتی شام.

دەستنووسی دووەم:



کاتێکیش مەولانا کۆچی دوایی کردووە شێخ ئیسماعیلی هاوەڵ و خەلیفەی ئەرکی هێورکردنەوەی شوێنکەوتەکانی گرتۆتە ئەستۆ و مەرگی پێغەمبەران و پیاوچاکانیان بەبیر هێناونەتەوە. پاش وەفاتی شێخ خالید، قازی دیمەشق بانگبێژ ئەنێرێت بۆ مزگەوتی ئومەویی و مزگەوتەکانی تر تا هەواڵی مەرگی ڕابگەیەنن و بەشداریی مەراسیمی ناشتنی بکەن، بەپێی گێڕانەوەکان هێندە خەڵک کۆبوونەوە لە ناشتنەکەیدا ئازا ئەو کەسە بوو پەنجەکانی بگەیەنێتە تابووتی تەرمەکەی شێخ خالید کوردی.

خەلیفە ئیسماعیل، شەرمی کردووە نوێژ

"رسالة في ذكر بعض رجال النقشبندية"

دانەر: أحمد بن سليمان الخالدي النقشبندي المجددي ( ١٢٧٥ ک _ ١٨٥٨ مردووە)

ناسیخ: نادیارە

جۆری خەت: نەسخ

مێژووی نوسینەوە: نادیارە

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی زەرکەلی (زنجیرە ١٩٩)، شوێنی ئێستا: زانکۆی محەمەد بن سعودی ئیسلامی _ بەشی دەستنووس ٨٦٨٤

وێنەی دیجیتاڵی: ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت، زانکۆی سلێمانی.

***

ئەم بەرهەمە هی یەکێک لە گەورەترین خەلیفەکانی «مەولانا خالیدی شارەزووریی نەقشبەندی»یە کە خەڵکی تەرابلوسی لوبنانە. نوسەر هاوچەرخ یان نزیکی سەردەمی «مەولانا خالید» ژیاوە و نزیکەی ٣٢ساڵێک پاش ئەو کۆچی دواییکردووە.

بەپێی دەستنووسەکە ڕەچەڵەکی ئەحمەد سلێمان، دەگەڕێتەوە بۆ سەر بنەماڵەی پێغەمبەر (د.خ)، چونکە ناسخی دەستنووسەکە باسی دانەریشی کردووە و دەڵێت ڕوخساری لە هی باپیری چووە کە محەمەدە، ئەمەش کاریگەریی شێخ خالید شارەزووری دەردەخات کە سەرباری ئەوەی خۆی مسکێنێکی عێلی جافە کەچی لەناو خەلیفە و موریدەکانیدا خەڵکانی سادات هەبوون.

ئەحمەد سلێمان خالیدی نزیکەی ١٢٠ دانراویتری هەیە لەسەر تەسەوف و عەقاید و بەلاغە و زانیاری گشتی ئیسلامیی و سەرجەمیان بە زمانی عەرەبین. بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە زیاتر بەناوی "الأروادي: أحمد بن سليمان الطرابلسي الخالدي النقشبندي" پۆلێن و پێرست کراون، چونکە نوسەر لە بنەڕەتدا خەڵکی دورگەی "ئەرواد"ی سوریایە، پاشان لە تەرابلوس نیشتەجێ بووە، لە کۆتاییشدا بە خالیدیی و نەقشبەندی ناسراوە و ناوی دەرکردووە، چونکە یەکێک بووە لە فێرخواز و خەلیفە سەرتەڵەکانی شێخ خالید(أحمد بن سليمان الأروادي: مرآة العرفان ولبه، ص٤).

ئەم بەرهەمە "رسالة في ذكر بعض رجال النقشبندية" لە ژیانی نووسەردا جارێکی تر نوسراوەتەوە، چونکە لە پێشەکییەکەیدا ناسیخ کە ناوی دانەر دەبات دەڵێت "تولاه الله وهداه"، ئامانجی دانەری یەکەمیش ناسینی سلوک و کارنامەی بەشێکی بەرچاو لە پیاوانی تەریقەتی نەقشبەندییە لەگەڵ خستنە ڕووی ئادگاریان، لەوانەش کە مامۆستاکەی خۆی کە شێخ خالید نەقشبەندییە.

ئەو وەسفانەی لەم دەستنووسەدا هاتوون بۆ ناوداران زیاتر پشتیان بە بەرچاوڕوونیی و کۆبوونەوەی ڕۆح بەستووە کە لای سۆفییەکان ئەم جۆرە ڕابیتەیە زۆر باوە.

گرنگی بەرهەمەکە لەوەدایە کە هی یەکێکە لە خەلیفە و موریدانی «مەولانا خالید»، هەروەها گرنگی زۆریشی بەم کەسایەتییە داوە، جگەلەوەش تیشکی خستۆتە سەر هەندێ لە بنەماکانی تەریقەتی نەقشبەندی کە لای کورد زۆر باو و بڵاوبووە.

لەم بەرهەمەدا نووسەر مەرجەکانی تەریقەتی بە کۆمەڵێک شت دیارییکردووە کە بریتین لە: ڕاستکردنەوەی عەقیدە، ئەنجامدانی فەرزەکان بەباشی، نیەت پاکی، پشتبەستن بە خودا، وەفاداریی، مۆڵەتخواستن لەکاتی تێکەڵیکردنی خەڵک لە خەڵوەت، بیرهێنانەوەی خودا، هێنانە بەرچاوی جبریل بەوشێوەی کە وەسفی هاتووە "بياض الثياب، كثير سواد الشعر، أبيض اللون، عليه أثر السفر، معتدل القامة" کە دەکاتە پیاوێکی جل سپی، قژ پڕی موو ڕەش، ڕەنگ سپی، ئاسەواری سەفەری لەسەر بێت، باڵا مامناوەند، لە کۆتا جاریشدا موریدی نەقشەبەندی وێنە و ئادگاری پێغەمبەر دەهێنێتە پێش چاوی خۆی بەو جۆرەی لە شەمائیلی محەمەدیدا باس کراوە و هەموو کەس دەتوانێت بگەڕێتەوە سەری.

لەم دەستنووسەدا ئەحمەد سلێمان زنجیرەیەک لە ناودارانی تەریقەتی باسکردووە بەپێی بیروباوەڕی نەقشبەندییەکان کە ژمارەیان نزیکەی ٣٠ کەسایەتییە، ئەوەی جێگەی سەرنجە لەناو کەسایەتییەکاندا هەندێک ناوی سەیر هەن کە هۆکاری ڕیزبەندیکردنیان بەو جۆرە ڕوون نەکراوەتەوە. لەم میانەیەشدا لە پاش ئەژمارکردنی ئەبوبەکری سدیق و سەلمانی فارسی لە هاوەڵانی پێغەمبەری ئیسلام لە ڕیزی پیاوانی نەقشبەندی، بەدوای ئەواندا هەندێ کەسایەتی تری ڕیزکردووە وەک قاسمی کوڕی محەمەدی کوڕی ئەبوبەکری

سدیق کە لە تابعینە و یەکێکە لە ڕاوییەکانی فەرمووده و لە شەرعزانەکانی مەدینەیە، لە نێوان ساڵانی (٣٥_ ١٠٧ ک / ٦٥٥ _ ٧٢٥ ز) ژیاوە (الذهبي: سير الأعلام، ٢٠٠١، ج١، ص٥٤)، هەروەها ئیمام جەعفەری سادقیشی بە یەکێک لە پیاوانی ناوداری تەریقەتی نەقشبەندی ئەژمارکردووە کە یەکێکە لە ئیمامە "مەعسوم" ـەکانی شیعە و لە شاری مەدینە و لە گۆڕستانی بەقیع ئەسپەردە کراوە (١٤٨ ک _ ٧٦٥ ک) (الذهبي: سير الأعلام، ٢٠٠١، ج٦، ص ٢٥٥).

ئەم خاڵە هاوبەشەی نێوان نەقشبەندییەکان لەگەڵ شیعەکان، زۆر لە هۆگریی قادرییەکان دەچێت بە ئیمام عەلییەوە کە بەلای هەندێکیانەوە کەسی یەکەمی تەریقەتەکەیە و لەم سۆنگەیەشەوە کەسنەزانییەکان ناوی تەریقەتەکەیان ناوە "الطريقة العلية القادرية الكسنزانية» و یەکەمجار لە ئیمام عەلی و پاشان لە شێخی گەیلانییەوە دەستپێدەکات ئەوجا شۆڕ دەبێتەوە بۆ خوارەوە.

هەروەها لەم نامەیدا دانەر کۆمەڵێک کەسایەتی وەک کەڵەپیاوانی نەقشبەندی ڕیزکردووە کە خەڵکی ناوچەی جیاوازن لە یەکتر وەک عەبدوڵلا دەهلەوی (هیندستان)، محەمەد عەتار (بوخاری)، تا دەگاتە سەر خالید نەقشبەندی شارەزووریی و ئەمەش بەربڵاویی و نێونەتەوەیی بوونی تەریقەتەکە پیشان دەدات.

لەم نامەیەدا، ئەحمەد سلێمان وێنەیەکی تێرو تەواوی بۆ شێخ خالید نەقشبەندی کێشاوە. بەقسەی سلێمان، شێخ خالید لەش و لاری پڕو تەواو بوون، ڕەنگی گوڵاوی بووە، لوتی ورد و لەهەمانکاتدا قوتیش بووە، دانی پێشەوەی شاشیی تیدا بووە، چاوی گەورە بووە، ڕوومەت جوان بووە، باسکی درێژ بووە، سنگی فراوان و پشتی پان بووە، ڕیشی پڕ بووە، بە ویقار و بە هەیبەت بووە، شارەزاترین خەڵکی سەردەمی خۆی بووە، مورشید و موجەدید بووە، ئەم وەسف و سەناو پیاهەڵدانەش هیچ سەیر نییە بۆ دانەری نامەکە کە شانازی بەوە دەکات یەکێکە لە موریدان و خەلیفەکانی مەولانا و نازناوەکەی ئەحمەد بن سلێمان خالیدییە.

### سەرچاوەکان


- الذهبي، محمد بن احمد بن عثمان: سير أعلام النبلاء، مؤسسة الرسالة، ٢٠٠١.
- عثمان بن سند الوائلي النجدي: أصفى الموارد من سلسال أحوال الإمام خالد، المطبعة العلمية، القاهرة، ١٨٩٦م.
- محمد بن سليمان الحنفي البغدادي: الحديقة الندية من آداب الطريقة النقشبندية والبهجة الخالدية، المطبعة العلمية، القاهرة، ١٨٩٦م.
- أحمد بن سليمان الأروادي: مرآة العرفان ولبه، شرح رسالة من عرف نفسه فقد عرف ربه لابن عربي، حققه وعلق عليه، عاصم ابراهيم الكيالي، كتاب ناشرون، بيروت لبنان.
- جواد فقى على الجوم الحيدري: مولانا خالد النقشبندي ومنهجه في التصوف، كتاب ناشرون، بيروت، لبنان.
- ميعاد شرف الدين الكيلاني: تاريخ تكايا بغداد والمشيخة الصوفية في العهد العثماني، دار الكتب العلمية، بيروت _ لبنان ١٩٧١.
- کلودیوس جیمس ڕیچ، گەشتی ڕیچ بۆ کوردستان١٨٢٠، وەرگێڕانی محەمەد حەمە باقی، چاپی یەکەم، تەورێز، ١٩٩٢.
- بطرس أبو منة: دراسات حول مولانا خالد والخالدية، اراس، أربيل، ٢٠٠٩.
- محمد القرداغي: الرسائل المغنية لكل محتاج، رسائل أرسلها الملا يحيى المزوري الى الشيخ معروف النودهي، اراس، أربيل، ٢٠٠٩.

# ئەنجامی خوێندنەوەی نوێگەری بۆ قورئانی پیرۆز

وەرگێڕانی نازم عەبدوڵڵا

لە کاتی ووردبوونەوە لە میتۆدی نوێخوازانی هاوچەرخ و، تەقەلای شوێنکەوتووانی بۆ چەسپاندنی بۆچونەکانیان بەسەر قورئانی پیرۆزدا، ئەبینی گرنگترین نیازی هاوبەشی ئەوان کورت ئەبێتەوە لە درز دروستکردن لە کتێبی خودا، لەکاتێکدا سرووش سەرچاوەی وەرگرتنی حوکمە و، کانگەی بەها و ئاکارەکانە، بەڵام ئەوانە ئەیانەوێت ئەڵتەرناتیڤی نامۆ بکەنە سەرچاوە، هەروەها لە ئەحکام ومەرجەعیەت و ڕێنمایی کردندا خەوش و کەلێن بخەنە دڵی ئیماندارانەوە و، متمانەیان لەرزۆك بکەن و، لەناو مسوڵمانانداا، لێکدابڕان لەگەڵ شەریعەتی خوادا پەیدا بکەن، کە لێرەدا بەدرێژی باسی لێوە دەکەین:




**نازم عەبدوڵڵا**

لەدایکبووی ١٩٦٣. ماستەر لە فیکری ئیسلامیی.

چەند بەرهەم و توێژینەوەی بڵاوکراوەی هەیە.

**١. شکاندنی شکۆی قورئانی پایە بەرز:**

لێکدانەوەی زمانەوانیی و دابڕینی دەق لە خاوەنەکەی (الهیرمینوتیکا) لە سەرتادا لە ئەوروپا بۆ هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەب و شیعر سەریهەڵدا، بەڵام دوای ئاشنابوونی ئەوروپا بە سەردەمی گەشەکردن، ئەوە بوو لە ڕۆژ ئاوا نووکی ڕمی ڕەخنەکانیان کردە پەڕاوی پیرۆز (الكتاب المقدس) تا وایلیهات بەبێ جیاوازی وەک هەموو دەقێکی ئەدەبی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد و، پەردەی پیرۆزیی و بەرز ڕاگرتنیان لەسەر لادا.

بیری نوێگەری لە جیهانی ئیسلامیدا لە گۆشەنیگای (هیرمینۆتیکا) وە کاریان لەسەر دەقەکانی قورئان کرد، وەک شوێنپێ هەڵگرتنی ڕۆژئاوا، هەموو هەوڵەکانیان خستەگەڕ بۆ دارنینی ئەو پیرۆزییەی بەسەر قورئاندا باڵی کێشاوە، بەبێ جیاوازیکردن لەگەڵ دەقە مرۆڤکردەکاندا لێکۆڵینەوەی دەقە ئەدەبیەکانیان کردە بنەمایەک و دەستیانکرد بە ئەنجامدانی لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا.

یەکێک لە بێزارییەکانی بیری نوێگەری دەستگرتنە بە پیرۆزییەکانی قورئانەوە، چونکە ڕێگری دەکات لە گرتنی ڕەخنەی ئازاد لە ناوەڕۆکەکەی، بۆیە ئەگەڕێن بە شوێن میتۆدێکی تازەی نوێگەریدا تا ڕێگەیەک بەدەستبێنن زیاتر پیرۆزیی قورئان تێکبشکێنن، بۆیە ونبووی خۆیان لە بابەتی زمانەوانی (الالسنيات)دا دۆزییەوە، ئەمەش هاوکارێکی باشبوو لە هەڵتەکاندنی یەک جۆر لێکدانەوە (احادية المعنى) بۆ دەقی ئاینی، (مەبەستی ئەوان لە احادية المعنى، نابێ هیچ دەقێک پێچەوانەی مەبەستی خودا لێکدانەوەی بۆ بکرێت) ئەمەش لە چۆنیەتی پەیداکردنی مانادا کارێکی وایکرد دەق ملکەچ بێت بۆ تێگەیشتن و زروف و توانای خوێنەر. واتە میتۆدی ئیسلامی وێنای دەقەکانی لەسەر یەک مانا هەڵچنیوە، ئەمەش گومانێکی پووچە و درۆیە بە دەم دەقەکانەوە، هەروەها نەشارەزاییە لە سرووشتی دەق، (لە ئیسلامدا دەق و بنەما نەگۆڕەکان (الثوابت) لە یەک لێکدانەوە زیاتر هەڵناگرێت). گرنگترین ئامانج لە پشت ڕەواجدان بە لێکۆڵینەوەی زمانەوانییەوە: دارنینی پیرۆزییە لە قورئانی پایە بەرز و هەڵوەشاندنەوەیەتی لە بنچینەوە و، ساغکردنەوەیەتی بۆ مێژوو، وەک ئەرەگۆن بە ڕاشکاوی ئەڵێت: مەبەست لە لێکۆڵینەوەی زمانسازی پەتی دەربازبوونە لە هەیبەتی دەقی ئاینی لە باسی دەسەڵاتی خودا و دەرخستنی ڕاستییەکانییەتی، چونکە تائێستا دەقەکانی قورئان لە سەرووی کات و شوێن و مەرجەکانی زمانەوانییەوە دانراون، ئەم لێکۆڵینەوەیە دەری ئەخات دەقی قورئان وەک هەموو دەقە زمانەوانییەکان وایە، یاساکانی نەحو سەرفی بەسەردا جێبەجێ ئەکرێت، هەروەها ئەڵێت سوودی زمانسازی قورئان ئەوەیە جێ بە زۆرێک لە پیرۆزی دەقەکان و ئەو هەیبەتەی بەسەرماندا سەپێنراوە لەق دەکات، تەنانەت وا بە خەیاڵماندا دێت قورئان لە پیت و وشە پێکنەهاتووە.

بە وشەیەک: میتۆدی زمانسازی بەو لێکدانەوەیەی ماددەیەکی زمانەوانییە، تەماشای دەقی قورئان ئەکات، و پەیوەندی بەو زەرف و کاتەوە هەیە تیادا لەدایکبووە و، دەکەوێتە ژێر کارتێکەری ئەو جێگە و شوێنەی لێی پەیدابووە، لەبەر ئەم هۆیانە نابێ دەق دەورە بدرێت بە پەرژینی بەرزیی و پیرۆزی، چونکە ڕێگەی بینینی حەقیقەتی ماددە زمانەوانییەکەیمان لێ ئەگرێت، هەروەها میتۆدی زمانسازی کاریگەرییەکانی مێژوو لەسەر دەق و پەیوەندی بە واقیع و، زەرفە مێژوویی، جوگرافی، ڕۆشەنبیری، کۆمەڵایەتیی و نەفسییەکانی کە بەرهەمیان هێناوە دەردەخات، لای ئێمەیەک خۆمان ڕاهێناوە لەسەر جوان پیشاندانی دەق، ڕێگەی لێکۆڵینەوەی ئەم میتۆدە، ڕێگەیەکی شیتەڵکاری بێزارکەرە، لەبەرئەوەی ئێمە بیرمان لە لێکهەڵوەشاندن و پارچە پارچەکردنی بە شەکانی دەق وەک لاشەیەکی بێ گیان نەکردۆتەوە.

ئەگەر خۆسەغڵەتکردنی ئەرەگۆن ئەوەیە بیسەلمێنێ قورئانیش هاوشێوەی پەڕاوی پیرۆز لای ڕۆژئاوا، تێکدان و گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و، پەلە ئەکات لە

وروژاندنی ئیشكال لەسەر كۆكردنەوە و نوسینەوەی قورئان و، ئەڵێت دەسەلاتی ڕەسمی دەخالەتی كردووە لە لادان و زیادكردنیدا، بەدڵنیاییەوە نەسر حامیدیش لەگەڵی جیاوازی نیە لە هەنگاونان بەرەو ئاقاری یەكسانكردنی نێوان سرووش و قسەی مرۆڤ، بەو لێكدانەوەیەی هەردووكیان دەقی زمانەوانین، گەردن كەچن بۆ توێكردنی ڕەخنەی ئەدەبی و، دەڵێت: دەقی قورئان هەرچەندە پیرۆزە، بەڵام لە سنووری دەق دەرناچێت، بۆیە ئەبێ وەك هەموو دەقێكی ئەدەبی گەردن كەچ بێت بۆ بنەماكانی ڕەخنەی ئەدەبی، بەڵام جابیری لە سایەی نەبوونی ژیریدا، لەگەڵ ئەوەی كە سوودیشی هەیە، ترسی لە پێشنیازكردنی ڕەخنەگرتن لە قورئان هەیە، چونكە دۆخی كولتووری و بنیادی فیكری باڵادەست و پلەی تێگەیشتوویی لای خودی رۆشنبیرەكان، ڕێگە بە مومارەسەی ڕەخنەی ڤۆلتێری لە خودا (لاهوت) نادات (ڤۆلتێر باوەڕی بە خودا هەبووە، بەڵام پێغەمبەران و كتێبە ئاسمانییەكانی بە خورافات زانیوە).

بۆ دارِنینی پیرۆزی لە قورئانی بەرز ئەبێ میكانیزمی گومان بەسەر هەموو دەقەكانی قورئاندا، هەر لە نوسینەوە تا دابەزینی گشتگیر بكرێت، هەڵگرانی گوتاری نوێگەری بەبێ بیركردنەوە لە ئەندازەی سەركەوتوویی ئەو میكانیزمە، ئەگەر تۆزێك پەلەیان نەكردایە، تێدەگەیشتن میكانیزمی گومان لە هەموو شتێكدا ناتگەیەنێتە ڕاستی، گومان تەنها لە بواری دیاردەكاندا سوودی هەیە، بەڵام ئایەتەكانی قورئان لە چوارچێوەی دیاردە بەرچاوەكاندا نیە، بەڵكو لە بواری بەهاكاندایە، كە بۆ گەیشتن بە ڕاستییەكانی ئەبێ لە ڕێگەی باوەڕەوە بێت، بۆ ئەمەش ئەبێ ڕێگەی پێچەوانەی گومان كە باوەڕ و یەقینە بگیرێتە بەر.

كەوابێ ئەمە ئەنجامی شانازییە زمانەوانییەكانی ئەرەگۆن و لێكۆڵینەوە ئەدەبیەكانی نەسر حامیدە، كە هەردووكیان یەك مەبەستیان هەیە ئەویش: جێپێ لەقكردنی پیرۆزی دەقی قورئانە، لای ئەوان دەق هێندە پیرۆزە و سەرچاوەكەی خوداییە تا دەگاتە سەر زەوی، دوای دابەزینی لەسەر دەستی قەسابەكانی ڕەخنەی ئەدەبی دوچاری برینی سەر و دەس و پێ ئەبێتەوە، ئەبێ بە لاشەیەكی بێ گیان!!، ئەگەر هەمیشە وەك دەقێكی بەرز و پیرۆز تەماشای دەقی ئاینی بكرێت، ئەو ڕاستییە لەخۆبگرێت هەموو كات خودا ئامادە بێت ـ ناتوانین خۆمان لە تێفكرینی جیهانی شاراوە (الثیولوجی) دەرباز بكەین، چونكە پیرۆزی هەمیشە بەبێ توانا تەماشای مرۆڤ دەكات، كە ناتوانێت دەست بۆ هەیمەنەی دەق بەرێت، بۆیە گوتاری نوێگەری بە هەموو توانایەوە سوورە لەسەر دارِنینی بە پیرۆز زانین، ئەویش بەدارِنینی میكانیزمەكانی: ئەفسانە، بەرزی، پیرۆزی، كە گوتاری قورئانی مومارەسەی ئەكات، لەبەر ئەم مەبەستە وەك پێشتر باسمان كرد، پێداگیری لەسەر ڕاڕەوی (هیرمینوتیكا)ی زمانەوانی و ئەدەبی ئەكەنەوە، ئەمەش وامان لێ ئەكات ئەو پرسیارە بكەین: ئەگەر دەقی قورئان یەكسان بكرێت لەگەڵ كتێبە پیرۆزە دەسكاری كراوەكاندا،  تەنها وەك دەقێكی ئەدەبی تەماشا بكرێت ئەوكاتە چی بۆ خوایەتی سرووش و پیرۆزی مەودا غەیبیەكەی ئەمێنێتەوە!؟

**٢. بەزاندنی قەدەغەكراوەكان (اختراق الممنوعات):**

گوتاری نوێگەری كە سەروكاری ئەم خوێندنەوە پڕ كیناوییە لەسەر دەقەكانی سرووش ئەكات، واگومان ئەبات تاكە ڕێگە بۆ هەستانەوە(النهضة) پچراندنی پەیوەندییە لە گەڵ هەموو پاشماوەكانی ڕابوردوو، هەروەك شوێن پێ هەڵگرتنی رۆژئاوایە لە چۆنیەتی پەیوەندی بە پەڕاوی پیرۆزەوە، ئەویش بەوە دەبێت زامدار بكرێت و بخرێتە سەرمێزی ڕەخنەگرتن، لە شانازییەكانی گوتاری نوێگەری لەرزۆك كردنی قەناعەت و هەڵخزانی بیروباوەڕە نەگۆڕەكانی پەیوەست بە وێنای ئیسلامییەوەیە بۆ سرووش، پێویستە ئەو سنورانە ببەزێنرێت، كە شتێك هەبێ لە سەرووی بیركردنەوە بێت، ئەبێ بێدەنگی لێبكرێت، قوتاربوون لە بیری دۆگمایی و

موجەڕەد وەک: دوانەیی ئیمان و گومڕایی، عەقڵ و ئیمان، سرووش و حەقیقەت، مەبەستیش لەمانە پێداچونەوەی هەموو سەلمێنراوە کولتوورییەکانە(لای ئەوان قورئانیش بەشێکە لە کولتوور). هەروەها قوتاربوونە لە باڵادەستی مەعریفەی ئەرسەدۆکسی وشک، کە شوێنکەوتووانی ئەکاتە دیلی بازنەی پیرۆزییەکان، چونکە سرووشتی بە پیرۆزدانان، کۆنە و مێژوو جێیهێشتووە، بۆئەوەی عەقڵ ڕۆڵی خۆی ببینێت، پێویستە گومەزەی پیرۆزی هەڵتەکێنرێت، بتی نەگۆڕەکان تێک بشکێنرێت، دەرگا لە پرسیارە قەدەغە کراو و نەگۆڕەکان بکرێتەوە، ئەم کارەش وا دەکات ڕاستەوخۆ عەقڵ لەگەڵ سەرچاوە سەرەکییەکانی دیندا ڕووبەڕوو ببێتەوە، هەلی بۆ برەخسێنرێت بۆئەوەی (میتافیزیک)یاو نادیارە ئیسلامییەکان لێک هەڵوەشێنرێن، تاوەکو عەقڵ ڕزگاری ببێت لە هەموو دیاردەیەکی لەکارخستنی وشیاری ئاینی کە مرۆڤ دایناوە، ئەوکاتە هەموو ئەو شورا و قەڵایانە ئەڕوخێن کە فیکری داخراو هەڵیچنیوە، ئەمەش بەبێ جێبەجێکردنی ڕەخنەی مێژوویی لە کەلەپووری عەرەبیی و ئیسلامی نابێ، لەکاتێکدا قورئانی بەرز ڕەمزی پیرۆزییەکان و مەرجەعیەتی نەگۆڕەکانە، جێبەجێکردنی ئەم میتۆدە ئەبێ لەوێوە دەستپێبکات، تاوەکو دەرباز بین لە دەسەڵاتی دەقی داخراو و، لەهەر دەسەڵاتێکی تریش لە دەقەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە پیرۆزییەکان عەقڵ پووچەڵ ئەکەنەوە، وای لێ ئەکەن تەنها لە ڕێگەی ئەودا، یان بە ڕێنمایی ئەو بیر بکرێتەوە.

ئەو بڕیارەی گوتاری نوێگەری لەسەر ڕەفزکردنی سەراپای وێنای ئیسلامی (التصور الاسلامی) داویەتی، لەو تێڕوانینەوە سەرچاوەی گرتووە کە بەسەر خۆیدا داخراوە و ناتوانێ خۆی لەژێر چنگی دەسەڵاتی دەق ڕزگار بکات، کە ئەم نەتوانینەش ڕێگرە لە بەردەم داهێناندا، بۆئەوەی بگەین بە داهێنان پێویستە ئازادی مرۆڤ واڵا بکرێت و شۆڕش بەسەر پیرۆزی کوێرانە و ئەفسانە و پیاهەڵدانەدا بکرێت.

٣. پووچەڵکردنەوەی مەرجەعیەتی قورئان:

گوتاری نوێگەری سەردەم، تێکەڵەیەک لە میتۆدە هاوچەرخەکانی ئامادەکردووە، بۆ لادانی پیرۆزییەکانی قورئان و، گەیشتن بە مەبەستەکانی، بۆیە ئەبینین هەموو ڕێگەیەکی گرتۆتەبەر و، لە هەموو دەرگایەکی داوە، ترسناکترینیان ڕووی تیری ڕەخنەکانیان کردۆتە وشە و واتای مەتنی قورئان و، سوورن لەسەر ئەوەی ووردبوونەوەیەکی ڕەخنەگرانەی مێژوویی (ئەنترۆپۆلۆژیا) لە ماهیەتی قورئاندا، هەموو ئەو پیرۆزییانە ئەخاتە مەترسییەوە عەقڵی تەقلیدی بنیاتیناوە، بەوشێوەیەی کە ئەو میتۆدە تێکەڵەیە دەیخوازێت بانگەشە ئەکات پیرۆزی قورئان گەردن کەچ بکات بۆ شیکردنەوە و لێکهەڵوەشاندنی، تاوەکو مرۆڤ ئازاد بکرێت لە دیلی هەر دەسەڵاتێک لە کاروانی ژیانی هاوچەرخانەی ڕێگری لێ ئەکات، هەروەک مرۆڤ ناتوانێ چارەسەری کێشەکانی بکات کە دێنە بەردەمی، تادەست بگرێت بە دەسەڵاتی ئەو دەقانەوە، بگرە کێشەکانی ئاڵۆزتر دەکات. بۆئەوەی عەقڵ لەم جیهانە بێ بنەدا چێژ لە ئازادییەکانی وەربگرێت، ئەبێ مەرجەعیەتی قورئان هەڵوەشێنرێتەوە، لە چاودێری سرووش ئازاد بکرێت و، خۆی خاوەن دەسەڵات بێت و، هەموو بوونێکی بۆ بگەڕێنرێتەوە، دەسەڵات تەنها دەسەڵاتی عەقڵ بێت و، دەسەڵات بۆ پێداویستی واقیع بێت.

هەڵگرانی خوێندنەوەی نوێگەری بە بیانووی ئەوەی قورئان دەورەدراوە بە پەرژینێکی داخراو، بەردەوام بانگەشەی ڕەخنەگرتن لە قورئان و لێکهەڵوەشاندنی دووبارە ئەکەنەوە، وەک ئەوەی ئەم پەڕاوە زۆر لە هەوادارانی بکات بەبێ بەکارهێنانی عەقڵ ناوەڕۆکەکەی وەربگرن و قەناعەتی پێ بێنن، لەکاتێکدا خوای باڵادەست ئەفەرموێت: (أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلَافًا كَثِيرًا) النساء: ٨٢

قورئان لە ڕۆژی دابەزینییەوە دەرگای واڵابووە بۆ ڕووبەڕوو کردنەوەی هەموو ڕەخنەیەک، ڕەخنەکانیشی خستۆتە پێش چاوی بینەرانی و، تا

# گوتاری نوێگەری ڕێگە بەخۆی ئەدات هەموو وەصفی ئایدۆلۆژی لایەندار کە ناشێت بۆ پێگەی قورئان وەك سرووشی خودا، بخاتە پاڵ قورئان.

ئەمرۆش ئەخوێنرێتەوە، و بە چەندین بەڵگە درۆ و ڕەخنە بێ بنەماکانیانی دەرخستووە، قورئان بانگی ژیری ئەکات لە ڕەخنەکانیان وورد ببێتەوە و پیاچونەوەی تێدا بکات، بەڵام ڕەخنەگرانی نوێگەری هەر لە سەرەتاوە باوەڕیان وایە بەهۆی میتۆدی زانستیی و عەقڵییەوە، ئەنجامی بەڵگە نەویستیان چنگ کەوتووە کە خۆیان ئەبیننەوە لە کۆمەڵێک بیروڕادا، ڕێنماییەکانی قورئان هەڵئەوەشێننەوە، هەر ڕەخنەیەکی پێچەوانەش بە تەقلید و پیاهەڵدان ناودەبەن.

لەو بنەمایانەوە کە ئاماژەمان پێکرد، گوتاری نوێگەری ڕێگە بەخۆی ئەدات هەموو وەصفی ئایدۆلۆژی لایەندار کە ناشێت بۆ پێگەی قورئان وەک سرووشی خودا، بخاتە پاڵ قورئان، دیارترین وەسفیشیان ئەوەیە کە قورئان دژ بەیەکە و پشت بەڕاستی نابەستێ، هەروەها هەڵویستی قورئان بەرانبەر بە هۆنراوە بە هەڵوێستێکی ئایدۆلۆژی ناو دەبەن، و ئەڵێن کاتێک قورئان ئەوە لەسەر خۆی لائەدات کە هۆنراوە بێت، لەبەر چەند هۆکارێکە پەیوەندی بە وێناکردنی عەرەبەوە هەیە بۆ سەرچاوە و وەزیفە و ناوەڕۆکی هۆنراوە، بەهەمان شێوە ئەیەوێت، ناونیشانی شاعیری لەسەر محەمەد (د.خ) لابەرێت، چونکە وەزیفەی شاعیر لەو کۆمەڵگەیەدا جیاوازە لەو وەزیفەیەی دەق بۆ محەمەد (د.خ) داناوە، بەم خوێندنەوەیەش گوتاری نوێگەری قورئان وەک میتۆدی مارکسی بە میتۆدێکی ئایدۆلۆژی ناودەبات، لەم ڕوانگەیەوە قورئان ئەبێتە پرۆژەیەکی ئایدۆلۆژی خزمەت بەچینی باڵا ئەکات، هەرکات بە پێویستی زانی لێبوردە ئەبێت، ئەگەر وەزعەکەشی بۆ لەبار بوو فەرمان بە کوشتن دەکات، لەم دەلالەتەدا دژ بەیەکەکان کۆ ئەکاتەوە، بە ئومێدی ئەوەی کۆمەڵێک دەستەی نەگونجاو، یەک بخات.

یەکێکی تر لەو باسانەی نوێ خوازەکان لە نوسینەکانیاندا ڕواجی پێ ئەدەن: قورئانی پایەبەرز ئەخەنە ریزی ئەو دەقانەوە کە دوچاری شێواندن و دەسکاریکردن بۆتەوە، هەندێک ناونیشانی وەک: کتێبی پیرۆز، یان موژدەی قورئانی، یان گوتاری تەبشیری، کە لە ئایینی مەسیحییەوە وەریانگرتووە و دای ئەبڕن بەسەر قورئاندا، بۆئەوەی قبوڵی ڕەخنە و قسەلەسەر کردن بکات، هەروەک ناوزەدی ئەکەن بە هەندێک چەمکی ئەدەبی و فەلسەفی تازەی ڕووکەشی وەک:(اللوغوس القرآني) واتا یۆنانییەکەی: وشە، وتەی خودا، عەقڵی کوللی ئەگەیەنێت)، یان ئەفسانەی قورئانی، یان داستانە دراماتیکییە سەرسوڕهێنەرەکان، یان جادوکار و سەرنجڕاکێشە، مەبەستیش لە هەموو ئەمانەی ڕابردوو لەناوبردنی هەموو ئەو جیاوازیی و تایبەتمەندیانەیە کە قورئانی بەرز لە دەقە مرۆییەکان جودا ئەکاتەوە، ئەو خوێندنەوەیە وەک هەموو دەقێکی تر تەماشای قورئان ئەکات، بەڵام ئەوەندە هەیە قورئان دەقێکی نایاب و کراوەیە لە ڕاڤەیەکدا قەتیس نامێنێت، بەدەم داوای خەڵکەوە ئەچێت، هیچ ڕاڤە و لێکدانەوەیەک بە یەکجاری دایناخات، لەم تێڕوانینەوە

تەنها قورئان خاوەنی ئیعجاز نیە، هەموو دەقێک لە خودی خۆیدا جۆرە تایبەتمەندییەکی هەیە جودای ئەکاتەوە لە دەقێکی تر.

لەگەڵ لەمانە بۆ پوچەڵکردنەوەی خودایی سرووش، لە لۆژیکی نوێخوازەکاندا بەشێوەیەکی جێگیر پوچەڵکردنەوەی هەموو کەلەپووری ڕاڤەکارانی قورئان بەدوای خۆیدا ئەهێنێت، وەک تەقەللایەک بۆ دوورخستنەوەی خەڵک لە ڕاڤە قورئانییەکان، یەک لێزمە گومان ئەڕژێنن بەسەر زانایانی ڕاڤەکاردا، تاوەکو ئەو خەڵکە هیچ پەیوەندییەکیان بە ڕاڤەکانی قورئانەوە نەمێنێت، هەڵگرانی ئەم میتۆدە سەردەمیانە لەوە تێگەیشتوون تەنها دەربڕینی ئەو مەبەستە کیناوییانەی باسمان کرد بەس نیە بۆ دابڕینی خەڵک لە سرووش، بەڵکو لەگەڵ ئەمەشدا بۆ گەیشتن بە ئامانج و مەبەستە شاراوەکانیان، کار ئەکەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەموو ڕاڤە و شیکاریی و نوسراوەکانی زانایانی تەفسیر، کە لە سەرچاوە سەرەکییەکەوە کە قورئانی پیرۆزە وەریانگرتووە، کارئاسانیان بۆ ئیمانداران کردووە، تا بیر لە ئایەتەکان بکەنەوە و مەبەست و ئەحکامەکانی لێ دەربێنن و، لەسەر ئەرزی واقیع لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا جێبەجێی بکەن، و لە چوار چێوەی میتۆدە ڕۆژئاواییەکاندا، ئەرەگۆن ئامادەسازی بۆ کردووە و، سەروکاری ئەم هێرشە سەرسەختانەیە ئەکات، ڕاڤەکانی قورئان بەگوتارێکی پیاهەڵدانی ئایدۆلۆژی ناودەبات، لای ئەو ڕاڤەکاران خاوەن میتۆدێکی دوور لە واقیع (سکۆلاستیک)ی داخراون، بیردۆزە بە بیردۆزەیەکی تر چارەسەر ئەکەن و، بەدوای یەکدا تیۆرەکانی یەکتر ئەجوونەوە، ئەم بیردۆزە(سکۆلاستیکیە)ش دابەشبووە بۆ چەند زانیارییەکی پرش و بڵاو و، پێکهاتووە لە چەند دەزگایەکی مەزهەبی بێ بەرهەمی داخراو، کە خەریکی کێبڕکێن لەنێو خۆیاندا.

ئەرەگۆن ئەم خوێندنەوەیە بۆ تەفسیر بە خوێندنەوەیەکی زانستیی و عەقڵانی نمونەیی داناوە، بەپێویستی ئەزانێت چاوی لێبکرێت، لە تێڕوانینی خۆیدا ئەو پێناسانەی پێواویەتی بۆ کەلەپووری تەفسیر بەسن بۆ دوورکەوتنەوەی خەڵکیی و گەڕانیان بە شوێن سەرچاوەی تازەی هاوچەرخی تردا، تاوەکو تێگەیشتنێکی تازەی سەردەمیانەیان هەبێت، بۆ دەرخستنی نابینایی ئەم قسە ئایدۆلۆژیاویەی ئەرەگۆن، قسەی یەکێک لە هاوتا بەویژدانەکانی خۆی ئەهێنین کە تانەی لە قسەکەی داوە و ئەڵێت: با وایدابنێین خوێندنەوەی ئێمە زانستییە، چونکە تفاقی زانستی هاوچەرخی جیاوازمان لە تفاقی ڕاڤەکارە پێشینە کلاسیکیەکانی پێشوو بەکارهێناوە؟ بەڵام ئێمە ئەم ڕایە ناسەلمێنین، لەبەرئەوەی هەر ڕاڤەکارێک ڕاڤەی قورئان ئەکات، کاتێک ڕاڤەی ئەکات بەگوێرەی سیستەمی زانستی باوی سەردەمی خۆی ڕاڤەی ئەکات، هەموو خوێنەرێک بۆی هەیە زمانی خۆی لە قورئاندا ئەزموون بکات و زانستی خۆی تاقی بکاتەوە، هەموو کەس ئەو واتایەی ئەخاتەسەر کە ئەیەوێت و، بەگوێرەی ستراتیژیەتی خۆی ئەیخوێنێتەوە.

**٤. هەڵوەشاندنەوەی کارکردن بە قورئان:**

لای نوێخوازەکان یاسایەکی گشتی بۆ تێگەیشتن لە قورئان نیە و، ئەڵێن دابەزیوە تاوەکو بە ڕەهایی ببێت بە مەرجەع و بەرنامەی خەڵکی، چونکە هەرکەسە و تێگەیشتنی جیاوازی هەیە لەویتر، ئەمەش وا ئەکات یاسایەکی گشتی نەبێت هەموو خەڵکی پەنای بۆ بەرن، ئەم بۆچونەش بەدیدەکەیت کاتێک ئایەتێکی قورئان وەک بەڵگە بۆ یەکێکیان ئەهێنیتەوە، ڕاستەوخۆ پێت ئەڵێت: ئەوە تێگەیشتنی تۆیە بۆ ئایەتەکە من پابەند ناکات، یان ئەڵێت: ئەم خوێندنەوەیەش وەک یەکێک لەو خوێندنەوانەی تر بۆ قورئان ئەگونجێت، یان ئەگەر بڵێیت ئیبنو عەباس یان کەسانی تر لە پێشینەکان وایان خوێندۆتەوە، ئەڵێت: ڕای ئیبنو عەباسیش ئەکرێت یەکێک بێت لە خوێندنەوەکانی تر!!.

بەرەنجامی کۆتایی ئەم خوێندنەوەیە: هەڵگرتنی گوتاری قورئانی خوداییە لەسەر زەوی، چونکە بەپێی ڕای ئەوان تەنها خوێندنەوەی ڕێژەیی کە چەندین واتا هەڵدەگرێت ئەمێنێتەوە، ئەی مەبەستی خوای

باڵادەست لە ئایەتەکە، کە ئەوەش تاکە ڕاستییە، بەپێی گومانی ئەوان کەس پێی ناگات، نەسر حامید ئەبو زەید ئەڵێت: لە ئەگەرێکدا داماننا خودی دەقە قورئانییەکە دەلالەتێکی هەیە، ئەوە موستەحیلە کەس بانگەشەی ئەوە بکات ئەو تێگەیشتنەی ئەو بەرانبەرە بەو دەلالەتە، دوای ئەوەی خوای باڵادەست ئەم قورئانەی ناردووە بۆمان تاوەکو ڕووناکییەکی ئاشکرا بێت، ڕێنماییمان بکات و دەستمان بگرێت، دەرمان کات لە تاریکایی بۆ ڕووناکی، ئەوان ئەیانەوێت بە بیانووی ئەوەی مەحاڵە کەس بگات بەمەبەستی خوا ئەو پەیوندییەی نێوان خوا و بەندەکانی بقرتێنن.

بەپێی ئەم قسەیە بێت ئەبێ قورئان کۆمەڵێک وشەبێ، واتایەکی نەبێت خەڵکی بۆی بگەڕێنەوە، ئەوکاتە ئەم ئوممەتەش وەکو هەریەک لە ئوممەتەکانی تری لێدێت کە کارکردنیان بە سرووشی خوایی وەستاندووە، زییادی کوڕی لەبید (خوا لێی ڕازی بێت) ئەڵێت: پێغەمبەر(د.خ) شتێکی باسکرد، پاشان فەرمووی ئەوە کاتێک ئەبێت زانست نەماوە، وتم ئەی پێغەمبەری خوا، چۆن زانست نامێنێت ئەوەتا ئێمە فێری قورئان ئەبین و فێری ڕۆڵەکانمانی ئەکەین، ڕۆڵەکانیشمان فێری ڕۆڵەکانی خۆیانی ئەکەن تا ڕۆژی قیامەت؟ وتی: دایک ڕۆڵە ڕۆت بۆ بکات ئەی کوڕی دایکی لەبید، من لە شارەزاترینی پیاوەکانی مەدینە ئەم بینێت، ئایا ئەوە جوو و فەلە نیە تەورات و ئینجیل خوێننەوە، بەڵام هیچ سوودێک لە ناوەڕۆکەکەی نابینن.

**٥. هەڵوەشاندنەوەی تێگەیشتنی ڕاست لە ئاین:**

خوێندنەوەی تازە بۆ دەقی قورئان، لەبەرئەوەی خوێندنەوەیەکە بە چەندین ئەگەری بێکۆتا شێوێنراوە، لەبەرئەوەی لە ڕۆژگارێکداین لە چاو پێشوودا بەشێوەیەکی ڕیشەیی بارودۆخ گۆڕاوە، بۆیە خوێندنەوەی تازە ئەبێتە خوێندنەوەیەکی لەکارخەر بۆ ئەو ئاینە ڕاستەقینەیەی ئوممەت لە سەردەمی پێغەمبەرەوە، نەوە لە دوای نەوە تائێستا گواستویانەتەوە، ئەم خوێندنەوە تازەیە ئەکرێت هەر ناوێکی تری لێ بنرێت جگە لە ئیسلام، هەندێک لەو شێوێنەرانە بۆ تێگەیشتن لە ئاینی تازە پشتیان بە دەربڕینی تر بەستوە، وەک: زاراوەی پەیامی دووەم بۆ ئیسلام، یان ڕووی دووەم بۆ پەیامی ئیسلام، ئاماژەیەکە بۆئەوەی پەیامی سەرەتا ئەوە بوو کە ئوممەتی ئیسلام لەسەری لەنگەری گرت، پەیامی دووەم پەیامی ڕاستەقینەیە کە لێی تێنەگەیشتوون، ئێستا کاتی تێگەیشتنی هاتووە، تا ببێت بەو ئاینە ڕاستەی خوێندنەوەی تازە موژدەی هاتنی داوە.

ئەو تێگەیشتنە تازەیەی ئەم خوێندنەوەیە بەرهەمی دێنێت بۆ ئاین، لەڕاستیدا وەک سەرەتایەک تێگەیشتنێکی دژە بە هەموو تێگەیشتنە باوەکان، ئەو تێگەیشتنە لای ئەوان جیاوازی نیە، پەیوەندی بە پایەکانی بیروباوەڕەوە بێت، یان پەیوەندی بە شەریعەت و ئاکارەوە بێت، ئەو ئیسلامەی لەم خوێندنەوە هاوچەرخەدا نوێگەرییەکان قسە لەبارەیەوە ئەکەن، ئەو ئیسلامە نیە خوای باڵادەست ناردویەتییە سەر محەمەد(د.خ) کە خوای بەرزو بێ وێنە لەبارەیەوە دەفەرموێت: (إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللَّهِ الْإِسْلَامُ ۗ وَمَا اخْتَلَفَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ إِلَّا مِن بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْعِلْمُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ وَمَن يَكْفُرْ بِآيَاتِ اللَّهِ فَإِنَّ اللَّهَ سَرِيعُ الْحِسَابِ) آلعمران:١٩ سەرچاوەی ئاین لای خوای باڵادەست نەگۆڕە، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئایەتێکدا، سەرچاوەی زانستی و میتۆدی تایبەتی خۆی هەیە، ئەڵێی هەڵگرانی خوێندنەوەی نوێگەری خۆیان ماند و ئەکەن کتێبەکەی خوا کە خۆی ئەیپارێزێت، بخەنە ڕیزی کتێبە پیرۆزەکانی پێشووەوە، کە دوچاری هەموو شێواندن و دەسکارییەک بۆتەوە، بەڵکو بووە بە تاقیگەیەک بۆ جێبەجێکردنی هەموو میتۆدە زمانەوانییەکان بەسەریدا، کە ئەوەش سەری کێشا بۆ جیاوازیی و دووبەرەکی، کە بەچاوی خۆمان ئەیبینین، ئەوەش نهێنی ئەم ئایەتە پیرۆزەیە: (وَمَا اخْتَلَفَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ إِلَّا مِن بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْعِلْمُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ ۗ وَمَن يَكْفُرْ بِآيَاتِ اللَّهِ فَإِنَّ اللَّهَ سَرِيعُ الْحِسَابِ) آلعمران:١٩. دوای ئایەتی:( إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللَّهِ الْإِسْلَامُ)، بۆئەوەی هەندێک لەو واتایانە دەربکەوێت کە ئاماژەمان پێکرد، وەک بڵێی خوای باڵادەست ئیمانداران ئاگادار ئەکاتەوە نەکەونە

داوی ئەو تاقمە کینە لە دڵەوە، کە بەهۆیەوە بەرەو دووبەرەکی و لەناوچوون برۆن، کە ئەمەش سوننەتی خودایە لە دروستکراوەکانیدا. وەک خوای باڵادەست ئەفەرموێت: (وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ) آلعمران: ٨٥.

ئەمەش بڕیارێکی یەکلاییکەرەوەیە بۆ ڕێگریکردن لە خاوەنی ئەو گومانانە، هەروەها بەرچاوڕوونییەکی ئاشکرایە، کە چارەنووسی ئەو ڕێگایە زەرەرێکی ئاشکراو ڕوونە، بەڵام لای ئەوان ئەوە ئیسلامێکی تازەیە و تەواو نەبووە، ئەرەگۆن ئەڵێت: ئیسلام قەت تەواو نابێ، بەڵکو پێویستە لەناو هەموو سیاقێکی کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریدا و، لە هەموو قۆناغێکی مێژووییدا، دووبارە واتای بۆ دیاری بکرێت و پێناسە بکرێتەوە، بەپێچەوانەی ویستی خودا، لای ئەوان ئەبێ ئەم حوکمانە سەرلەنوێ بەواتاکانیدا بچنەوە: (حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ وَالْمُنْخَنِقَةُ وَالْمَوْقُوذَةُ وَالْمُتَرَدِّيَةُ وَالنَّطِيحَةُ وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ إِلَّا مَا ذَكَّيْتُمْ وَمَا ذُبِحَ عَلَى النُّصُبِ وَأَن تَسْتَقْسِمُوا بِالْأَزْلَامِ ذَٰلِكُمْ فِسْقٌ □ الْيَوْمَ يَئِسَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِن دِينِكُمْ فَلَا تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِ □ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا □ فَمَنِ اضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِّإِثْمٍ □ فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ) المائدە: ٣. ئیسلامی تازەی سەردەمیانەی تێگەیشتوو، هیچ پێویست ناکات لەسەر پێنج پایە دابمەزرێت، زەکات واجب نیە، بەڵکو کارێکی ئارەزوومەندانەیە، ئێستا مەبەست ناپێکێت، چونکە بە تەنگەوە هاتنی نەریتی ئەو کاتەی عەرەبی بووە، ئەوەندەی دەستی بۆ ساماندارە بچووک و مامناوەندەکان بردووە، ئەوەندە دەستی بۆ خاوەن ماڵە قەبەکان نەبردووە، ڕۆژوو بەهەمان شێوە کارێکی ئارەزوومەندانەیە، تەنها لەسەر عەرەب فەرز بووە، چونکە تایبەتە بە ژینگەی عەرەبییەوە، بۆیە ڕۆژوو بۆ غەیری عەرەب تەنها بۆ ڕێنمایی و پەندی ئاینییە، تەنانەت ڕۆژوو لەم ڕۆژگارەدا لەسەر مسوڵمانان حەرامە، لەبەرئەوەی ئەبێتە هۆی کەمکردنەوەی بەرهەم.

لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنە تازەیە، ئەم خوێندنەوەیە سنوورەکان (الحدود) هەڵئەوەشێنێتەوە، چونکە کۆمەڵێک سزای کێوی دەشتەکی قیزەونە، بۆ قۆناغێکی مێژوویی بووە، بە کەڵکی سەردەمی ئێمە نایەت. هەروەک سیستەمی میراتی جیاوازی ئەخاتە نێوان پیاو و ژنەوە و لەگەڵ ئەم سەردەمەدا ناگونجێت نێرینە دوو ئەوەندەی مێیینەی پێ بدرێت، بۆیە ئەوە داواکارییەکی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە بووە، پێویستە هەڵوەشێنرێتەوە، سیستەمی خێزان وەکو: یاسای قەوامە، یاسای لێکجیابونەوە(الطلاق)، یاسای مناڵ بەخێوکردن، یاسای زیاتر لە یەک ژن( التعدد)، یاسای مناڵ لەباربردن، لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا، یەکناگرێتەوە، بۆیە پێویستە ئەو یاسایانە هەڵوەشێنرێنەوە، یان هەموار بکرێنەوە، چونکە دژایەتیان هەیە لەگەڵ دادگەریی و یەکسانی نێوان ژن و پیاودا.

وەک ئەرەگۆن ئەڵێت: خوێندنەوەی لەسەرخۆی قورئانی پیرۆز سەر بۆ ڕێگریکردنی زیاتر لە ژنێک ئەکێشێت!! ئەم خوێندنەوەیە بەوە کۆتایی دێت ڕێگە بە هەندێک جۆری زینا بدات، لە بازنەی قەدەغەکراوەکان دەربێکاتە دەرەوە کە دەقە نەگۆڕەکان چەسپاندویانە، محەمەد شەرەفی ئەڵێت: پێویستە واتای زینا کورت بکرێتەوە، لە پەیوەندی سێکسی نێوان ژن و پیاوێک یەکێکیان هاوسەری هەبێت، تەنها ئەم پەیوەندییە ئەکرێت بەتاوان دابنرێت.

بەم شێوەیە ئیسلامی خوایی کە محەمەدی (د.خ) پێی نێردراوە ئەسڕێتەوە، ئیسلامێکی داهێنراو بە پایە تازە و هاوچەرخەکانییەوە دەهێنرێتە جێگەی، کە قابیلە بۆ هەموو تێگەیشتن و لێکدانەوەیەکی بێ سنور، چەمکی میللەتی ئیبراهیم کە مەبەست لێی یەکتاپەرستییە، گۆڕراوە بۆ یەکسانکردن و یەکخستنی ئاینەکان (وحدة الادیان)، هەروەها هاوبەش بۆ خودا پەیداکردن، مەبەست ئەوە نیە پەرستش بۆ غەیری خوا بکرێت، بەڵکو واتای چەقبەستوویی و بەرەو پێش نەچوون و قەتیسمانە لەم بوونەوەرە جوڵاوەدا، هەروەها ئەنجامنەدانی گۆڕانکارییە بەوشێوەیەی ئەخوازرێت و

ئەگونجێت لەگەڵ مەرجە بابەتییەکاندا، دواکەوتوویی هاوبەشی دانانە، پێشکەوتن یەکتاپەرستییە، یەکتا پەرستی (التوحید) مەبەست پێی یەکخستنی ئوممەت و فیکرە، نەک یەکخستنی خوداکان لە یەک خودادا، نادیارەکان بەگشتی وەک: عەرش، کورسی، فریشتە، جنۆکە و شەیتان، ڕێگە(الصراط)، تۆمارگە(السجلات)، شتەنادیارەکانی تریش، جگەلە وێناگەلێکی ئەفسانەیی هیچی تر نیە.

ڕێڕەوی ئەو خەڵکە نوێخوازە ڕاڤەکردنی دەقە شەرعییەکانە بە لێکدانەوەیەکی خراپ، کە ناوەڕۆکەکەی بە درۆخستنەوەی پێغەمبەرە (د.خ)، ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەر(د.خ) بەسە بۆ دەرخستنی بۆچوونە خراپەکانیان: (سَيَكُونُ فِي آخِرِ الزَّمَانِ نَاسٌ مِنْ أُمَّتِي يُحَدِّثُونَكُمْ مَا لَمْ تَسْمَعُوا بِهِ أَنْتُمْ وَلَا آبَاؤُكُمْ فَإِيَّاكُمْ وَإِيَّاهُمْ) واتە لە کۆتایی ئوممەتم خەڵکانێک پەیدا ئەبن قسەگەلێکتان بۆ ئەکەن خۆتان و باوانتان نەتانبیستووە، دەخیلتانم لە خۆتان و لەوان). لە وتەیەکی تردا هاتووە:(يَكُونُ فِي آخِرِ الزَّمَانِ دَجَّالُونَ كَذَّابُونَ، يَأْتُونَكُمْ مِنَ الْأَحَادِيثِ بِمَا لَمْ تَسْمَعُوا أَنْتُمْ، وَلَا آبَاؤُكُمْ، فَإِيَّاكُمْ وَإِيَّاهُمْ، لَا يُضِلُّونَكُمْ، وَلَا يَفْتِنُونَكُمْ) (صحيح مسلم، نفس المرجع) واتە: لەکۆتا ڕۆژگاردا هەندێک فێڵباز و درۆزن پەیدا ئەبن قسەگەلێکتان بۆ ئەکەن خۆتان و باو و باپیرانتان نەتانبیستووە، دەخیلتان بم لە خۆتان و لەوان، گومڕاتان نەکەن و لە ڕێگەی ڕاست نەتان ترازێنن. سەبارەت بە گومانی هەندێک لە نوێخوازەکان کە خوێندنەوەکەی ئەوان نوێکردنەوەی ئاینە، کە پێغەمبەر(د.خ) لەبارەیەوە هەواڵیداوە: (إن الله يبعث لهذه الأمة على رأس كل مائة سنة من يجدد لها دينها). (رواه ابو داود، حديث رقم٤٢٩١، وصححه الالبانى فى الصحيح الجامع، برقم٢٧٥٥).

ڕاست نیە، لەبەرئەوەی مەبەست لە تازەکردنەوە، زیندوکردنەوەی ئەو مەشغەڵە ئاینییانەیە لەکاتێکدا پێغەمبەر(د.خ) و هاوەڵانی و شوێنکەوتوانی بە چاکی لەسەری بوون، شوێنەواریان نەماوە، نەک داهێنانی ئاینێکی تازە، وەک حەسەن حەنەفی بە ڕاشکاوی وتویەتی: پێویستە بەگوێرەی پێداویستی سەردەم ئەو تیورە بۆماوانە بگۆڕرێن، هەنگاوی یەکەم لە زانستی ئوصولی ئاینەوە دەستپێبکرێت، ئەمەش دژە لەگەڵ ئەوەی پێغەمبەر و هاوەڵەکانی و پێشەوایانی سەردەمە چاکەکان لەسەری بوون، ئایین بنچینەکەی دامەزراوە، ئاینی تر لەبری دانانرێت و ناگۆڕێت، بەڵام ئەو لێتێکچوون و هەڵانەی بە زەین و کرداری خەڵکییەوە لکاوە ئەبێ لێی بکرێنەوە.

پوختەی بابەت: خوێندنەوەی هاوچەرخ بۆ دەقی قورئان، بۆتە هۆی سەرهەڵدانی، چەمکی تازە بۆ نەگۆڕە ئیسلامییەکان، کە ئایەتە یەکلاکەرەوەکان (المحكمات) بڕیویانەتەوە، پوختەیەک لەو چەمکە تازانە باس ئەکەین:

A. دارشتنی تێگەیشتنی تازە بۆ سرووش (الوحی): تەوەژمی نوێگەری لە خوێندنەوەیان بۆ قورئانی بەرز و پیرۆز، جەسارەتی ئەوەیان کردووە، بۆ تێگەیشتن لە دەقی قورئان، واتای تازە دیاری بکەن، بەشێوەیەک بگونجێت لەگەڵ بۆچوونیاندا، ئەوەی ئەم تەوەژمە نوێگەرییەی هانداوە لەسەر ئەم جەسارەتکردنە: قورئانیان خستۆتە جوغزی بیروڕا گۆڕینەوەوە، کە پێشتر شوێنی بیروڕا گۆڕینەوە نەبوو، محەمەد ئەرەگۆن لەم سیاقەدا ئەڵێت: قورئان کە لە هەموو شوێنێکەوە دەستی بۆ براوە، لە لایەن هەموو کاراکتەرە کۆمەڵناسە مسوڵمانەکانەوە، هەر ئاستێکی ڕۆشنبیریی و کەفائەتێکی عەقائیدیان بوو بێت، خوێندنەوە و شیکردنەوەیان بۆ کردووە، ئێمە ئەمانەوێت قورئان ببێتە شوێنی پرسیاری ڕەخنە ئامێز، بەشێوەیەک بگونجێت لەگەڵ پێگەی: فەلسەفی، زمانەوانی، مێژووی و توێژینەوە لە ماهیەتی مرۆڤ (ئەنترۆپۆلۆجیا)، جیهانی شاراوە (تیۆلۆجی) و پشکنینی تازەی بۆ بکرێت، چاوەڕوانی ئەوەشمان هەیە ئەو پشکنینە ڕاپەڕینێکی ڕۆشەنبیریی و عەقڵی بەدوای خۆیدا بێنێت، لەپێناو شیکردنەوەی، ئەرک و دەلالاتەکانی و سەیتەرەکردن بەسەریدا، سەربکێشێت بۆ سەرهەڵدانی جۆرەها شۆڕش و بەرخوردان.

ڕێڕەوی نوێگەری لە خوێندنەوەیان بۆ دەقی

قورئان، سەبارەت بە سرووش کۆششیان کردووە بۆ جێ لەقکردن و تێپەڕاندنی تێگەیشتنی باوی ناو مسوڵمانی ئەمڕۆ. سرووش لای ئەوان دیاردەیەکی سروشتییە وەک بارانبارین، هەڵکردنی با، هەروەک چۆن ئەو تەوەژمە کاریانکردووە بۆ ئەوەی دەقی قورئان بە شوێن واقیعدا بڕوات، واپیشان بدەن (ظنی الدلالة)یە، چەند واتا هەڵدەگرێت، جێگیری ڕێژەییە(نسبی الثبوت)، هەڵەی نەحوی، زمانەوانیی و ڕێنوسی تێدایە، بۆیە ئەبێ پیرۆزی لێبکرێتەوە و ڕەخنەی لێ بگیرێت.

B. داڕشتنی تێگەیشتنی تازە بۆ ئیسلام: بە خەملاندنی خوێندنەوەی ئەم تەوەژمە نوێگەرییە سەبارەت بە قورئانی پیرۆز: ئایین بریتییە لە بژاردەیەک دروشم، نەریتی جاهیلی و ئەفسانەی گەلە دێرنەکان، هەروەها جیا نیە لە باقی ئاینەکانی تر، ئەویش وەک مەسیحیەت، بەرهەمهاتووی باوەڕو ئایدۆلۆژیای هێزە هەستپێکراوە سروشتییەکانە، ئەکەوێتە چوارچێوەی مەعریفی سەدەکانی ناوەڕاست، لە داهاتوودا بەهۆی کاریگەری جیهانگەرایی و نوێگەری، ئیسلام ئەبێتە شتێکی ڕزیوی بێ مانا، ئەبێ بە هەڵم و لەگەڵ بادا ئەڕوات، ئیسلامی نمونەیی و بێ کەم و کورتی ئەڕوخێت، ئیسلامێکی مێژوویی وەک مەسیحیەت بۆ یادکردنەوە و لێکۆڵینەوە ئەمێنێتەوە، پێویست ناکات بەها ئیسلامییەکان بەڕاستی ڕەها ئەژمار بکرێن، هەڵەیە لە سیاقی مێژوویی دەری بکەین، لەبەرئەوەی ئیسلام پەیامێک بووە لە سەدەی حەوتەمی زاینیدا، ڕووبەڕووی خەڵکێکی دیاریکراو کراوەتەوە، بۆیە هەندێک دیاردەی وەک: بەهەشت، ئاگر، شەیتان ، فریشتە، لافاو و شتانی تر، لە وێنای ئەم سەردەمەوە دوورە، ئەمڕۆ ئەو دەلالەتانەی نیە کە لەو سەردەمەدا هەیبووە.

C.موژدەدان بە ئاینی تازە: تەوەژمی تازە لە خوێندنەوەی نوێگەری بۆ دەقی قورئانی پیرۆز، بەهۆی باکگراوەندە سیکۆلارییەکەیەوە، سوورە لەسەر ئەوەی موژدەی ئاینێکی تازەی پێیە، بناغەی لەسەر تێگەیشتنی تازە دەربارەی ئیمان هەڵچنیوە، ئیمانی تازە ڕێگە بە پێداچونەوە تەنانەت بە نەگۆڕە بنەڕەتییەکانی ئیسلامیشدا ئەدات، لەبەرئەوەی ئەو نەگۆڕانە کۆن بوون، بۆئەوەی جارێکی تر بگەڕێنرێتەوە نێو هەلومەرجە هاوبەشەکان (المشروطيات المشتركة) ئەبێ قبوڵی بێت لەنێو کۆمەڵگەدا قسەی لەسەر بکرێت، باوەڕ بەواتا تازەکەی تەنانەت ڕێگە بە بیرۆکەی مردنی خوا و، نەبوونی پەیوەندی خودا بە جیهانەوە ئەدات، کە ئەمە لەگەڵ ئیمانی تەقلیدیدا یەکناگرێتەوە، خوای بەرز و باڵا لە چەمکی ئیمانی موژدە پێدراوی تازەدا، ئەو خوایە نیە لە وێنای ئیسلامیدا هەیە، بەڵکو لە ئاینی تازەدا ئومێد، دادگەری، ئازادیی و یەکسانییە، ڕۆژی دوایی لە تێگەیشتنی ئەو تەوەژمەدا ئەوە نیە لای خاوەنی ئیمانی تەقلیدی بەدەق هاتووە، جیهانی دوایی لای ئەوان ئەفسانەیە، کاهین و پیاوانی ئاینی بۆ دەستگرتن بەسەر خەڵکیدا و ملکەچ کردنیان، دایانهێناوە.

**سەرچاوە:**

ـ محمد عەلواش : السقوط الحداثي: نقد المنهج في التعامل مع النص القرآني، مركز الابحاث والدراسات الاستراتيجية، عالم الكتب الحديث/ الاردن)  ص ١٧١ـ ١٨٥.




## ڕانانی پەرتووك:

# چەمکە سیاسییەکان لە سەردەمی گۆڕانکاریدا



**پ.ی.د دانا عەلی بەرزنجی**

لەدایکبووی ناحیەی بەرزنجە(1980)، دکتۆرا لە زانستە ڕامیارییەکان، خاوەنی ژمارەیەك کتێب و توێژینەوە و وتاری ئەکادیمی بڵاوکراوەیە.

ئەم پەرتووکە یەکێکە لە کارە ناوازەکانی (د.مازن مۆفەق هاشم)، کە بە زمانی عەرەبی نوسیویەتی و لە ساڵی ٢٠١٧ بڵاوکراوەتەوە، دواتر لە ساڵی ٢٠١٨ بەندە وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیی و سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی چاپ و بڵاوکراوی کردۆتەوە.

ئەم پەرتووکە تاووتوێی چەمکگەلێک دەکات، کە لە دوای گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبی لە دوای ساڵی (٢٠١٠)ـەوە، باسوخواس و مشتومڕی زۆریان لەبارەوە کرا، بۆیە پێویستیان بە دووبارە خوێندنەوەیەکی ورد و بابەتییانە و پوخت هەبوو، پێویستیان بەوە بوو جارێکی تر ورد بکرێنەوە و دیوی دووەمی شاراوەیان لای زۆرێک لە خەڵکی ئاشکرا بکرێت و رووناکی پێویستیان بخرێتە سەر، بەتایبەت لەم قۆناغە هەستیارەی ناوچەکە و جیهانی پێدا تێپەڕدەبێت.

تاوتوێکردنی ئەم چەمکانە بەم شێوازە لەمکاتەدا پێویست و گرنگیش بوو، پێویستییەکەی لەوەدا قوڵ دەبێتەوە کە زۆرێک لە خەڵکی، بە خەڵکی ئاسایی و رۆشنبیر و سیاسیی و بڕیاربەدەست و تەنانەت ئەکادیمییەکانیشەوە، ئەو چەمکانەیان بە جۆرێک لە زەیندا چەسپاوە کە رەنگدانەوەی وێنە دروستەکە نییە، یاخود تەمومژێکی زۆر بەرچاویانی گرتووە، یان چەمکەکانیان لە میانەی مشتومڕی ئایدۆلۆجییانەدا لەلا شێواوە، یان شێوێنراوە.

گرنگییەکەشی لەوەدا دەردەکەوێت، کە نووسەر هەوڵیداوە بە دیدێکی هاوسەنگ و واقیعبینانەوە و بە شێوازێکی سادە و ورد و لەهەمانکاتدا رەخنەگرانە، گفتوگۆی تێز و چەمک و پرسە جیاوازەکان بکات و لە کۆتایی هەر بەشێکیشدا، پوختە و دەرئەنجام بخاتە بەردیدی خوێنەر. هەر بەوەشەوە نەوەستاوە، بەڵکو هەوڵیداوە بەشێوەیەکی تیۆری، تێزێکی جێگرەوە بۆ ئایندەی جیهانی ئیسلامی پێشکەش بکات، کە دەکرێت ببێتە ماددەیەکی خاو بۆ چەندین لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی تێروتەسەل لە ئایندەدا.

نوسەر ناوەڕۆکی پەرتووکەکەی بە چەند ناونیشانێکی سەرنجڕاکێش بۆ بیست بەش دابەشکردووە، کە بەسەر پێنج دەروازەی سەرەکیدا دابەشی کردوون.

(١)

لە دەروازەی یەکەمدا – کە شەش بەشی یەکەم لەخۆدەگرێت: تاووتوێی چەمگەلێک دەکات کە بەبێ وردبوونەوە لە ڕوانگە تیۆرییەکانیان، زۆر لەسەر زار دووبارە دەکرێنەوە، بەوپێیەی کە گوایا ئەو چەمکانە لە بەرانبەر ستەمی ملهوڕانەدا، ئەلتەرناتیڤی بەڵگەنەویستی خوازراون. لە ڕیزی پێشەوەی ئەو چەمکانە، چەمکی دەوڵەتی مەدەنی و هاوڵاتیبوون و دەوڵەتی فرەیی و دەوڵەتی یاسا دێن. زۆر دووبارەکردنەوەی هەریەکێکیشان، ئاماژەیە بۆ ئەو خواستانەی کە لە زەینی شۆڕشگێڕ و گۆڕانخوازاندایە.

(١ / ١)

لە بەشی یەکەمدا سەبارەت بە چەمکی دەوڵەتی مەدەنی دەڵێت: «چەمکێکی نوێ و کتوپڕە کە چێژبەخشین و فریودان ئاوێزان دەکات، چێژبەخشە، چونکە وەڵامی خەون و خەیاڵەکان لەخۆدەگرێت، بەڕاستی ئەمڕۆ هاوڵاتی لە دەست دەوڵەت و قورساییەکانی و دامەزراوە زبر و کەڕەکانی و دەزگا ترسێنەرە دەستدرێژیکەرەکانیی و حوکمی سەربازیی و داپڵۆسینەکانی، ماندوو بووە. لە بەرانبەر هەموو ئەمانەدا، زاراوەی دەوڵەتی مەدەنی وادەردەکەوێت، کە فریادڕەس و بەهەشتێکە کە خەڵکی تێیدا هەست بە ناز و نیعمەتی مەدەنیبوون دەکەن، بۆیە سەیر نییە کە دوای شۆڕشەکانی وڵاتانی عەرەبی ئەم زاراوەیە دەرکەوت و زیاتر بەکارهێنرا. هەروەها ئەم زاراوەیە فریودەرە، چونکە دەوڵەتی نوێ لە رووی پێناسەوە فەزایەکی نامەدەنییە، ئەمەش وا لە زاراوەکە دەکات کە لە ڕووی تیۆرییەوە نابوت(متهافت) بێت، ئەمە سەرباری ئەوەی کە لە گۆڕەپانی خەون و هیواکان نزیکترە، نەک لە واقیع».

دواجار ئاماژە بەوە دەکات کە زاراوەی (دەوڵەتی مەدەنی) گرفتئامێزە، چونکە دەوڵەتی نوێ مەدەنی نییە، بەڵکو پڕاوپڕ دەوڵەتێکی حکومی دەسەڵاتگەرایە، جا با دەسەڵاتگەراییەکەشی بە بەرگی فەرمانڕەوایەتی باش و بیرۆکراسی پەردەپۆش کرابێت.

لە باسی ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنیدا ئاماژە بە پێنج پرسی گرنگی پەیوەست بە کۆمەڵگەی مەدەنی مۆدێرنەیی دەدات، کە پرسگەلێکن خەڵکی لەو باسەدا لێی بێئاگان: (پلەی سەربەخۆیی، سەرچاوەی دارایی (فەند)، سیفەتی یاسایی، هەماهەنگی و هاوکاری یان دژایەتی و ئۆپۆزسیۆنبوون)، کۆمەڵگەی ئەهلی).

لە کۆتایی ئەم باسەدا دەڵێت: «زاراوەی دەوڵەتی مەدەنی، لە ڕووی زانستییەوە زاراوەیەکی باو و بڵاو نییە، ئەمەش جێگرفتەکەیەتی. هەروەک چۆن بیرۆکەی مەدەنی وەک دژی دەوڵەت، لە ئەزموونی ئەورووپی تایبەت و پێگەی کڵێسا تێیدا جیانابێتەوە، لە بەرانبەر ئەزموونی مسوڵمانان و ئامادەگی زۆر و چڕوپڕی کۆمەڵگەی ئەهلی». هەروەها دەڵێت: « بۆئەوەی شێوازی فەرمانداریێتی و بەڕێوەبردن لەگەڵ شووناسی کۆمەڵگەی وڵاتەکانمان بگونجێت، پێویستە ڕێگوزەریی دەوڵەت، شێوە ژیاری ئیسلامی بۆ ناوچەکە لەگەڵ خۆیدا بهێنێت و پێویستە کۆمەڵگەی مەدەنی لە موژدەدانی مودێرنەیی دامەزراوەیی کولتووری دووربکەوێتەوە«. هەروەها دەپرسێت: ئایا ئەو چەمکە بەشێوازێک پێش دەکەوێت کە قبوڵکراو بێت، یاخود دەبێتە پەردەیەک کە ئایدیۆلۆجیاکان خۆیانی لە پشتەوە بشارنەوە؟

(۱ / ۲)

نوسەر لە بەشی دووەمدا کە تەرخانی کردووە بۆ چەمکی هاوڵاتیبوون، سەرەتا دان بەوەدا دەنێت کە لە وڵاتەکانماندا هەستکردن بە هاوڵاتیبوون بوونی نییە، بەشێوازێک کە وایکردووە ڕقوکینە و خۆخۆری لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا هەبێت. دواتر سێ ڕەهەند بۆ چەمکی هاوڵاتیبوون دیاری دەکات: پابەندبوون بە یاسا و یەکسانی تێیدا، هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و گرنگیدان بە کاروباری گشتی و خزمەتکردنی وڵات، جێکردنەوە و لەخۆگرتنی هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، کە بەدڵنیاییەوە هەموو ئەو ڕەگەزانە کەموکوڕییان هەیە.

لەکۆتایی ئەم بەشەدا بیرۆکەی خۆی پوخت دەکاتەوە و ئاماژە بەوە دەکات کە: گرێبەستی هاوڵاتیبوون بەپێی دەستوور و یاساکان، کە تێیدا هەرکەسێک کە بە (هاوڵاتی) هەژمار بکرێت، یەکسان بێت، ئەوە بەدڵنیاییەوە بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی نوێ گونجاوە، بەڵام ناوەڕۆکی ئەو گرێبەستە بەتەنها بەس نییە کە ببێتە ئیلهامبەخشی ئوممەتێک و بونیاتنەری ژیارێک، بەڵکو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ خەیاڵ و ویژدان و بیرەوەریی و مێژوو، پێویستە کەناڵگەلێکی تر هەبن.

(۱ / ۳)

بەشی سێیەم، کە بۆ باسی دەوڵەتی فرەیی تەرخانکراوە، نوسەر تێیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەگەڵ ئەوەی کە ڕەچاوکردنی هەمەجۆری خوازراوە و کارێکی باشە، بەڵام زاراوەکە لە ڕووی دارشتن و میانەکەیی و جێبەجێکردنیشیەوە گرفتئامێزە، بۆیە گفتوگۆی ئەم بابەتە دەکەین بەلەبەرچاوگرتنی مەترسیی بەشبەشبوون و پرسی تایەفەگەریی و بە جەختکردنەوە لەسەر چەمکی میللەت (الملە)، وەک ئامرازێکی ڕێکخستنکاری. دواتر لەوە ئاگایی دەدات کە فرەیی لە کۆمەڵگە ئەورووپییەکاندا حاڵەتێکی ڕەسەن نییە.

(۱ / ٤)

بەشی چوارەم باس لە فرەیی و ڕەهەندی کولتووری دەکات. نوسەر بە ڕوونی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە:»واتای خواستی قبوڵکردنی هەرشتێک بەبێ هیچ پێوەرێکی ئەخلاقی، بریتییە لە سەپاندنی دیدگایەکی ئەخلاقیی تر لەسەر ئایین، یان بڵێ سەپاندنی ئایینێکە بەسەر ئایینێکی ترەوە، واتە سەپاندنی فەلسەفەی لیبراڵی بەسەر فەلسەفەی ئایینیدا».

دواتر بەگوزارشتێکی سەرنج ڕاکێش باس لەوە دەکات کە کاتێک ئەم بابەتەی لە زانکۆ ئەمەریکییەکان خوێندووە، وتویەتی: بەڕاستی بە کۆیلەکراوەکانی ئەفریقا دوچاری هەموو جۆرە سزایەک بوون، بەڵام توندترینیان (قەسابخانەی کولتووری) بوو.

(١ / ٥)

نوسەر لەژێر ناونیشانی (کۆمەڵگە لە نێوان فرەیی و هەمەجۆریدا) بەشی پێنجەمی بابەتەکەی دارشتووە. تێیدا هێڵە گشتییەکانی دیدێکی تیۆریی نوێی خستووەتە روو، کە بە هەمەجۆریی (التنوع) ناوزەندی کردووە، بۆئەوەی لە فرەیی جیای بکاتەوە. بۆ شیکردنەوەی ئەمە، تیشک دەخاتە سەر بنچینەی فەلسەفی فرەیی، پاشان باس لە تایبەتمەندییەکانی فرەیی دەکات.

نوسەر چەمک و تێزی هەمەجۆری لە بەرانبەر فرەییدا پێشەشکردووە، چونکە پێیوایە زۆر وتنەوەی وشەی فرەیی، بەبێ وردبوونەوە لە واتا کۆمەڵایەتییەکەی لە میانە رۆژئاواییەکەیدا، دروست نییە. فرەیی مۆدێرنەیی لیبراڵی، بە سیستمی سەرمایەدارییەوە بەستراوە. لۆجیکی سەرمایەداری سەیری بەهای خودیی بەرهەمی کولتووریی ناکات، بەڵکو وەک کاڵایەک سەیری دەکات، کە دەتوانێت بە بازاڕی بکات و بیکاتە کەرنەڤاڵێک کە ئەڵقەیەکی نوێ بۆ شانۆی ژیان زیاد بکات کە دڵرفێن بێت و سەرنجی رابکێشێت و بگاتە ئەو گیرفانانەی کە ئامادەی کڕینی رەنگی نوێی ئەڵقەکانن. تەنانەت لە هەندێک لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا، منداڵانی ئیتنییە جیاوازەکان لە قوتابخانەدا هان دەدرێن کە لە رۆژێکی تایبەتدا جلوبەرگی کولتووریی خۆیان بپۆشن و هەموو لایەکیش چەپڵەڕێزانیان دەکەن، شانۆی ئاهەنگەکەش نمایشی فرەیی دەکات.

لە پوختەی ئەم بەشەدا نوسەر گەیشتووەتە ئەو دەرەنجامەی کە فرەیی بەپێی دیدگای لیبراڵی رۆژئاوایی، لەسەر هەردوو ئاستی تیۆریی و کرداری، گرفتی هەیە.

(٢ / ٦)

لە بەشی شەشەمدا نوسەر بەوردی باس لە (دەوڵەتی یاسا و پێکهاتەی کۆمەڵگە) دەکات. تێیدا بەکورتی گفتوگۆ لەسەر پێگەی یاسا لە ژیاندا و رۆڵی لە پێکهاتەی کۆمەڵگەدا دەکات، بە جەخت خستنەسەر ئەم رەهەندانەی: (ئاستی کارایی و ئینسافی یاساکە، ئاراستەی بەلای تاکدایە یان کۆمەڵ، گرتنی جێگەی دروستی خۆی، واتە سنووری رایەڵە سەرەتاییەکان و بواری کۆمەڵایەتی سروشتی نەبەزێنێت، دیدێکی پێشنیازکراو بۆ رەچاوکردنی هەمەجۆری).

لەکۆتاییدا دەڵێت: هەمەجۆری سیفەتی مرۆڤە و بارودۆخیشیان جیاوازە، گوزەرانیشیان هەر جیاوازە، بۆیە یاسایەک کە ئەو هەمەڕەنگییە بەهەند وەرناگرێت، دادگەر نییە، ئا ئەمە گرفتی گەورەی یاسای نوێیە. ئاڵینگاری نوێی یاسا –بە بۆچوونی تیۆریستە یاساییەکان– ئەوەیە کە وەڵامدەرەوەیی بێت (Responsive Law). لە برگەکانی سەرەوەدا، بەخێرایی باسی هەندێک لەو بارانەمان کرد کە یاسا تێیاندا تووشی گلان دەبێت.

(٢)

لە دەروازی دووەمدا –کە بەشەکانی حەوتەم تا نۆیەم لەخۆدەگرێت– نوسەر تاوتوێی چەمکگەلێک دەکات کە –بەگوزارشتی خۆی–ختوکەی خەیاڵ دەدەن، بەو واتایەی کە ئەو چەمکانە لە دڵی خەڵکانێکی زۆردا جێی خۆیان کردووەتەوە و رەهەندە ئەقڵییەکەیان لەگەڵ لایەنە رۆحییەکەیان یەکتر دەبڕن. ویژدان و ژیریی زۆرێک لە خەڵکی دەڵێت، مادام سەربەرزیی و شکۆی مێژووییمان لە سەربەرزی و شکۆی ژیاری ئیسلامییەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەوا پێویستە دەستی پێوەبگرین و پێڕەوی بکەین. هەر ئەمەش لە پشت بەرزکردنەوەی درووشمەکانی جێبەجێکردنی شەریعەت و دەوڵەتی ئیسلامییەوە بوون.

(٢ / ٧)

لە بەشی حەوتەمدا باس لە گرفتی تێگەیشتن لە چەمکی جێبەجێکردنی شەریعەت دەکات. سەرەتا لەسەر واتای شەریعەت دەوەستێت، لەمبارەیەوە گفتوگۆی سێ واتا دەکات، کە لە خەیاڵدانی خەڵکیدا لەژێر چەمکی شەریعەتدا جێیان دەبێتەوە. واتای یەکەم، بریتییە لە فەتوا. واتای دووەمی، شەریعەت بریتییە لە فیقە. واتای سێیەمی شەریعەت، بریتییە لە مەبەستەکانی شەریعەت و رێسا ئوسوڵییەکان. دواتر دەپرسێت مەبەست لە

(جێبەجێکردنی شەریعەت) چییە؟

لەکۆتایی ئەم بەشەدا دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە گوزارشتی (جێبەجێکردنی شەریعەت)، گوزارشتێکی گرفتئامێزە، چونکە دەکرێت شەریعەت چەند واتایەک بەدەستەوە بدات. ڕای وایە کە بەڕاستی ئاڵێنگاریی ڕاستەقینە، لە (دابەزاندنی) دەقەکاندایە بەسەر واقیعدا. پرنسیپەکانی شەریعەت و هێڵە گشتییەکانی، ڕێکخەری سیاسەتن، بۆئەوەی ڕووکارێکی ئیسلامییانە وەربگرێت.

(٢ / ٨)

لە بەشی هەشتەمدا نوسەر دەستی بۆ گرفتی زاراوەی دەوڵەتی ئیسلامی بردووە.

لە بارەی پێگەی دەوڵەت لە دیدگای ئیسلامییەوە، ئاماژە بەوە دەکات کە هەیە پرسەکە لەوەدا کورت دەکاتەوە کە بەرزترین پێگە لە دەوڵەتدا لە دەستی (مسوڵمانێک)دا بێت، هەندێکی تر بابەتەکە لە پرسی (توانای ئەنجامدانی سرووتەکان)دا کورت دەکاتەوە، هەروەها پێوەری (جێبەجێکردنی یاساکانی ئیسلام) یش بەناوبانگە، کە بەگشتی ئەو یاسا و حوکمانە لە سنووری سزاکاندا (الحدود) کورت هەڵدەهێنن، لەگەڵ فەرامۆشکردنی سرووشتی ڕشتەبەندەکە، ئەمەش هەژاریی و لادان بەرهەم دەهێنێت و پاڵنەرێک دەبێت بۆ لەیەکترخوێندن و دژایەتیکردنی یەکتری. لە برگەیەکی تردا ئاماژە بۆ دۆشدامان لە بەردەم گۆڕانکاریدا دەکات و چەند مەرجێکی سەرەکی بۆ درووستبوونی مۆدێلی ئیسلامی دیاری دەکات.

لە دەرەنجامی ئەم بەشەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بەڕاستی درووشمی (دەوڵەتی ئیسلامی) کە بۆ وەسفی وڵاتی مسوڵمانان یان بۆ ناونیشانی جێگرەوەی خوازراو بەکاردێت، سەرچاوەیەکە بۆ خەیاڵپلاویی و ڕەنگدانەوەی تێکەڵییە لە تێگەیشتندا.

(٢ / ٩)

هەرچی بەشی نۆیەمیشە، کە نوسەر بۆ تاوتوێکردنی خەیاڵدانی سیاسی ئیسلامییەکان تەرخانیکردووە، تێیدا سەرەتا باس لەوە دەکات کە پێی دەوترێت (ئیسلامی سیاسی)، و ئاماژە بە گرفتی ئەو زاراوەیە دەکات، کە وێنایەک بۆ هەوڵە نیشتمانییەکان دروست دەکات، وەک ئەوەی بڵێی سیاسییانە ئایین بەکاردەهێنێت. دواتر باس لە پێنج جۆر خەیاڵدانی سیاسی دەکات: سۆفییانە و زانایانە و بانگخوازانە و پارت و گرووپگەرایی و پرۆژەگەرایی. هەوڵیداوە بەدواداچوون بۆ ڕەهەندەکانی تێکەڵبوونی سیاسەت بە جۆری گرووپ و کۆمەڵە ئیسلامی و پابەند بە ئیسلامەکانەوە بکات و سرووشتی تێگەیشتن لە سیاسەت سنوورەکانی ئەواندا ڕوون بکاتەوە.

لە پوختەی بابەتەکەشدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە واقیعی مسوڵمانان چەند پۆلێکی هەمەچەشنی لە خەیاڵدانی سیاسیی ئاوێتە بە هزری ئایینی یان لەقاڵبدراو بەهزری ئایینی، تێدایە. بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەڵوێست لە وردەکارییان، بە ڕەتکردنەوە بێت یان وەرگرتن، یاخود ڕاستکردنەوە و پێداچوونەوە، ناتوانرێت مۆدێلەکانیان بە تیۆکراسی وەسف بکرێن. لەگەڵ ئەوەی خەیاڵدانی زانایانە لە ڕووکەشدا لە تیۆکراسییەوە نزیکترە، ئەمەش لە دەروازەی بەدامەزراوەکردنی فەتوا و بیرۆکەی (مەرجەعیەت) ەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام سرووشتی ئیسلام خۆی ڕێگە بە ڕیشەدانانێک نادات کە سنووری ڕێکارە زانستییەکان ببەزێنێت.

(٣)

هەرچی دەروازەی سێیەمیشە – کە بەشەکانی دەیەم تا دوانزەیەم لەخۆدەگرێت، نوسەر بۆ گفتوگۆی ناکۆکی نێوان ئەقڵ و دڵەکان لە میانەی کاریگەریی تێزە جیهانییەکانەوە تەرخانیکردووە، هەربۆیە ناونیشانی دەروازەکە بریتییە لە چەمکەکانی مشتومڕکردن و ڕێونکردن و لەڕێلادان. بەشەکانی ئەم دەروازەیە، گفتوگۆ لەمەڕ چەند چەمکێکی تێکەڵ و شێوێنراو دەکەن: چەمکی عەلمانیەت، جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت، چەمکی لیبراڵیزم.

(٣ / ١٠)

بەشی دەیەمی ناوناوە (چەمكی عەلمانیەت و ونبوون لە واتاكانیدا)، ئەو پێیوایە ناكرێت زاراوەی عەلمانیەت لە میانە مێژووییەكەی دەربهێنرێت، كە دەكرێت بە سێ رەهەند دیاریی بكرێت: واقیعی ئەوروپی، مەسیحیەتی-كلێسایی، هزری سەردەمی رۆشنگەری.

دواتر رەخنە لە ئەقڵگەرایی دەگرێت، كە دەكرێتە كاڵای باڵای عەلمانیەت. ئەو پێیوایە زاراوەی «نائەقڵانیبوونی ئەقڵانیەت»، زاراوەیەكە ئەكادیمیای رۆژئاوایی خۆی دایرشتووە. هەروەك چۆن هەموو فەلسەفەی پۆست مۆدێرنیزم گەواهیدەرە لەسەر قەیرانی ئەقڵانیەتی عەلمانیەت. دەركەوتنی پۆست مۆدێرنیزم، بەڵگەیە لەسەر نادروستی وەسفكردنی عەلمانیەت بە ئەقڵانیەتی رەها.

ئەو پێیوایە ناكرێت عەلمانیەت لە بەرانبەر ئاییندا بێلایەن بێت، پاشان رەخنە لە چەمكی عەلمانیەتی كۆتدار دەگرێت و پێیوایە چەمكێكی رێكوپێككراو نییە و گرفتەكە چارەسەر ناكات، بەڵكو بەشدار دەبێت لە تێكەڵكردنی تێگەیشتن. دواجار خۆی پێناسەیەک بۆ عەلمانیەت پێشنیار دەكات.

(٣ / ١١)

نوسەر لە بەشی یانزەیەمدا زیاتر دەچێتە قوڵایی باسەكەوە و چەمكی جیاكردنەوەی ئایین لە دەوڵەت تاوتوێ دەكات. لەو میانەیەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە چەمكەكە هاوردەكراوە و بەزۆر بەسەر میانەی ئیسلامیدا دەسەپێنرێت و بە خراپ و لە ژینگەیەكی تردا كە ژینگەی خۆی نییە، بەڵگەی پێ دەهێنرێتەوە. بنچینەی تێكەڵییەكەش ئەوەیە، كە زاراوەكە لە بنەڕەتدا بریتییە لە جیاكردنەوەی كلێسا لە دەوڵەت نەک ئایین لە دەوڵەت. بۆ ئەمەش گفتوگۆی كاریگەریی دووسەرەی كلێسا و تێگەیشتنی دابڕێنەرانەی دنیایی/ئایینی، مەحاڵبوونی لۆجیكاییانەی جیاكردنەوە و بانگەشەی عەلمانیەت بۆ بوونی بێلایەنی سیاسی و، رێكخستنی چالاكیی ئایینی لەلایەن وڵاتە دیموكراسییە پیشەسازییەكانەوە دەكات.

لە دەرەنجامی ئەم بەشەدا ئەوە دەخاتە روو كە درووشمی جیاكردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، دروووشمێكی ساویلكانەیە، چونكە بواری هەریەكێكیان لەگەڵ ئەوی تریاندا تێكەڵە، تەنانەت لە ئەزموونی ئەوروپیشدا كە رۆژێک لە رۆژان كلێسا ئایینی تێدا قۆرخكردبوو، بۆیە بنچینەی دروشمەكە بریتییە لە جیاكردنەوەی كلێسا لە دەوڵەت، نەک ئایین لە دەوڵەت.

(٣ / ١٢)

نوسەر لە ناونیشانێكی سەرنجراكێشدا بەناوی (پێگە و پوچێتیی لیبراڵیزم) بەشی دوانزەیەمی دارشتووە. لەسەر دوو ئاست باسی لیبراڵیزمی كردووە، ئاستی تایبەتمەندییە تیۆرییەكان و ئاستی بەرنامەی كردارەكی. سێ تایبەتمەندییە تیۆرییەكە بریتین لە: خواستی تاكگەرایی و تێگەیشتنی تایبەتی بۆ ئازادیی و بەئەقڵانیكردنی سوودگەرایی، هەرچی تایبەتمەندییە كردارەكییەكانیشە بریتین لە: پلانەكانی یەكسانیی و رەتكردنەوەی تەحەككومی سیاسیی و راكردن لە كۆڕ و كۆمەڵگەی سروشتی.

لەكۆتاییدا بەشەكە پوخت دەكاتەوە و دەنوسێت: «خواستی لیبراڵیزم لە بنەڕەتدا خواستێكی مرۆیی جوامێرانەیە، بەڵام رێگاكەی لێتێكچووە و قیبلەنما و نەخشەكەی ونكردووە. ئەوانەی دەكەونە خۆشەویستی لیبراڵیزم و جێبەجێكردنە كردارییەكانییەوە، بەگشتی خۆیان كەوتوونەتە واقیعێكی ئازاربەخشەوە، كە بەدەست ستەمگەریی سیاسیی و داخرانی كۆمەڵایەتییەوە دەناڵێنێت. كاتێكیش پشكنینی ورد بۆ لیبراڵیزم و تیۆرەكەی دەكەین، دەبینین چەندین گرفتی بنچینەیی جیاكەرەوەی تێدایە، هەر لەو خۆپەرستی تاكگەراییەوە كە بۆ خواستگەلێكی بێكۆتا، زیادەرەوی بە پێویستییەكانی كۆمەڵگە دەكات، لەپاڵ نەبوونی هەستی بەرپرسیارێتی هەستان بە ئەركەكان. هەروەها ئەو لیبراڵیەتەی رۆژانێک بەرگریی لە بەشخوراوان دەكرد، دواتر دەستیهەڵگرت بۆ گرنگیدانێكی بێسنوور و لە ئارەزوو و هەوەس و سێكسدا رۆچوو، لەگەڵ كەمێک لە راهێنانی یۆگادا».

(٤)

نوسەر بەوە ناوەستێت، بەڵکو لە دەروازەی چوارەمدا –کە بەشەکانی سیانزەیەم تا شانزەیەم لە خۆدەگرێت– هەوڵیداوە لە جیهانی پراکتیزەکردن نزیک ببێتەوە و بەراوردی بزاوتی «سیاسی» لە هەردوو میانەی مۆدێرنە و ئیسلامیدا دەکات. بۆیە لە بەشەکانی ئەم دەروازەیەدا، گفتوگۆ لەسەر چەند بابەتێکی گرنگ دەکات، لەوانە: هەردوو چەمکی ئوممەت و گەل، سرووشتی فەرمانڕەوایەتی لە دەوڵەتی مسوڵماناندا لە رووی مێژووییەوە، پێگەی دەسەڵات تێیاندا لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەدا. ئەمە وێڕای تاوتوێکردنێکی رەخنەگرانە بۆ مۆدێلی مۆدێرنەیی، تێیدا ئاگایی دراوە لە نازانستیبوونی بڕیاردان لەسەر ئێستا بە پێوەری مێژوو و پێویستبوونی دووبارە خوێندنەوەی مێژووی سیاسیمان، بە چاویلکەی کولتووری خۆمان و ریزبەندیی کارە جێبایەخەکانی رشتەبەندی (المنظومة)ی ئیسلامی.

(٤ / ١٣)

لە بەشی سیانزەیەمدا (چەمکی ئوممەت بەرانبەر چەمکی گەل) تاوتوێ دەکات، تێیدا گفتوگۆی رەهەندەکانی چەمکی ئوممەتی کردووە، پاشان گفتوگۆی چەمکی گەل لە میانەی ژیاریی رۆژئاواییدا و ئەو هەڵە وەرگێڕانەی کە یەکسانی دەکاتەوە بە چەمکی ئوممەتی ئیسلامی کردووە، دواتر جەخت لەوە دەکاتەوە کە خواستەکانی چەمکی ئوممەت، رایەڵەکانی هاوڵاتیبوون بە واتا نانەتەوەییەکەی ناسڕێتەوە.

لەکۆتاییدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئوممەت گەنجینەی بەهاکانە، لەوەیدا کە لەگەڵ بەهاکانی ئیسلامدا ژیاوە و هەوڵیداوە ئەخلاقی خۆی پێیان گۆش بکات.

(٤ / ١٤)

نوسەر لە بەشی چواردەیەمدا تیشک دەخاتە سەر (دەوڵەتی مسوڵمانان و سرووشتی فەرمانڕەوایەتی) و پێیوایە جیاوازییەکی ریشەیی لە نێوان سرووشتی دەوڵەت لە میانەی مۆدێرنە و پێگەی دەوڵەت لە کۆمەڵکاری گشتی لە مێژووی مسوڵماناندا هەیە. ئەمەش تەنها بە مێژووی مسوڵمانانەوە تایبەت نییە، بەڵکو بۆ مێژووی هەموو سیستەمە سیاسییەکانی پێش مۆدێرنە وایە، بەڵام لە حاڵەتی مسوڵماناندا زیاتر دەردەکەوێت.

ئەو دەنوسێت: ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە لە میانەی بابەتەکەماندا، ئەوەیە کە چەمکی دەوڵەت و رۆڵەکەی لە دەوری بیرۆکەی توانای خزمەتکردنی بەرژەوەندیی مسوڵماناندا کۆبووەتەوە. ئەو پێشنیاز دەکات کە نزیکترین شت بۆ دیاریکردنی جۆری فەرمانڕەوایی لە زۆربەی مێژووی مسوڵماناندا، زیاتر لە بریکاردانان (التوكيل)، یان پێسپاردن (التعهيد) دەچێت، کە ئەمڕۆ لە جیهانی کارگێڕیدا باوە. واتە بارودۆخە بابەتییەکان پاڵ بە کەس و گەلی بەتواناوە دەنێن، بۆ وەرگرتنی سەرکردایەتی لە رێگەی زاڵبوونی و سەرداریی زبر یان نەرمەوە.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا نوسەر بەجوانی پەیامەکەی پوخت دەکاتەوە و دەڵێت: لە دوای رۆیشتنی پەیامبەر و پێشەنگی رەها و سەرکردەی سرووشتی، لە سەرەتادا هەڵوێستی مسوڵمانان سەبارەت بەوەی کێ شیاوترە بۆ فەرمانڕەوایی، هەمەجۆر بوو. هەندێک وایان دەبینی کە بەردەوامبوونی فەرمانڕەوایی لەسەر بنەمای رەچەڵەک (النسب)، شتێکی بەڵگەنەویستە، هەندێکی تر بانگەشەی هاوبەشییان لە فەرمانڕەوایەتیدا لە نێوان دەستەبژێری هەردوو شارە سەرەکییەکەدا دەکرد، هەندێکی تریش ئاماژەیان بەپێوەری مەیدانی جیهاد دەکرد و بڕوایان وا بوو ئەوانەی لەو بوارەدا وەک سەرکردە سەرکەوتوو بوون، مافیان زیاترە.

(٤ / ١٥)

لە بەشی پانزەیەمدا نوسەر باس لە (پێگەی «سیاسی» لە ئەزموونی مسوڵماناندا) دەکات. لەم بەشەدا، لە میانەی گرفتی رۆڵی ئایین لە ژیان و سیاسەتدا، چاوێکی خێرا بە ئەزموونە مێژووییەکانی دەوڵەتانی مسوڵماندا دەخشێنێت، لەگەڵ ئاماژەدانێک بە کەلەپووری نووسین و دانراوەکان لەمەڕ سیاسەتی شەرعیی و گرفتی تێگەیشتن، یان پۆلێنکردنیشیان، لە

کۆتاییشدا ئاماژە بەو دەروازانەی تەحەککومکردن بە ئایینەوە دەکات کە ڕژێمەکان لە وڵاتی مسوڵماناندا کاریان لەسەر کردووە.

بە بڕوای نوسەر، بواری سیاسی لە دیدگای ئیسلامییەوە، لەو بوارە ئاساییانەیە کە بەگشتی حوکمێکی فیقهیی دیاریکراو لەبارەیانەوە نییە. دواجار لە پوختەی ئەم بەشەدا دەنوسێت: لە ئایینێکدا کە پەیکەربەندی ڕەتدەکاتەوە و دروستکردنی دامەزراوەی ئایینی لەو شێوازە تێیدا سەرکەوتوو نابێت و مەرجەعیەت تێیدا دەبێتە دەقێک کە لەگەڵ تێگەیشتن و ئەقڵی مرۆڤدا دەگونجێت و بە ڕووی تەئویلدا کراوەیە، لەم جۆرە ئایینەدا جیاکردنەوە و دابڕینی هەردوو جیهانی ئایین و دونیا لە یەکتر، جێی نابێتەوە. ئامادەکردنی ئەم بیرۆکە بنچینەییە، بۆ تێگەیشتن لە سرووشتی پێگەی سیاسی لە ئەزموونی مسوڵماناندا پێویستە (گونجاندنی بەکارهێنانی وەسفی عەلمانیەتی سیاسی بۆ مۆدێلی فەرمانڕەوایی، دەکاتە پینەوپەڕۆیەکی ناشرین).

(٤ / ١٦)

هەرچی بەشی شانزەیەمیشە نوسەر تەرخانیکردووە بۆ باسێکی گرنگ لەژێر ناوی (دەسەڵات و کۆمەڵگە لە دوو میانەدا).

مەبەست لەم بەشە پەیبردنە بە شێوازی مومارەسەی دەسەڵات لە کۆمەڵگەی مسوڵماناندا. تێڕوانینی بەپەلەش دەکەوێتە حاڵەتی داسەپاندنی مێژووییەوە، کە گێڕانەوەی لۆجیک و شێوەی ئەوەیە کە لە سەردەمێکدا ڕوودەدات و دانەپاڵیەتی بۆ سەردەمێکی دی کە تایبەتمەندیی و خاڵی جیاکەرەوەی جیاوازی خۆی هەیە، ئەو پێیوایە کە ئەمە کارێکە پێویستە لێی دووربکەوینەوە. بۆیە ئەو لایەنانە ڕووندەکاتەوە کە ئەزموونی مسوڵمانان تێیاندا جیاواز بووە لەوەی کە لە دەوڵەتی مۆدێرنەدا هەیە، پاشان هێڵە گشتییەکانی زاڵدەستی دەوڵەتی نوێی کێشاوە.

لە کۆتایی ئەم بەشەشدا ئاماژە بەوە دەکات کە یەکێک لە گرنگترین بابەتەکان کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت، بریتییە لە جیاوازیی پەیوەندیی دەسەڵات بە خەڵکەوە لە چاخە دێرینەکان، لەوەی کە لە ڕشتەبەندیی مۆدێرنەدا هەیە. دەسەڵاتی سیاسی لە ڕابردوودا لە ژیانی خەڵکیدا، وەک ئەوەی ئەمڕۆ هەیە، ئامادەیی نەبوو، ئەمەش بۆ هەموو سیستەمە سیاسییەکانی سەردەمی پێش مۆدێرنە ڕاستە و سەبارەت بە حاڵەتی مسوڵمانان ئەمە بە ڕوونتر دەردەکەوێت.

(٥)

نوسەر لە دەروازەی پێنجەم و کۆتاییدا –کە بەشەکانی حەڤدەیەم تا بیستەم لە خۆدەگرێت، دەچێتە نێو جیهانی واقیعەوە و بە شوێن بنچینەکانی لەیەکترگەیشتن و پێکەوەگونجان، تەبایی(التوافق) لە نێوان ئاراستە هزرییە جیاوازەکاندا دەگەڕێت. لەوچوارچێوەیەشدا، گفتوگۆی میکانیزمەکانی دیموکراسی و مۆدێلە جیاوازەکانی دەکات. کۆتاییش بە بەشێک دەهێنێت، کە گفتوگۆی لانی کەمی ئەو ئاستە دەکات، کە دیاریکراوە بۆ ئەوەی لەم نێوەندەدا تەباییەکی گشتییان لەسەر هەبێت.

(٥ / ١٧)

بەشی حەڤدەیەم باس لە (میکانیزمە دیموکراسییەکان) دەکات. تێیدا تیشک خراوەتە سەر تایبەتمەندییە دیموکراسییەکان، وەک پرنسیپی کارکردن.

لە وەڵامی ئەو پرسانەدا لە کۆتاییدا دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە بیرکردنەوە لە دیموکراسی لە ڕێگەی سێ میکانیزمە سەرەکییەکەیەوە (نوێنەرایەتیکردن و دیالۆگکردن، سەروەریی یاسا و لێپرسینەوە، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان)، یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە جموجوڵی پرۆسەی دیموکراسی و ئەو هەموو گەورەکردن و شکۆمەندکردنەی لادەبات.

بە بڕوای ئەو، بابەتی ناکۆکی لەگەڵ دەستەبژێرە عەلمانییەکاندا لە وڵاتەکانماندا و لەگەڵ ئەو تێزە ڕۆژئاواییەی لە کەمیندایە، ناکۆکی نییە لەسەر میکانیزمە دیموکراسییەکان، بەڵکو ناکۆکییە لەسەر پاڵپشتییە تیۆریی و ئەخلاقییەکانی، هەربۆیە لە تێزە نێودەوڵەتییەکەیدا سوورن لەسەر دووبارەکردنەوەی

وتەی «دیموكراسیی لیبراڵی»، بەو پاساوەی كە ئەوە گرەنتی مرۆییبوونەكەی دەكات، وەك ئەوەی هیچ چوارچێوەیەكی ئەخلاقی یان هیچ بنەماگەلێكی تر نەبێت كە كۆمەڵگە رێكبخات، جگە لەو لیبراڵیەتەی كە لە كەلەپووری ئایینیی مرۆڤایەتی لایداوە. هەروەها ئەو بانگەشانەی كە پرسی دیموكراسی وەك چارەسەرێكی ئامادە دەهێننە پێشەوە، وەك ئەوەی بتوانرێت هاوردە بكرێت و وەك پارچەی یەدەگ بۆ كۆمەڵگە مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت، ئەوانە بانگەشەگەلێكن، هیچ تێگەیشتنێكی زانستی و پەیبردنێكی بە سرووشتی پەرەسەندنی سیستمە سیاسییە كارگێڕییەكان تێدا نییە.

(٥ / ١٨)

لە بەشی هەژدەیەمدا نوسەر (نموونەگەلێكی دیموكراسی) باس دەكات، تێیدا هەوڵدەدات بابەتێكی ورد روونبكاتەوە، كە پەیوەستە بە شێوازی گریمانەكراوی پەیوەندیی نێوان گەل و بازنەكانی فەرمانڕەوایی. دوای ئەوە گفتوگۆی ناناوەندیبوون دەكات، بەوپێیەی رەهەندێكی گرنگی پەیوەستە بە پەیكەربەندییەوە، كە رەنگدانەوەی شێوازەكانی دابەشكردنی پسپۆڕیی و دەسەڵاتەكانە و ئاستی چڕبوونەوەی دەسەڵاتەكان و قورساییان و پێگەی چینەكانی خەڵك لە پرۆسەی بەشداریی سیاسیدا دەردەخات.

هەروەك بەشەكانی پێشوو لە كۆتاییدا پوختەیەك دەخاتە روو، تێیدا ئاماژە بەوە دەكات كە پرۆسەی دیموكراسی پەیوەندیی بەو كولتوورە سیاسییەوە هەیە، كە رەفتاری سیاسیی و چاوەڕوانكراو دیاری دەكات. كاریگەریی كولتووری سیاسیش لە كاروانی پرۆسەی دیموكراسیدا، ئەو دژیەكییە روون دەكاتەوە كە هەندێك سیستمی دیموكراسیی پێ جیادەكرێتەوە، كە تێیاندا لەگەڵ ئەوەی میكانیزمی دیموكراسی رەگی داكوتیوە، ستەم و پەراوێزخستن و خراپ سوودلێوەرگرتن و خراپ بەكارهێنان هەیە.

پەیامی ئەم بەشە، بریتییە لەوەی كە ئەگەر دڵنیایت لەوەی كە چارەسەر لەم وڵاتانەی ئێمە بریتییە لە تەبەنیكردنی سیستمی دیموكراسی، ئەوا پێویستە لەسەرت – لە رووی زانستیی و كردارییشەوە ئەو شێوە دیاریكراوەی دیموكراسی بناسیت، كە گونجاوترینە بۆ بارودۆخەكە.

(٥ / ١٩)

لە بەشی نۆزدەیەمدا نوسەر تیشك دەخاتە سەر (رەهەندەكانی فەرمانڕەوایەتی ئیسلامی). تێیدا هەوڵیداوە تایبەتمەندیی و سنوورەكانی فەرمانڕەوایی خوازراو دابڕێژێت. هەربۆیە لە دەستپێكەكەیدا پێناسەیەكی پێشنیاركراو بۆ فەرمانڕەوایەتیی ئیسلامی رۆشنگەر دەخاتە روو، كە پێنج مەرجی بۆ دادەنێت. كە بەوتەی ئەو دیدگای شەرعی –نەك تەنها ئەحكامە فیقهییەكان ناوەڕۆكی ئەم رەهەندانە پردەكەنەوە، بەمەش فەرمانڕەوایەتییەكە گیانێكی ئیسلامیی و بەرگێكی ئیسلامییانەی پێ دەبەخشرێت. ئەم پێنج رەهەندەش، كۆمەڵە كێشەیەكی بێچارەی مرۆیین لە پرسی فەرمانڕەوایەتیدا، كە لەگەڵ خۆیاندا فەلسەفەیەكی كۆمەڵایەتی و ناوەڕۆكێكی ئەخلاقیی ئەوتۆ هەڵدەگرن. ئەم پێنج مەرجە بریتین لە :(دادگەری، شكۆمەندیی و ئازادی، پێویستییەكانی گوزەران، فەزیلە و تۆبزیكردن، راوێژكردن).

لە كۆتاییدا، دەڵێت: «ناكرێت لەوە بێئاگا بین كە هاتنەدیی فەرمانڕەوایی رێنموییكراو بە ئیسلام، بەبێ بوونی تیۆرێكی سیاسیی و شارەزایی لە كارگێڕیی گشتی و بەڕێوەبردنی كاروباری خەڵك، مەحاڵە«.

(٥ / ٢٠)

بەشی بیستەم و كۆتایی تەرخانكردووە بۆ دیاریكردنی (لانیكەمی تەبایی)، بۆ گەیشتن بە واقیعێكی هزریی و كرداریی كە ئاستێكی لەیەكتێگەیشتنی تێبێت. بۆیە لەم بەشەی كۆتاییدا، هەوڵی باسكردنێكی پوختی دە رەهەند دەدات، كە دەكرێت ببنە كۆمەڵە خاڵێكی هاوبەش كە گەل لەسەریان كۆك بێت.

لەكۆتاییشدا ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە دیدگای سیاسی و (ئەو سۆفتوێر)ەی كە تەحەكوم بە دامودەزگاكانی دەوڵەتەوە دەكات، بابەتێكە پەیوەندیی بە كولتووری ئوممەت و دنیابینییەكەیەوە هەیە.

ناکۆکییش لەمەڕ دیموکراسی لەسەر میکانیزمەکانی نییە، بە ئەندازەی ئەوەی لەسەر ئەو ئاراستە و ناوەرۆکە ئەخلاقییانەیەتی کە بە براوەیان دادەنێت... ناکۆکییەکە لەسەر دیموکراسی لیبراڵییە، نەک لەمەڕ ڕشتەبەندیی فەرمانڕەوایەتییەکی دادگەر، کە ڕەچاوی بەرژەوەندییەکان بکات و کار بۆ بەدیهاتنی ئەولەویاتی کۆمەڵگە بکات و دیدگاکانی بپارێزێت.

لەکۆتایی پەرتووکەکەدا وێڕای ئەوەی کە ڕوونە کە نوسەر لە پاشخانێکی ئیسلامییەوە و بە دیدێکی ئیسلامییانە شرۆڤەکاری بۆ چەمک و بابەتەکان کردووە، دەبینین ئەو هەندێک ڕاستی دەدرکێنێت.

بەڕاستی گفتوگۆکەی ڕەخنەگرانەیە، لە خەمی ڕزگارکردنی چەمکەکاندایە لەو تێکەڵییەی تووشی هاتوون – بە وتەی خۆی. هۆکار و دەرئەنجامەکانی ئەو تێکەڵییەش هەمەجۆرن، هەندێکیان فشۆڵ و سۆزدارانەن، شەیدای ڕزگاربوونن، بۆیە شوێن چارەسەرێک دەکەون –کە لە ڕێی ئامرازەکانی گەیاندنەوە لە خەیاڵدانیاندا دروستبوون کە چیرۆکی خۆشگوزەرانیی و ئاسایش و دیموکراسیەتی وڵاتانی تر دەگێڕنەوە. یەکێکی تر لە هۆکارەکانی ئەو تێکەڵکردنە، پابەندبوونی ئایدیۆلۆجییە. هەروەها یەکێکی تر لەو هۆکارانەی پاڵنەرن بۆ ئەو تێکەڵکردنە، خەیاڵکردنی بەرژەوەندیگەلێکی سوودگەرایە کە پڕە لە ئومێد و ئاوات. هۆکارێکی تریش بریتییە لە داخورانی ئەو تێزانەی خەونیان بە ئایندەیەکی خۆشەوە دەبینی، ئەمە وێڕای بیرتەسکی لە هەڵێنجانی هزریدا و حەزکردن لە چارەسەری جادوگەرانەی ئامادەکراو.

ئەو دان بەوەدا دەنێت کە ئەوەی کە باسکراوە لە پەرتووکەکەدا، ناتوانین بڵێین شتێکی (ئایدیاڵییە) و شیاوی جێبەجێکردن نییە، بەڵام ئەوەیە کە ئامادە نییە بۆ جێبەجێکردن. ئامادەیی جێبەجێکردن و دابەزاندن بۆ واقیع شتێکی ترە، ئەوە قۆناغێکی ناوەندییە، تێیدا چەند مۆدێلێکی کرداری دادەڕێژرێت، کە لەگەڵ واقیعەکەدا گونجاو بێت و ئەو کەسانەش لە دەرهێنانیدا بەشدار بن کە جێبەجێکارن. مامەڵەکردن لەگەڵ واقیع، پێویستی بە هەڵسەنگاندنی سەنگ و قورساییەکان و ئەگەر و ئەولەویاتەکان و ڕیزپەڕەکان و قۆناغبەندی هەیە، لە چوارچێوەی تێگەیشتنێکدا کە گۆڕانکارییەکە لە سایەیدا دەڕوات و بەرەو ڕووگەیەک هەنگاو دەنێت کە لێی لا نادرێت.

شیاوی باسە نوسەر لە چوارچێوەی ئەزموونی تایبەتی خۆیدا ئەمەی پێشکەشکردووە، وەکوو مرۆڤێک کە لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی ژیاوە و تێیدا خوێندوویەتی، وەک خۆشی دەڵێت: «بەتەواوی پەی بە خاڵە بەهێزەکانی ڕشتەبەندیی ڕۆژئاوایی دەبەم، هەروەک چۆن خاڵە لاوازەکانی دەزانم، بۆیە ئەوە سەرباری ئەزموونی کەسانی تر ناکات کە کەسێکی بێهیوا سەرباری دەکات، کەسێک کە کەوتووەتە داوی سیستەمە ستەمگەرە وەحشییەکانەوە. لەسەر ئاستی فەلسەفیش، قەناعەتم بەوە هەیە کە مۆدێلی ڕۆژئاوایی نە بۆ خۆی و نە بۆ شوێنی تریش شیاو نییە و هیچ دەرچەیەکیش بۆ جیهان پێشکەش ناکات بۆ دەرچوون لە قەیرانەکانی، بەڵکو ڕێگریشە لە بەردەمیدا، هەروەها بە بەڵگە و پاساو و هەست و نەست و ژیانی کرداری و مامەڵەکردنەوە، قەناعەتم بەوە هەیە کە مۆدێلی ڕۆژئاوایی ڕێگەی لێتێکچووە و پێویستە ئەلتەرناتیڤێکی ڕیشەیی، بە گیانێکی ژیاریی جیاوازەوە بێتە پێشەوە. بۆیە ئەوەی لەم پەرتووکەدا پێشکەشکرا، دیدێکی ئیسلامییە، لە ڕوونکردنەوەی تایبەتمەندیی و لێکەوتە و دەرهاویشتەکانیدا ئیجتیهادم کردووە».

## دواخاڵ



# زمانی کوردیی و دوژمنەکانی..

د. سەمەد ئەحمەد

سەد ساڵ لە پێش ئێستا و بە دیاریکراوی لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩١٨ دا، لەگەڵ ڕاگەیاندنی یەکەمین حوکمڕانی شێخ مەحمود وەک مەلیکی کوردستان، زمانی کوردیی لە فەرمانگە و قوتابخانە و ناوەندەکانی خوێندن و فێرکردندا، بوو بە زمانی ڕەسمی.. ئیتر چەندین قوتابخانە دروستکراو خوێندن تیایاندا بوو بە کوردیی، کە پێشتر خوێندن بە زمانی تورکی عوسمانی بوو. هەروەها چەندین گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب بە زمانی کوردیی چاپ و بڵاوکرانەوە.

ئەم گرنگیدانە بە زمانی کوردیی لەو سەرەتا و سەردەمەدا لەسەر دەستی کۆمەڵێ نووسەر و ڕۆشنبیر و دڵسۆز بە زمان و کولتووری کوردیی هاتە بەرهەم، کە دیارترینیان بریتیبوون لە مامۆستایان (محەمەد زەکی، تۆفیق وەهبی، سەعید کابان، سەید نوری بەرزنجی، ساڵح قەفتان، سەید فەتاح بەرزنجیی و عەبدولواحید نوری و زۆری تر.

بێگومان هەوڵەکانی ئەو دڵسۆزانە بۆ ئەوسا و بۆ ئێستاش، لەلایەک مایەی دڵخۆشی و لەلایەکی تریشەوە شانازییە بۆ نەتەوەکەمان، چونکە لەم ڕێگەیەوە بۆ دۆست و دوژمن سەلمێنرا کە کورد نەتەوەیە و جگە لە ئازادی و سەربەخۆیی، هیچی کەمتر نییە لە هەر نەتەوەیەکی تر، چۆن خاوەنی خاک و مێژووە، هەر ئاوهاش خاوەنی زمانە و دەتوانێت هەموو زانستێکی پێبنووسرێت و پێبخوێنرێتەوە.. لەمەش زیاتر بە هەموو لایەکیان سەلماند کە زمان ناسنامەی نەتەوەییە و چۆن ناکرێت سازش لە خاک و لە ئاوی کوردستان بکرێت، هەر ئاوهاش و بگرە زیاتریش ناکرێت سازش لەسەر زمانی نەتەوەیی کوردیی بکرێت...

بەڵام لە دوای سەد ساڵ و لە سایەی زیاتر لە چارەکە سەدەیەکی حوکمڕانی یەکێتیی و پارتیی لە باشووری کوردستان، سەبارەت بە زمانی کوردیی چی دەبینین!؟ ڕێک پێچەوانەی هەوڵەکانی دڵسۆزانی زمان و فەرهەنگی کوردیی، دوژمنایەتی و سوکایەتی و بێبایەخی بە زمانی کوردیی لەلایەن هەندێک لە دەسەڵاتداران و لایەنی پەیوەندیدار بە خوێندن و فێربوون و لە ناویشیاندا خوێندنی باڵا بەدیدەکەین.. ئێستا بەشێک لە بەڕێوەبەری باخچە و قوتابخانەکان و بەشێک لە سەرۆک زانکۆکان و بەشێک لە ڕاگر و بەشەکان شانازی بەوەوە دەکەن کە خوێندن لەلای ئەوانە بە کوردیی نییە و بە ئینگلیزییە!!

ئەوەی لەم نێوەندەدا لە هەرشتێک زیاتر مایەی نیگەرانییە بۆ ئێمە و نیشانەی خۆبەکەمزانین و شەرمە بۆ ئەو کەسانەیە کە دەپرسن و دەڵێن: جا زمانی کوردیی کەی زمانی زانستە، هەتاوەکو لە زانکۆدا پێی بخوێندرێت و پێی بنووسرێت!؟

من وەڵام بۆ ئەو پرسیارە ئاست نزم و نازانستییە بە پێویست نازانم، بەڵام لە بەرامبەر هەوڵ و بانگەشەی لەم جۆرەدا، دەتوانم بە سەد بەڵگە بیسەلمێنم کە ئەم کەسانە دوژمنی سەرسەختی زمان و کولتوور و فەرهەنگی کوردین، چونکە بە درێژایی مێژوو هیچ دوژمنێکی کورد ئاوها سوکایەتی بە زمانی کوردی نەکردووە، دوژمنانی کورد تەنها زمانی کوردییان لە قەڵەمڕەوی خۆیاندا قەدەغە کردووە، نەک

وەک ئەوەی ئەمان دەیکەن.

ئەمجارەش دەیڵێمەوە: ئەو کەسانەی کە پێیانوایە زمانی کوردیی بە کەڵکی ئەوە نایات کە زانستی پێنووسرێت و پێبخوێندرێت، بە خۆیان بزانن یان نا، جگە لە دوژمنایەتی زمان و کولتووری کوردیی، لەلایەکی تریشەوە هیچ زانیارییەکیان لەسەر زانستی زمان و بنەماکانی زمانپژان و زمانی نەتەوەکان نییە، ئەگەر وانییە با بچن موتاڵای تێز و نووسینەکانی زانای بە ناوبانگ (نئۆم چۆمسکی) بکەن و بزانن لەبارەی زمانەوە چی دەڵێت.

چۆمسکی، لەوبڕوایەدایە کە ئامادەباشی و توانستی فێربوونی زمان بۆماوە و غەریزەیە، منداڵ پێش ئەوەی لەدایک بێت، توانایەکی زۆری بۆ فێربوونی زمان هەیە.. هەموو منداڵانی جیهان بەپێی یەک شێواز و یاسا فێری زمان دەبن و یەک ئاستیش لەخۆدەگرێت، ئەویش لە ڕێگەی ژمارەیەک دەنگی دیاریکراوەوە و بەپێی ڕێسا و ڕێزمانێکی نیمچە هاوبەشەوە منداڵ زمانی دەپژێت، هەر لە ڕێگەی ئەو کۆمەڵە دەنگەوە، کە سەرەتا هیچ مانایەک نابەخشن، سەرئەنجام چەندین وشەی مانادار بەرهەم دێت.

چۆمسکی چەندین بەڵگە دەهێنێتەوە بۆ ڕاستی بۆچونەکانی، ئەوە بەیان دەکات کە زمانپژان و پرۆسەی قسەکردن ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە کارایی کۆئەندامی دەماری ناوەندیی و کۆئەندامی هەناسەدانەوە، بۆیە زمان لەلای هەموو مرۆڤێک بەپێی خشتە و کاتێکی دیاریکراو گەشە دەکات و زۆر بە زەحمەت دەتوانرێت گەشەکردنی زمانی مرۆڤ بوەستێنرێت، چونکە بنەما و ڕێزمان و ڕێسا سەرەکییەکانی زمان لە نێوان هەموو گەل و نەتەوەکاندا وەکو یەکە و هیچ جیاوازییەکیان نییە.

لە پەراوێزی ئەم چەند دێڕەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە لە ئێستادا هەژاریی و دەوڵەمەندی لە نێوان زمانی نەتەوەکاندا بەدیدەکرێت، بەڵام ئەوەی ئەم جیاوازییەی دروستکردووە دەستکردە نەک خۆڕسک. ئەو زمانەی کە دەوڵەمەندە بە وشە و زاراوە و ڕستە و دەستەواژە، ئەوە لەلایەن ڕۆڵەکانییەوە زمانەکە گرنگی پێدراوە و خزمەتکراوە، ئەو زمانەشی کە هەژارە، یان نەتەوەی سەردەست زمانی ئەو نەتەوەیەی قەدەغەکردووە، یان وەکو هەندێک لە دەسەڵاتداران و بەرپرسانی پەروەردە و فێرکردن و خوێندنی باڵای ئێستای هەرێمی کوردستان، سوکایەتییان بە زمانی نەتەوەیی خۆیان کردووە، نەک گرنگییان پێنەداوە، بەڵکو وەکو دوژمنایەتییان کردووە.

شتێکی تر لەم نێوەندەدا کە زیاتر لە کۆمیدیا دەچێت ئەوەیە ئەو کەسانەی کە ئێستا لە ناوەندەکانی فێرکردن و خوێندن و خوێندنی باڵادا زمانی ئینگلیزی فەرز دەکەن بەسەر زمانی کوردیدا و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەگەر منداڵ و گەنجی کورد فێری ئینگلیزی بوو ئیتر کوردستان پێشدەکەوێت!! بەڕاستی ئەم لێکدانەوانە لەلایەک جێگەی بەزەیی پێداهاتنەوەیە و لەلایەکی تریشەوە شایانی گاڵتەپێکردنە، چونکە ئەگەر وابوایە، دەبوو ئێستا وڵاتانی ئەفریقا وەک بەریتانیا و فەرەنسا پێشکەوکەوتوو بونایە، چونکە زۆربەی منداڵ و گەنجی وڵاتانی ئەفریقا زمانی فەرەنسی یان ئینگلیزی دەزانن، هەر بەو دوو زمانەش دەخوێنن و دەنووسن، بەڵام ئاشکرایە کە وڵاتانی ئەفریقا دواکەوتوون و پێشکەوتوونین.. ئەو کەسانە دەبێت بزانن کە پێشکەوتنی هەر وڵاتێک پەیوەستە بە چەندین فاکتەرەوە، دیارترینیان سیستم و یاسایە، هەروەها گرنگیدانە بە هەموو زانستەکان و کڕینی عەقڵی زاناکانە، جا سەر بە هەر گەل و نەتەوەیەک بن، نەک دوژمنایەتیکردنی زمانی نەتەوەیی خۆیان..